

محەمەد حاجی کەریم

# کرانەوە و دنیابینی

هیچ کاتێك بەقەد ئێستا بزوتنەوەی رۆشنبیری کوردی لەم دەڤەرە، هەناسەیەکی گەرم و گوڕی بەبەردا نەگەڕاوە.

هەرچەند ماوەیەکی زۆرە جموجۆڵی رۆشنبیری و رۆژنامەوانی ئەگەر پچڕپچڕ و سستیش بووبێ ئامادەیی هەبووە. لەم نێوەندەدا ئەگەر بواری رۆژنامەگەری هەڵبژێرین، دەکرێ بڵێین هەر لەدەرچوونی( زاری کرمانجی) لەناوەڕاستی سالآنی بیست و سەرەتای سییەکانی سەدەی رابردوو تا بەر لەدەرچوونی هەفتەنامەی( زاری کرمانجی) ئەمڕۆ، ئەم دەڤەرە بەدەر نەبووە لە دەرکردن و چاپکردنی کۆمەڵێك گۆڤارو کتێب و نامیلکەی کوردی، بەڵآم هەموو هەوڵەکان لەخانەی تاکەکەسی و پڕۆژەی بچووك و سادە و بێ پشتیوان دەرنەچوونە و دواجاریش پووکاونەتەوە.

ئەوەی مایەی خۆشحاڵییە ئەمڕۆ جیاوازی لەگەڵ دوێنێ هەیە، بوونی دەزگایەکی وەك ( زاری کرمانجی)یش گوڕو تین و تازەبوونەوەیەکی جوانی بە جەستەی رۆشنبیریی ئەم ناوچەیە بەخشیووە.ئەوەنیە یەکەم جارە ئێرە دەبێتە خاوەن دامەزراوێکی تایبەت بە رۆشنبیری و راگەیاندن. لەدایکبوونی گۆڤاری( کۆوار)ی مانگانەش وەك پڕۆژەیەکی دیکەی ئەو دەزگایە، لەپاڵ کەناڵ و بەشەکانی دیکە بەشداری کارای دەبێ لە پێشخستنی پرۆسەی رۆشنبیریی و گەشەی کۆمەڵآیەتی.

لەم ڕوانگەیەوە ( کۆوار) هەوڵدەدات بەزمانێکی پاك و سادەگۆییەوە پرسیاری جیاواز بخوڵقێنێ، هەڵگری رەهەندو مانای جیاجیا بێ. لەکەموکورتیەکان بدوێ، پانتاییەك بێ بۆ کرانەوە و دیالۆگی شارستانی و دروستکردنی زەمینەی خوێندنەوە و لێکدانەوەی پرسیارو ئاماژەکان. پرسیار لەهەمبەر دەردە کۆمەڵآیەتیەکان، پرسیاری نابەرابەری و هەموو ئەو دیاردانەی بە زیانی کۆمەڵگای کوردی تەواو دەبن. ئیدی بەم پێودانگەوە (کۆوار) کار بۆ ژیانێکی جوانتر دەکات. لەپێناو نوێ بوونەوە و بەردەوامی بزاوت و جموجۆڵی رۆشنبیری و هونەری تەواوی توانای خۆی تەرخاندەکات.

(کۆوار) بە جوڵەیەکی جوان پەنجەرەکانی بەردەم ڕوانین ئەخاتە سەر پشت، تاپێشی بکرێت خۆی لەدووبارەکردنەوە و کاوێژکردن، نووسینی ئینشایی و هەرەمەکی، ناوزڕاندنی ئەوی دی دەپارێزێت. ( کۆوار) کولتوری جیاوازی، زمانی عەقلآنیەت، گۆشەگیری و کرانەوەی کۆمەڵگا، ئازادی و مەسەلە گشتییەکان، پەروەردەی خێزان، هوشیاری کۆمەڵآیەتی، دیموکراسیەت و کەتواری کوردستان بەگشتی، دەکاتە کەرستەی کارو ستراتیژیەتی ئیشکردنی هەرە لەپێشی خۆی و خوێندنەوەیان بۆ دەکات.

( کۆوار) بەدوای هەقیقەت و دیووی دیکەی شتەکان دەگەڕی، هەقیقەتێك ( هابرمان) گوتەنی هاتنەکایەوەی پەیوەستە بە پاشخانێکی گەورەی گفت و گۆ، دیالۆگی نێوان گروپ و هێزە کۆمەڵآیەتی و رۆشنبیری و رێکخراوەییەکان.

من ناڵیم(کۆوار) دەتوانێ گۆڕانێك لەواقیعی کۆمەڵگا بێنێتە کایەوە، یان موعجیزەیەك دەخوڵقێنێ، بەڵآم دەکرێ لەتەك هەموو پڕۆژەکانی دیکە بەشداربێ لە پرۆسەیەك و بەقەد ئاست و توانای خۆی گفتوگۆیەك دروستبکات..یان ببێتە پانتایەك بۆ کرانەوە و قسەی من و تۆ.. گرنگ ئەوەیە نووسەران لە دووتوێی رووپەڕەکانی بە جورئەتەوە پرسیارەکان بخەنەڕوو و بەشداربن لە دیالۆگێکی جوان، دیالۆگێکی هەمەلایەنە، بەشتە حەرامکراوەکانی ناوکۆمەڵگاشەوە.

پێویستە ئەوەش بڵێم (کۆوار) تەنها کار بۆ دەستەبژێرێك ناکات، بەڵکو کار بۆ هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵی کوردەواری دەکات. لەوانەش کێشە و ئاستەنگەکانی بەردەم ژنان، گرفتەکانی گەنج، خەمی پیرو بەسالآچووان، خەونی تێکڕای تاکەکانی کۆمەڵگا، بەتایبەت لە دەڤەرێکی وەك سۆراندا، کە لەزۆر رووەوە لە گەلێك پێداویستی سەردەمیانە بێبەشە. ئەمڕۆش کە لەپاڵ دەرچوونی هەفتەنامەیەك دەبێتە خاوەن گۆڤارێکی مانگانە، جێی خۆیەتی هەموو لایەکمان دڵخۆشبین. رەنگە کەسانێك بپرسن، لەنێو فەوزای دەرکردنی دەیان گۆڤار و رۆژنامەی کوردیدا، (کۆوار) چ جێگایەك دەگرێ، تا دڵخۆشییەکی بەم چەشنەی لێبکەوێتەوە.؟

ئەشێ پرسیارێکی بەم چەشنە بۆ شارێکی وەك هەولێر یان سلێمانی و دهۆك لەجێی خۆیدابێت، بەڵآم بۆ سۆرانێکی تازە دامەزراوی پڕ لە کەمو کورتی، دەرچوونی گۆڤارێکی بەم چەشنە و لە کات و ساتی خۆیدا شتێکی کەم نیە. من وای بۆدەچم ئەم پڕۆژەیە شوێنی خۆی دەگرێ و لە ئایندەشدا ڕۆڵ و کاریگەریەکەی دەردەکەوێ. بەم هیوایەی نووسەر و قەڵەمبەدەستان بە هیخۆی بزانن و بە بۆچوون و ڕا و بەرهەمی هزرو قەڵەمیان دەوڵەمەندی بکەن.

# ڕواندز لە دەورانی جەنگی یەکەمی جیهانی

## گۆڕەپانی شەڕەوانی و ململانێی دەوڵەتان

مستەفا جوندیانی

دوای لە ناوبردنی دەسەلاتی فەرمانڕەوایی میرنشینی سۆران و شوێن بزرکردنی پاشای گەورە، لە لایەن دەسەلاتدارانی عوسمانی بە هەماهەنگی و ڕەزامەندی هەندێ لە دەوڵەتانی داگیرکەری هەرێمی و جیهانی، بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمەوە وەك ئەڵمانیا، بەریتانیا، فەرەنسا، ئێران. ئیدی ئەستێرەی سەربەخۆیی ڕواندز خەفەکرا و لە پایتەختێکی مەزن و مەملەکەتێکی بەهێزەوە، بووە قەزا و سنجاقێکی گچکە و ئاسایی لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

بەلاّم بەهۆی ئەو خەسلەتە سروشتی و هەڵکەوتە جیۆپۆلەتیکەی، کە جیۆگرافیای ناوچەکە گرتبوون، دواتریش دەڤەرەکە ماوەیەك وەك هەرێمێکی کەمێك سنور بەرفرەوان و پانتایی گەورە و دانەبڕاو لە ڕەوڕەوەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بە شێوەیەك لە شێوەکان مایەوە. واتە بەهۆی پێگەی جیۆسیاسی و تایبەتمەندییە کۆمەلاّیەتیەکانی سنوری ناوچەکە، ڕواندز توانی تا ڕادەیەکی دیار، بایەخی ستراتیژیەتی خۆی بپارێزێت و ببێتە ناوەندێکی سەرنجڕاکێش و چاوتێبڕینی ولاّتان.

بەم جۆرە ئەگەر تاکو ناوەڕاستی سالاّنی سیەکانی سەدەی نۆزدەهەم ڕواندز و دەوروبەری ببووە پێگەیەکی والاّ و لەبار بۆ ڕکابەرایەتی و ململانێی ناوخۆی کوردی، بەتایبەتی لەنێوان میرنشینەکانی بابان و بادینان و داسنی و هی تردا بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی کورد. ئەوا بێگومان لە دوای ڕمانی دەسەلاّتی زێڕینی دەوڵەتە بەهێزەکەشی واتە (میرنشینی سۆران)، بە سەرۆکایەتی پاشای گەورە، لە ساڵی 1838 بەو لاوە ئیدی ڕواندز بووە لانە و گۆڕەپانی ململانێی دەوڵەتان بۆ خۆسەپاندن و داگیرکردنی ناوچەکە، نەخاسمە لەنێوان دەوڵەتە هەرێمی و زلهێزەکانی دونیا وەك ئەڵمانیا، بەریتانیا، روسیا، فەڕەنساو ئێران.

دیارە بایەخ و ستیراتیژیەتی ناوچەی ڕواندز لەوەدابووە، کە لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانەوە وەك خاڵی پازدان و پەڕینەوە لە تەوەری ستراتیژی تەورێز و قەوقازەوە بۆ موسڵ و بەغدا، یان بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە.

گرنگییەکی تری هەرێمی ڕواندز لە بواری چاوتێبڕین و هەڵسوڕانی کاروباری دەوڵەتان لەو ناوە، هەڵکەوتنی جوگرافی و جیۆپۆلیتیکیەکەی بوو، کە کەوتبووە سەر سنوری نێوان دوو دەوڵەتی هەمیشە لە ململانێ و ناکۆکی بەردەوام دابوون. ئەوانیش دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی سەفەوی بوون.

ئاگری شەڕی یەکەمی جیهانی بڵێسەکەی ئەوەندە پەرش و بلاّبوون، پڕوشکەکانی زۆر بە ئاسانی دەگەیشتنە کوردستان و کاردانەوەی سلبیانەشی بۆ سەر هەرێمی رواندز و دەوروبەری هەبوو، بەجۆرێك دەوڵەتە گەورەکانی دونیا لێی کەوتنە بیرکردنەوە داگیرکردنی ناوچە کوردیەکان، بۆ یەکلاکردنەوەی بەرژەوەندییە تایبەتیەکانیخۆیان لە سەر حیسابی خاك و چارەنوسی نەتەوەیەکی بێ پشتوان و لەخشتەبراو. دیارترین ئەو دەوڵەتانەی بە لەشکرکێشیو هێزی سەربازی پەلاماری کوردستانیاندا، سەرەتا تەنها ڕووسەکان بوون کە بەهێزەوە خۆیان تیکەڵی کاروباری ناوخۆی کوردستان کرد، بەلاّم دواتر ئینگلیزەکان بە جۆرێکی تر لە داگیرکردنی کوردستان نەخشێکی گەورەو بەرچاویان گێڕا. ئەمەش بایەخی سیاسیو ئابوری کوردستانی بۆ ولاّتە زلهێزەکانی دونیا زیاتر ڕەخساند، تا وای لێهات فەڕەنساو ئەڵمانیاو چەند ولاّتێکی تری کۆلۆنیزم خەون بە



کوردستانەوە ببینن، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ ئاماژە بەوە بدرێت کە ئەو چاو تێبڕینانەی داگیرکەران بۆ خاکی کوردانو دەست خستنە ناو کاروباریان بۆ گەمەکردن بە چارەنووسی کورد لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان چەند شێوەیەکی جیاواز و جۆراوجۆری کۆلۆنیزمی بەخۆیەوە گرت، کە لە چەند دەستەیەکدا پۆلینیان دەکەین لەوانە:

* دەستەی یەکەم: ئەو دەوڵەتانەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە سنوری کوردستانەوە هەیە: وەك (دەوڵەتی عوسمانی، ئێرانی سەفەوی، روسیای قەیسەری) ئەوانە لە ڕێگەی هێز و لەشکری سەربازییەوە پەلاماری کوردستانیاندا.

*دەستەی دووەم: ئەو دەوڵەتانەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هێزو لەشکری سەربازییەوە پەلاماری کوردستانیاندا، بەلاّم سنوری هاوبەشیان لەگەڵ کوردستانەوە نەبوو وەك (بەریتانیا، فەرەنسا).

* دەستەی سێیەم: ئەو دەوڵەتانەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە چەند کەناڵێکی جۆراو جۆرەوە خۆیان تێکەڵ بە کاروباری

کوردستانەوە کردبوو وەك (ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، ئەمریکا) .

* دەسـتـەی چـوارەم: ئـەو دەوڵـەتـانـەی لەسـەروبەندی جـەنگی یەکەمی جیهانی و دواتر وەك میراتگرێکی دەستکرد بەشێوەیەکی شۆڤینانە، لەناوچـەکەدا سـەریان هەڵدا، وەك ( عێراقی مەلـەکی، سوریای عـەرەبی، تورکیای کـەمالی، ئێرانی پەهلـەوی، ئـەرمینیای شورەوی).

هـەروەك پێشتر ئامـاژەی بـۆکرا هـەر چـەندە گشت ئـەو دەسـتە دەوڵەتانەی سەرەوە هەر یەك بەشێوەیەکی جیاواز لە ئەوەی تر، دەسـتیان خسـتە نێـو کاروباری نێـو خـۆی کوردسـتان، بـەلام لـە بنەڕەتـدا بێجگـە لـە جیـاوازی سروشـتی خۆتێهەڵکێشـانی هـەر یەکێکیانەوە لەوەی تر، هیچ جیاوازیەکی تری ئەوتۆیان نەبووە کە شـایەنی بـاس کـردن بێـت، چـونکە ئامـانجی سـەرەکی هـەموویان



داگیرکـردنی ولات و بـەتالان بردنـی سـامان و گاڵتـەکردن بـووە بـە چارەنووسـی گـەلی کوردسـتان لـە پێنـاو پاراسـتنی بەرژەوەندییـە ئیستعماریەکانیاندا .

جیهان نەخشەو پلانی بۆ کێشرابوو لە گەرمەی شەڕیشدا کەوتە واری جێبەجێکردنەوە، لە ڕاستیدا کار هەر بەمەشەوە نەوەستا،

بۆنمونە بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی نێوان روسیا و بەریتانیا کە ساڵی 1913 مۆرکرابـوو، دەبـوو لـە کـاتی پێویسـتدا، هەریەکـەیان لـە شوێنی خۆی پەلاماری دوژمنی ئەوەی تر بدات و یان لە تەنگانەدا بـە هانـای یـەکترەوەبێن. کـاتێکیش لـە بـەهاری سـاڵی 1916دا،

هێزەکانی ئینگلیز بۆ پێشڕەوی بەرەو بەغدا بەڕێکەوتن، لە کوت دووچاری گەورەترین نوشستی سەربازی هاتن بەهۆی گەمارۆدان و پاشـانیش دیلکردنـی زیـاتر لـە ( 13300 ) کـەس بـە سـەرکردایەتی ژەنـەڕاڵێکی ئینگلیـزی بـەناوی (تاوزەنـد) لەلایـەن هێزەکانی عوسمانیەوە، بارەکە زۆر ئاڵۆزتر بوو. ئەو سەرکەوتنە مەزنەی عوسمانیەکان لە دژی ئینگلیز، هێزێکی بزوێنەری مەزن بـوو بـۆ پاڵنـانی رووسـەکان، تـا بـەرەو کوردسـتان پـەل بهاوێـژن، ئـەوەبوو روسـەکان ( بـەپێی پلانێکـی پێشـتر نەخشەکێشـراو) بـۆ داگیرکردنـی بـەغدا و موسـڵ لـە دوو لاوە هێرشـیان هێنایـە سـەر کوردستان، یـەکێك لـە گرنگترین ئـەو تـەوەرە ستراتیژییانە بـەرەی باکوری ڕۆژهـەلات بـوو، کـە بـە بـەرەی (تـەورێز، روانـدز، موسـڵ) ناسرابوو. روسەکان لە (8)ی ئایاری هەمان ساڵ گەیشتنە رایات و لەشکری تورکـەکانی ئـەو نـاوە لـە بەرامبـەر لێشـاوی هێـزی زۆری روسان خۆیان نەگرت و بۆ ماوەی کەمتر لە پێنج ڕۆژان گەیشتنە شاری ڕواندز و زۆر بە ئاسانی داگیریان کرد .

ئەگەر چی گرتنی رواندز لەلایەن روسەکانەوە بە ڕواڵەت بووە هۆی دەرپەڕاندنی تورکەکان و ماوەیەك دورخستنەوەیان لە ناوچەکەدا، بـەلام روسـەکان لـە هـەموو ڕوێکـەوە گـەلێك لـە تورکـەکان باشـتر نەبوون، بگرە بە پێچەوانەوە زۆر لەوان درندەترو بێ ویژدانترو زاڵم تربوون. هەرچ نەبێ تورکەکان ئەگەر بەناو سیاسەتیش بێڕەچاوی لایـەنی ئـایینی و رێـزی قودسـیەتی مزگـەوت و تەکیـە و خانەقاکانیان دەگرت، کەچی روسە دڵڕەشەکان بە تایبەتیش ئەو چـەند ئەرمەنیـە بـە کرێگیراوانـە، زۆر بـە دڵڕەقـی و بێویژدانیـەوە بەربوونـە گیـانی خـەڵکانی بـێ دەرەتـانی ڕەوانـدز و دەوروبـەری، شارێکی ئاوا گرنگی مێژوویی و پڕ لە شارستانیەت و پێشکەوتن چـەند جارێـك ئـاگر بارانیـان کـرد. بێگومـان ئـەو ڕەفتـارە نامرۆڤانەیـەی هەنـدێ لـە چـەتە و درنـدە ئەرمەنیـەکان، کـە وەك کارەسـاتێکی تراژیـدیای ئـەو دیـوی جینۆسـاید، لـە روانـدز بـە ڕەمـەکی و بـێ یاسـا و ئەنجامیانـدا، نەمێـژوو لێیـان دەبـوورێ و نەهیچ دادگایەکی یاسای مرۆڤایەتی دەیانبەخشێ، ئەوەندە نـەبێ کـە ڕووی ڕەشـی دیکتاتۆرەکـانی دونیـای وەك ( هیتلـەرو مۆسۆلینی و ستالین ) یان سپی کردەوە.

ئەگەر تەنها بوونی رووسەکان لە رواندز لەو ماوە کورتەدا ئەو زەرەرو زیانانـەیان لێکەوتبێتەوە، ئەی دەبێ لـە مـاوەی دەسـتەلاتداریەتی بـەزۆر سەپاوی عوسمانیەکان لە پشت پەردە تاریکەکانەوە چ کارەسـاتێکی جینۆسـایدیان بـۆ گـەلی کورد نابێتەوە. لەم بارەیەوە دەکرێ ئەوە بگوترێ هاتنەوەی ئەم جارەی تورکەکان بۆ شاری رواندز، ئەگەر برینەکانی رووسەکانی لە جەسـتەی خـەڵکی ناوچـەکە نەکولاندبێتـەوە، ئـەوا بێگومـانین لەوەی کە سارێژی نەکردووە.

**ئەگەر تەنها بوونی ڕووسەکان لە رواندز لەو ماوە کورتەدا ئەو زەرەرو زیانانەیان لێکەوتبێتەوە، ئەی دەبێ لە ماوەی دەستەلاتداریەتی بەزۆر سەپاوی عوسمانیەکان لە پشت پەردە تاریکەکانەوە چ کارەساتێکی جینۆسایدیان بۆ گەلی کورد نابێتەوە؟!**

# نامەی ئیسماعیل ئاغای شکاک ( سمکۆ ) بۆ شێخ مەلا عەبدولڕەحمانی سەران

**بەڵگەنامەیەک تەمەنی زیاتر لە ( 80 ) ساڵە، بۆ یەکەم جارە بڵاو دەکرێتەوە.**



تاڵیب سەرانەیی

کە لاپەڕەکانی مێژووی کوردستان بە گشتی و ئەو دەڤەرە بە تایبەت هەڵدەدەینەوە، هەست بە کەم و کورتییەکی زۆر دەکریٚ، لە تۆماری رووداوو روکاری ژیانی رابردوو. ئەگەر تۆماریش کرابیٚ تەنها لەدیویٚکەوەیە.. ئەمەی گوتمان بەسەر هەموو دەڤەرو ناوچەکانی کوردستاندا تا سنووریٚك زۆر راستە، ئەگەرنا ئەم ولاٚتە پڕ لە گۆڕانکاری و کارەسات و رووداوە، کە لەهەر سەدەیەك چەندان جار شقڵی دەسەلاٚت و شێوەی بەرگری کردن گۆڕاوە. ئەگەر رووداوەکان بە ووردی و گرنگی پیٚدانەوە لە کاتی خۆیدا تۆماربکرابوونایە ، ئەوا بیٚگومان لایەنی شاراوەکانی میٚژووی گەلەکەمان تیشکی دەخرایە سەرو جیٚگای تیٚڕامان دەبوو بۆ لیٚکۆڵەران و میٚژوونووسان. لەم حاڵەتەشدا هەموو رووداوەکان بە شیٚوەیەکی زانستی شیدەکرانەوە و ئەزموونیان لیٚوەردەگیرا. من لە گەڵ ئەو ڕایەدام کە میٚژوو بۆپەند لیٚوەرگرتن و شارەزابوونی رابردوومانە، بۆئەوەی هەنگاوەکانی ئیٚستامان پتەوبیٚت و بۆداهاتوومان بڕوانین و رابردوو و ئیٚستاو داهاتوولە یەك گریٚ بدریٚت. هەر گەل و نەتەوەیەك میٚژووی خۆی نەزانیٚ ناتوانیٚ داهاتوو بنیات بنیٚ. لەم تیٚڕوانینەوە وەك ئارەزوویەك لە ساڵەکانی هەشتا بە سەرەوە سەودای کۆکردنەوەی دیکۆمینتە میٚژوویەکان و سەربردەو ڕووداوەکانم لەلا دروست بوو. لەم ماوەیەدا تاکو ئیٚستا توانیم چەندان بەڵگەنامە و ڕووداوی گرنگ کۆبکەمەوە و تۆماریان بکەم.

لەم سۆنگەیەوە کەوتمە ناودەریایەك، کە پڕە لە گەوهەری نایاب و توانیم بە خزمەت چەندان کەسایەتی و مرۆڤی بە تەمەن بگەم ( کە بەشیٚکی زۆریان لە ژیاندا نەماوەن ). ئەوەی ئەوان لایان بوو لیٚمان وەرگرتن، بە جۆریٚ ئیٚستا ئەرشیفیٚکی میٚژوویی لە ڕووداو و سەربردەی هەمە جۆرم لەلا کۆبۆتەوە، کە لە کاتی خۆیدا سوودی گرنگیان دەبیٚ. بەتایبەت لەڕووی میٚژوویی، زمانەوانی، شیٚوەی ژیان وداب و نەریتی دیٚرین، چۆنیەتی خویٚندن ... هتد. مژدەی ئەوەش بە میٚژوو دۆستانی گەلەکەم دەدەم، کە بەشیٚکی باشمان لە میٚژووی ئەم دەڤەرە کۆکردۆتەوە لەوانەش ( سەرچاوە، فۆلکلۆر، دیرۆکی ئاوەدان بوونەوەی سۆران و دەورو بەری، رووداوە میٚژوویەکان) کە لە ریٚگای دیدارە میٚژوویەکانی زانایان و پیرانی ناوچەکە لە هەردوو رەگەز، بە ویٚنەی میٚژوویی و بەڵگەنامەی پیٚویستەوە کۆکراوەتەوە.

ئەم رووداوو بابەتانەی کە لەمەودوا دەیانخەینە روو و لیٚیان دەدوییٚن، هەندیٚ جار دەپەڕیٚنەوە بۆسەدەی ( 19 )ی زایین.

لەم نووسینەدا خۆمان لە سۆز و عاتیفە دەپاریٚزین، گرنگی بە لایەنە زانستیەکەی و راستیەکان دەدەین، ئەمەش لە پیٚناو پاراستنی رووداوەکان وەك خۆی بیٚ زیاد و کەم و لاگیری،بۆ ئەوەی لیٚکۆڵەوەران و میٚژوونووسانی کورد بتوانن سوودی لیٚ وەرگرن،کە بەشیٚکە لە میٚژووی گەلی کورد.

یەکەم شت کە سەرنجی راکیٚشام میٚژووی بنەماڵەکەمان بوو کەلە دوو رووەوە جیٚگای گرنگی پیٚدان بوو، یەکەمیان: وەك بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر و زانیاری. دووەمیان لەبارەی هەڵویٚستی نیشتیمان پەروەری و بەرگریکردن. وەك سەرەتایەك کەسایەتی باپیرەم (حاجی شیٚخ مەلا عبدولڕەحمانی سەران) و براکانی (حاجی شیٚخ کاکە مینی سەران، شیٚخ مەلا عبدوڵلاٚی گەورە) بوون بەدەستپیٚکی ئەو گرنگی پیٚدانە، بەم هۆیەوە دوای ماندووبونیٚکی زۆر توانیم بەشیٚك لەو نامە و بەڵگەنامە میٚژوویانە،کە پەیوەندی بە بنەماڵەی (شیٚخانی سەران)ەوەیە لەناو چوون رزگار بکەم. پاش لیٚوردبوونەوەیان بۆم دەرکەوت ،کە ئەوانەی ئیٚستا ماون مشتیٚکن لە خەرواریٚك و بەشیٚکی زۆریان بەهۆی رووداوەکان، یاخود کەوتوونەتە دەست کەسانی نەزان و لەناو چوون. ئەوەی زۆر نیگەرانی کردم ئەم بەڵگە نامانە جگە لە نامە کەسیەکان، کە ئەوانیش نرخی میٚژوویی خۆیان هەیە.ئەوانی تریش پەیوەندیان بە دەڤەری سۆران و کوردستانەوە هەبووە، لە هەردوو باری زانیاری و ئاینی و ئەدەبی و رامیاریەوە، بەتایبەتی لە کاتیٚکدا کە لە گۆڕانکاری ناوچەکەدا کەسایەتیە ناسراوەکانی ئەو بنەماڵەیە ڕۆڵیٚکی دیاریان لە هەستانەکەی رواندز (شۆرشی رواندز) ەوە تا سەرەوە ترو دواتریش جەنگی دژی روسەکان و فەرمانداریٚتی میرنشینی سۆران و پەیوەندی ئەو بنەماڵەیە بەو میر نشینیەوە. کاتیٚك ئەم میر نشینەی کورد بە دەستی تورکە عوسمانیەکان لە



شیٚخ مەلا عەبدولرەحمانی سەران لە ساڵی 1956 لە کەرکوك

ناو برا، ئەم بنەماڵەیە توانیان سەرپەرشتی ناوچەکە بکەن و دەست دریٚژی فەرمانبەران و جەندەرمەکان و پیاوانی تورك لە سەر خەڵکی کۆست کەوتووی رواندز و دەوروبەری کورت بکەنەوە. هەڵبەت ئەم رووداوانە و رەوشی ئەوکاتیش بەشیٚکن لە میٚژووی دەڤەری سۆران، بە پشتیوانی خودا و هاوکاری دڵسۆزان لە داهاتووی نزیکدا لە کتیٚبیٚکی نایاب زۆربەی ئەم رووداوانە بلاٚودەکەینەوە و سەرنج و تیٚبینیەکانی خۆشمانی لەسەر دەنووسین.

**(شیٚخ مەلا عبدولرەحمانی سەران ) کیٚیە؟**

لێرەدا بە پێویستی دەزانم بۆ بەرچاو ڕوونی خوێنەران کورتەیەك لە ژیانی ئەم کەسایەتیە ئایین پەروەر و نیشتمانپەروەرە بنووسم.

ناوی (حاجی مەلا شێخ عبدولرەحمان)ی کوڕی شێخ مەلا عبدالصمد (پیری کۆسە) کوڕی شێخ مەلا ئیبراهیم کوڕی شێخ مەلا مەحمودی سەرانە. بە نازناوەکانی (شێخی سەران، شێخ ئەمیر، شێخ جە وادی سەران) ناسراوە.

لە 25/ی ربیع الاخرە (1300)ی کۆچی لە گوندی سەران هاتووتە دونیا، لە لای باوکی خۆی و زۆر شوێنی تری کوردستان خوێندوویەتی. جگە لە زمانی زگماکی زمانەکانی( تورکی ،عەرەبی، فارسی) بەباشی زانیوە. لە کاتی هاتنی لەشکری روسی لە ساڵی (1917)ی ز کراوە بەئەمیری (نەفیر عام) لە بەرەی دۆڵی ئاکۆیان و باڵەکایەتی، کە ئەم نەفیر عامە بە فەتوای باوکی شێخ مەلا عبدالصمد (پیری کۆسە) بووە. کردووە. لەساڵی1919 بۆتە سەرکردەی میللی دژ بەداگیرکەرانی ئینگلیز و (ئەندامی ئەنجومەنی میللی روانذن). لە هەموو شەڕەکانی دژ بە هاتنی ئینگلیزەکان لە(هەریر ، باتاس، روانذز و قەشان) و دواجاریش دەربەندی رانیە، کە بووە هۆی هێنانەوەی شێخ مەحمود لە هیندەوە بۆ سلێمانی، بەشداری هەبووە.

لە شەڕی بناویە، کە توانراوە فرۆکەیەکی ئینگلیزەکان بخرێتە خوارەوە بەشداری کردووە. شێخ عبدولڕەحمان پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ سەرکردەی شۆڕشەکانی کورد لەوانەش(ئیسماعیل ئاغای شکاك، شێخانی بارزان و کۆماری شێخ مەحموودی حەفید و سەردارانی پارچەکانی دیکەی کوردستان) هەبووە و هاوپەیمانیەتی لەگەڵ گرێداون.

لە کاتی دامەزراندنی حکومەتی شێخ مەحمود لە سلێمانی بە نوێنەرایەتی خەڵکی روانذز و دەوروبەری بە (80) سوارو پیادەوە، بە دیاریەوە سەردانی شێخ محمودیکردووە و بەشدار دەبێ لە ئاهەنگی دامەزراندنی حکومەتی کوردستان.

ماڵی ئەم سەرکردەیە پەناگەی شۆڕشگێڕانی بارزان و سمایل



ئاغای شکاك لە کاتی دەرباز بوونی لە دەستی تورکەکان و غەفور خانی ئێندزە و نوری باویل ئاغا و میرانیئەحمەد بەگی بێتواتە

**تورکەکان لەشەوێکدا بێ ئاگایانە هێرش دەکەنە سەر ماڵی ( سمکۆی شکاك ) و بە زەحمەت خۆی و (25) سوار لەدەست تورکەکان رزگاری دەبێت، بەم هۆیەوە بە پەلە خۆی دەگەینێتە باشوور کوردستان**

لەکاتی شەڕ لەگەڵ ئینگلیزەکان وئەحمەد ناجیبووە. لە کاتی چوونی هەر چوار ئەفسەرە ناودارەکانی کوردستانیش بۆ کۆماری کوردستان لە مهاباد لەلایەن خۆی و (شێخ عبدولسەمەد)ی کوڕی پەنا دراون و دواتریش گەیاندراونەتە مهاباد. لەکاتی وتوێژی لەگەڵ ئینگلیزەکان دووجار بریندار کراوە و هەوڵی گیرانی دراوە، بەڵام دەرباز بووە، تا دواجار بە کەفالەتی (سەید تەهای نەهری) قایمقامی روانذز بەپێ دانی (دانە تۆپێکی جامبێزار و چل تفەنگ) بە ئینگلیزەکان، بە مەرجی تەداخول نەکردنی حکومەت بە ناوچەی دۆڵی ئاکۆیان دانیشتووە و بەخشیویانە.

لە ساڵی (1960)ی زایینی لە گوندی سەران وەفاتی کردووە لە گۆڕستانی (سەرزیێ) نێژراوە.

ئەم نامەیەش کە بلاوی دەکەینەوە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی گرنگە، دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی نێوان شێخ مەلا عبدولڕەحمان و ئیسماعیل ئاغای شکاك (سمکۆ) کە دوای ڕووداوێکی ترسناك، کە بەسەر سمکۆدا دێت.

کاتێك تورکەکان لە شەوێکدا بێ ئاگایانە هێرش دەکەنە سەر ماڵی (سمکۆ)ی شکاك و بە زەحمەت خۆی و (25) سوار لەدەست تورکەکان رزگاری دەبێت، خێزانی سمکۆ شەهید دەبێت و کوڕەکەی (خەسرەو) و خەزێنەکەیان دەکەوێتە دەست تورکەکان. سمکۆ بە پەلە بەرەو باشووری کوردستان دێت و خۆی دەگەیەنێتە لای (شێخ مەلا عبدولڕەحمان)ی سەران. بەم جۆرە لە لای شێخ پەنا دەدرێت و بۆ ماوەی (19) رۆژ دەمێنێتەوە، (14) رۆژ لە گوندی سەران دەبێت و (6) رۆژیش لە گوندی سێووك. لەم سمکۆ پەیوەندی بە ژمارەیەك سەرۆك عەشیرەت و شێخ مەحمودەوە دەکات. دوای ئەم ماوەیە بە هۆی نزیکی گوندی سەران لە مەرکەزی روانذز و بوونی تورکەکان لە روانذز، هەواڵی هاتن و گەیشتنی سمکۆ بۆ دەوروبەری روانذز، لە سەر داوای خۆی بەمەبەستی نزیك بوونەوەی لە شێخ مەحمود و جێگۆڕکێ، لە لای شێخ مەلا عبدولڕەحمان بەڕێ دەکرێت بۆ لای میرانی ئەحمەد بەگی بێتواتە. بەم جۆرە لە لایەن میریەوە ماوەیەك دەمێنێتەوە. دواتریش پەیوەندی بە کەسانی ترەوە دەکات و لە وێوە دەگاتە سلێمانی و ئینجا بە داواکاری زۆر لە (ئۆزدەمیر) لە لایەن شێخ عبدولڕەحمان و کەسانی تری شۆڕشگێڕ دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی لە باکوری کوردستان..

ئەو کاتەی سمکۆ لە لای شێخ دەبێ، زۆر جار شێخ ئامۆژگاری دەکات، بە نزیك نەکەوتنەوە لە ئینگلیزەکان،چونکە ئەرمەنی و نستوریەکان زۆریان چوو بوونە ژێر دەسەلاتی ئینگلیزەکان و

دوژمنی سمکۆ بوونە، ئەو پێی گووتووە هەرگیز متمانە بە تورکەکان و شای ئێران نەکەی، شا خیانەتت لێ دەکا و تورک لێت دەترسێن هەروەها داوای لێ کردووە هەوڵبدات لەگەڵ تورک رێك بکەوێتەوە. بە بێ ئەوەی بچێتە ژێر دەسەلاتیان. کاتێك کە لە سمکۆیان پرسیوە چۆن لە دەستی تورکان رزگارت بوو، ئەو بەم جۆرە بۆی گێڕاونەتەوە و پێیان دەڵێت: ئێمە نەماندەزانی تورك لەگەڵمان لەبەر فێڵن، هەرکە ئەوان هێرشیان هێنا من و ئەم چەند سوارە بە پەلە بە کەمێك بەرگریەوە دەرچووین. ئەگەر دەرنەچووباین بێگومان لەناویان دەبردین. هەروەها سمکۆ درێژە بەقسەکانی دەدات ودەڵێت: بە پەلە هەندێك لە خەزێنەکەم هەڵگرت ومالەوەم بە جێهێشت. دەمانزانی بەدوامان دادێن، چونکە من دوژمنی ئەوان بووم، دەیانزانی ناچمە لای ئێران بۆیە ئەم رێگەیان گرتە بەر کە ئێمە پێیدا دەهاتین. منیش لە رێگادا هەندێك لیرەم بە بلاوی لە ناو رێگا و دەوری رێگا فڕێدان. بۆ ماوەیەکی باش جەندەرمەکان کە بەدوامدا هاتبوون تەماعی ئەم لیرانە مەشغوڵی کردبوونن، ئیدی بەم کارە ئەوانم دواخست، ئێمەیان نەدۆزیەوە.

چەند جار سمکۆی قارەمان باسی (خەسرەو)ی کوڕی دەکات و لێی بێخەبەر دەبێ بۆ کوێیان بردووە، تا ئەو کاتەی هەواڵی بۆ دێت کە ماوە و وەك بارمتە دانراوە. سمکۆ دەڵێ: (بە خەسرەو دەستیان بەستم ئەگینا دەبوایە هەر بە گوللەیەك (7) کەسیان لێ بکوژم).

شێخ پێی دەڵێ تۆ داوای شتی گەورە دەکەی دەبێ تەحەمولی لەوە خراپتریش بکەی.

سمکۆ هەرگیز چەکی خۆی لە خۆی جیا نەکردۆتەوەو هەردەم سێ پاسەوانی لە لا بووە. چەند

## شێخ مەلا عبدولڕەحمانی سەران پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ سەرکردەی شۆڕشەکانی کوردا ئیسماعیل ئاغای شکاك، شێخانی بارزان، شیخ مەحموودی حەفیدو سەردارانی پارچەکانی دیکەی کوردستان ) هەبووە.

جارێك سەرسامی خۆی لە لای شێخ دەردەبڕی، کە چۆن دەتوانێ لەم شوێنەی نزیك تورکەکان بیپارێزێت، شێخ پێیدەڵێت ئەگەر خیانەت نەبێ هەموو شتێکمان پێ دەکرێت، چونکە سمکۆ ئەو هێرشەی تورکەکانی بە گومانی خیانەتی ناوخۆیی دەزانی.

لەو کاتەی کە لە (سەران و سیۆوك) لە لای شێخ دەمێنێتەوە چەند کەسێکی تری خۆی پێی دەگەنەوە.

سمکۆ لەو کاتانەی کە لەگەڵ شێخ عەبدولڕەحمان دادەنیشێت باس لە گرفتی کورد و ناکۆکی ناوخۆی شۆڕش دەکات.

شێخ عبدولڕەحمان زۆر جار رەخنە لە هەڵسوکەوتی (سمکۆ) دەگرێت، کە دوژمنی بۆ خۆی زۆر کردووە، ئامۆژگاری دەکات زیاتر ئیداری بێت، زۆرجاریش ئەم شیعرەی سەعدی بۆ دەخوێنێتەوە (بە دۆستان محبت بە دشمنان مدارا) داوای لێدەکات دۆست و پشتیوان بۆ خۆی پەیدابکات و لە ناکۆکی و ناتەبایی نێوان کوردان خۆی دوور بگرێ،کارێك بکات سەرکردەکانی کورد پشت و پەنای یەك بن، هەمیشە هاوکاری یەکتر بکەن.

سمکۆی شکاك لەدوای گەڕانەوەی بۆ باکوری کوردستان خەسرەوی کوڕی پێ دەدرێتەوە.

دوای ماوەیەك ئەم نامە مێژووییە بۆ دۆستی گیانی خۆی (شێخ مەلا عبدالڕحمانی سەران) دەنێرێت، کە بە سەرنجدان لە ناوەڕۆکی نامەکەدا چەندان لایەنی گرنگمان بۆ روون دەبێتەوە، لەگەڵ جوانی و بەرزی و وردی لە داڕشتنی نامەکەدا. لە رووی ئەمەکدارییەوە، ئەم نامەیەم لە لایەن برای گەورەم شێخ عبدولسەلام شێخ عبدالصمد دەستکەوت، کە ئەویش لە باوکمان شێخ عبدالصمدی وەرگرتبوو، چەندان ساڵ لە لایەن ئەوانەوە پارێزراو بووە.

بۆ بەدواداچوونی ئەم نامە مێژوویە لە رێکەوتی 1998/8/7سەردانی خوالێخۆشبوو(شێخ سلێمان مستەفا فەندی رواندزی) م کرد وداوام لێ کرد بۆم وەرگێڕێتە سەر زمانی کوردی، چونکە نامەکە بە زمانی تورکی نووسراوە. شێخ سلێمان تورکی زانێکی باش بوو، وەك چۆن پێشتریش نامەیەکی تری تورکی کە لە لایەن والی دیار بەکرەوە بۆ باپیرەم شێخ عبدولڕەحمان هاتبوو وەریگێڕایە سەر زمانی کوردی، ئەمجارەش بە خۆشحالیەوە ئەم کارەی کردو سەرە ڕای ئەوەی باری تەندروستیشی باش نەبوو نامەکەی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی.

لێرەدا بە مەبەستی بەمێژوو بوونی ئەو نامەیە، دەقی وەرگێڕانەکەی خوا لێخۆشبوو(شێخ سلێمان رواندزی) بۆ یەکەمجار بلاو دەکەینەوە، لەگەڵ هەندێك وەستان لە سەر ناوەڕۆکی نامەکە.

سەرەتای نامەکە بە (سەرۆکی عەشیرەتی دۆڵ ئاکۆ شێخ عبدالرحمن ئەفەندی) دەست پێ دەکات.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە دۆڵی ئاکۆیان ئەوکات لە لایەن( شێخ عبدولڕەحمان) وەك عەشیرەتێکی سەربەخۆ بە دەرەوە ناسێندراوە. هەروەها خۆی وەك شێخی ئایینی و سەرۆکی عەشیرەت ناسراوە.

بە (برادەری بەرێزم) دەستپێکی نامەکە کراوەتەوە، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ،کە وەك برادەرێك و دۆستێکی نزیکی خۆی شێخ عبدولڕەحمانی سەران دەدوێنێ.

زۆر بە رێز و لە کانی دڵەوە رێزی پێشکەش دەکات وەك پاراستنی پەیوەندی گیانی نێوانیان، کە سۆزێکی پێوە دیارە.

دەڵێ لەبەر (مفارقتان بە یەکجاری و راستی لەبارەی ئێوە هیچ هەواڵێکم وەرنەگرتووە).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ماوەیەکە لە یەکتری جیا بوونەتەوە، ئەوە نیشان دەدات کە ئەویش دەیەوێت هەواڵی بزانێت.

لە دێڕی دووەم و سێیەم وا نیشان دەدات کە کەسانێك هەن لە نێوانیاندا دێن و دەچن، بەلام ئەو ئەم هاتن و چوونەی ئەوان وەك پێویست نازانێ، چونکە کاروبارێکی گرنگتر هەیە، کە پێویستە بە وردی لێی ئاگادار بێت. بە تایبەتی کاروباری ئیگلیزەکان، کە بە دوژمنی دین و خوێنیان دەزانێ.

بۆیە مەسەلەی (دین) و (خوێن) بە یەکەوە باس دەکات، ئەمە شێوەی ناردنی نامەیە بۆ مرۆڤێکی ئاینپەروەر و

نیشتمانپەروەری وەك شێخ مەلا عبـدولڕەحمان. ئەمـەش وردی سمكۆ نیشان دەدات بۆ شێوەی نامەكە.

لە دێڕی پێنجەم و شەشەم لە وەرگێڕانەكەدا باس لەوەدەكات كە نەستوری و ئەرمەنیەكان بە دوایدا دەگەڕێن و بە سیاسەت خوێناوی وەسفیان دەكات. هەرچەندە ئەو دەڵێ پاشەڕۆژیان دۆزەخە، بە هۆی ئەو كارانەی ئەنجامی دەدەن. دیارە سمكۆ بەم كارانەی ئەوان زۆر نیگەرانە، بە شێوەك پێناسە ناكرێت.

لە دێڕی حەوتەم لە (وەرگێڕانەكە) دا باس لە وەرگرتنی هەواڵێك دەكات، كە (سەید تەها نەهری) كە لایەنگری ئینگلیزەكان بووە، بە هۆی هاندانی ئینگلیزەكان بە هێزێكی هاوبەش لە ئەرمەنی و نەستوریەكان هێرش دەبەنە سەر هێزەكانی (حەزرەتی شێخ مەحمود ئەفەندی).

لە دێڕی نۆیەم داوا لە (شێخ عبدولڕەحمان) دەكات، كە بە



تەواوی هاوكاری و یاریدەی شێخ محمود بكات، بەم شێوەیە توانای دوژمنەكان نەزۆك دەبێت. ئەو دەڵێ من دەتوانم لەمبارودۆخەدا گەر ئێوە هاوكاری و پشتیوانی شێخ محمود بن، لە هەر دوو ڕووی ماددی و مەعنەوی (حكومەتی مەشفەقە) حكومەتی بە روحم ! واتا توركیای ئەوكات (تأمین)بكات كە یاریدەی بدات و لە تەنگژەو لەرەوشی ئەوسا دەربازی بكات.

لە دێڕی دوازدەهەم سمكۆ شێخ ئاگادار دەكاتەوە، كە ئەگەر یاریدەی شێخ مەحمود نەدەن، ئەو هێزە بە هەمان شێوە هێرش بۆ ئەوانیش دەهێنێت و دووچاری بارێكی ئاڵۆزیان دەكاتەوە. ئەم داوایەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە،كە سمكۆ دەزانێ شێخ عەبدولڕەحمان ناكۆكە لەگەڵ ئینگلیزەكان.

سمكۆ لە دێڕی سێزدەهەمی ئەم نامەیەدا ڕادەگەیەنێت، كە لە بناغەی (میثاقی میللی)دا هاتووە كە ئەبێ ( ویلایەتی موسڵ) بگەڕێتەوە بۆ باوەشی توركیا و بە یەكێك لە ئامانجە پیرۆزەكان دانراوە.

لە دێڕی چواردە دا خۆڕاگری شێخ عەبدولڕەحمان دەخاتە روو، كە سەری بۆ دوژمن دانەنەواندوە و داواكارە كە هەروا بمێنێ.لە لەڕێی رزگاری و سەرفرازیدا بەردەوام بێت. هەروەها دڵخۆشیەك بە شێخ دەدات كە (حكومەتی دادپەروەر) بە جێگای للێوەشاوەییتان دەستخۆشی و هاوكاریتان پێ دەدات.

جێگای سەرنج و پرسیارە، ئەم حكومەتەی دوێنێ خێزانی شەهید كرد و سمكۆشی دەربەدەر و پەڕاگەندەی باشووری كوردستان كرد، كەچی ئەمڕۆ بەلای ئەوەوە بۆتە حكومەتی دادپەروەر! و لە جیاتی حكومەت قسە دەكات و بەڵێن بە شێخ عەبدولڕەحمان دەدات.

لە دێڕی شازدەوە لە باسێكی گرنگ دەدوێ، كە ئەویش دوو پارچە كردنی كوردستانە ( بۆ پارچەی باكوور و باشوور) لە لایەن (ئینگلیزەكان) و (مەلیك فەیصەل) ی یەكەم بە هۆی (ئەرمەنی و نەستوریەكان) كە بە ئاواتە كارەكەیان پوچەڵ بكرێتەوە.

لە دێڕی هەژدەهەمدا مژدە بە شێخ عەبدولڕەحمان دەدات و دەڵێ:( ئێوە بەو كارەی دەیكەن خزمەتێكی زۆر گەورە بە ئیسلام دەكەن، دەڵێ روپیەی ئینگلیز و، روتبەی ئینگلیز و سوودەكانی ئینگلیز شەرەفی بە مرۆڤ ناگەیەنێ). ئەم وتانەی سمكۆی شكاك بە هۆی ئەوە بووە، كە ئینگلیزەكان یاریدەی ئەو كەسانەیان دەدا، كە لاگیری بوون بەم شتانە ( روپیە، روتبە، منافع) .

لە دێڕی نۆزدەهەم بە هەمان شێوە گرنگی دین و خوێن باس دەكاتەوە، داواكارە ئەم دوانە ژێر دەست نەبن و گرنگی بە ماڵی دونیا نەدرێت، ئەمە شەرەفە (چونكە لەو كاتدا زۆرێك لە سەرۆك هۆزەكان بۆ پارە و پول لە شێخ مەحموود هەڵگەڕا بوونەوە، ئەو كەسانە بە هەڵخەڵەتاو دەچوێنێ، كەهاوكاری ئینگلیزەكان بوونە یاخود بە مەرامی وەرگرتنی دەسەڵات ئەم ڕێگایەیان گرتۆتەبەر، كەندێك كەسی دەست ڕۆیشتووشیان لەگەڵ دان، بەو هیوایەی بە نزیك بوونەوە لە ئینگلیزەكان ببن بە مەلیكی كوردستان).

لە هەر سێ دێڕی كۆتایی نامەكەدا سمكۆ دێتە سەر باری ژیانی خۆی و دەڵێ (ئەگەر ئەتانەوێ لە چۆنیەتی ژیانم ئاگادار بن، حكومەت منداڵەكانمی بۆ گەڕاندوومەتەوە، لە سایەی لوتف و مەرحەمەت باری ئێستام زۆر باشە).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ نامەكە لە دوای پێدانەوەی منداڵەكانی لە لایەن توركەكانەوە ناردووە و هەواڵەكە بە شێخ عبدولڕەحمانی سەران دەگەیەنێ. هەروەها سوپاسی هەڵوێستی شێخ دەكات لە كاتی مانەوە و لە تێكۆشانی بۆ گەڕانەوەی سمكۆ و پێدانەوەی منداڵەكەی لە لایەن ئۆزەدمیر و توركەكان.

لە كۆتاییدا دەڵێ (غیرەت و كۆڵنەدان (هیمەت)ی ئێوە (شێخ عبدالرحمن) ئامانجە بۆ مژدەی سەركەوتن. ئینجا ساغی و سەلامەتی بۆ داخوازێ.

سمكۆ لە دیووی خوارەوەی ناوەراستی نامەكەدا بەرامبەر ناوی شێخ عبدولڕەحمان نامەكە مۆر دەكات بە مۆری خۆی، كە بریتی‌یە لە شێوەی شێرێك و ناوی (سمكۆ)ی لە سەر هەڵكەندراوە.

**سمكۆ لەو نامەیەیدا داواكارە گرنگی بە ماڵی دونیا نەدرێت و پشتیوانی لە جولانەوەی شێخ مەحموودی مەلیكی كوردستان بكرێت، چونكە لەو كاتدا زۆرێك لە سەرۆك هۆزەكان بەهۆی پارە و پول و بە مەرامی وەرگرتنی دەسەڵات و ئافەرینێك، لەشێخ مەحموود هەڵگەڕا بوونەوە و هاوكاری ئینگلیزەكانیان دەكرد.**

تێبینی و سەرچاوەكان:

1)بۆ ڕووداوی هێرشی توركەكان بۆ سەر(سمكۆ)ی سەركردە تەماشای سەرچاوە مێژوویەكانم كرد بەمجۆرە باسی لێوە كراوە.

ا- كتابی خەباتی گەلی كورد لە یادداشتەكانی (ئەحمەد تەقی)دا لە (لا70) باسی ڕووداوەكە دەكات، بەلاّم باس لە سەرنەویشتی سمكۆ ناكات كە بۆ كوێ چووە.

ب- لە یادداشتەكانی ( رفیق حیلمی) لە بەرگی دووەم لە لاپەرە (574) و لە بەرگی

پێنجەم لە لاپەرە (79) ئاماژە بە هاتنی سمکۆ دەکات بۆ دەوروبەری رواندز و دەڵێ ( خۆی و یەکێ لە براکانی بە چەند سوارێکەوە دەرباز بوون و گەیشتنە دەوری ( رواندن)، بەلام ناوی گوندی( سەران)ی نەهێناوە و هەروا بە نهێنی ماوەتەوە.

ج- زانیاریەکانی تر لە باوکم (شێخ عبدالصمد) و بەشێکی‌تری لە دایکم (شکریە خان) و براکانم شێخ عبدولسەلام و شێخ راغب کە ئەوانیش لە باپیرەمان و شێخ عبدولرەحمان و باوکمان بیستوویانە. هەروەها لە مامەکانم خوالێخۆشبووان (کاک شێخ محەمەد) وە ( شێخ (عبدالمجید) وەرگرتووە، بەشێکی ئێستا بە تۆمار کراوی لە لامان هەڵگیراوە.

2- لێکۆڵینەوەی زیاتری ئەم بەڵگەنامەیە و رووداوەکان لە رووی گرنگی مێژوویی‌ـەوە، پەیوەندییان بە (شۆرشی رواندن) یان (هەستانەکەی رواندن) و رۆڵی شێخ مەلا عبدولرەحمان و پەیوەندی بە شێخ مەحموود و سەرکردەکانی تر، وەك سەرکردەو تێکۆشەرێکی کوردستان، زیاتر هەڵدەگرێ.

3- ئەوەی زانراوە سمکۆی

ئەمرۆ: (26)ی تەشرینی دووەم/339

سەرۆکی عەشیرەتی دۆڵ ئاکۆ شێخ عەبدولرەحمان ئەفەندی برادەری بەڕێزم

پێشکەش ئەکەم، لەبەر لە یەکتر جیا بوونەوەمان و پچڕان بە راستی لە هەواڵتان هیچ ئاگاداریم وەرنەگرتووە. زۆر لە مەراقدام هەرچەندە جارجار بە هۆی ئەو کەسانەی دێن و دەچن چەند شتێك تێبگەم بۆ گرنگی پێدانی من. بەس نیە لە هاتن و چوونی بەرامبەر، ئەمبارە ناخۆش و دڵتەزێنە شەوخونی و ئەندێشەی منی زیاد کردووە. بە تایبەتی (ئینگلیزەکان)، کە



دوژمنی دین و خوێنمانن، بە دوای مندا گەڕانی ئەوان بە هۆی (نەستوری) یەکان و (ئەرمەنەکان) کە سیاسەتیان خوێناویە و دواڕۆژیان دۆزەخە. تا سنورێك کاریگەرە لە سەرم پێناسەی ناکەم.

**( رفیق حیلمی ) لە بەرگی دووەم و بەرگی پێنجەمی یاداشتەکانیدا ئاماژە بە هاتنی (سمکۆ) دەکات بۆ دەوروبەری رواندز و دەڵێ:( خۆی و یەکێ لە براکانی بە چەند سوارێکەوە دەرباز بوون و گەیشتنە دەوروبەری رواندز).**

شکاك سەفەرێکی تریشی بۆ رواندز و دەوروبەری کردووە، خەسرەوی کوڕیشی لەگەڵ بووە، بە تەمەن بچووك بووە و نەشزانراوە، ئەم سەفەرەی پێش لێدانی تورکەکان بووە یاخود دوایی گەڕانەوەی لە باشوری کوردستان بۆ ناوچەکەیان.

دەقی نامەکە بە رێنووسی

هەواڵم وەرگرتووە کە (سەید تەها ) بە هۆی (ئینگلیزەکان) بە هێزێکی هاوبەش لە ئەرمەنی و نەستوریەکان) هێرش دەبەنە سەر هێزەکانی (حەزرەتی شێخ محمود ئەفەندی). بەرامبەر بەمە ئەبێ ئێوە بە تەواوی هاوکاری و یاریدەی (شێخ محمود ئەفەندی) بکەن، بەمجۆرە کاری دوژمنەکانمان نەزۆك دەکات، لەوکاتەدا بەو هاوکاریەتان من دەتوانم وا بکەم بە هەموو جۆرێك (مادی) و (معنوی) لایەنی (حکومەتی بەسۆزا) بە دەست بێنم و (تأمین بکەم) بە پێچەوانەی بۆچوونەکەمان هەمان هێزە

نەفرەت لێکراوەکە لەگەڵ ئێوەش دەجەنگن.

لە بناغەی ( میساقی میللی) بەو هەموو گیانفیداکارییەکی پڕ نرخ.

گەڕاندنەوەی (ویلایەتی موصل) یەکێکە لە ئامانجە پیرۆزەکان لەبەر ئەوەی کە لە سەری دروست کراوە ( واتە دژ وەستانەوەی دوژمنانی ئایینمان ئێوەی ئێستا بەرێز و سەربەرز کردووە، سەرنەوی نەکەن بۆیان.

ئێستا میری دادپەروەرامان لە جێگای شیا و بە ئێوە هاوکاریتان دەکات. ئینگلیزەکان لەگەڵ ( فەیسەڵ ) لە نێوان باکور و باشوری (کوردستان) بە (ئەرمەنی و نەسگوریەکان) ئەو پەردە سیاسیەی دروستکردووە بۆ خۆیان پوچەڵ دەبن .

بۆ موسڵمانێتی خزمەتێکی گەورە دەنوێنن. روپیەی ئینگلیز روتبەی ئینگلیز، سوودەکانی چاوەڕوانکراو لە ئینگلیز، شەرفێ بە مرۆڤ ناگەیەنێ.

ئایین و خوێنمان بۆ دوژمنان دیل نەبێت و گرنگی نەدرێت بە ماڵ و دونیا شەرف و رێزەی.

ئەگەر ئەتانەوێ لە باری ئێمە ئاگادار بن، میری (منداڵەکانی) بۆ گەڕاندمەوە لە سایەی چاکە و سۆزی، بارودۆخی ئێستام باش ئەبێت. نەبەردی و توانای ئێوە ئەنجامی مژدەیە.

ساغی و بێوەییتان چاوەڕێ ئەکەم.

**مۆر/ سمکۆ**

# وێنەکانی دیکتاتۆر لە نێوان تاوان و تەنیایی

## یان

## ( سەدام حوسێن ) لە غروری مەرگدۆستیەوە بۆ تەنیایی زیندان



ڕەگەز ڕەشید

-1-

موزەفەری سوبحدەم وەك ڕیوایەت بێژێك لە ڕۆمانی ( دواهەمین هەناری دونیا )ی ڕۆمان نووس ( بەختیار عەلی )دا، کاتێك ژیانی خۆی وەك زیندانیەك دەگێڕێتەوە، باس لەو حاڵەتە دەکات کە تیایدا کەسی زیندانی بۆ مومارەسە کردنی هەموو ئەو کاتە بێدەنگ و بێ پانتایانەی نێو چوارچێوەی زیندان، هاوکێشەیەك چێ دەکات لە نێوان بیرەوەری و تەنیایی و زیندانی بوون ، لە یەکێك لە دێڕەکانیدا پێی وایە، هەر کاتێك کەسی زیندانی هەستی کرد ئیدی کەس چاوەڕێی ناکات ،

**هەر کاتێك کەسی زیندانی هەستی کرد ئیدی کەس چاوەڕێی ناکات، زەمەن و مەکانی لەلا فەنا دەبن و تاکە فریادڕەسێك مانای هەبێت و مومارەسەی بێدەنگی لەگەڵ بکرێ، بیرەوەریەکانیەتی ...**

زەمەن و مەکانی لەلا فەنا دەبن و تاکە فریادڕەسێك مانای هەبێ و مومارەسەی بێدەنگی لەگەڵ بکرێ ، بیرەوەریەکانیەتی .. لێرەشەوە بۆمان دەردەکەوێت ، کە ( بیرەوەری )و گەڕانەوە بۆ هەموو ئەو فۆڕمانەی کە لە زاکیرەی کەسی زیندانی ئامادەن، وەك : باخچە ، پیاسە ، شەقام و وەرزەکانی لەڕووە فیزیایەکەی دەدۆڕێنی و لێی دەبنە وەهم و گەردوون بینینی تەنها لە نێو بیرەوەرییدا گیرۆدە دەبن .. جا ئەگەر هاتوو ڕابردووی کەسی زیندانی، ڕابردوێکی قەشەنگ و پڕ شۆخی بێت ، ئەوا ئەشێت تاقە هاوڕێ و تەنیا مەجلسی پڕ قسەو گفتوگۆی کەسی زیندانی یەو ، ( بیرەوەری ) بۆی دەبێتە ئەو کوتلە پڕ ڕەنگ و پڕ هەناسەیەی کە دونیای تیادا دەبینێت و ، بە هۆیەوە پێ دەنێتە ئێستاو داهاتوشیەوە.. واتە بێ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، بێ ( بیرەوەری ) و ( لەگەڵ خوددا دوان )، کەسی زیندانی، چوارچێوەی زیندانی لێ دەبێتە دۆزەخێکی گەورەترو کاتی لێ دەبێتە ئەو ڕێگا دوورو درێژە مەترسی دارەی کە هەرگیز تەواو نابێت ..

ئەوەی ئەو وتارە باسی دەکات، ئەو تەنیاییە قوڵەیە، ئەو بێدەنگی یە بێ سنورو گەورەیەیە، کە کەسی زیندانکراو دەیگرێتە باوەش .. بە واتایەکی دیکە بڵێم سادەترین و سەرەتاترین پێناسەی کەسی زیندانی ئەوەیە کە ( تەنیاترین پیاوی گەردوونە ) .. تەنیاترین ئەو پیاوەی کە لە نێو چوارچێوەی دیوارێکدا قەتیس ماوەو، هەموو شتە جوانەکانی ( وەهمی ) لەنێو دونیایەکی جواندا بمێنێتەوەو، بیرکردنەوەی لە زەمەن، بیرکردنەوە بێت لە ڕابردوێکی جوان و ئایندەیەکی پڕ لە هیوا، بۆ نمونە ئەگەر هاتوو کەسی زیندانی، بەر لە زیندان



گولفرۆش بوبێت و مێژوێکی دوورو درێژی لەگەڵ جۆرەکانی گوڵ و گەڵا هەبووبن، ئەوا وەهمی کەسی زیندانی لەنێو ( زیندان )دا ئەشێت پڕ بێت لە گوڵ و ڕەیحانەو، پانتایی بچوکی زیندانی لێ ببێتە باخچەیەکی گەورە.. بەڵام ئەگەر هاتوو ڕابردووی کەسی زیندانی پڕ بێت لە ڕق و ناشیرینی ، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو کەسی زیندانی بەر لە زیندان جەلاد بوبێت و مێژوێکی دوورو درێژی لەگەڵ ( ساناتۆس ) هەبووبێت ، ئەوا وەهم و بیرکردنەوەو بیرەوەری لە نێو زینداندا پڕ دەبێت لە مەرگ و خوێن و کابووس ..

ئەو نوسینە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی هەندێ سیمبول و فۆڕمەوە، کە گوزارشت لە ( تەنیایی ) پێش زیندان و دوای زیندانی ( سەدام حوسێن ) ئەکەن ، بە پشت بەستن بە هەندێك نموونەو فۆڕمەوە بەشێك لە کەسایەتی ( سەدام حوسێن ) بخاتە ڕوو و ، جیاواز بینینێك بکات لە نێوان ( تەنیایی ) بەر لە زیندانی ( سەدام ) و، دوای زیندانی کردنی .. بە واتایەکی دیکە بڵێم، لەو نووسینەدا هەوڵ ئەدەم لە ڕێگەی ڕابردووێکی نەگبەت و جەلاد ئاسایانەی ( سەدام )ەوە ، لە ڕێگەی هەندێك نموونەو فۆڕمی جیاوازەوە، کە بەلای خەڵکی عێراقەوە نامۆ نین ، ڕەگەزی تەنیایی بوون ، لە هەردوو سەردەمی پێش زیندان و زیندانی ( سەدام ) باسی لێوە بکەم، بەڵام ئەمەوێت لە سەرەتای ئەو ووتارەمدا ئەوە بڵێم کە ( من ) بە تەنها بەشێکی بچووك لەو فۆڕم و نموونانە دەخەمە

ڕوو، بۆیەش ئەشێت لە پشت ئەو دێرانەوە، لە پشت ئەو سیمبولانەی کە بەکار هاتوون، دەیان مەفهوم‌و گوزارشی تر هەبن ، لەبەر زۆری نووسین باسیان لێوە نەکرابێت یان درکم پێوە نەکردبێت، بەو هیوایەم لە داهاتوو بە پشت بەستن بە هەندێك لە گوتارەکانی (سەدام) و بە شێك لە مێژووەکەی وتارەکە دەوڵەمەنتر بکەم.

_2_

یەکێك لە سادەترین و سەرەتاترین پێناسەی کەسی ( دیکتاتۆر ) ، ئەوەیە کە بە تەنها مومارەسەی دەسەڵات بکاو تاکڕەوانە بڕیار دەرکاو جێبەجێیان بکا .. بە ئەندازەیەك بیر بکاتەوە، کە جگە لە دەسەڵاتی ئەو، جگە لە ڕاست ڕەوایی حوکمی ئەو، جگە لەو ڕەنگە تاریکەی ئەو، هیچ ڕەنگ‌و دەسەڵات‌و حکومی تر ئامادە نین‌و ، بە ڕەوا نازانرێن ...

کەسی ( دیکتاتۆر ) هەمیشە مەخلوقێکە بە تەنیا دەژی‌و بە تەنیا بیر دەکاتەوە.. بە تەنیا گەردوون دەبینیٚ‌و بە تەنیا ژیان دابەش دەکات.. ئەگەر حەزی کرد شەڕ بیٚ، ئاگر دادەگیرسێنیٚ‌و شەڕ بەرپا دەکا، ئەگەر حەزیشی کرد شایی بیٚ، کۆڵان‌و جادەو نیشتیمان پڕ دەکات لە زەماوەندو گۆڕانی .. کەسی ( دیکتاتۆر ) مەخلوقێکە جیاواز لە مەخلوقەکانی تر، مرۆڤێکە بە تەنیا ڕیٚ دەکاو بە تەنیا دونیا بە ناشیرینی دەگۆڕیٚ، بەپێی ویست‌و ئارەزووی تەنیایی خۆیەوە، هاوکێشە پێك دێنی‌و ژمارەکان دابەش ئەکات، بەتەنیا ڕەنگ تێکەڵ دەکاو وەرزەکان جاران بە یەکتری دەکات .

کەسی ( دیکتاتۆر ) هەمیشە گیانلەبەرێکە ئارەزووی تەنیایی دەکاو بە تەنیا دەژی‌و بە تەنیا بیر ئەکاتەوە.. تەنیایەك جیاواز لە تەنیایەکانی تر، تەنیایەك نە ڕەنگی تێدا، نە هەناسە، نەجوانی تێدا نە بیرەوەری .. هیچ مانایەك نابەخشێت جگە لە خۆپەرستی‌و تاك ڕەوایی، بۆیەش هەمیشی کەسی ( دیکتاتۆر ) لە دەرەوەی ڕەنگی خۆی، لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆی، هەموو ڕەنگ‌و دەسەڵاتەکانی تر جارانی سفر دەکاو تەفرو تونایان دەکات .

> **کەسی ( دیکتاتۆر ) هەمیشە مەخلوقێکە بە تەنیا دەژی‌و بە تەنیا بیر دەکاتەوە .. بە تەنیا گەردوون دەبینیٚ‌و بە تەنیا ژیان دابەش دەکات . ئەگەر حەزی کرد شەڕ بیٚ ، ئاگر دادەگیرسێنیٚ‌و شەڕ بەرپا دەکا، ئەگەر حەزیشی کرد شایی بیٚ، کۆڵان‌و جادەو نیشتیمان پڕ دەکات لە زەماوەندو گۆڕانی ..**



بە واتایەکی تر بڵێم ، تەنیایی ( دیکتاتۆر ) واتە مومارەسەکردنی ئارەزووەکان، بیٚ گوێدانە ئەوی تر، هەر شتێکی بوێت دەیکات‌و هەر حەزێکی هەبێت بۆی دەلوێت .. دەتوانێت لە کاتژمێرێکدا شارێك بخاتە ژێر گڵەوەو ئاسمان پڕ کات لە ئاگر.. هەر دڵێکی بوێت دەیسوتێنیٚ‌و هەر جوانیەکی بوێت دەیکوژیٚ.. کۆشك لە بەرزترین شوێندا چیٚ دەکاو، دارو بەردی وڵات بە وێنەی خۆی دەڕازێنیتەوە ..

هەرچیەکی بوێت دەیکاو، بەتەنیا دەژی‌و بەتەنیا دەخواو بەتەنیا دەڕوا..

ئەگەر لەژێر ڕۆشنایی ئەو دێرانەوە سەیری ( سەدام حوسێن ) بکەین، ئەوا ڕاستەوخۆ ئەو فۆرمە دیکتاتۆریە لەنێو کەسایەتی ( سەدام )دا دەدۆزینەوەو درکیان پێوە دەکەین. تان‌وپۆی دەیان فۆڕم دەکەین کە ( سەدام حوسێن) دەخەنە هاوکێشەیی‌کەوە، لێوان لێو لە دیکتاتۆریەت.. بەشێوەیەکی ڕونتر بڵێم ، ( 35 ) ساڵ حوکمی دیکتاتۆریانەی ( سەدام حوسێن )، مێژوێکی دوورو درێژی لە بیرەوەری خەڵکی عێراقدا چیٚ کرد، پڕ لە نموونەی چەوسانەوەو بێزاری‌و لێوان لێو لە مەرگ، کە هەموو ئەو مێژووە لە یەك دێڕدا کۆدەبنەوە، ئەویش : ( بەتەنیا مومارەسەرکدنی دەسەڵاتە ) هەر بۆیەش لێرەوە هێڵێك دەخەمە ژێر ووشەی تەنیایی‌و هەوڵ ئەدەم لە ڕێگەی چەند وێنەیەکەوە بیانخەمە ڕوو .

هەمووومان دەزانین کە لە پێکهاتەیەکی زێتر لە ( 22 ) ملیۆن خەڵکی عێراقەوەو، بە درێژای ( 35 ) ساڵ حوکمی سەدام حوسێن بەشێکی زۆر لە کەمی ئەو پێکهاتەیە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ توانیویانە ( سەدام حوسێن ) ببینن‌و ، بەشێکی هێجگار کەمیش لەو بەشە بچکۆڵەیە ( سەدام حوسێن ) یان لە نزیکەوە بینیوە ، لەوەش زۆر کەمتر توانیویانە لە نزیکەوە لەگەڵی بئاخڤن، بێگومان ئەو ڕێژە زۆر کەمەش گومانیان لێدەکریٚ لەوەی ( سەدام حوسێن ) یان بە واقعی بینیوە ( مەبەستم ئەگەر لێکچووەکەی سەدامیان نەبینیبیٚ ) لای خەڵکی عێراقیش نامۆ نیە، هیچ لەو ئاخافتنانە، نەیانتوانیوە ڕایەکی دیکە چیٚ بکەن لە بەرژەوەندی ( سەدام ) خۆی نەبێت، لێرەشەوە ( ڕەخنە )و گۆڕان )و ( دیالۆگ ) مانا لەدەست دەدەن‌و میزاجی ( سەدام حوسێن ) تاقە میتۆدو پرەنسیپ دەبێت بۆ حوکم کردنی عێراق. بۆیەش هەر کاتێك تۆ بتەوێت قسە لەسەر فۆڕم‌و کەسایەتی ( سەدام حوسێن ) بکەیت ، ناچار دەبێت لەو ڕاگەیاندن‌و تەلەفزیۆنانەوە

وێنەی ( سەدام ) بخوێنێتەوە، کە تاقە ڕاگەیاندن بوون لە عێراقداو لەژێر ڕکێفی ( سەدام‌و کوڕەکانی ) کاریان دەکرد.. بۆیەش هەرکاتێك بتەوێ لە وێنەکانی سەدام بدوێیت، دەبێت پشت بە سەرجەم ئەو وێنانە ببەستیت کە بەردەوام دووبارە دەبوونەوە لە تەلەفزیۆن‌و ڕاگەیاندنە عێراقییەکان، لێرەشەوە بۆت روون دەبێتەوە ( سەدام )و ( تەنهایی )و ( سەدام )و ( دیکتاتۆر )ی بەهێزتر دەکرد، بۆیەش هەمیشە ئەو وێنەیە، ئەو پەیوەندیە تایبەتیە، شێوەیەکیان بۆ ( سەدام ) چێکرد، پڕ لە غروری و پڕ لە تەنهایی‌و، ( سەدامیان ) چەند پلەیەکی بەرزتر جیادەکردەوە لە سەرکردەیەکی ئاسایی.. ئیدی لای خەڵکی عێراق، ئەو پەیوەندیەی

**هەمیشە لە پشت ئەو دەسەڵاتە تەنهایەی (سەدام حوسێن) هێزێکی گەورەی موخابەرات‌و عەسکەری ئامادە بوو، ئیدی ئەو هێزە جەبریە، خەڵکی عێراقی ناچار دەکرد بڕژێتە سەر شەقام‌و، بە دروشمی (نعم نعم للقائد صدام حسین) کۆڵانەکان بڕازێنێتەوە.**

(سەدام) هەمیشە کاری لەسەر ئەوە دەکرد کە بە دوو وێنەی جیاواز دەرنەکەوێت،بۆ نموونە ، با سەرەتا لە یەکێك لەو وێنانەوە دەست پێ بکەین، کە ڕۆژانە لە ڕێگەی تەلەفزیۆنی عێراقدا بەرچاومان ئەکەوت، ئەویش ئەو وێنەیە بوو کە ( سەدام ) بەخۆی‌و جگەرەیەکی گەورەوە ناو شاشەی تەلەفزیۆنی داگیر دەکرد ، ئەو وێنەیەی ( سەدام حوسێن ) لەگەڵ ئەو جگەرە تایبەتە دونیایەك پرسیاری لای خەڵکی عێراق چێ کرد.. لای خەڵکی عێراق‌و تەنانەت دارو دەستەکەی ( سەدام )یشەوە ئەو جگەرەی بە جگەرەیەکی ئاسایی و کێشانێکی ئاسای نەدەبینرا ، واتە لەڕووی ڕەنگ‌و قەبارەو تەنانەت چۆنیەتی کێشانیشی، فۆڕمێکی تایبەتی وێنا دەکرد، کە پڕبوو لە گەڕانەوەی تەنیایی بۆ خودی ( سەدام حوسێن ) ، بە واتایەکی تر بڵێم ئەو پەیوەندیە قووڵەی نێوان ( سەدام حوسێن )و ( جگەرە تایبەتیەکەی ) هەمیشە لە زاکیرەو سایکۆلۆژیەتی خەڵکی عێراقەوە، پەیوەندی نێوان

( سەدام )و ( جگەرەکەی ) ، بۆنی مەرگ‌و غروری‌و تەنیایەکی دژواری لێ دەهات، بە ئەندازەیەك سەدامیان لە وێنەی سەرکردەیەکی ئاسای‌و مرۆڤێکی واقیعەوە دەگواستەوە بۆ ( سەدامێك ) جیاواز لە مرۆڤەکانی تر.. جیاواز لە هەموو سەرکردەو پیاوەکانی ترو مامەڵەی نێوان ( سەدام )و ( جگەرە ) لە مامەڵەیەکی میکانیکی دەگواسترایەوە نێو مامەڵەیەکی گوزارشتی کە پڕ بوو لە غروری‌و تەنیایی دەسەڵات‌و کارێزما.

**بنیادنانی کۆشکێك لە ئاڵتوون‌و دروستکردنی چەندەها کۆشکی بەرزو خەیاڵی ، ئەگەر لە دیوێکدا ڕەمز بن بۆ ژیان زەنگینی ( سەدام )و دەست بەسەر داگرتن‌و ئیحتیوا کردنی داهاتی عێراق بۆ خۆی ، ئەوا لە دیوە سەرەکیەکەی دەستەواژەن بۆ بە ( خوا ) کردنی خودی خۆی‌و بە بەندکردنی خەڵکی عێراق.**

یەکێکی تر لەو وێنانەی کە هەمیشە لە کاتی دەرچوونی هەندێك بڕیاردا ( بەتایبەتی بڕیارەکانی شەڕ )، بەرچاومان دەکەوت، ئەو گوتارانە بوون کە ( سەدام حوسێن ) لە تەلەفزیۆن‌و ڕادیۆکانیدا بە درێژایی حوکمی ( سەدام حوسێن ) لە عێراق‌و تا دواین گوتاری کە چەند ڕۆژێك بەر لە دەستگیرکردنی بڵاوی کرەوە، پێشکەشی دەکردن‌و ، هەمیشە بەیەك ڕیتم پیشان دەدراو هیچ گۆڕانێکی بەسەر نەهات، ئەویش ئەوەبوو کە ( سەدام حوسێن ) بێ شوراو بێ وەرگرتنی هیچ ڕایەکی تر، چەند لاپەڕەیەکی دەنووسین‌و بە تەنیا لەبەردەم ئالآیەکی عێراقدا دادەنیشت‌و دەیخوێندنەوە، ئیدی ئەو مۆدێلە تەنهایە، لەلایەن هەندێك لە دارو دەستەکی ( سەدام )و بە ( ئاگاداربوونی سەدام )، دووبارە دەبوونەوە ( وەك ئەوەی لە محەمەد سەعید سەحاف – علوج ) لەکاتی شەڕ بەرچاومان دەکەوت، بۆیەش هەر کاتێك ئەو وێنەی ( سەدام ) بهاتایە سەر شاشەی تەلەفزیۆن، چاوەڕێی بریارێکی سەیر دەکرا، کە تەنانەت بەلای بەشێکی زۆری دارو دەستەکەی ( سەدام )یش نامۆو سەیر بوون.. ئیدی ئەو مۆدیلەی ( سەدام حوسێن ) کە مۆدیلێکی دیکتاتۆریانەیە، تا دەهات بلأوتر تەشەنەی دەکرد، ئەوەی لێرە ناکرێت باس نەکەین ئەو ئەو هێزە گەورەیە بوو، کە پاڵپشت‌و ڕێخۆشکەر بوون، بۆ بلأوبوونەوەو قەبووڵ کردنی ئەو ڕایانە.. باشتر بڵێم هەمیشە لە پشت ئەو دەسەڵاتە تەنهایەی ( سەدام حوسێن ) هێزێکی گەورەی موخابەرات‌و عەسکەری



بۆ خەڵکی عێراق ئامادە بوو، ئیدی ئەو هێزە جەبریە، خەڵکی عێراقی ناچار دەکرد بڕژێتە سەر شەقام‌و کۆڵانەکان بە دروشمی ( نعم نعم للقائد صدام حسین ) برازێنەوە.. دوجار لەوێی ئەو بڕیارە تاکڕەوانە ، لەوێی ئەو هێزە گەورەیە ، غروری‌و تەنیا دەسەڵاتی ( سەدام حوسێن ) تا دەهات گەورەتر گوزەری دەکرد و گەورەتر دەهاتە بەر چاو.

یەکێکی تر لەو سیمبولانەی کە گوزارشتیان لە تەنیا بوونی ( سەدام حوسێن ) دەکرد، دروستکردن‌و پێکهێنانی ئەو هەموو کۆشك و تەلارانە بوون، کە بە پێکهاتەی گرانبەهاو ئاڵتونەوە بۆ خۆی‌و خێزانی بنیادی نابوون، من لێرە نامەوێت بە درێژی لەو بەشە بدوێم‌و لەڕووی سەرمایەو بڕی پارەی تێچوو قسان بکەم، چونکێ هەموومان دەزانین کە هەر یەکێك لەو تەلارو کۆشکانە، ژمارەیەکی خەیاڵی لە داهاتی عێراقی تێدا خەرج کراوە.. بەڵام ئەوەی لێرە گەرەکمە بیخەمە ڕوو، دروستکردن‌و پێکهێنانی ژیانێکی پڕ لە تەنهایی ( سەدام حوسێن )ە لەنێو ئەو کۆشك‌و

تەلارانەی کە تا ئاسمان لەگەڵ کۆشکو تەلاری دیکە جیاواز بوون، بە دیدێکی تر بڵێم، بنیادنانی کۆشکێك لە ئاڵتوون و دروستکردنی چەندەها کۆشکی بەرزو خەیاڵی، ئەگەر لە دیوێکدا ڕەمز بن بۆ ژیان زەنگینی ( سەدام )و دەست بەسەر داگرتن و ئیحتیوا کردنی داهاتی عێراق بۆ خۆی ، ئەوا لە دیوە سەرەکیەکەی دەستەواژەن بۆ بە ( خوا ) کردنی خودی خۆیو بەندکردنی خەڵکی عێراق .

–3–

پاش ئەوەی لە ڕێگەی چەند سیمبولێکەوە قسەم لەسەر ڕەگەزی تەنهایی بوونی ( سەدام حوسێن ) بەر لە زیندانی کرا، ئێستا هەوڵ ئەدەم لە ڕێگەی ئەو وێنانەی کە دەستگیر کردن و دادگایی کردنی ( سەدام )یان لە میدیاکانا نیشاندا، لە ڕەگەزی تەنیایی بوون، دوای دەستگیر کردنی ( سەدام حوسێن ) بدوێم.. بە دەستەواژەیەکی تر بڵێم ئەوەی لەلای دونیا بە گشتیو ، لەلای خەڵکی عێراق بە تایبەتی جێگای بڕوا نەبوو، ئەو هەواڵە سەیرە بوو کە چەند مانگێك دوای ئازادبوونی عێراق لە مەڕ دەستگیر کردنی ( سەدام حوسێن)، لە میدیاکاندا کەوتە بڵاوبوونەوە، ئیدی بڵاوبوونەوەی ئەو فۆرمە شێواوەی ( سەدام )و ئەو شێوە دەستگیرکردنەی، ڕاستەوخۆ وێنەی ( سەدام )یان لە زاکیرەی خەڵکدا ، لە پیاوێکی خاوەن دەسەڵاتی موتڵەق و ڕەهاوە، گۆڕی بۆ پیاوێکی بێدەسەڵات و دیلێکی ماندوو، لە روخساری ( سەدام حوسێن ) هەموو شتێك دەخوێندرایەوە، سەرۆك عێراق نەبێت، لە پیاوێك ئەچوو زەمەنێکی دوور بەتەنیا بە ڕێگاوە بوبێت و نەگەیشتبێت، تەنیاکەی جیاواز بوو لە تەهایی بەر لە زیندان.. بەر لە زیندان دیکتاتۆرو لە زیندان پیر، بەر لە زیندان غرورو لە زیندان دیل.. بۆنی پیاوێکی واهیمەی لێدەهات .. گوناه . پیر بێ دەسەڵات . دادگا ورد دەبینەوە، تێدەگەین کە تەنهایی بۆتە بەشێك لە شوناسی و مومکین نیە بە راست زانینی هیچ رایەك لەدەرەوەی خۆی و ئەستەمە قبوڵکردنی هیچ مانایەك لەدەرەوەی مانا بۆ قسەکانی خۆی،

**بڵاوبوونەوەی ئەو فۆرمە شێواوەی ( سەدام )و ئەو شێوە دەستگیرکردنەی، ڕاستەوخۆ وێنەی (سەدام )یان لە زاکیرەی خەڵك دا، لە پیاوێکی خاوەن دەسەڵاتی موتڵەق و ڕەهاوە، گۆڕی بۆ پیاوێکی بێدەسەڵات و دیلێکی ماندوو.**

ئەوەی لێرە جێگای قسە لەسەر کردنە ئەو وەهمە قوڵە بوو کە هەرگیز بڕوای نەدەکرد دەستگیر کراوە، ئەو وەهمە قوڵەش لە کاتی دادگایی تەنانەت زۆر جاریش دەیەوێت بە بیانوی ئەو دەستەڵاتە تاك رەویانەی کە هەیبوە پاساو بۆ تاوانەکانی بدۆزێ و هەموو تاوانێکی بە رەوا زانیوە بە بیانوی (تاك دەستەڵات و سەرۆك



کردنیدا زێتر بەرچاو دەکەوت ، کاتێك لەبەردەم قازیدا خۆی بە سەرۆکی عێراق دەزانیو لەنێو بیرەوەری دیکتاتۆریانەی پارێزگاری لە تاوانەکانی دەکات.. لەنێو وەهمی دیکتاتۆریانەو مەرگ دۆستیدا دەژیا، بەڵام بێدەسەڵات .. پیر .. گوناه.. بە واتایەکی دیکە بڵێین، هەرکەسێك لە وێنەی (سەدام حوسێن) لە دادگا ورد بوبێتەوە، تەواو لە ئەدگارو تەنانەت ئاخافتن و دوانەکانیشیدا هەست بەو نەخۆشیەی پڕ تەنهاییەی دەکرد کە دەمێکە پۆشیویەتی، ئەوەش کە جیاوازە، قۆناغەکانە و لە قۆناغی دادگاییدا تا ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەستەمە بڕوا بکات کە لە دەستەڵات کەوتووە، کاتێکیش لە نزاو بێدەستەڵاتی (سەدام) و لە نێو بوونی).. ئەوەش کە جێکای تەفسیر کردنە ئەو غروریەیە کە لە ناواخنی (راهاتن لە تەنهایی) هەڵگرتووە..

ئەوەش ماوەتەوە بیلێین، کەوتنە ژورێکی تەنها لە بەندینخانە پتر تەنهایی بۆ گەورە دەکاو ناچاری دەکا بچێتەوە نێو رابردوو و لە نێو ئەو پانتاییە دژوارە بژی کە لە رابردوویدا هەڵیگرتووە.. ئیدی (سەدام حوسێن) جگە لە رابردوو، هیچ مەکانێك شك نابات تیایدا بژی و هیچ مینبەرێك نادۆزێ تیایدا قسە بکات.. لە (سەدام)یشەوە فێر بووین، کە چەند زەلیلیە لە نێو رابردوێك بژی بارگاوی کرابێت بە مەرگدۆستی.

# ئازادی رۆژنامە گەری لەکوردستان*

(Juregen hoppe)**نووسیویەتی

وەگێرانی لەئەڵمانیەوە: بەکر شوانی

من لە ساڵی 1996–ەوە چەند جارێك سەردانی ئەم وڵاتەم کردووە ئێستاش ماوەی هەفتەیەکە لێرەم و لەدوا سەردانیشمدا کە رێکەوتی ماوەیەکی کورتی بەر لەسەری ساڵی 2003ی کرد، سەرسام بووم بەو پەرەسەندنە پۆزتیڤانەی کەهەرێمی پارێزراوی کوردی بە خۆیەوە بینیوە. ئەو پێشکەوتن و پەرسەندنەی لە هەموو ناوچەکانی ئێرە بەدی دەکرا، بە بەردەوام لەگەڵ بەشەکانی تری عێراقدا کەلەژێر دەسەلاتی حیزبی بەعس و سەدام حوسێندا بوو، ئێستا وئەوسایشی لەگەڵ دابێت، زۆر گەش و لەبەر چاوانە.

ئەو کاتە، واتە کۆتایی ساڵی 2002دا، هاورێیانی رۆژنامەنوس و سیاسەتمەداران سەبارەت بەمێژووی راگەیاندنی ئەڵمانی قسەیان لەگەڵ مندا کرد و ئاماژەیان کرد بۆ بارودۆخی ڕاگەیاندن لە دوای سەرکەوتنی هێزەکان هاوپەیمان بەسەر هیتلەری دیکتاتۆردا، لەو سەردەمەدا ئینگلیزەکان لە هەرێمی نوردڕین – ڤیستڤلین لە دامەزراندنی سیستەمی راگەیاندنی دیموکراتیدا هاوکاری ئێمەیان کرد، هاوڕکانم ئەو پرسیارەیان ئاراستە کردم کە ئایا من لە لای خۆمەوە دەتوانم وەدەمەوێت نەخشەیەك دابڕێژم بۆ دامەزراندنی سیتەمێکی راگەیاندنی هاوچەرخ و وڵامدەرەوەی هەڵومەرجەکان بۆ هەرێمی چاوەروان کراوی کوردستانی عێراق، منیش لە وڵامدانەوەدا گووتم: من لەم لایەنەوە هەوڵی خۆم دەخەمە کار، مایەی خۆشحاڵیم بوو، کە لە هەوڵمدا بۆ راکێشانی پرۆفیسۆر (ئولیش پیتزولد) کەیەکێکە لەزانایانی بواری راگەیاندن لە ئەڵمانیا، بۆ ناو پرۆژەکەم سەر کەوتنم بەدەست هێنا.

لێرەدا دەمەوێت بەچەند دێرێك باسی ناوەڕۆکی پرۆژەی " ئازادی رۆژنامەگەریی لەهەرێمی کوردستان – عێراق، کە لەلایەن ئێمەوە ئامادەکراوە بکەم.

بەردی بناغەی پرۆژەکەمان بریتی دەبێت لە بەستنی کۆنفراسێکی دوو هەفتەیی لەزانکۆ دۆرتموند بە بەشداری رۆنامەنوسان و نووسەران و شارەزایان و خاوەن دەزگاکانی بلاْوکردنەوە و سیاسەتمداران و نوێنەرانی کەمینە نەتەوەکانی کوردستان لەلایەك و، لەلایەکی تر شارەزای بواری ڕاگەیاندن و زانایان وخاوەن ئەزمونەکانی ئەرووپایی و لەسەروی هەموویانەوە ئەڵمانی و،ئەرکی هەموئەمانە بریتی دەبێت لەپەسەند کردنی ئەو پڕۆژەیەی کەمن دەمەوێت ناوی لێبنێم "سیستەمی راگەیاندنی هەرێمی کوردستان". من دەزانم کە دوو هەفتە ماوەیەکی کورتە، بەلاْم ئێمە ناچارین هزری خۆمان چڕ بکەینەوە و لەئێستاوە دەست بەکاربین. هۆی بەستنی کۆنفرنسە چاوەڕوانەکەشمان لەشاری دۆرتموند لە ئەڵمانیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەئێمە ناتوانین شارەزایانی بواری راگەیاندنی ئەڵمانی و ئینگلیزی و فەرەنسی لێرە لە هەرێمی کوردستان کۆ بکەینەوە. بەڵکو ئاسان تر ئەوەیە ئێمە هاورێیانی کورد و تورکمان و ئاشووری بۆ ئەڵمانیا بانگهێشت بکەین، سەرەکیترین گرفتیش کە چاوەرێی دەکەین هەمیشە هەمان بێت، مەسەلەی دابین کردنی بودجەی پێویستە بۆ پڕۆژەکەمان، بەلاْم لەگەڵ ئەوەش دا هیوادارین بتوانین ئەم گرفتە بەر لە بەستنی کۆنفراسەکەمان لەسەرەتای هاوینی 2006 دا چارەسەر بکەین لەگەڵ هاورێیانی کوردماندا وا رێکەوتین ئێمە خەرجی ئەو بەشانەی پرۆژەکە دابین دەکەین کە بریارە لە ئەڵمانیا بەرێوە بچێت، هەر مەسرەفێکیش بۆ بەشەکانی تری پڕۆژەکە لێرە پێویست بێت، لەلایەن کوردستانەوە دابین دەکریْ، هەر بەرێزێکش بیەویْ ئارەزووی زانیاری زیاتر دەربارەی پرۆژەکەمان هەبێت، ئەوا دەقی کۆنسێپەتەکەمان بەزمانی کوردی چاپ کردووەو لێرە دانراوە.

بۆچی ئێمە لای خۆمانەوە بڕیارمان داوە ئەو پەڕی توانابخەینە کار بۆ هاوکاری کردن لەدامەزراندنی سیستەمێکی راگەیاندنی ئەوتۆدا لەکوردستان کە هەموو مەرجەکانی بەهێزکردنی دیموکراسی و وبنەماکانی دەوڵەتی قانون لەم وڵاتەدا لەخۆبگریْ

وەلاْمی یەکەم:

ئەم هەرێمە کوردیە ئێرە لەداهاتوودا واتایەکی گرینگ و ستراتیژیەت دەبێت. بۆ جاری یەکەم لەمێژوودا بەرژەوەندیەکانی کوردبەشێوەیەکی هاوتەریب لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکای گەورە هێزی جیهان دەچێتە پێش، سەردەستەی سیاسەتمەدارانی کوردستان زۆر شارەزایە ئەمە لەلایەن بەکار هێنانی و کوردستانیان لە بارودۆخێکی دژوارەوە گەیاندا ئاستێکی ئەوتۆ کە ئەمریکیەکان نەتوانن دەستەبەرداری بن. لەهەمان کات ئەمە بەواتا دابینکردنی پاراستنە لەبەرامبەر هێرشە سەربازیە بەردەوامەکانی تورکیا. تەنانەت ئەگەر بێت و زۆر لە تورکەکانیش هێشتا خەونە کەمالیستیە کۆنەکەی تورکیای گەورەی داکشاو تا موسڵ و کەرکوکیش ببینن، ئەوا هەبوونی ئەمریکا لەم هەرێمە دەبێتە بەڵگەیەکی باش بۆ سیاسەتمەدارە راستبینەکانی ئەنقەرە بۆ ئەوەی دەستبەرداری هەر جۆرە سەرچڵیکردنێکی لەو جۆرەبن. بەردەوامبوونی ئەم پاراستنەش بەندە بە هەبوونی ئەمریکا و باری بەرژەوەندیەکانیشان لە هەرێمەکەدا. پێویستیش دەکات سەرکردایەتی ئەمریکا بیروبۆچوونی خۆی بگۆڕیْ و بەشێك لە هەبوونی خۆی لە هەرێمەکە بخاتە خزمەتی هێزی ئابووری ئەمریکاوە منیش پێم وایە ئەورووپا و بەرژەوەندیەکانیشی دێتە سەر، بۆیە تورکیا دەبێت بەر لە هەر هەنگاوێك حسابی زۆر باش بۆ بارودۆخەکە بکات.

لە رەوشێکی لەم جۆرەدا، وڵاتەکانی دراوسێش بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان دەکەونە خۆ: سوریا و لە سەروور هەموشیانەوە ئێران کە وەکو تورکیا



گرفتی گەورەیان لەگەڵ کەمینەی کوردی خۆیاندا هەیە، نیمچە دەوڵەتی "کوردستان" لە باکوری عێراق بە مایەی نیگەرانی بۆ خۆیان دەزانن و چاوەڕێ دەکرێ هەوڵ بدەن بۆ سڕینەوەی لەسەر نەخشە. بەڵام بە دڵنیاییەوە کورد دەتوانن بە بەشداریبوونیان لە بەڕێوەبردنی عێراقدا خۆیان لەم مەترسیانە بپارێزن. پێویستە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش لە بەرامبەر ئەگەرەکانی پەلاماردانی بەشی کوردیی سەرووی عێراقدا بێ هەڵوێست نەبن و ئەنجومەنی ئاسایش و ئەمریکا و ئەورووپاش وەکو هێزێکی سیاسی ناچارن بە دەنگ بێن. هیچ گومانیش لەوەدا نیە کە ئەم لەسەرکردنەوەیە دەبێتە هۆی کوژانەوەی ئاگرێك، کە لەوانەیە سەرتاپای نەزمی جیهان تێکبدات و کاریگەریی پێشبینی نەکراوی لێبکەوێتەوە.

هەڵبەتە کوردەکان خۆیان کاریگەریان بەسەر هەموو رەوتەکانەوە نیە، ئەدی باشە دەبێ کوردەکان چی بکەن بۆ ئەوەی پێگەی وڵاتەکەیان، واتە هەرێمی کوردستانی عێراق و ئاسایش و ئاستی ژیانی هاوڵاتیان پتەوبکەن؟ وەڵامەکەی من بێگومان وەڵامی رۆژنامەنوسێکی دیموکراتە: پێویستە کوردەکان هەمو توانای خۆیان بخەنە کار بۆ هەنگاونان بە بڕیارەوە لەسەر رێگای دیموکراتی و بنیادنانی دەوڵەتی قانون بۆ ئەمەش پێویستیان بە راگەیاندنێکی ئازاد هەیە. کوردستان پێویستی پێیەتی، چونکە راگەیاندنی ئازاد بەردی بناغەی بنیادنانی ئیرادەی دیموکراسیە. کوردستان پێویستی بە دەنگێك هەیە کە ژیانی ئێرە لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و کەرکوك بگەیەنێتە دەرەوە.

نازانم فەرەنسا یان بەریتانیا چۆنە، بەڵام هاولاتیانی ئاساییی لە ئەڵمانیا بە دەگمەن لە رۆژنامەکان و دەنگوباسی تەلەفزیۆنەکاندا هەواڵ دەربارەی هەرێمی کوردستانی عێراق دەبیستن. خۆ ئەگەر هەواڵێکیش هەبێت، ئەوا بێلایەنانە ناگوازرێتەوە. بێگومان هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونی هەواڵەکانی تیرۆر و کوشتن لە عێراق بەسەر هەموو هەواڵەکانی ترەوە و هۆیەکی تریش کەمی ژمارەی رۆژنامەنوسە جیهانییانەیە کە بتوانن پێشکەوتنە سەرنجراکێشەکانی ئەم هەرێمە بۆ دنیای دەرەوە بگوازنەوە. من لە ئاسۆی ئەم هەرێمەدا دەوڵەتێکی دیموکراتی دەبینم کە لە لایەن گەلێکی خاوەن رابردویەکی پڕ لە چەوسانەوە و زۆرداریەوە دێتە دامەزراندن و لەلایەن رای گشتی جیهانەوە چاوەڕوان نەکراو دەبێت. ئاژانسێکی دەنگوباس دەتوانێ هەواڵەکانی ئەم هەرێمە بە جیهان رابگەیەنێ.

سەرەڕای هەموو ئێش و ئازارێك و هەبوونی تیرۆریستانی هاتوو لەو وڵاتانەی هاوشێوە کە پێشتر باسم کردن، لە دایکبوونی ئەم پرۆسەیە بە هەموو خێرایی خۆیەوە بەردەوامە. هەروەها ئەمە ئارەزووی چەندین سیاسەتمەداریشە، کە من لێرە قسەم لەگەڵیاندا کردووە: ئەوان دەیانەوێت لەسەر ئەم پارچە زەویە بچووکە کە هەمیشە مەیدانی شەڕ و غەمباری بووە، ببن بە پێشەنگی مرۆڤەکان و نەتەوەکانی دەوروبەریان. ناڵێم خەون دەبینن، بەڵکو بە هیوان هەنگاو بە هەنگاو کوردستان بکەن بە نموونە بۆ هەموو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ گەیشتن بەم ئامانجەش هەبوونی راگەیاندنێکی ئازاد و رۆژنامەگەرییەکی ئازاد کە بەشێوەیەکی رەخنەگرانە لەگەڵ ئەم هەنگاوانەدا بچێتە پێشەوە، پێویستە کە ناکرێ دەستبەرداری بن.

**له ئاسۆی ئەم هەرێمەدا دەوڵەتێکی دیموکراتی دەبینم، کە لە لایەن گەلێکی خاوەن رابردووی پڕ لە چەوسانەوە دێتە دامەزراندن و لەلایەن رای گشتی جیهانەوە چاوەڕوان نەکراو دەبێت.**

بە پرسیارێکیش گوزارە لە بەشی دووەمی وتارەکەم دەکەم: ئایا هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەبارە بۆ بەدیهێنانی ئەم یۆتۆپیا و خەون وئارەزووە؟ وەڵامەکەی من، وەکو ئێوەش پێشبینی دەکەن، بە بەڵێیە! بەڵام من "ئەگەر"ێکیشی بۆ زیاد دەکەم: ئەگەر بێتو هەموو لایەك ئیرادەیەکی بەهێزیان هەبێت و ئاستەنگەکان ببەزێنن. بێگومان هیچ دیموکراسی و دەوڵەتێکی قانون و ئازادیی راگەیاندن لەخۆڕا و بێ بەرامبەر لەدایك نەبوون!

رێگام پێبدەن بارودۆخی رۆژنامەگەریتان بۆ وەسف بکەم؟ لە سەرەتایی دامەزراندنی هەرێمی پارێزراوەوە لێرە رۆژنامەی رۆژانە دەردەچن. لەساڵی 1991-1992دا رۆژنامەکانی هەردوو رێکخراوی گەورەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان جێگای ئەو رۆژنامانەیان گرتەوە کە پارتی بەعس لە ناوەند دەریدەکردن. لەدوای شەڕی ترسناکی ناوخۆیی کوردەکانیشەوە بڵاوکراوەی هەفتانەی بچوك چاپدەکران. لەپاڵ ئەمانەشدا کەمینەکانی تری هەرێمی پارێزراو وەکو کرستیانە ئاشوری و کلدانیەکان و تورکمەنەکان چاپەمەنی خۆیان هەبووە و هەیە. پارتە بچوکەکانیش رۆژنامەیان دەردەکردن و لە دوایشدا هەندێك رۆژنامەی سەربەخۆ بە ژمارەیەکی کەمەوە کەوتنە بازاڕ و هەر بەو خێراییەی پێی هاتن، بەهەمان خێراییش لە ئارادا نەمان و ون بوون.

رۆژنامە رۆژانەکان موڵکی پارتە گەورەکانن و هەرواش دەمێننەوە. رۆژنامەی "خەبات" هەیە کە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەردەچێت و لە ساڵی 2002دا دەروازەی بۆ بیر و رای جیاواز خستە سەر پشت و دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی نامەی خوێنەران بەبێ سانسۆر. لەپاڵ ئەمیشدا رۆژنامەی عەرەبیزمانی "التاخی" بە چاپ دەگات. یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش رۆژنامەی "کوردستانی نوێ" بە زمانی کوردی و رۆژنامەی "الاتحاد" بە زمانی عەرەبی دەردەکات. ئەمە سەرەڕای چەندین بڵاوکراوە و گۆڤاری هەفتانەیی و مانگانە. وەکو نمونە بۆ رۆژنامە بێلایەن و ناپەیوەست بە پارت و کەمینە نەتەوەیەکانەوە، من ناوی رۆژنامەی "جەماوەر" و "رۆژنامەی "هاوڵاتی" دێنم کە ئەمی دووەمیان لە هەموویان گرنگترە و لە سلێمانی بە چاپ دەگات و لە هەموو کوردستان دەخوێندرێتەوە. ژمارەیەکی تەواوم لەبەردەستدا نیە، بەڵام پێم وابێت لە 10 هەزار دانەیەك لەو رۆژنامەیە چاپ دەکرێ. ئەم دوو رۆژنامەیە بە شێوەیەکی رەخنەگرانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخی سیاسی هەنوکەییدا دەکەن.

سەرباری ئەوەش، لێرە سەرەتای دڵخۆشکەر هەیە بۆ پەرەسەندنی رۆژنامەگەری ئازاد. دەبێ ئەوەش فەرامۆش نەکرێ کەلایەنی ئابووری، گەورەترین گرفتی رۆژنامە ئازادەکان پێکدێنێ. بەڵام من پێم وایە ئەم گرفتە لەگەڵ پەرەسەندنی بازاڕی ئازاددا کەمتر ببێتەوە.

راگەیاندنی ئەلەکترۆنی لە چاپەمەنی زیاتر لە ژێر کۆنترۆڵی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندایە. ئەم دوو پارتە ژمارەیەکی زۆر وێستگای رادیۆ و تەلەفزیۆنی هەرێمیان هەیە کە دەنگوباسەکانیان وەکو بیستومە، تا رادەیەکی باش بێلایەنانەیە. بەڵام ئەو زانیاریانەی لەم دەزگایانەوە، بلاودەکرێنەوە، وەکو هەمیشە بە رەنگی سیاسەتی پارتەکان رەنگڕێژ دەکرێن. لە پاڵ ئەمانیشدا رادیۆ و تەلەفزیۆنی گروپە سیاسیە جیاوازەکانی وەکو پارتە ئیسلامیەکان و سۆسیالیستەکان و پارێزگارەکان و پارتی کۆمۆنیست بەدی دەکرێ، کە هەریەکەیان لە پرۆگرامەکانیاندا گوزارە لە سیاسەتی رێکخراوەکانی خۆیان دەکەن.

لە کەناڵە جیهانیەکانی سەر بە پارتی دیموکراتی

کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانیشدا پەخشێکی ڕەخنەئامێز هەیە، کە بە پێی ئاگاداری من، جێگای ڕەزامەندی توێژی لاوانی کۆمەڵگایە. هاوکات سەردەستەی سیاستمەدارانی کورد زۆر بە باشی ئاگادارن، کە زانیاری بارگەکراو بە سیاسەت، لەبەر ئەوەی لێپرسراوان لەمەڕ یەکگرتنەوەی زانیاریەکان لەگەڵ ڕۆژنامە یان بۆچوونی حزبدا هاوبیر نین، زۆر جاران ڕۆژێك درەنگتر دەگاتە ڕای گشتی، لای خوێنەران و بیسەران و بینەران ڕەونەقی خۆی لەدەست دەدات و ئامانجی داواکراو، واتە گەیاندنی زانیاری گونجاو لەگەڵ هزری هاوڵاتیدا ناپێکێ. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حزبی لە سەردەمی کەناڵی سەتەلایت و ئینتەرنێتدا کاریگەریان بەرەو لاوازی دەڕوات و لە ئاکامیشدا هیچ ناخوێنرێنەوە.

گرفتێکی تری بەرچاوی بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتە هەواڵی ئازاد ڕەخنەئامێزە لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆدا، نەبوونی یاسایەکی ڕۆژنامەگەرییە لەم وڵاتە. هاوڕێیانی ڕۆژنامەنوسی کورد هەمیشە باس لە بڕگەی "10"یەمی یاسایەکی ساڵی 1993 دەکەن. ئەرکی ئەم بڕگەیە سنورەکانی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی بە چەند دەستەواژەیەکی لێڵ و ناڕوونەوە دەبەستێتەوە، بە جۆرێك کە مۆڵەت نادات ڕاگەیاندن "داب ونەریت و بەهاکان" پێشێل بکات. بەڵام تکایە ئەمە چی دەگەیەنێ؟! ئایا قەدەغەیە ئەگەر کەمێك ڕەخنە لە "کوشتنی بەمەبەستی کڕینەوەی ئابڕوو" بگیرێ کە بەرەگ و ریشەی نرخ و بەهاکاندا شۆڕبووەتەوە خوارێ؟ بێگومان نا. هەمان بڕگە داوادەکات "نەزمی گشتی" بریندار نەکرێ و "سوکایەتیکردن" قەدەغە دەکات.

ئاشکرایە ئەو ڕۆژنامەنوسانەی کە لە سەردەمی حزبی بەعسدا لە بەغداد پێگەیەنراون، لەو ئاستەدانین بتوانن لە کوردستان ڕاگەیاندنێکی ئازاد و ڕەخنەئامێز دابمەزرێنن. بۆیە پێویستە لە زانکۆکانی وڵات ڕۆژنامەنووسی لاو لە هەردوو ڕەگەز پێبگەیەنرێت. پرۆفیسۆر ئولریش پێتزۆلد و پەیمانگای ڕۆژنامەگەری سەر بە زانکۆی دۆرتموند ئامادەن لەم ڕووەوە هاوکاری تەواوبکەن.

یەکگرتنەوەی هەردوو سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێش نزیکەی ساڵێك لەمەوبەر و دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان، نمونەیەکی باشی تێگەیشتنە لە پێداویستی پێکەوە کارکردن. ئەم هەنگاوە هەلی ڕەخساند بۆ یەکێتی ڕۆژنامەنوسانی ئەڵمانیا، کە بە 40هەزار ئەندامەوە گەورەترین سەندیکای ڕۆژنامەنوسیە لە ئەوروپا، تا بەشێوەیەکی ڕەسمی پێشنیاری هاوکاری و کاری هاوبەش بخاتە بەردەستی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان. مایەی شانازیە بۆ من کە ئێوارەی ئەمرۆ نامەیەك لە دەستەی بەڕێوەبەرایەتی سەندیکای فیدڕالی ڕۆژنامەنوسانی

## ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە سەردەمی حزبی بەعسدا لە بەغدا پێگەیەنراون، لەو ئاستەدانین بتوانن لە کوردستان ڕاگەیاندنێکی ئازاد و ڕەخنەئامێز دابمەزرێنن.

ئەڵمانیاوە بخەیەنم بە هاوڕێیانی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان. هەروەها سلاوی 297 هاوڕێی بەشداربووی یادی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی ئەڵمانیا کە لە ماوەی نێوان 7-9ی ئەم مانگە لە شاری ڤایماری زێدی گۆتە بەسترا، دەگەێنمە هاوڕێیانی ڕۆژنامەنوس لە هەولێر. سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی ئەڵمانیا هەموو توانای خۆی دەخاتە کار بۆ ئەوەی لەسەر ڕێگای‌بەرە دامەزراندنی سەندیکایەکی ڕۆژنامەگەری هاوچەرخ پشتیوانی مەعنەوی لە سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان بکات.

لێرە نابێ بوار بەو کێشانە بدرێ کەلای ئێمە لە ئەوروپا لە نێوان سەرنووسەران و خاوەن دەزگاکانی بلاۆکردنەوەو ڕۆژنامەنوساندا هەیە. پێویستە ئەم لایەنانە لێرە و لەم قۆناغەدا بۆ یەك ئامانج تێبکۆشن کە ئەویش بریتیە لە خۆشکردنی زەمینە بۆ بەدیهێنانی پیشەی ڕۆژنامەگەری ئازاد و ڕاگەیاندنی سەربەخۆ. من دەزانم کە بەدران ئەحمەد حەبیب وەکو بەڕێوەبەری دەزگایەکی چاپ و بلاۆکردنەوە و هاوڕێکانیشی ئەرك و کاری لە پێشتریان هەیە. ئەو لە گفتوگۆیەکدا بە منی وت:"من چی لە نوێترین سیستەمی چاپ بکەم ئەگەر بێتو ڕۆژنامەنوسی بە توانا و ڕەخنەگر و ئارام نەبێت، کە بتوانێت وتار و هەواڵ بنوسن و بەم سیستەمە چاپ بکرێن". بێگومان ئیرادەی سیاسی سەقامگیری هەموو پێکهاتەکانی پێداویستیەکی تری بەدیهێنانی ئازادیی ڕۆژنامەگەرییە.

کاتێك باس لە هەموو پێکهاتەکانی یاخود بەشدارەکان دەکەم، مەبەستم لە کەمینە نەتەوەکانی کوردستانە. کوردەکانی تورکیا و ئێران و سوریاش لە مێژووی خۆیاندا، لە ڕادەبەدەر جیاحوازییان لە دژکراوە، بۆیە گەلی کورد لێرە وەکو زۆرینە ئەرکی سەرشانیەتی ڕێز لە مافە کولتوری و یاساییەکانی کەمینی نەتەوەکان بگرێ. بەراستیش ئەمە لێرە بەدی دەکرێ و جێگای سەرنجیشە بارودۆخی کەمینەکان لێرە لەگەڵ کەمینەی وڵاتانی هەرێمەکەدا بەراورد ناکرێ. ئەم ڕاستیە پێویست دەکات لە داهاتوودا لە سیستەمی ڕاگەیاندنی کوردستانیشدا ڕەنگبداتەوە.

هەروەها دەمەوێ بابەتێکی تر بێنمە بیرتان. لە ساڵانی داهاتوودا ژمارەیەکی زۆری ژن و پیاو مرۆڤی لاو کە لە تاراوگەکاندا گەورەبوون و پێگەیشتوون، لە ئەوروپا و ئەمریکاوە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان. چاوەڕێ دەکرێ ئەمانە مافیان بەسەر ڕاگەیاندنی کوردیەوە هەبێت و وەکو منیش ئومێد دەخوازم، پێشبینی دەکرێ تیاندا هەبێت بخوازێت لە بواری ڕاگەیاندندا کار بکات. چاودێریکردن و بەدواداچوونی ڕەخنەگرانەی دووبارە تێکەڵاوبوونەوەی گەراوەکان لە کۆمەڵگادا، یەکێکە لە ئەرکە سەرەکیەکانی سیستەمی ئازادی ڕاگەیاندن. زۆر کەسان لەم ڕۆژانە ویستی خۆیان وا بۆ دەربڕی کە دەیانەوێ ئەو کوردستانە بچوکەی ئێرە بکەن بە نموونەی وڵاتێکی دیموکراتی و دەوڵەتی قانوون ووارگەی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی. من دڵنیام زۆربەی ئەو کەسانە لە دەربڕینەکانیاندا ڕاستگۆن، بەڵام ئەو خواستە هەر قسە بن و هیچی تر. من داوا لە هەمووتان دەکەم بە پێی توانا هاوکاریمان بکەن بۆ ئەوەی هەنگاو بەهەنگاو ئەم خەونە بهێنینەدی.

پێویست دەکات مرۆڤەکانی ئەم وڵاتە بە ئیرادەی بەهێز و نەگۆڕی خۆیان و بە ئازایەتی بیۆێنەیان ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنن و بەم هەنگاوەشتان نەك هەر کاریگەریتان بۆ بەشەکانی تری عێراق دەبێت، بەڵکو دەتوانن کاریگەریی دیموکراسیتان بەسەر دانیشتوانی تورکیا و ئێران و سوریاش هەبێت. ئێوە بەم هەنگاوەتان دەتوانن خزمەتێکی زۆر بە ئاسایشی خۆتان بکەن و واش پێویست دەکات، کە ئەم خاڵە بەس بێت بۆ هاندان و جولاندنتان بەم ئاراستەیەدا.

(*)نوسەری ڕۆژی2005/11/19 ئەم وتارەی لە کۆنفراسی ئەنیستیوتی کوردی پاریسدا خوێندەوە کە لە هەولێر لەژێردروشمی (دیموکرتیزە کردنی ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا) بەسترا.

(**)یورگن هۆپە ڕۆژنامەنوسێکی ناسراوی ئەڵمانەو دۆستێکی نزیك و هێژای گەلی کوردە.

# ڕاگەیاندن لە نێوان خواستی دەسەڵات و ئەركی ڕاگەیاندندا



نوری بێخاڵی

## بەر كۆڵ:

قسـەكردن لەسـەر پرسـی ڕاگەیانـدن، بەتایبـەتی لـەم سـەردەمەی پێشـكەوتنی تەكنـەلۆژیای گەیانـدن و شۆڕشـی زانیاریدا، كارێكی هـەروا سادە و ئاسان نییە، ئەمەش وادەكات كە لێرەدا دوورو نزیك نەچینەوە بنج و بنـاوانی مێـژوویی و ڕەهەنـدە تیۆرییـەكانی. بـەڵكو بـەپێی توانا قسە لەسەر ئەزموونی ڕاگەیاندنی كـوردی ئـەم چـەند سـاڵەی دوای ڕاپـەڕین دەكـەین، كـە لـە هـەناوی خۆیدا هەڵگری دونیایەك گیروگازو پرسـیارە، پرسـیارگەلێك كـە پێویسـتیان بـە وەڵامدانـەوەی جددی هەیە. ڕەنگـە هـەر یـەك لـەم پرسـیارانەو پرسـیاری تـریش لای خـەڵكی دی هـەبن، ئەوانـەی ڕاستەوخۆ سەروكاریان لەگـەڵ ئـەم دونیایـەدا هەیـەو تەنانـەت وەڵامی جیاواز لـە ئێمەشیان لـەلا هـەبێت، بەڵام بەبڕوای من ئـەو پرسیارانەی دەمـەوێ لێـرەدا بیـانوروژێنم گـرنگترین ئـەو پرسـیارانەن كـە بەراوردكردنی گوتارەكـەی لەگـەڵ ئـەرك و پـەیامی ڕاگەیانـدن خـۆی. هـەروەها ئاسـتی بەرپرسیارێتی ئـەم كایەیـە لەهەمبـەر پرسـە كۆمەڵایـەتییـەكان، تـەوەری سـەرەكی باسـكردنی نێـو ئـەم نووسـینە دەبـن. بێگومـان ئـەم كـارەش پەلكێشـی نـاو گفتوگۆیەكی زیاترمان دەكات و لەگەڵ خۆیدا زۆر پـرس و بابـەتی تـریش بەرهـەم دێنـێ، كـە مایـەی قسە لەسەر كردن بن، كە ناچاردەبین لەچەند دیو و كلاوڕۆژنەیەكدا كە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بـەكاری ڕاگەیانـدن هەیـە و یەكـە و پێكهێنـەری سـەرەكی بەرهەمهێنانی گوتارێكی تەندروستی ڕاگەیانـدن و كاری ڕۆژنامەگەری بدوێین، ئەویش بەڕەچاوكردن و لەبەرچاوگرتنی ئـەو ڕاستییەی كـە دواجار لـە پشتی نووسینەكە مەبەستێك خۆی نمایش دەكات و دەكرێ لـەنێو قسـە و دەسـتەواژە و ئاماژەكانـدا بیخوێنینـەوە. بـەڵام ڕەنگـە لێـرەدا دەرفـەتی بـەرفراوانكردنی نووسـینەكمان نـەبێت، بۆیـە زیـاتر قسـە لەسـەردیوی پەیوەندییـەكانی (ڕاگەیانـدن + دەسەڵات + كۆمەڵگا) دەكەین.

### ڕاگەیاندن و دەسەڵات

وەك زانـراوە، ڕاگەیانـدن ئـەركی هۆشـیاركردنەوەی خـەڵك و گواسـتنەوەی هـەواڵ و نیشـاندانی ڕووی ڕاسـتەقینەی دیـاردە و دەركەوتـە و ڕووداوەكـانی ڕۆژ و وروژاندنی شەقام و زەمینەسازییە لەبەردەم وتوێژی شارستانیانە، هەروەها یەكێكە لـە هۆكـارە هـەرە گرنگـەكانی پەیوەنـدیكردن و ڕۆڵ و كاریگەریەكی بەرچاوی هەیە لـە دروستكردنی ڕای گشتی و ئاراستەكردنی كۆمەڵگا بەرە و ڕاستەڕێی ژیـان، هاوكات پـردی بەیەكـەوە بەستنەوەی نێوان یەكـەكانی كۆمـەڵگا و دەسـەڵاتە، كـە لـە ڕێگەیـەوە تـەمی بـەد حـاڵیبوونی نێوانیـان دەڕەوێتـەوە و سیاسـی و خۆبـەڕێوەبردنی كـورددا، ئێستاشـی لەگەڵ دابێت ڕاگەیاندنی كوردی لەچوارچێوەیەكی دیاری كراوی كاركردندا گیری خواردووە و تا ئەم چركە ساتەش بەهەنـدیٚ ئـەرك و بەرپرسـیاریەتی بارگاوی دەكریٚ، دوورو و نزیك پەیوەندی بە ئەرك و پەیامی ڕاگەیاندنەوە نییە، ئەمەش بەڕۆڵی خۆی جۆرێك لە فەوزای دروستكردووە و هۆیەك بووە كە ڕاگەیانـدن و كاراكتـەرەكانی ئاراسـتەی كـاری سـەرەكی خۆیـان ون بكـەن. ڕەنگـە دیـارترینی سیماكانی ئەو فەوزایە لەوەدا خۆی بینیبێتەوە كە ڕاگەیانـدن و كەناڵـەكانی كراونەتـە دیـو و شـانۆی نمایشـكردن و جـوانكردنی دەسـەڵات، بێگومـان دەسەڵات بەكۆی مانا و ڕەهەندەكانی، كە ئەمـەش گرفـت و گیروگازێكـە تـا ئێسـتا نـەتوانراوە ڕاگەیانـدنی لیٚ دەربـازبكریٚ و سـێبەری ئـەو تەلیسـمەی لەسـەر لابـدریٚ، بـەجۆرێك لـەدوا



وێسـتگەدا دەسـەڵات و ڕاگەیانـدن بوونەتـە دوو دیـوی دراوێـك و هەریەكێكیشـیان بـۆ ئـەویتر لەهەمبەر خۆدزینەوەیان لە ئەرك و بەرپرسیارێتیە كۆمەڵایەتیـەكان پاسـاو دەهێنێتـەوە، بگـرە ئـەو كەناڵانـەیش كـە بـەجۆرێك لـەجۆرەكان نـاوی سەربەخۆیی و بێلایەنییان بەباڵای خۆیاندا بڕیوە لـەو تەڵەزگەیـە دەرنەچـوون. بەمانایـەك لـەماناكان خـودی ڕاگەیانـدنی كـوردی لـە قەیرانێكدایـە، جا چـۆن چـاوەڕێی چارەسـەركردن و دەربـازكردنی كۆمەڵگای لێبكریٚ لە قەیرانەكاندا؟!

ئەگـەر لەشـوێنكاتێكی مێـژوویی و لـەقۆناغێكی سیاسـی دیـاریكراودا. بەتایبـەتی لەسـەردەمی شاخدا كە ناوی نراوە شۆڕش، پێویست بووبێت ڕاگەیاندن و پڕۆسەی نووسین بەكۆی كەناڵەكانیان بەشێك بن لەگوتاری حزب و ڕەنگدانەوەی خواست و ئامانجـە سیاسـی و ئایدیۆلۆژیـەكانی بـووبن و لەپشتی ماسكی شۆڕشی كوردایەتی و بـەبیانوی

**ڕاگەیاندنی كـوردی لەچوارچێوەیەكی دیـاری كـراوی كاركردنـدا گیری خـواردووە و تـا ئـەم چـركە سـاتەش بەهەنـدیٚ ئـەرك و بەرپرسیاریەتی بارگاوی دەكریٚ.**

نـاكریٚ خۆمانیـان لیٚ ببـوێرین، چونكە هەر هیچ نەبێت دەلاقەیەك، یاخود ڕوونتر بڵێم دەروازەیەكن كە لێیانەوە بتوانین گەنگەشەی زیاتر لەسەر تـەواوی لایەنـەكانی كایـەی ڕاگەیاندنی كوردی بكەین.

بـەم پێیـە جەختكردنـەوە لەسـەر ڕەوشـی ڕاگەیانـدنی كـوردی لەمڕۆدا بە لەبەرچاوگرتنی هەردوو دیـوی چـەندێتی و چـۆنێتی و بـەردەبازێك دەبێـت بـۆ پەیوەندیـەكی تەندروستی كۆمەڵایەتی و هۆیەك دەبێت بۆ سڕینەوە و لادانی سـەرجەمی ماسـك و دەمامـك و پـەردە و بەندیوارەكانی نێوانیان، تاكو هەریەكەیان بەدیوی ڕاسـتەقینە و سـیمای بـیٚ ڕتوشـی خـۆی ئـەویتر ببینیٚ.

دیـارە ڕاگەیانـدن لـە بـوونی بـەو ڕایـەڵ و پـردەی پەیوەنـدی نێـوان دەسـەڵات و كۆمـەڵگا، بـەردەوام وەكو كایەیەكی بێلایەن، مامەڵە لەتەكیاندا دەكات، كەچـی دوای نزیكـەی (15) سـاڵ لـە ئـەزموونی

شۆڕشگێڕی و بەرەنگاربوونەوەی دوژمن، خەڵکی بەرەو باوەشی حزب و ئۆرگانە جیاوازەکانی ئاراستەکردبێت و ئەرکە نیشتیمانی و نەتەوەیەکانی خستبێتە پێشەوەی ئەرك و بەرپرسیارێتیە کۆمەڵایەتییەکان و ئەوە دوا ئەوەی بەم هەناسەیە گۆش کردبێت. ئەوا لە قۆناغی ئێستادا، کە دونیابینی و هاوکێشەکانی جیهان و خودی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردی گۆڕانیان بەسەرداهاتووە و پێیان ناوەتە قۆناغێکی تازە و نوێ، هەر لە گۆڕانی واقیعی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ناو کۆمەڵگا تا دەگاتە گۆڕانی شێواز و هەلومەرجی خەبات لەپێناو دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان، لەسەروشیانەوە گۆڕانی هاوکێشە سیاسیەکان و تای تەرازووی هێز و ململانێیەکانی ناوچە و جیهان، ئیدی زەمینەی ئەو پاساو و بڕو بیانوانە بەهەرناوێك و لەژێر هەر بەرگ و پەردەیەك دابێت نەماوە. بۆیە پێویستە بەر لەکۆمەڵگا، خودی دەسەڵات و حزبی کوردی و بەدوای ئەویشدا کاراکتەر و کائینە شەرمنەکانی دونیای ڕاگەیاندن بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستیەکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و بەرگرتن لەمەترسی و هەژموون و هەڕەشە شۆڤینی- فەندە منتاڵیەکان و قۆستنەوەی زۆرترینی هەل و دەرفەتە سیاسیەکانی نوێی دونیا بەقازانج و بەرژەوەندی کورد، لەسای پلان و بەرنامە و هاوکێشە سیاسیەکانی ئەمڕۆی جیهان، کە سەرەکیترین هەنگاو کاریان داڕشتنەوەی سەرلەنوێ و ئاڵوگۆڕی نەخشەی سیاسی ناوچەکەیە بەخۆیان دابچنەوە. بەمانایەکی دی ئەرکی دەسەڵاتی سیاسی کوردە لەتەك گوتارە سیاسیەکەی و بەمەبەستی زامنکردنی پشتیوانی شەقامی کوردی کار لەسەر ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی بکات، بەدیوەکەی تریشدا ڕاگەیاندن و کاراکتەرەکانی ئەو تەلیسمی شەرم و ترس و ئەوێرانی دەرچوون لەسێبەر و هەژموونی حزب بشکێنن و سەرگەرمی وروژاندنی پرسە کۆمەڵایەتیەکان بن، هەموو ئەمانەش لە حزب و دەسەڵات و ڕاگەیاندنی کوردی دەخوازن کە میکانیزم و شێوازی کارکردن و تەنانەت جۆری بیرکردنەوە و دونیابینی خۆیان بگۆڕن، بەتایبەتی حزبی کوردی کە چیتر ناکرێ بەنەفەسی ئایدیۆلۆژی مامەڵە لەتەك کۆمەڵگا و کایەکانی بکات و دەست بنێتە بینا قاقایانەوە.

ناچارکردنی ڕاگەیاندن بەوەی ببێتە مینبەری دەسەڵات و داپۆشینی هەڵە و خەوشەکانی و کردنی بە ئامێرێك بۆ پتەوکردن و پاراستنی سەروەری دەسەڵاتی خۆی، تا بەهۆیەوە خواستەکانی تێر بکات و لەبەرامبەریشدا کۆمەڵگا سندم و جلەو و بێدەنگ بکات، هەروەها ڕاگەیاندن بکاتە چەترێك و لە سایەیدا خەوش و



ناشیرینیەکانی بشارێتەوە، هاوکات ڕاگەیاندن و کاراکتەرەکانی شەرمنانە و دەستە پاچە ئەو فەرمانە شاقوڵیە جێبەجێبکەن و بەیەکەوە و بەناوی هەلومەرجی سیاسی و ئەرکی نەتەوەیی و نیشتیمانی و پاراستنی ئاسایش و دەسکەوتەکان بکەن و تەنها و تەنها کۆی خەونەکانی خەڵك بدەنەوە دەست قەدەر و گوتاری سیاسەت. بەم پێودانگە، خودی ئەو قەیرانەی دونیای ڕاگەیاندن و خۆشاردنەوەی دەسەڵات لەئاست ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان و گێروگازی پرسی پەیوەندیەکانی (دەسەڵات – ڕاگەیاندن) و (ڕاگەیاندن – کۆمەڵگا) و (دەسەڵات – کۆمەڵگا) ڕووبەڕووی چەند پرسیارێکمان دەکەنەوە، کە دەکرێ لەم پرسیارانەدا چڕیان بکەینەوە:

**_بەڕاست، ئەرکی ڕاستەقینەی ڕاگەیاندن چییە؟**

_بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان خواستی شەقام و چڵێسی دەسەڵات لەم قۆناغەدا، پێویستە ڕاگەیاندن چی بکات؟

_ ئایا تا کوێ و چەند ڕاست و دروستە، ڕاگەیاندن بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو لۆژیکەی دەسەڵات کە دەڵێ: جوانیەکانم بەجوانی و ناشیرینیەکانم بەجوانی نمایش بکە؟

_ لە بەجێگەیاندنی پەیامی هاوکێشەی (سەروەری دەسەڵات و پاسەوانێتی حەقیقەت)، ڕاگەیاندن دەکەوێتە کام لای تای تەرازووەکە؟

_لەکوێدا پێویستە ڕاگەیاندن قسەی خێر بۆ دەسەڵات بکات و کەی و لەکوێدا پێویستە بیخاتە ژێر گومان و پرسیار و لێپرسینەوە؟

_ بۆ دەربازبوون لەم قەیران و چەقبەستنەدا، پێویستە ڕاگەیاندن و کائینەکانی چۆن چۆنی ڕەفتار بکەن؟

ئەمانە و چەندین پرسیاری تر، کە قسەی زۆر و وەڵامی وردو و لۆژیکی و زانستی و بەلەبەر چاوگرتنی دیفاکتۆی سیاسەت و ئەرك و پەیام و بەرپرسیارێتی ڕاگەیاندن دەخوازن، بەو هیوایەی بتوانین لەتوێی ئەم پەیڤانەدا سەرەداوێکی وەڵامەکانیان دەستگیربکەین و ئاسۆیەکی فراوانتر لەبەردەم وەڵامی ڕوون و زیاتر بکەینەوە.

بەچاوپۆشین لەتێز و تیۆرە کلاسیکیەکانی دونیای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری و ڕەچاوکردنی ئەو

**ملکەچکردنی ڕاگەیاندن بۆ ئەم واقیعە داسەپێنراوە، ئایندەو نەوەکانی داهاتوو بەرەو ئاقارێك دەبات، کە ڕەنگە دڵخۆشکەر نەبێت.**

و چی و چیتر، کۆڕپەی هەرچی خەون و خولیا و پێداویستی کۆمەڵاتی کۆمەڵگا هەیە لەبار بەرن، ڕێك پێچەوانەی ئەرك و پەیامی ئەم قۆناغەیە و ناکرێ قبوڵ بکرێ، ملکەچکردنی ڕاگەیاندن بۆ ئەم واقیعە داسەپێنراوە و بێدەنگی لێکردنی کۆمەڵگاش لەخواست و پێداویستیەکانی، کە سەرەتایترین مافی ژیانیەتی، ئایندە و نەوەکانی داهاتوو بەرە و ئاقارێك دەبات، کە ڕەنگە دڵخۆشکەر نەبێت، لێرەوەیە کە ئیدی ناکرێ دەسەڵات و ڕاگەیاندنی کوردی خۆیان لەئەرك و بەرپرسیارێتیە کۆمەڵایەتیەکان بدزنەوە و نەبان پێشکەوتنانەی لەمێژووی ئەو پڕۆسەیەدا ڕوویانداوە، یەکەم و دوا هەمین ئەرك و پەیامی ڕاگەیاندن بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیە، ڕوونتر بڵێین ڕاگەیاندن بە پلەی یەکەم لەبەردەم ئەرك و لێپرسراوێتی کۆمەڵایەتی دایە و وەڵامدانەوەی، یان وروژاندنی خواست و مەیلە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای بەکۆی پێکهاتەکانی لەئەستۆدایە، ئەم ئەرکە و بەرپرسیارێتیەشی لەیەك کاتدا هەم پیشەیی و هەمیش مۆڕالیە، بۆیەشە بێلایەنی نواندنی ڕاگەیاندن لە بەرامبەر ڕووداو و دەرکەوتە و دیاردەکان و سەنگی مەحەکی پاراستنی

ناسنامە ڕاستەقینەکەی و ئاراستەی کاری تەندروستیەی، ئەم بێلایەنیە و هەستکردن بەئەرکی کۆمەڵایەتی و بەدەنگەوە چوونی خەون و خولیای شەقام، دواجار گرەنتی ئەوە دەداتە ڕاگەیاند کە متمانەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ خۆی زامن بکات و کە خودی بەدەستهێنانی ئەو متمانەیەی شەقامیش بەڕاگەیاندن، سەرچاوە لە ڕاستگۆیی ئەودا وەردەگرێت لەگەیاندنی پەیامەکەیدا. چونکە لە دەرەوەی هاوکێشە و دوالیزمی (متمانەو ڕاستگۆیی)، ئیدی بەهاو نرخ و سەنگێك بۆ شوناسی ڕاگەیاندن نامێنێتەوە، کە ئەویش بەرۆڵی خۆی دەتوانیٚ ڕاگەیاندن بە ئاقارەکانی (سەرکەوتن – شکست، بەردەوامی – چەقین، جوڵەو زیندوێتی – پوکانەوە....هتد) ببات. ئەزموونی مێژوویی دونیای ڕاگەیاندن و کاری ڕۆژنامەگەریش تاکو ئەمڕۆ ڕاستی ئەو هاوکێشانەمان بۆ دەسەلمێنیٚ. واتە بەگوێرەی ئاست و ئاراستەی ئەو پێدراوە، ڕاگەیاندن بەردەوام لەبەردەم دوو ئەگەردایە، ئەگەری ژیانەوە و ئەگەری نابودبوون، کە هەردووکیان پەیوەستن بەچەندێتی و چۆنێتی و جۆری مامەڵەی

**سەردەمی ئەوە بەسەرچووە ڕاگەیاندن کۆی ئیرادەی خۆی ڕادەستی قەدەری دەسەڵات بکات و چاوەڕێی فەرمانەکانی ئەو بێت.**

ڕاگەیاندن و کاراکتەرەکانی لەتەك پەیامە ڕاستەقینەکەیدا. کەواتە لەناو هەناوی خودی ڕاگەیاندن و پەیامەکەیدا، ململانێیەك هەیە، کەی و لەکوێدا کائینەکانی نێو ئەو دونیایە توانیان بەدیوە تەندروستەکەی ململانێیەکە بەرنەوە، ئەوکات دەتوانین لەسەر زەمینی واقیع و لەناو تەڵەزگەو هاوکێشەی دەسەڵات و کۆمەڵگا، شوێنگەیەك کە بەرهەمی متمانەی کۆمەڵایەتی و ڕاستگۆیی بێت، عەقڵانی و لۆژیکی لەپشتی ئەم گەمەیەدان، دیارە ئەوە تێگەیشتن و خوێندنەوەیەکی ڕەهانییە، کە لەسەرجەمی شوێنکاتەکان ئەو دەسەڵاتە بڕێك لە ڕاستگۆیی پیٚ نییە، بەپێچەوانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لەزاکیرەی ئەودا هەمیشە ئامادە باشیەك هەیە لە پاساودانەوەی خۆدزینەوەی لەبەرپرسیارێتیە کۆمەڵایەتیەکان و پەراوێزکردنی خواست و پێداویستی چین و توێژ و کایەکانی کۆمەڵگا، لەبەرامبەریشدا کۆمەڵگا چاوەڕێی شتی تازەتر و زیاتر لە دەسەڵات دەکات، کە ئەو پێداویستیانە سروشتی گەشەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و پێشکەوتنی ژیان بۆخۆیان دەستەبەر بکەن، هەر وەڵامی خودی ئەم پرسیارەشە کە دواتر توانای ئەوەمان پێدەبەخشیٚ کە لەپرسیاری پاراستنی هاوسەنگی نێوان هاوکێشەی شەقام و دەسەڵاتدا بگەینە سەرەتای وەڵامێك. بەدیوێکی تر لە ناسینی دیوی ڕاستەقینەی پەیامی ڕاگەیاندنەوە، زەمینەی ئەوەمان بۆ دەڕەخسیٚ بپەڕینەوە سەر وەڵامی پرسیاری چیەتی ئەو هاوسانگیە.



سروشتی دەسەڵات وایە کە بەردەوام لە هەوڵی دەستەمۆکردنی سەرجەمی پێکهاتە و کایە و بووەکانی دەورووبەری خۆیەتی، هەرچی ڕێوشوێن و شێوازیش هەیە بەکاردێنێت و دەیانگرێتەبەر، بەمەبەستی هێنانەدی ئەو مەیلەی خۆی، بۆ ئەمەش هەمیشە بڕو بیانو و پاساوی خۆی هەیە و لەهەر وێستگە و قۆناغێکدا و لەسای هەر هەلومەرجێکدا، ئەو پاساوانەی بەبەرگی جیاواز دەخاتەڕوو، بەو پێیەی دەسەڵات هەردەم توانای بەرهەمهێنانی ئەو بیانوانەی هەیە، ئیدی بەلای ئەوەوە گرنگ نییە چەندە بەڵگە و ئەرگۆمێنتی دەیانسەپێنین، ئەگەرچی زۆرجاریش خەمساردی خودی کۆمەڵگا لەبەرامبەر ئەرك و بەرپرسیارێتیەکانی و بێدارنەبوونەوەی هەلی ئەوە دەدەنە دەسەڵات کە لەسەر ئەو گەمانەی خۆی بەردەوام بێت، کە ئەمە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕێك پێچەوانەیە، چونکە کایە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردی، تەنانەت زیاد لەپێویست و بەدەر لەتوانای خۆشیان بەرامبەر ئەرك و بەرپرسیارێتیەکانیان بەرگەیان گرتووە، تا زەمینەی ئەمڕۆ هاتۆتە ئارا، هەموو ئەمانە وادەکەن کە بڵێین شتێك نەماوە بەناوی هاوسەنگی تا ڕاگەیاندن ئەو بالانسە ڕابگری، بەتایبەتیش کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، تاکە هاوسەنگیەك کە پێویستە و دەکەوێتە ئەستۆی ڕاگەیاندن ڕایبگریٚ، پرسی بێلایەنی و نیشاندانی ڕاستگۆییە لە پەیامەکەیدا بەرامبەر کۆمەڵگا، تاکو بەهۆیەوە ئەو متمانەیەی ناومان برد دەستەبەر بکات، کە خودی ڕاگەیاندنی کوردیش نەیتوانیبێت ئەو متمانەیە بەدەست بێنیٚ و لە قەیرانی بیٚ متمانەیی شەقامدا بژی، ئیدی ناکریٚ باس لە پاراستنی ئەو هاوسەنگیە بکەین، بگرە بەدەستەمۆبوونی ڕاگەیاندن و کائینەکانی بۆلۆژیکی دەسەڵات و ڕازیبوونی بەنانی مەمرە و مەژی لەبەرامبەر بێدەنگی ئەو و ڕوژاندنی شەقام و فەرامۆشکردنی ئەرك و بەرپرسیارێتیە کۆمەڵایەتییەکان، هێندەی تر تای تەرازوەکەی لە خزمەتی بەرژەوەندی دەسەڵات و پێچەوانەی خواستە کۆمەڵایەتیەکانی خەڵك لەنگ کردووە، دواجار سەردەمی ئەوە بەسەرچووە کە ڕاگەیاندن کۆی ئیرادەی خۆی ڕادەستی قەدەری دەسەڵات بکات و چاوەڕێی فەرمانەکانی ئەو بێت و لەو سەردەمەدا ڕاگەیاندن هێندەی پێویستە ڕۆڵی کارتێکەر ببینیٚ لە دونیای دەسەڵاتدا، نیو ئەوەندە باوی ئەوەی نەماوە

کارتێکراوی ڕاسپاردە و تەلقینەکانی دەسەڵات بێت، کە بێگومانین لەوەی چەندە خودی دەسەڵاتی کوردی لەپشتی ئەو دەستە پاچەیی کردن و دەستەمۆکردنی ڕاگەیاندنە، ئەوەندە و بگرە زیاتریش کائینەکانی ناو خودی دونیای ڕاگەیاندن بەرپرسیارن لەو بێ دەسەڵاتیەی، کە هەر شتێك بێت، ئەوا دەسەڵاتی نەك چوارەم، نۆیەمیش نیە !، واتە خودی کاراکتەرەکانی ڕاگەیاندن تاوانی بەرهەمهێنان و درێژەکێشانی ئەو قەیرانە و لەپەل وپۆ کەوتن و بێ هەناسەیی گوتاری ڕاگەیاندنیان لە ئەستۆدایە.

ئەگەر ئەمە واقیعی ڕاگەیاندنی کوردی بێت و لەولاش نەك ئەرکی میدیا نەبێت خوانی دەسەڵات جوان بکات و مەیل و حەزەکانی تێر بکات، (کە میدیای کوردی ڕێك ئەو ئاراستەیەی وەرگرتووە)، بگرە پێویست دەکات هەمیشە میدیا چاوی کراوەی چاودێری سەر دەسەڵات و ڕەفتار و کایەکانی بێت و مینبەری خواست و پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکانی خەڵك بێت، ئەوا نەك ڕاگرتنی ئەو هاوسەنگیەی نێوان خەونی شەقام و چلێسی دەسەڵات لەلایەن ڕاگەیاندن

**تا ئەم چرکە ساتەش لە کوردستان، داخوازیو پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکانیکۆمەڵگا، کەوتوونەتە پەراوێزی پەراوێزەکانی گوتاری ڕاگەیاندنی کوردی.**

شتێکی بێ مانایە، بەڵکو ئەوە ئەوپەڕی خیانەتکردنی میدیاو کائینەکانیەتی لە ئەرکو پەیامی پیرۆزی خۆیان، بەتایبەتی لە ڕەوشێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی وادا کە کۆی قورسایی سەنگەکان بەبەرژەوەندی تای تەرازووی دەسەڵات شکاوەتەوە، ئەم بیدعەیەی ڕاگەیاندنی هاوسەنگیش کە بەرهەمی گوتاری شەرمنو دەستە پاچەو دەستەمۆکراوی خودی کاراکتەرەکانی دونیای ڕاگەیاندنی کوردیە، دوورو نزیك، مەگەر لە تێزو میتۆدو تیۆرو سیستەمە

سەقەتەی دەسەڵات و گوتاری ڕاگەیاندنی کوردی نییە، بەڵکو دەستگرتنە بە هاوسەنگی ڕاستگۆیی و لەدەست نەدانی متمانەی شەقام لەلایەن خودی میدیا خۆی و، خۆنەدزینەوە و دیزەبەدەر خۆنە نەکردنیەتی بۆ بەرپرسیارێتی کۆمەڵاتی، کە بەداخەوە تا ئەم چرکە ساتەش لە کوردستان داخوازی و پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا کەوتوونەتە پەراوێزی پەراوێزەکانی گوتاری ڕاگەیاندنی کوردی.

لەم ڕوانگەیەوە، دەکرێ بڵێین دیوی دووەمی ئەم وەڵامە، دەشێ وەڵامی بەشێکی پرسیارەکەی دوای خۆی بێت، کە باس لەچوونە ژێر باری ڕاگەیاندن دەکات بۆ لۆژیکی دەسەڵات کە دەڵێ: جوانیەکانم بەجوانیو ناشیرینیەکانم بەجوانی نمایش بکە و ستایشی ئەو دەسکەوتانەم بکە ( کە لەبنەڕەتدا کلاسیکیو دواکەوتووەکان، ئەگەرنا لە قوتوی هیچ عەتارێکدا نایدۆزینەوە و پەیوەندی بە ئەرك و بەرپرسیارێتی میدیاوە نییە، تەنانەت لەسای سیستەمە سیاسیە دیموکراسی و لیبڕالەکانیش کە زۆرترینی ماف و ئازادیەکان دابینکراون، نەك هەر میدیا خۆی نەچۆتە ژێر باری ئەو لۆژیکە سەقەتە، بەڵکو خودی دەسەڵات لەو سیستەمانەشدا لە خستنە ڕووی لۆژیکێکی وادا شەرم دایان دەگرێ. کەوابێت تاکە هاوسەنگیەك کە ئەرکی ڕاگەیاندنە ڕایبگرێ و بیپارێزێ و گەشەی پێبدات ئەو بیدعە بەرهەمی قوربانیدانی کۆمەڵگایە بە ژیان و کەرامەت و خواستە کۆمەڵایەتی و پێداویستیە سەرەتایە مرۆیەکانی). بەڵام ئەم ڕوانینەمان هەرگیز بەو مانایە نایەت کە جوانیەکانی دەسەڵاتیش بە ناشیرینی لە گوتاری ڕاگەیاندن و هەڵوێستی کۆمەڵگادا وێنابکرێت، چونکە ئەمەش هیچ لۆژیکێك و ویژدانێکی تێدانییە، ئەوە نەبێت



کە ئەرکی ڕاگەیاندن گەڕانە بەدوای ناشیرینی و خەوشەکان و وروژاندنیان و هەوڵدان بۆ خستنەرووی ئەلتەرناتیڤ و چارەسەری بەمەبەستی جوانترکردن و ڕاستکردنەوەیان، نەك بێت کاتەکانی خۆی بە ستاییش و پەسنی هەنگاو و کارە باشەکان بکوژێ، کە ئەمە لەپێشینەی ئەرك و بەرپرسیارێتیە دیموکراسیەکانی هەر دەسەڵاتێکە، کە بانگەشەی کرانەوە و دیموکراسیەت بکات. کەواتە وەك چۆن ئەرکی ڕاگەیاندن نییە سەرقاڵی پیاهەڵدان و جوانترکردن و ڕازاندنەوەی دیوە پۆزەتیڤەکانی دەسەڵات بێت، ئاواش کارێکی نالۆژیکی و ناعەقلانیە، تەنها بەبیانوی پەراوێز خستنی خواستگەلێکی کۆمەڵایەتی و پێداویستی کۆمەڵگا لەلایەن دەسەڵات،کۆی دەسەڵات وەك کوتلەیەك لە ناشیرینی و تابلۆیەکی لێخن وێنا بکات، بەڵکو ئەرکو پەیامی ئەو، لەتەك بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لەپێداویستی و خەونەکانی خەڵك، هاوکاتیش ئەرکی دۆزینەوەی ڕێگاچارەی شیاو و لەبارە بۆ گرفت و کێشە و قەیرانەکان و هاندانی شەقامە بۆ هۆشیاربوونەوە لەبەرامبەر ماف و ئەرکەکانیدا.

ئەم ڕاستیە مێژوییەش، کار ئاسانی ئەوەمان بۆ دەکات کە بتوانین بەبێ درێژ دادڕی و خزانە نێو

گفتوگۆیەکی دوور و درێژ لە وەڵامی پرسیارەکەی تردا بڵێین: بۆ بەجێگەیاندنی ڕاست و دروستی پەیامەکەی و ئاراستەکردنی گوتارێکی تەندروست، ڕاگەیاندن پێویستە بەردەوام پاسەوانێتی لە حەقیقەت و شەفافیەت بکات و مینبەرێك بێت بۆ ئاشتکردنەوەی کایەکانی کۆمەڵگا و دروستکردنی پردی تەبایی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە نێوانیاندا، کە دواجار کۆمەڵگا بە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی لەسەر لۆژیکی گفتوگۆ و دوور لە گوتاری توندوتیژی و ئاژاوە و دەمکوتکردن ڕابهێنێ.

وەك دەبینین و بە ئاشکرایی هەستی پێدەکەین کە لەکوردستاندا دەسەڵات بەردەوام کۆمەڵگا و ڕاگەیاندن بەوە سەرکۆنە دەکات کە ستایشی کار و هەنگاوە جوانەکانی ناکەن، کە ئەمەیان گیروگازێك و گرفتێکی ناوگوتاری دەسەڵاتە، چونکە دەبێ دەسەڵات و کایەی سیاسی ئەو ڕاستیە بێنێتە بەرچاوی خۆی. کە بەدیوەکەی تردا قسەکردن بەخێر بۆ دەسەڵات، تەنها ئەوە نییە پەسنی کارە باشەکانی بکەین، بەقەد ئەوەی گرنگی و مەزنی قسەی خێرا لەوێدایە هاوکاری دەسەڵات بێت لە دۆزینەوەی لایەنە نێگەتیڤ و خەوش و کەموکوڕیەکانی ئۆرگان و یەکەکانی دەسەڵاتی خۆی، کە ئەمە لەیەك کاتدا ئاماژەیە بۆ ئاسودەیی کۆمەڵگا بەکارە جوانەکان و هاندان و هاوکاریکردنی دەسەڵاتیشە بۆ چارەسەرکردنی گرفت و ڕاستکردنەوەی هەڵە و جوان کردنەوەی دیوە ناشیرین و تاریکەکانی. کە ئەم ئازایەتیەتە لە یارمەتیدانی دەسەڵات بۆ بەخۆداچوونەوە، پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاری خەڵك و ڕادەی درك کردنیان بەهەبوونی بۆشاییەکان و زیرەکی و چاوکراوەیی ڕاگەیاندن لە دۆزینەوەی گەندەڵی و کێماسیەکان، بەو مەرجەی لە پشتی ئاشکراکردن و خستنە ڕووی ئەو دیوە نێگەتیڤانە، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و ئینتیمای کۆمەڵگا و ڕاگەیاندن بگەیەنێ و نیازپاکی لە گەشەپێدان و پێشخستنی خودی دەسەڵات و ژیانی کۆمەڵایەتی ئەم دووانە بسەلمێنێ، نەك تەنها بۆ تانە و تەشەرلێدان و کەمکردنەوە لە بەهاو گرنگی دەسەڵات و دوور لە ژیانی بەرپرسیارێتی و ئینتیما.

لەم دیدگایەوە، هەر هەوڵێك بۆ گەڕان بەدوای خاڵە لاوازەکان و دۆزینەوەی لایەنە ناشیرین و ساختەکان، بەئامانجی باشترکردنی ژیان و



جوانترکردنی سیمای دەسەڵات و هاندانی بۆ بەخۆداچوونەوە، لەخودی خۆیدا قسەکردنە بەخێر بۆ ئەو، هەروەها ستایشکردنێکی دڵسۆزانە و هاوکاریکردن و دەستگیرۆیی کردنێکی خەمخۆرانەی ئایندەی ڕوونی کۆمەڵگا و تەندروست کردنی بەرێوەچوونی پرۆسەی سیاسی و دەسەڵاتە. بۆیە هەق وایە دەسەڵاتی کوردی ئەو ڕاستیە بێنێتە بەرچاوی خۆی، کە ئەوە بەتەنها ستایشکردنی ڕاگەیاندن و کۆمەڵگا نییە بۆ کارەکانی کە بەهاوسەنگی دەداتێ، بەقەد ئەو دەنگانەی کە دەرزی ئاژنی هەڵە و کەم و کوڕیەکانی دەکەن و پەنجە دەخەنە سەر برینەکانی، کە دەستی دەسەڵات دەگرن تا جوانتر و جوانتر دەرکەوێ و خۆی نمایش بکات، واتە پرۆسەی ڕەخنە لە دەسەڵات و کایەکانی بەدیوە مەعریفی و کۆمەڵایەتیەکەی هێندەی هێز دەبەخشێتە دەسەڵات، ئەوا لە بایەخەکەی کەم ناکاتەوە، کە بەداخەوە ڕاگەیاندنی کوردی لەم بارەیەوە نەك هەر خەمسارد و کەمتەرخەمە، بەڵکو بەئەرکی خۆشی نەزانیوە.

بۆ پرسی دەربازکردنی ڕاگەیاندنی کوردیش لەم قەیرانە و ڕزگارکردنی لەم ڕەوشە دۆگما و چەقبەسووەی تێی کەوتووە و ئەو گوتارە لاواز و شەرمنەی هەیەتی، ئەوا پێویستە لەسەر هەرسێ ئاستی (دەسەڵات و کۆمەڵگا و خودی ڕاگەیاندن) کار لەم پێناوەدا بکرێ.

بەجۆرێك دەسەڵات دەستبەرداری ئەو بیرکردنەوە و ڕەفتارەی خۆی بێت، کە جڵەوکردن و سندمکردنی ڕاگەیاندن و کەناڵەکانی و دەم بەستکردنی کائینیەکانیەتی، ئەویش بەزەمینەسازی و کرانەوەی زیاتر بەدەم گوتاری ڕەخنە و قبوڵکردنی ئازادی بیروڕا، کۆمەڵگاش بەلای خۆی هۆشیاری بەگرنگی و کاریگەری ڕۆڵی ڕاگەیاندن هەبێت و هاوکاری بێت لە دەستنیشانکردنی لاوازیەکان، بەلای خۆشیەوە کاراکتەرەکانی دونیای ڕاگەیاندن چیتر چاو لەدەستی بەزەیی و بەخششی دەسەڵات و فەرمانە شاقوڵیەکانی نەبن و بەو باشی و شەرمنی و دەستەپاچەییەوە مومارەسەی ئەو پیشە پیرۆزەیان نەکەن و بە دڕدۆنگی و ترسەوە مامەڵە لەتەك دیاردە و دەرکەوتەکان نەکەن.

# هەفتەیەک لە نێو ئەنکەرا

**فوئاد رەوەند**

زۆرێک لەوانەی گەشتنامەکانیان ئەنووسنەوە، هەر لە دەستپێکەوە هەنگاو بە هەنگاوی حونجە دەکەن تا دەگەنە شوێنی مەبەست، ئەشێت ئەم شێوازە بۆ گێرانەوە خراپ نەبێت، بەلاّم من بۆ ئەوەی کەمتر بنوسم ئەمەوێت رویکی گەشاوەتر بدەمە پایتەخت.

هەر کە لە ئیبراهیم خەلیل دەرچووم نزیکەی 45




کیلۆمەتر نەوت و بەنزین هەڵگرەکان بەجووتە لەلا دەستی چەپی جادە وەستابوون، لەلای دەستی راستیشم هەندێك بارهەڵگری تری باری ئاسن، چیمەنتۆ و کەرەستەی تر، پێیان بوو و بەدرێژایی 15 کیلۆمەتر بەدوای یەکەوە سرەیان گرتبوو یان بڵێین ریزیان بەستبوو، ئەوان هاتنیان بۆ ناو کوردستان یاساغ بوو، ئەگەرچی شایەتی بۆ ئەوە دەدەم کە ئەوانەی باری ئاوی حەیات و بسکویت و بنێشتیان پێ بوو هاتنیان سەربەست بوو و رەچاوی ریزبەستنیان بۆ نەدەکرا..ئەوەش کە جێگای سەرنجە بە درێژایی 60کیلۆ مەتر گوندیکم نەبینی، پێدەچوو گوند نشینەکان بە هەوەس گوندەکانیان چۆڵ کردبێ، تا گەیشتمە (دیاربەکر)یش زۆر بەکەمی رەز و باغم بینی، باش بوو لە دیاربەکر بە فرۆکە بەرەو ئەنکارای (ئەنقەرە) پایتەخت بەرێ کەوتین، ئەنکارا کە بەرواڵەت شارێکی ئەورووپیە، نە لە تاران ئەچێت نە لە بەغدا، کە لەگەڵیشی ئاشنا دەبیت ئەوجا هەست ئەکەیت زۆر رۆژهەڵاتیە، لە رووی هەڵکەوتەی جوگرافیشی دەکەوێتە ناوچەیەکی ساردی شاخاوی و ئاوی



خواردنەوەشی لە 45 کیلۆمەتر و لە یەکێك لە بەنداوەکان دەگوازرێتەوە بۆی.. من لەسەرەتای مانگی 10ی ئەمساڵ لەوێ بووم، ئەو کات سۆرانەکەمان گەرم و خەزان لە درەختی نەدابوو، کەچی درەختەکانی ئەنکارا گەڵاکانی زەرد و روو لەخەزان بوون، رەنگی ئەو شارە یان سور بوو (ئەمیش بەهۆی قرمیتی سوری سەر بانەکان) یانیش سەوزە (بەهۆی زۆری درەخت و گوڵ و چیمەن).. لەوێ شارەوانی زۆرماندووە، ئامرازی چەرخداری چیمەن رەنین و کۆکردنەوەی گەڵا ئێواران کرشی خۆیان لەناو نایلۆنی رەش فرێ دەدەن و لەبەر دەرگای دادەنێن و شارەوانیش کۆیان دەکاتەوە.. من لەوێ سەتڵی زبڵم بەدەگمەن بینی و خەڵکیشم بینی کە قونکە جگەرە و پاشماوەکانی تر دەخەنە سەر جادە. شەقامە لاوەکیەکانیش تاسەی تێدایە و پیادەرەوەکانیش کە زیاتر بەرد رێژن پێویستیان بە نۆژەنکردنەوەیە.. داهێنانی سۆران لە قورتاوکردنی تاسەکان نە گەیشتۆتە ئەنکارا! بەسەدان نافورە و تاڤگەی جۆراوجۆر لە ئەنکارا دروستکراوە و دیمەنێکی دڵرفێن دەداتە شار.. جوانترین دیاردەش ترافیکلایتەکانە کە هەموویان نزمن و کاتی وەستانیشیان بە چرکە پیشاندەدرێ و رێنماییەکانیان جوانن. شوێنی پارکی تەکسی

**ئافرەتان لە ئەنکارا بۆ خۆبادان لەگەڵ جۆرەها سەگی زل و وردیلە بەنازەوە لە شەقامەکان تێدەپەڕن، لەگەڵ ئەوەش شەوانە سەگی تۆڕی پڕی شار دەبن و برسی.. برسی، بەدوای پارویەک لە کۆڵانەکان دەحەپن.**

بەرچاوکەوت.. کرێکاران بە بەرگی نارنجی کاردەکەن و پارکەکان نافورە و گۆماو و تاڤگەیان تێدایە و هەر لەوێش مراوی و قاز و کۆتر هێلانەیان کردووە و کەس ئازاریان نادەت تەنانەت کوڕە بەرپرسە تفەنگ تۆتووبەدەستەکان نێچیریان ناکەن. ئافرەتان بۆ خۆبادان لەگەڵ جۆرەها سەگی زل و وردیلانە بەنازەوە لە شەقامەکان تێدەپەڕن، لەگەڵ ئەوەش شەوانە سەگی تۆڕی پڕی شاردەبن و برسی برسی بەدوای پارویەك لە کۆڵانەکان دەحەپن، پشیلەش لەوێ ئاپۆرای تایبەتیان هەیە.. شارەوانی تەنانەت شوێنی تایبەتی بۆ ریکلام داناوە و بەتایبەت بۆ ئیستگاکان، شەقامەکان خاوێنن ئەمەش بەهۆی خاوێنی ماڵ و دوکانەکان کە لە زۆر شوێن دیاری کراوە، تاکسی بە رەنگی زەرد و ژمارەی مۆبایل شوفێر لەسەر دەرگاکەیان نوسراوە، هەرچەندە کرێی تەکسی گرانە و باشتر وایە بە میترۆ و پاس هاتوچۆ بکەی، جێگەی باسیشە کە پاسی دوو نهۆمیش لە شار بەرچاودەکەوێ، ئەگەر چی ئەو پاسانە لەچاو پاسەکانی بەغدا لەرووی مۆدێل و شێوەیانەوە دواکەوتوون، بەلاّم جوان رەنگ کراون و پڕن لە ریکلام کە

شارەوانی پارەی پێ دەست دەکەوێت..
لەوێ ستوونی کارەبا رەنگی سەوزە، جادەکان هێلکاری کراون، پرد و تونێل دەدگەیێنێتە شوێنی دوور، لەوانەیە لە شارێکی وەک هەولێر تونێل نەتوانێ بەم ئەرکە هەڵسێ، بەڵام لە شارێکی وەک ئەنکارا کە پڕە لە دوڵ و گرد و تەپۆلکە تونێل تەنیا چارەیە بۆ گەیاندن. پردە هەواییەکان لەوێ بۆ خۆیان شاکارێکی قەشەنگن، بە پێچەوانەی تاران کە پردە هەواییەکانی کەم و زۆریش ناشرینن .

دارشتنی بیناسازی لەوێ تا رادەیەک شێواون و مزگەوتەکانیشیان کە شێوەی مزگەوتی عوسمانین منارەیان دەڵێی موشەکن و هەشیانە خاوەن یەک منارەیە و بەجۆرەها رەنگ، رەنگ رێژ کراون، ئەمە جگە لە مزگەوتی ((قۆجە تەپە)) کە بەراستی شاکارێکە و شوێنی نوێژی مردووی دەوڵەمەند و سیاسەت مەدارانە، کە پێکهاتووە لە چوار منارەی بڵند کە سپین و هێڵکاری رەش و زەردی بۆکراوە گومەزەکانیشی لەسەر یەکن.

ئەوەی کە گەشتیار لەوێ سەرسام دەکات بۆیاخ چییەکانن کە خاوەن دەزگای تایبەت بە خۆیانن و بەرووکەشێکی میتالیزە داپۆشراوون.
((کەدانەیەکیم لە ئوتێلی چوارچرای هەولێر بینی)). دووەم شتی سەرسامیش شابەروو برژاندنە کە بە کەباب ناودەبرێت.. جگە لەمەش فرۆشگاکان پڕن لە کەرستەی جۆراوجۆر، کە خاوێن و رێک و پێکن بەڵام ساختەکاری تێدادەکرێ هەرچەندە وێنەی داشکاندنی لە سەدای لەسەر نووسراوە بەڵام کەمتر وایە.

گەشتیارێکی زۆر لەوێ لە هاتووچۆدان، لەوێ



سەرۆک شارەوانییەکان زوو زوو دەگۆڕێن شەقامەکانیشیان بێ پلان و بەرنامە درەختکاری بۆ کراوە و لەسەر هەندێک شەقام دارگوێز و دار توو بەرچاو دەکەوێت کە پێدەچێ ئەم درەختانە پاشماوەی باغە کۆنەکان بن. لە 95٪ خانووەکان ئاپارتمانن، زەوی و نەوت و کارەباش گرانە شێوەی سەربانی خانووەکان لە سۆران ئەچێت کە پرییەتی لە تانکی ئاو بەڵام ئەوەی جیاوازە لە پاڵ تانکی ئاو تەختە شووشەیەک داندراوە بۆ وزەی هەتاو کە ئاو گەرم دەکات، ئاوی گەرمی گەرماویش بەلاشە. سێڵی سەتەلایت زۆر بچووکن و تەنیا کە ناڵە تورکییەکان وەردەگرێت ئوتێلەکانیش تەنیا کەناڵە تورکییەکان پیشان دەدەن. ئەوانەش کە ئارەزووی فیلمی رووت دەکەن بە دۆبلاژی تورکی دەستیان دەکەوێ.

هەر لە شار لە پاڵ مزگەوت مەی خانە هەیە، من رەمەزان لەوێ بووم بەڵام خەڵکیم بینی لەسەر شەقام بە ئاسایی نانیان دەخوارد، هەرچەند پێدەچوو ژمارەی بە رۆژووان کەم نەبێت. ئێستا لەوێ لە دوای رەوتی چەپ بزاڤی ئیسلامی سیاسی خەریکە دەژیێتەوە، بەتایبەتی کە دەزانین ئەتاتورکیەت و بزاڤی چەپی ئیفلاسیان کردووە .



لە برادەرێکی دانیشتویی ئەنکارا سەبارەت بەنەریتم پرسی، وتی (خەڵکی ئیستەمبوڵ بێ ئەخلاقن بەڵام خەڵکی ئانکارا پارێزگارن) هەروەها لە قوتابێکی زانکۆ هەمان پرسیارم کرد کە تورکێکی پەیڕەوی شێخ سەعیدی نورسی و خەڵکی کەنارەکانی دەریایی رەشە، گووتی(ئاخیر زەمانە و خوا تۆڵەی ئەو هەموو بەدرەوشتیەی خەڵکی ئەنکارا لە تورکیا دەکاتەوە).. من رۆژانە ئافرەتی نیمچە روت و ئەو کچ و کوڕانەی کە خەریکی ماچ و مووچ بوون لەگەڵ ئافرەتانی موحەجەبەم دەژمارد، تای تەراز و بەرەوو لای لەچک لەسەرەکان بوو. گەنجە هەرزەکارەکانیش کە لە خوار تەمەنی بیست ساڵەبوون پۆشتەدەهاتنە بەرچاو، زۆربەی هەرە زۆری کچەکان سپی پێست و قژ زەرد و چاوشین، و کەسک و رەنگ خۆڵەمێشی بوون کە لە نەژادی ئاسیا نەدەچوون پێ دەچوو لینزیان لە چاو کردبێ و پرچیان رەنگ کردبێت، یانیش ئەوەتا لە تۆێژێکی ئەوروپی کۆنی ئەنکاران. جێگا باسە ئافرەتان لەوێ بۆ بە ئەوروپاییبوون پرچیان زەرد دەکەن، کە لە سەردەمی شای پەهلەویش و لە ئێران بەم شێوەیە بوو، دەشڵێن هەندێ ئافرەتی رەش ئەسمەری خوێندەواری میسریش پرچ زەرد دەکەن.

هەر لە سەر مۆدێلی پرچ بووەستین کە ئافرەتەکانیان دوو رەنگ و سێ رەنگ قژیان رەنگ رێژدەکەن ، وەک مۆدێل پرچی ئافرەتەکانیان یەک مۆدێل نییە بەڵکو کورت و درێژ و مام ناوەندین، پۆشاکی ئافرەتانیش مانتۆ، پانتۆڵ، تەنورە و مینیژۆپ دەپۆشن ئەگەرچی زۆربەیان پانتۆڵی کابۆیی لەپێ دەکەن بالاَ پۆشیشیان بریتییە لە کراس، بلوز، پاڵتۆ، تۆنیک هەروەها کاپشەن و چاکەتە.. لە رۆژە ساردەکانیش ئافرەتانیان خۆیان پۆشتەدەکەن، وەک لای خۆمان نییە کە بەفریش بباریێ هەر مینی ژۆپە. سەرو ردێنی



پیاوانیشیان رەچاوی مۆدێل ناکەن و وەک سۆرانی خۆمان نین کە کوڕیان پرچ درێژ و سەر تراشرا و سمێڵ جەنگیز و ردێنی جۆراو جۆر دەکەنە مۆدێل، بەڵام بیرمان نەچێت کوڕانی ئەوێ گوارەش لەگوێ

دەكەن ، هەندێكیشیان سوراو لەلێو دەسوون (كە شووكر ئەم دیاردەیە لە سۆران هەر تایبەتە بە

مەگەر سەرخۆشەكانیان نەبێ كە شەوانە دوور لە چاوی پۆلیسی هاتووچۆ هۆڕن لێدەدەن.

## لە 2005/10/27 شاهێدی خۆپیشاندانی قوتابیانی سەر بە پارتی شیوعی توركیا بووم، كە لە دژی خوێندنی بالاّ، ئالاّی سوور و داس و چەكوشیان بەرز دەكردەوە و دروشمیان دەدا و لە زۆر شوێن وێنەی گیڤارایان هەڵدەواسی.

ژنان).

زۆربەی ئافرەتانی ئەوێ كە لە شەفتی شەو كاردەكەن، بەپەلە بەرێ دەڕۆن و ئاگاییان لە دەروپشت نیە و ماندوو بوونیان لێ دەبارێ، بەلاّم كچە دەوڵەمەندەكانیان، كە ژمارەیان زۆرە لە چایخانەكان خەریكی تاوڵە و كۆنكانن و نێرگڵەش دەكێشن. هەرچەندە دیاردەی نێرگلە كێشان لە میسرِیش زۆرە، بەتایبەتی لەنێو كچە قوتابییەكانی زانكۆ. لە ئانكارا ئافرەت لە ساڵۆن و لە تەك پیاو پرچ دەبڕن و بەهۆی دانەپۆشینی پەنجەرەی ساڵۆنەكان لەسەر جادە دەبینرێن.. پۆلیس لە هەموو شوێنێك وەستاون، بەلاّم پەلارگرتنە ئافرەتان و ئازاردان و دەستدرێژی كردنە سەریان بەردەوامە، من بۆ خۆم شاهیدی ئەو بەزمەم و چەند جارێك بەهەردوو چاوی خۆم بینی، بەتایبەتی لە رۆژانی شەممە و یەك شەممە كە كرێكارانی خانووبەرەی گوند نشین (كە لەئانكارا كاردەكن و دێنە بازاڕ) بە پۆشتەیی و بە كۆمەڵ رێگا دەبڕن و لە پۆلیس سڵ ناكەن بەم كارە هەڵدەستن.. شار پڕیتی لە سواڵكەر بەلاّم شێتم هەرگیز بەرچاو نەكەوت مەگەر هەندێك لە خۆبەزاناكانیان كە وایان دەزانی سەردەمی محەمەدی فاتحە و خەریكە ئەوڕوپا دەگرن، لەوێ شمشێری عوسمانی تیژە و كە قسەدەكەن هەمیشە باس لە عەدالەتی تورك دەكەن و پێیان وایە لە پاڵ مزگەوت كلێسا هەبووە و یانژی هیچ نەبێت باسی سیستەمی ئیداری سەروەختی عوسمانیەكان دەكەن كە بەخۆت نییە پێكەنین دەتگرێ و وا هەستەكەی كابرا تەواو نییە.. سەبارەت ئۆتۆمبێلی قوڕاویش چەند دانەیەكم بەرچاو كەوت بە خۆم نەبوو لەو كاتەدا زەردەخەنەیەك كەوتە سەر لێوم و سۆرانم بیركەوتەوە!

نرخی ئۆتۆمبێل لەم ولاّتە گرانە بۆیەش شۆفێرەكان لەسەر خۆ و بەئاگاداری دەی هاژۆن، لە ساڵوەگەری كۆماری زۆربەی ماڵ و دوكان و پاسەكان بە ئالاّی توركیا دەڕازێندرێنەوە، ئیدارەكانی میریشیان وێنەی قەبەی ئەتاتورك هەڵدەواسن، پۆلیسی دژە تیرۆریش لە ئامادە باشیدان بۆ دەستگیركردنی نەیار و خۆپیشاندەران. چەند لاوێك لەو رۆژانە لەنێو بازاڕ ئالاّ دەفرۆشن، ئالاّ هەڵواسراوەكانیش پاك و نوێن، نەوەك وەك لای خۆمان كە ئالاّ هەڵواسراوەكان تا نەڕزێن هەڵدەواسرێن، لە رۆژی




كۆلێژی زانستە مرۆیەكان، زانكۆی ئەنكارا

جاردانی كۆماریش چەند سەد لاوێك بەسواری ماتۆڕ و ئالاّ بەدەست، سروودی میللیان دەخوێند. لە رۆژی 2005/10/27 سەردانی كۆلێژی زانستە رامیاریەكانی زانكۆی ئانكارامان كرد، ئەم بەشە بە كۆلێژی پاشایی دەناسرێ و لە ساڵی 1859 لە ئەستەنبوڵ دامەزراوە، لە ساڵۆنی شەڕەف وێنەی راگرە كۆچ كردووەكانیان كە گشتیان پیاون هەڵواسراون، لە گۆڕە پانێكشدا تابلۆی (وەستانی چێل قەدەغەیە) دانراوە، لەوسەردەمەش كە خوێندن بە زمانی فەرەنسی بووە قوتابیان ناچاركراون زێتر بخوێنن ئەمەش لەبەر نەبوونی یانە و كچ كە دواتر تا ئاستی ئیدمان دەیان خوێند و پێشیان دەوترا چێڵ ((لە ئێرانیش پێیان دەوترێ كەر خوێن))، دامەزراندنی ئەم كۆلێژە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە كارمەند بۆ ئیمپڕاتۆڕیەتی عوسمانی پەروەردە بكات بەلاّم لە هەفتاو هەشتاكانی سەدەی رابردوو بووە بنكەی هێزەكانی چەپ و سەدان قوتابی تێدا كوژران.. هەر لەم كۆلێژە قوتابیان لە ڤیستیڤاڵێكی كەم وێنەدا بە هەڵگرتنی تابلۆی چێڵ جەژن دەگرن. لە 2005/10/27 شاهێدی خۆپیشاندانی قوتابیانی سەر بە پارتی شیوعی توركیا بووم كە لە دژی خوێندنی بالاّ ئالاّی سوور و داس و چەكوشیان بەرز دەكردەوە و دروشمیان دەدا و لە زۆر شوێن وێنەی گیڤارایان هەڵواسی بوو، زۆری پێنەچوو پۆلیسی دژە تیرۆر بە نارنجۆكی فرمێسك رێژ كەوتە گیانی قوتابیان و، قوتابیان بلاّوەیان لێ كرد، مامۆستاكان و راگریش وەك ئاگری بن كا بە ناراستەوخۆیی پشتیوانی لە بارگرژی دەكەن، ویستم وێنە بگرم بەلاّم مەچەكم گیراو گوتیان یاساغە. كۆلێژ دەكەوێتە ناوباغێكی گەورە و رازاوە، قوتابیان هەروەك و لای خۆمان بە كۆمەڵ دادەنیشن و خەریكی قسەو قسەلۆكن.

دەڵێن ساڵانە 1.300.000 دەرچووی ئامادەیی بەڵگەنامەكانیانی پێشكەشی خوێندنی بالاّدەكەن و تەنها

(300.000) دێنە وەرگرتن، لەوێ کەس پەلەی لە تەواوکردنی خوێندن نییە، چونکێ سەربازی و بێکاری لە چاوەڕوانی دەرچوانن. جا بە تێپەڕبوون بەم ئەزموونە قوتابی دەبێتە بەشێك لە هێزی دژ بە دەوڵەت بۆ زانیاریش یەکەمین ئافرەت کە ئەم کۆلێژەی تەواو کردبێ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1934، هەر لەو ساڵەدا ئافرەت لە تورکیا مافی دەنگدانی پێڕەوا بینراوە. ئێستاش جێگری راگری ئەم کۆلێژە ئافرەتە.

باسکردن لە شارێکی وەك ئاناکارا بێ باسکردن لە خواردن ناکرێت، بە پێچەوانەی لای خۆمان برنج کەم دەخورێ (برنج بە زمانی تورکیش هەر برنجە)، لە نێو شار کەباب خانەی زۆر بەرچاو دەکەون جۆرەها نانیان هەیە کە خواردنی زۆر بە لەزەتە، بە شێوەیەکی گشتی خواردنی ئانکارا تیژە و وەك هندییەکانە، کەبابەکانیان کەم خوێ و تامی ژاژی دەدات.. جۆرێك لە تەماتەی زۆر ورد و بیبەری (30سم) بەڕەنگی سپی و سەوز و سوور لە بازاڕەکانیان دەست دەکەوێ، مۆزیش لە بازاڕ کەمە بەلاّم ترێیان زۆرە وەك لای خۆمانە،

چاییش لە کەنارەکانی دەریای رەش دێتە کێلاّن و تامی تاڵە، لەگەڵ ئەوەش چەرەزات لەوێ زۆر و هەرزانە.

لەوێ هەندێك گەڕەك هەن کە حکومەت

پەرتوکی کوردی لەنێو شاری ئانکارا هەیە، واش پێدەچێ لەبەر سەقامگیری لە هەرێمی کوردستان دەوڵەتی تورکیا



خانوەکانی روخاندوون و دەرگە و پەنجەرەی مزگەوتەکانی دەرهێناوە، ئەو شارە پڕیەتی لە مزگەوتی بچووك، کە خەڵکی دەوڵەمەند دروستی کردوون و، سەیر و سەمەرەش لەوەدایە هەر گەڕەکە و موختاری خۆی هەیە و کە مووچە خۆری دەوڵەتن و پارەش لە خەڵکی وەردەگرن.

بە شێوەیەکی گشتی هەڵبژاردن لە تورکیا ماف نییە بەڵکو ئەرکە و ئەوەی بەشداری هەڵبژاردن نەکات بانگی دادگا ئەکرێ و سزا دەدرێ سەرەڕای ئەمەش 25٪ دانیشتوانی خۆیان لە هەڵبژاردن دەدزنەوە، خەڵکی پایتەختیش لەگەڵ

ناچارە دان بە بوونی کورد لە وڵاتەکەی خۆی بنێت.

لە گەڕانەوەم لە فڕۆکەخانە بە پێچەوانەی هەفتەی پێشووتر کە چاوم بە لەیلازانا کەوت و چەند دەقیقەیەك بە کوردی قسەمان کرد، چاوم بە هیچ کوردێك نەکەوت.. فڕۆکە فڕی و چوینە ناو هەورەکان هەستم کرد گیانم بەرەو سۆران هەڵدەفڕێ، بۆ باوەشی ئەوشەقامە قیرتاونەکراوانەی کە تاسە بە قوڕ سواغ کراوەکان، بۆ ناوبازاڕی قەڵەباڵغ و خەڵکی رووخۆش، کە هەردەمەتر جارێك کەسێك رادەگرێ و بە پێکەنینەوە پێت دەڵێ (هاوڕێ گیان ماندوو نەبی). لە نێو تورکیا هەستم بە غەریبی کرد بۆیەش لەنێو فڕۆکە بیرم لە زۆزك دەکردەوە کە ئالاّی کوردستان لە ناوەڕاستیەوە نەخشێنراوە.. بەپەلە بووم دەقیقەیەك زووتر بگەمەوە کوردستان و لەسەر ئەژنۆ بکەوم و بڵێم سلاّو نیشتمان.

فۆتۆ/ هیڤا حاجی میرخان



زیاتر لە (20) جۆر زەیتونیان هەیە کە بە پێی رەنگ و قەوارە پۆلێن کراون و پوختەیشیان هەر باسناکرێت، شیرنەمەنی لەوێ ((بەتایبەت پاقلاّوە)) زۆرن و خەڵکی حەزی لێدەکەن،

میوان میهرەبانن، بۆ نموونە من تورکیم نەدەزانی بەلاّم کەس لەسەر نرخ فێڵی لێ نەدەکردم، هەرچەندە دەڵێن خەڵکی ئەستەنبوڵ وا نیین.

مەڵبەندی چاپەمەنی چوارچرا بۆ لە چاپدانی



# لە هەولێرەوە بۆ عەممان

## بەشی یەکەم

**ئاکۆ محەممەد**

لــە گەراجی بەغدا لەهەولێر، رێبواری رێگەی ئەو شارە کە زۆر جار بەشاری ئاشتی ناوی دەهات، لەوەتەی من هەستمکردووە هەر شاری شەڕبووە، رۆژێك بڕیارێکی بەخێری ئاشتی، بەتایبەتی بۆ کوردستان لێوەنەهاتووە. ئەمڕۆش کوردێك کە دەچێ بۆ بەغدا یەکەمجار لەوە دەڕوانێ ئەرێ ئەو تاکسییەی پێی دەڕوا ژمارەکەی هەولێرە یان بەغدا یان شارێکی دیکەی عەرەبییە. ئێمە ناچار بووین بە ئۆتۆمبێلێکی ژمارە هەولێر بچین، چونکە هەر ئەو رۆژە پێمانگوترابوو دەبێ سەفەر بکەن بۆ عەممانی پایتەختی ئوردن بۆ پشکداریکردن وەك شاندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەکۆنگرەی ئامادەکردنی پەیماننامەی شەرەفی کاری رۆژنامەڤانی کە وێرای ئێمە بە بەشداری سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق و یەکێتی رۆژنامەنووسانی عێراق بەرێوە دەچوو، لەلایەن رێکخراوی ریزۆ لیبرتێ سازکرابوو.

ئەو شۆفێرەی ئێمەی بە خسوسی لەگەڵ چووین، کوردێکی خەڵکی هەولێر بوو، شەوقی حوسێن ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی لیژنەی چاودێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان حەزی نەدەکرد ئەو شۆفێرە کوردەش بزانێ ئێمە بۆ ئوردن دەچین. دەبووایە لە کەرکوك شێخ سدیقی ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی کوردستانو سکرتێری لقی کەرکوکی سەندیکاش لەگەڵ خۆمان هەڵگرین. پێش ئەوەی شێخی شیوعی ببینم وامزانی کەسێکی بەتەمەنە، کە بینیم گەنجە زۆرم پێخۆشبوو. لە عەممانیش هەرمن و ئەو بووینە هاورێی پیاسە و دەرچوونەکان. پێش ئەوەی نزیکی حەمرین ببینەوە، شۆفێرەکە و شێخ سدیق گوتیان بابچین هەندێ ئاو بکڕین، چونکە ناتوانین لەبەر مەترسی "برا عەرەبەکان" لەرێگادا بوەستین.

**رێگەی بەغدا... رێگەی قاچاخ**

وەك ئەو رۆژنامەنووسە بیانییەی لەگۆڤاری ئیکۆنۆمیستدا نووسیبووی کەلە حەمرین ئاوا بووین جۆرە خاك و سروشتێکی دیکە دەستی پێکرد. حەمرین بەنیسبەت منی چیا دیدە و خەڵکی ناوچەیەکی شاخاوی، حەمرین تەنیا بریتی بوو لەزنجیرە تەپۆلکە و گردێك، لەوێوە هەموو شتێك لێك جیادەبێتەوە، نەتەوە، سروشت، وڵات، مێژوو بیرکردنەوە. وایلێهاتووە کوردو عەرەب هیچ هاوبەشیەکیان نەماوە، بێجگە لەدراوسێیەتی خراپی عەرەب و، کۆمکوژی و تاك کوژییەکانی عەرەب لە کورد. تەنانەت لەئاینیشدا خەریکە لێك جیادەبنەوە، ئیسلامی ئەوان توندوتیژە و هی کورد بەگشتی نەرمە.

دوو ساڵ بەر لەئێستا کە هاوشان لەگەڵ بەرپرسی چەند دەزگایەکی راگەیاندنی کوردستاندا لەگەڵ راوێژکارێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا دانیشتین، پێمگوت هەموو شتێکی ئێمە و عەرەب جیاوازە، لەشوباتی ئەمساڵدا کە بەفر باری لە حاجی ئۆمرانەوە تا حەمرین باری و نەپەڕییەوە ئەو دیوی حەمرین . هەر شۆفێرێکی ئەو رێگایە( هەولێر – بەغدا) سێ مۆبایلی پێیە ، (کۆرەك ، ئاسیا ، عراقنا). شۆفێرەکەمان کەوتە قسە کردن " ئەرێ کاك ... رێ کووە ؟"، ئەوە لەعوزێمەوە تا خالس چەند جارێك دووبارە بووەوە. هەر دەتگوت ئەو دیمەنانەن کە لەفیلمی گێژاودا بینیم، کاتێك لاوەکانمان بە رێگەی نێوان (تورکیا – یۆنان)دا دەچن و قاچاخچییەکە ناوەناوە بەتەلەفۆن پرسیاری رێگا لەهاوکارەکانی دەکات، دەنگێك هات و دوو ئۆتۆمبیل وەستان، شۆفێرەکەمان گوتی "ئەمە راناوەستین ئێرە زۆر خەتەرە" ،



بەغدا لەسیماکانی شەڕدا (کۆوار)

دوو سێ جاری دیکه تەلەفۆنی کردەوە "ڕێ کووە؟ " دەیگوت باشە ، کاک شەوقی جارێکیان گوتی" کوڕە باشی چییە ئەوانە وەك درۆپەینە لەهیکرا پەیدا دەبن".

لەرێگەی عوزێمدا زۆر دیمەنەکانی برایەتی کورد و عەرەب دەبینی!، هەر شۆفێرێك دەتوانێ دەست بۆ دەیان ئۆتۆمبێلی کوردان رابکێشێ کە لە قەراخ ئەو ڕێگەیەدا ئاگرییان تێبەردراوە.

لەو ڕێگەیەدا گروپە چەکدارە عەرەبەکان کە بەخۆیان دەڵێن "مقاوەمە" ڕاوە کورد و لۆرییەکانی گواستنەوەی کۆنکریتە گەورەکانی پاراستنی بارەگا و دائیرەکان دەکەن. لە ئەنجامی ئەوەدا تا ئێستا چەندان سەیارەی کوردان لێدراون و چەندین شوفێر و سەرنشینی کورد ڕفێنراون و دواتر زۆربەیان بە پارە بەردراون و هەندێکیشیان بە تەور و داس سەریان لێکراوەتەوە، تەنیا لەبەر ئەوەی کوردن و هاوکاری ئەمریکان. هەر بۆیەش لە کۆی 120 شوفێری کوردی ئەو هێڵە، زیاتر لە 50 شوفێر وازیان هێناوە ئەوانیدیکەش بە رێگەی جەلەولادا هاتوچۆ دەکەن، چونکە ئەو ڕێگەیە ڕێی هاتنی شیعەکانە لە ئێرانەوە بۆ زیارەتی نەجەف و کەربەلا ، هەموو رەبیعەی لێدانراوە بۆ پاراستی ئەو زیارتکارانە. عادلی شوفێری ئەو هێڵە بە دڵێکی خەمبارەوە پێیگوتم ئەوان خەمخۆریان هەیە بە ئێمە چی. شۆفێری تەکسییە عەرەبەکانی ئەو هێڵەش بەکەیفی خۆیان هەموو کاتێك لە بەغداوە دێن بۆ هەولێر و لە هەولێریشەوە دەچن بۆ بەغدا. هیچ جار ئەو گروپانە شۆفێرێك یان ڕێبوارێکی عەرەبیان نەڕفاندووە.

## مزگەوتی ئەنفال و پایتەختی شەڕو پیسی

کە گەیشتینە خالس شۆفێرەکەمان گوتی تەقریبەن ئەوجارە لە جێگەی خەتەر خەلاس بووین, شێخ سدیق گوتی" کاکە وەڵڵا هەمووی هەر خەتەرە", ئەو جێگا بە حیساب ئارامە بۆ کورد لە هەمووی نا ئارامتر بوو. مزگەوتێك زۆر دووری جادە بوو بەڵام تابلۆیەکەی لەسەر جادە دانرابوو و هەستمکرد بە ئەنقەست بۆ ئیستفزازکردنی کورد وایانکردووە. چونکە ناوی مزگەوتەکە(الانفال)ە.



حەمرین.. سنوری جیاوازی نیشتیمان و بیرکردنەوە (کۆوار)

کە گەیشتینە بەغدا و لە تەکسییەکەی هەولێر دابەزیین, شۆفێرە کوردەکە کە پێیگوتین محاوەلە بکەن بە تەکسی سوار بن نەك لە ئۆتۆمبێلی تایبەتی بەڵام کوا تەکسی، هەر ئۆتۆمبێلی تایبەتییە و بۆت دەوەستێ. بە هەرحاڵ چووینە هۆتێلی مەنسوور، ئەو هوتێلەی لە هەولێر مەدحیان بۆ کردبووین کە زۆر خاوێنەو زۆربەی ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەو هۆتێلە دادەبەزن، بە واستەی ناسیاویەتیمان لەگەڵ پەرلەمانتارە کوردەکان جێگەی ئێمەشیان کردەوە. عەبدولغەنی عەلی یەحیای سکرتێری لقی موسڵی سەندیکای ڕوژنامەنوسانیش لەوێ گەیشتەوە ئێمە. لەبەر دەرگای ئوتێلەکە هەر گوتمان لە هەولێرەوە هاتووین، پاسەوانەکان جانتاکانیان نەکردینەوە لەو هوتێلە پلە یەکەدا ، فنجانەکانی قاوە و چایان هێندە پیس بوون هەر بە یەکجاری چا و قاوەت لە پێش چاو دەکەوت، زۆر جاران پەنیریش لەناو چا و بە بنی کەوچکە چا و بە بنی فنجانەکانەوە دەبینرا، خواردنیشیان لەچاو هەولێر زۆر خراپە.

بەغدا لە شەڕگەیەك دەچێت شەڕ هەموو ڕوخسارەکانی ئەو شارە و خەڵکەکەی پەرپووت کردووە، پیس و پۆخڵی بە هەموو شتێکیانەوە دیارە، ماندوویەتی بە هەموو پێکهاتەکانیەوە دیارە، ماوەیەك دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام, ئێمە چەند کەسێك لە سۆران لەیەك خڕببووینەوە، قادر عوسمان تازە لە بەغدا گەڕابووەوە، کەسێکی لەوێ وەستاو گوتی بەخوا بەغدا خۆشە، ئەویش گوتی بەغدا خۆشی چییە هەمووی بریتییە لە دارخورمایەکی بەژن بڵندی خوێڕی تۆزاوی و شارێکی پیس و چەپەڵ. لە بەغدا ئەو وتەیەی قادر عوسمانم بەبیر هاتەوە، پیسی و پۆخڵی بە سیمای هەموو پێکهاتەکانی ئەو شارەوە دیارە.

کە بەیانی زوو بەرەو فڕۆکەخانە بەرێکەوتین ، ئەو شوفێرەی کە ئێمەی گەیاندە فرۆکەخانە لەلایەن هۆتێلەوە بۆ ئێمە تێگەیێنرابوو، دوای پشکنینی پۆلیس و سەگی بەردەرگای فرۆکەخانە گەیشتینە ناو فڕۆکەخانە، کە چووینە ناو فرۆکەخانە کاك سەرۆ قادر و سۆنیای هاوسەری و ئیلینور چەڤیکی ڕۆژنامەنووسی تورکیا و کۆنتراتچی کوردستانم بینی، لەبەر دواکەوتنی گەشتی هەولێر شەو لەناو فڕۆکەخانە ماینەوە ،وا دیارە جارێ فرۆکە خانەشمان ساوایەو دوای (12)ساڵی دیکە بەشکو ئەویش پێبگات.

هەر لەوێ دوو پاسەوانی د. ڕۆژ نوری شاوێس جێگری سەرەك وەزیرانی عێراقی نوێم بینین، بە خۆیان و عەلاگەیەك موچەی برادەرەکانیانەوە چاوەڕێی فڕۆکەی هەولێر بوون، چونکە وەك خۆیان دەیانگوت، لە ترسی ڕێگا ناوێرین بەوپارەیەوە بە ئۆتۆمبێل بچینەوە هەولێر.

هاوسەفەرەکانم ڕۆیشتن، من بەهۆی ناتەواوییەك لە پەساپۆرتەکەمدا ناچار بووم بە تەنیا بچمەوە ناو بەغدا بۆ چاککردنی پاسپۆرتەکەم لەوێ بە 50 دۆلار رەشوە چاکم کردەوە و بە گەشتی ئێوارەی هێڵی(الملكية الاردنية) چووم بۆ عەممانی پایتەختی ئوردون . سوار بوونی فڕۆکە بۆ من ترسێکی نەمابوو، پاش ئەوەی لە ساڵی2000 بە فڕۆکە شڕێکی رووسی هێڵی سوریا لە دیمەشقەوە هاتمەوە قامیشلۆ،

پێش سواربوونی فڕۆکە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس و شاعیری عیراقی ریاز و چیرۆکنووس ئەمین چیادی سکرتێری نووسینی گۆڤاری(الف با) و هاوڕێیەکی دیکەیان لە ڕیز وەستاین و دوای تەماشا کردنی پەساپۆرتەکەمان یەکترمان ناسی کە ئەوانیش بۆ هەمان کۆنگرە دەهاتن کە ئەزیش بۆی دەچووم.

**هونەر سەلیم شۆڤێنییە**

فڕۆکەکە زۆر بەتاڵ بوو،ژمارەی بلیت بۆ سوار بوونی ڕەچاو نەکرا، ریاز گوتی من لە تەنیشت تۆ دادەنیشم، فەرمووم لێکرد. گوتی من دوای ڕوخانی سەدام بوومە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (الزمان)، بەلاّم سەعد بەزاز سەگباب بوو وازم لێهێنا.

هێشتا باسی ڕۆژنامە بوو، گوتی زوهێر جەزائیری کە برای هاوسەرەکەمە ئەویش لە سەرنووسەرایەتی (المدی) دا نەماوە و وازی لە (فەخری کەریم ) هێناوە . گوتی ئەگەر حکومەتی ئێوە پارەمان بداتێ ڕۆژنامەیەکی عەرەبی باشتان بۆ دەردەکەین (التاخی) و(الاتحاد) هیچ نین کەس نایانخوێنێتەوە. ریاز زۆر دەم بە نوکتە و جنێو بوو, سەگبابی بەناوی زۆربەی ئەوانی باسیدەکردن دەکرد. گوتی سەلیم بەرەکاتی سەگباب زۆر برادەرمە، کاتێ لە میهرەجانێکی میربەددا شیعری وای دەخوێندەوە هیچ نەدەترسا و ئێمەی حەپەساندبوو.

دوو کچە خزمەتکارەکەی ناو فڕۆکە ئوردونییەکە, کە هەردووکیان دو کچی جوانی پرچ زەردی بەریتانی بوون . ببوونە جێگای سەرنجی ریاز، باڵا بەرزە جوانترەکەیان بەر ئێمە کەوتبوو بۆ خزمەتکردن، ئەویتریان کە باڵاکورت بوو, بەر خزمەتکردنی 8کەسی دانیشتووی جێگەی تایبەتی کەوتبوو کە یەکێکیان وەزیری پەروەردەی عیراق بوو، ئەوانی لەو جێگا تایبەتییە دادەنیشتن جێگەیان فراوان و جۆری خواردنیان باشترە.

ریاز زۆر گەڕا بوو، بەلاّم هێشتا چاوی لەسەر هەموو جێیەکی ڕووتی جەستەی ئافرەت بوو. ڕەنگە ناهەقیشی نەبێ چونکە بەپێی دوا لێکۆڵینەوەی دوو زانکۆی بەریتانی کە لەسەر 425 کەس کردوویانە، دەرکەوتووە کە توانای سێکسی شاعیران و هونەرمەندان دوو هێندەی خەڵکی ئاساییە. کە ئەو ئافرەتە باڵا بەرزە، پرچ زەرد و چاوشینە خواردنەکانی بەسەردا دابەشدەکردین کە گەیشتە ڕاستی ئێمە ریاز نوقرچێکی لێدام و گوتی دەتەماشاکە, ئاوڕمداوە کەمێك لەلا زکی ئافرەتەکە لە فەتحەی چاکەتەکەیەوە دەرکەوتبوو.

گەڕاینەوە سەر باسی کورد و عارەبان. باسی ریاز هاتە سەر سینەمای کوردی ، گوتی کارەکانی بەهمەنی قوبادی جوانن بەلاّم حەز لە کارەکانی هونەر سەلیم ناکەم چونکە شۆڤینییە و دژی عەرەبە، چونکە بەهۆی ئاشنایەتیم، زۆر لە مرۆڤ پەروەری هونەر سەلیم دڵنیام پێمگوت هونەر سەلیم شۆڤینی و دژە عەرەب نییە، بەلاّم واقعی زۆرداریيەکانی سەر کورد وەکو خۆی نیشاندەدا نەك لەژێر باڵی برایەتییەکی سەرزارەکیدا ونیان بکات.



نووسەر لەگەڵ ریاز

بەو قسانەوە بووین گەیشتینە ئاسمانی عەممان، کە دابەزین ئەمیر ئیسماعیلی هاوکارم لە (میدیا) کە دوو مانگ بوو چوو بووە عەممان بۆ خوێندنی دەورەیەکی 6 مانگی فڕۆکەوانی چاوەروانم بوو.

**دەتەوێ بچینە لای ماڵی زەرقاوی**

لەگەڵ تەکسییەك چووین بۆ ناو ئوردون, کرێی تەکسییان گرانبوو, دەیانگووت لەوەتەی سەدام روخاوە و بەشە خۆڕاییەکەی پەترۆلی عیراق بۆ ئوردون نەماوە کرێی تاکسی گرانبووە، ئەو شوفێرە ئوردونی بوو, ئیتر لەوە بەدواوە شوفێری ئوردونیم نەبینیەوە، چونکە زیاترلە 99٪ ی شوفێرە تەکسییەکانی عەممان فەلەستینین. بەلاّم لەبەر ئەوەی هەمیشە کرێی گواستنەوە لە فڕۆکەخانەکانەوە گرانترە، ئەو کارەیان نەداوە بە فەلەستینییەکان و ئوردونییەکان بە خۆیان ئەو کارە دەکەن. ئێمەی بە 16 دیناری ئوردونی گەیاندە هوتێلی (ریجنسی) هەر دینارێکی ئوردونی دەکاتە نزیکەی دوو هەزار و پێنج سەد دیناری ئێستای عێراق.

لە ڕێگادا پرسیاری لێکردین ئێوە لە عیراقەوە دێن و خەڵکی عێراقن، گوتمان نەخێر ئێمە خەڵکی کوردستانین، دیار بوو ئاگای لەناو و ئارامی کوردستان ببوو. دەیگوت دەڵێن کوردستان ئارامە، بەلاّم لە شوێنەکانی دیکەی عێراق هەر یەکتر دەکوژن، منیش پێمگوت ئێمە یەکتر ناکوژین و هەر خەریکی ئاوەدانکردنەوەین. دیار بوو هیچ زانیارییەکی ئەوتۆی لەسەر زۆرداریيەکانی سەددام لەسەر کورد نەبوو. باسی زەرقاوی هاتە گۆڕێ، ئەو شوفێرە گوتی زەرقاوی مرۆڤ نییە، ئیسلامیش نییە. هەروەها دەیگووت عەشیرەتەکەی کە زۆر عەشیرەتێکی گەورەیە هەروەها بنەماڵەکەشی حاشای لێدەکەن، ئەگەر دەتەوێ دەچینە لای ماڵەکەیان، بەلاّم دواتر کە پێمگوت حەز دەکەم بچم ، گوتی ماوەکە زۆرە و دەبێ پرسیار بکەین هەتا دەیدۆزینەوە . گوتم کەواتە هیچ.

ئیتر چووینە ناو عەممان، ئەو شامەی سێ بەشی زەوییەکەی هی کوردان، کورد یەکەم تراکتۆری لە سالاّنی سییەکاندا بۆ هێناوە.

# لە کوێی گۆڕانکاریەکانین؟



فەرحان جەوهەر

کۆمەڵگەی ئێمە لە قۆناغی سەرەتایی دایە، لە ڕووی بیرو عەقلەوە، بەڵام لە ڕووی کەرەستی‌یەوە کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنە، بەهۆی گەشەکردنی سیستەمی گواستنەوە و گەیاندن و بازاڕی ئازادەوە، ئەمڕۆ ئەو کەرەستە پێش کەوتوانەی کە وولاتانی پێش کەوتوویی جیهان بەرهەم دێنن دەگاتە ئێمە، کەچی ئەو بیرو هۆشەی لەپاڵ بەکارهێنانی ئەو کەرەستانەیە بیر و عەقلێکی سەرەتایی دواکەوتووە. بۆیە بە کۆمەڵگایەکی لەم جۆرە ناگوترێ کۆمەڵگەی پێش کەتوو. هەر بۆیەشە ئێمە هەندێ جار زۆر زەرەر مەندین، لەو کەرەستە پێشکەوتوانە بەهۆی خراپ بەکارهێنانیان، مۆبایل و ئینتەرنێت دوو شاکاری جوانی بەرهەمی مۆدێرنەتەن، بەڵام لە کۆمەڵگەی ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر بە شێوەیەکی باش بەکار ناهێنرێن. مۆبایل بۆتە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆری پێ هەراسان بکرێ، بەهۆی عەقلی دواکەوتوو، جگە لەوەی بۆتە هۆی بەفیرۆدانی سەرمایەکی بێ بەرهەم، ئینتەرنێتیش لەلایەن گەنجانەوە بۆ کات بەفیرۆدان و خۆ خەریکردن بەو ماڵپەڕانەی کە هیچ زیادەیەك ناخەنە سەر عەقل و هۆشمان لە ڕووی مەعریفییەوە، ئەمەو بۆتە شوێنێکیش بۆ بەشینەوەی جنێو و سوکایەتی بەیەکدی کردن لەلایەن هەندێ خەڵکی بەناو نووسەریش .

ڕاستە لە کۆمەڵگەی ئێمە خەڵکێکی پێشکەوتو و ڕۆشنبیر و زانای تێدایە، بەڵام ئەمانە نوخبەیەکی بچوکن، ناتوانن کاریگەریان هەبێ لەسەر تەواوی کۆمەڵگەی ئێمە کە بە ڕێژەیی 80٪ زیاتر دواکەوتووە، هەر بۆیە بە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو دادەنرێ، سەرزەمینی ئێمەش پێی دەڵێن جیهانی سێیەم، پێشتر ناوی جیهانی دواکەوتوو بوو، بەڵام دواتر وەك ڕێزێك لە جیاتی جیهانی دواکەوتووی ( المتخلف ) کرا بە جیهانی سێیەم ، ( عالم الثالث ) لەو جیهانە یان لەو کۆمەڵگایانە سەرجەمی پێکهاتەو سیستەمەکانی بەڕێوەبردن ، بەشێوازێکی دواکەوتوو بەڕێوە دەچن. ئەوەی زیاتریش بەرپرسە لەم دواکەوتنە یان هۆکار و بەربەستە لەبەردەم پێشکەوتن بە پلەی یەکەم سیستەمی پەروەردەیە، چونکە چ لە ڕووی مەنهەجەوە بێت یان بەڕێوەبردنەوە بێت، یان پێداویستیەکانی خوێندنەوە بێت، سەرلەبەری ناتەندروست و سەقەتە، بۆ نموونە ئەگەر سەیرێکی سیستەمی پەروەردە بکەین، لای خۆمان ئەوا دەبێت بۆ ماوەیەکی گەلێك زۆر لە داهاتووش ئومێدمان نەبێ کە ئەم جۆرە سیستەمە هیچ بەرهەمێکی پێشکەوتوو پێشکەش بە کۆمەڵگەی ئێمە بکات.

ئەگەر پرسیار ئەوە بێ خۆ ئێمە چەند زانکۆیەکمان هەیە و لە دورترین گوندیش قوتابخانەمان هەیە، بەڵام جگە لە بە فیرۆدانی سەرمایەکی زۆری ئەو وولاتە شتێکی تری لێ بەرهەم نایێت، لە وولاتانی پێشکەوتوو زانکۆ سەرچاوەی هەموو گۆڕانکاریەکی سیاسی و مەعریفی و کۆمەڵایەتی‌یە، بەڵام لای ئێمە زانکۆ






کائینێکی غایبە لە سەرجەم ئەو بوارانەدا، ئەویش بەهۆی بەرهەم نەهێنانی مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و نەوەیەکی ووشیارە، لە قوتابخانە سەرەتایی‌یەکانیش کە بنچینەی دانانی پێشکەوتن و وەبەرهێنانی نەوەیەکی پڕ داهێنانە و دواڕۆژ لە سایەی ئەوان کۆمەڵگایەکەمان دەبێتە کۆمەڵگەیەکی پێشکەتوو . ئەوا هەر مەپرسە چ وێرانەیەکە جارێ ، ئەوەی زۆربەی هەرەزۆری مامۆستایەکان ببینی‌و بیان دوێنی ئەوا بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ئەم وولاتە چەندە هەژار و بێ دەرەتانە، خۆ ئەمەش تاوانی ئەو مامۆستا بەڕێزانە نی‌یە، بەڵام قەدەری ئەو وولاتەمان وایە، ئەوەی هیچ ئیشێکی دەست نەکەوێ ئەوە لە کۆتایی‌دا، بڕیار دەدات ببێتە مامۆستا جا مامۆستایەك بەو حاڵ و سەلیقەیەوە چاوەڕێی چی لێ دەکرێ، جگە لەوەی لە هەندێ پۆلەکان چل تا پەنجا قوتابییەك لەیەك ژووردا کۆبونەتەوە و گوایە دەرس دەخوێنن، عەقلی ئێمە هەر ئەوەندە بڕ دەکات پێمان وایە ئەمانە پۆلی یەکەمن و زۆر گرنگی‌یان پێ نادەین ئەگەر حالیشیان وابێ زۆر گرنگ نی‌یە ئەوەی گرنگە لە قۆناغەکانی داهاتوو کاریان بۆ بکەین، نازانین بەردی بناغەی پێشکەوتن و داهێنان لەم پۆلە سەرەتایی‌یەدا دەست پێ دەکات، بۆ وەرگرتنی کەسێکیش بە مامۆستا ئەوا کەمترین ڕێژەیی پلەی بەدەست هاتووی قوتابیەکی

سەرکەتوو لە دوا پۆلی قۆناغی ئامادەیی لە پەیمانگایی پێگەیاندنی مامۆستان وەردەگیرێن و دێنە قوتابخانەکان، لەو ئاستەدا نین کە بتوانن لە دواڕۆژدا نەوەیەکی زیرەك و داهێنەر بەرهەم بێنن، بۆیە گەر بمانەوێ لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوویی سەرەتایی بگۆڕێین بۆ کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو، گەر بمانەوێ نەوەیەکی زیرەك و داهێنەرمان هەبێ و سبەی بتوانین ببینە خاوەن پیشەسازی، گەر بمانەوێ لە کۆمەڵگەیەکی بەکاربەر ( ئیستهلاك ) ببینە کۆمەڵگەیەکی بەرهەم هێن، ئەوا دەبێ کار بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمە پەروەردەیەمان بکەین و بیرێکی جیدی و زۆر بەپەلە لە حاڵی پەروەردەی خۆمان بە هەموو قۆناغەکانیەوە بکەینەوە ، ناکرێ چیتر چاوەڕێی زەمەن بین، ناکرێ هەر بڵێین گرنگ ئەوەیە قوتابخانەکانمان کراوەبن، ناکرێ بڵێین لەمە زیاترمان پێ ناکرێ، گەر وا بڕوات ئەوا بە بێ ئومێدی سەردەنێینەوە لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە ئەو قەناعەت و بڕوایەمان لا پەیدا ببێ بە تایبەتی دەسەڵات کە پەروەردە هەموو شتێکە، داهێنان و پێشکەوتن و کۆمەڵگەی مەدەنی و ئایندە و نەوەیکی ووشیار هەمووی بەندە بە پەروەردە، بەڵام بادڵنیا بین ئەو پەروەردەی ئێستا هەیە، دووبارەی دەکەمەوە جگە لە بە فیرۆدانی سەرمایە نەبێت چاوەڕێی هیچی تری لێ ناکرێ، بابیر لە گۆڕینی مەنهەجەکان بکەینەوە با خولی فێرکردن و راهێنان و بەهێزکردن ، بۆ مامۆستایان بکرێتەوە.

عەیبی تێدا نی یە ئێمە میللەتێکین باگراوندێگی ئیداری و پەروەردەیمان نی یە، دەکرێ سوود لە ئەزموونی وولاتانی وەك ژاپۆن و کۆریا و هەندێ وولاتانی تری کە وەك ئێمە لە قۆناغی سەرەتایی بوون و ئێستا وولاتی پێشکەوتوون، وەرگرین. هەر پەروەردەیە دەتوانێ کۆمەڵگە لە ئەفسانە و خەوی قوڵ و بێ مەعریفی و کولتووری توندوتیژ و فێربوونی دیموکراسی، گیانی تۆلێرانسی دابهێنێ، هەر بە پێچەوانەشەوە پەروەردە لە توانایی‌دا هەیە، نەوەیەکی سەقەت و بێ مەعریفە و بەکاربەر بەرهەم بێنێ، چەکێکی دووسەرە ئەگەر بەباشی بەرکار نەهێنرێ، ئەوا زیانی گەلێك زۆرترە لە سوودی.

هەڵبەت لە وولاتانی دواکەوتوو یان کۆمەڵگەی سەرەتایی ئەمەیە حاڵی پەروەردە بەڵام هەر پەروەردە بە تەنها وێران نی یە، بەڵکو سەرجەم کەرتەکانی تری پەیوەست بە ژیانی هاولاتیانەوە لە پەروەردە خارپترە، بەڵام پەروەردە لە هەموویان گرنگترە و دواڕۆژی گەلێکی پێوە بەندە، ئەگەر نا کەرتی تەندروستی زۆر خراپترە لە نەخۆشخانەکانی ئێمە مامەڵەی دکتۆر لەگەڵ نەخۆش، لەسەردەمی کۆیلایەتی ئەچێ مرۆڤ ئەوەندە بێ نرخە، هەموو حسابێکی بۆ ئەکرێ تەنها حسابی مرۆڤ نەبێ، هەر هەمان دکتۆر کە بەیانی لە نەخۆشخانەی حکومی کار دەکات دەیبینی بەچ لووت بەرزیەك و بێ گرنگی‌دان بە نەخۆشێك کار دەکات، ئێوارە لە نۆرینگەی تایبەتی دەیبینی چ ئەسیر و عەودالی پارەی بیتاقەی نەخۆشێکی بەدبەختە، هەموو هەولێك دەدات، بۆ ئەوەی مراجعی زۆربن. ئەمە چ مرۆڤایەتیەکە پەیڕەو دەکرێ، دەبێت لە کۆمەڵگایی سەرەتایی هیچ شتێکمان پێ سەیر نەبێ، چونکە ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە خاوەن کولتورێکن، مرۆڤی تێدا زۆر بێبایەخە سەرجەم کەل وپەلەکان لە مرۆڤ بەنرخترن، هەربۆیە دەبینین، لە ئەنجامی کلتوری توندوتیژی ڕۆژانە چەندین مرۆڤ دەکوژرێن چ لەسەر مەسەلەی ئافرەت بێ یان هەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەوا سوك و ئاسان مەکتەبە کۆمەڵایەتیەکان لە جیاتی دادگا و یاسا ، صولحێکی عەشائیریان بۆ دەکەن و بەچەند هەزار دینارێك لایەنی کوژراو ڕازی دەکەن و ئاو بێنە و دەستت بشۆ، یاسا و دادگاش لە گوێی گادا نووستون، لە کۆمەڵگایی سەرەتایی یاسا و دادگا غائیبن هەروەك دەبینن بۆ هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی قورس پەنا نابەینە بەر دادگا تەنها بۆ زەواج و مارەبڕین نەبێ، ئەویش بۆ ئەوەی داخلی بەرنامەی بەشە خۆراکی مانگانە بکرێن. ئەوەی لە جیاتی دادگا بڕیار دەدات، کۆمەڵایەتی‌یە لە کۆمەڵایەتیش میزاج سەروەرە هەر وەك چۆن لە دادگا یاسا سەروەرە ، تەنانەت لە شارێکی گەورەی وەك هەولێریش ناوەند و مەکتەبە کۆمەڵایەتیەکان ڕەواجیان زۆرە، گەر پرسیاریش بکەین، خۆ دادگامان هەیە و یاسا مەوجوودە، کۆمەڵایەتی بۆچی‌یە؟ ئەوە وەڵام دەدەنەوە گوایە میللەتەکەمان هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی دادگا و یاسا، خۆ ئەگەر حال وا بڕوات و کۆمەڵایەتی بمێنێ ئەوا، هەرگیز ناگەینە ئاستی یاسا و دادگا.

> دەبێت لە کۆمەڵگایی سەرەتایی هیچ شتێکمان پێ سەیر نەبێ، چونکە ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە خاوەن کولتورێکن، تێدا مرۆڤ زۆر بێبایەخە و سەرجەم کەل‌وپەلەکان لە مرۆڤ بەنرخترن، هەربۆیە دەبینین لە ئەنجامی کولتوری توندوتیژی ڕۆژانە چەندین مرۆڤ دەکوژرێن، جا چ لەسەر مەسەلەی ئافرەت بێ، یان هەر کێشەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی.

خاسیەتێکی تری کۆمەڵگای سەرەتایی کولتووری توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوەیە، ئەم کولتورە لە هەموو جێگایەك ئامادەیە لە شەقام، لە نەخۆشخانە، لە فەرمانگەکان، لەناو خێزان لە قوتابخانەکان، هەرچەندە ئەم یەك دوو ساڵە حکومەت بڕیاری لێدانی قوتابیانی قەدەغە کردوە، بەڵام زۆر لە مامۆستایان بە بڕیارێکی هەڵەیان داناوە و لە هەندێ شوێنیش لێدان هەر بەکاردێت. بۆیە پێویستە کاتێ حکومەت بڕیارێك دەردەکات بە تایبەتی ئەو بڕیارانەی کە لەگەڵ کولتوری ئێمە ناگونجێن، چەند کۆڕ و سیمنار و خولی فێرکردن بکاتەوەو تێیان بگەینێ کە ئەمە لە بەرژەوەندی هاولاتیانە و، بڕیارێك بەتەنها بەبێ ڕوونکردنەوەی هۆکارەکان، ئەوا زوو جێبەجێ نابێ کارکردن لەسەر گۆڕینی کولتوری توند و تیژی بۆ وولاتانی ئێمە زۆر پێویستە، چۆن ساڵانێکی گەلێك زۆرە قوربانی دەستی توند و تیژین و مەترسیەکی مەزنیش هەیە، بۆ سەر ئایندەمان. بۆ ئەمەش یەکەم جار دەبێ لە خێزانەوە دەست پێ بکەین دواتر لە قوتابخانەکان، ئینجا لە شەقام و تەواوی ئەو دام و دەزگایانەی سەر بە دەوڵەتن.

# پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبون..هۆکار و دەرەنجامی جیاوازیە جێندەریەکان



نیاز عەلی

پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوون یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەتیش زانستی کۆمەڵناسی و دەروونناسی کۆمەڵایەتی پێیەوە خەریکن و بۆتە جێگای لێکۆڵینەوە و خستنەڕوی تێڕوانین و تیۆری جۆراوجۆر لە لایەن پسپۆڕانی ئەم بوارە.

هەموو ئەم گرنگیدانە دەگەڕێتەوە بۆ بایەخی خودی پرۆسەکە، کە تیایدا بە هۆیەوە تاکەکان لە بونەوەرێکی بایۆلۆجی دەگوازرێنەوە بۆ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی. گرنگی ئەم زانستە لێرەدا دەردەکەوێت، کە مرۆڤ بە هۆی پرۆسەکانی بەکۆمەڵایەتی بوونەوە شارەزای کولتوری باوی کۆمەڵگاکەی دەبێت. لەم ڕێگایەشەوە تاکەکان زانیاری و بیروباوەڕ و بەها و پێوەر و چاوەڕوانیەکانی کۆمەڵگاکەیان بەدەست دەهێنن و ئامادەی هەڵسوکەوت و مامەڵەی ناو ژیانی گرووپ و کۆمەڵی خۆیان تیادا دروست دەبێت.

پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبون بریتی‌یە لە پرۆسەیەکی فێرکاری و پەروەردەیی، کە تاك بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ و لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانیان، ئاراستە دەکات بۆ بەدەستهێنانی هۆکارەکانی گونجان و بەردەوامبون( تێڕوانین و رفتار و پێوەر و بەها و ڕۆڵەکان) لە گەڵ ئەو گروپ و ناوەندە کۆمەلایەتیەی، کە تیایدا دەژیێت. هەموو ئەمانە پێکهاتەی کەسییێتی تاکەکان پێکدەهێنن و دواتر پێگەی کۆمەڵایەتی دیاردەکەن.

ئەوەی لەم پرۆسەیەدا جێگای تێڕامان و ئاماژەپێدانە، بریتیە لەو جیاوازیانەی کە ئەم پرۆسەیە لە ڕێگای گواستنەوەی نەریتە کۆمەڵایەتیەکان بۆ هەر یەك لە ڕەگەزی نێر و مێ دەیانهێنێتە کایەوە، بە شێوەیەك کە ئەم جیاوازیانە بەڕادەیەکی ئێجگار زۆر کاریگەری دادەنێنن، لە سەر ئەرك و ماف و رۆڵ و پێگەی هەریەکە لە رەگەزی نێر و مێ. جیاوازیە جێندەریەکان، کە خۆی دەبینێتەوە لە جیاوازیە کۆمەڵایەتیەکان، واتا جیاوازی لە ڕۆڵ ( ئەرك و ماف و ئیلتیزامات )، پەیوەندی و بەرپرسیاریەتی و وێنە و پێگەی ژنان و پیاوان، بەرهەمی بەرجەستەکراوی ئەو ناوەندانەی کۆمەڵگان، کە تیایدا مرۆڤ لە ڕێگای فێربونەوە، شێوازەکانی ژیان و کولتوری کۆمەڵگاکەی فێر دەبێت .

گرنگترین ئەم ناوەندانەش بریتین لە ( خێزان، قوتابخانە، گروپی هاوەڵان، میدیا و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، دام ودەزگا پەروەردەیی و مەدەنیەکان). بە مانایەکی تر لە چوارچێوەی پێناسەیەکی پراکتیکی، دەتوانین جێندەر ( جۆری کۆمەلایەتی )، بەم شێوەیەی خوارەوە بخەینەڕوو:

( مرۆڤ کە لە دایك دەبێت نێرە یاخود مێ، بەڵام فێربوون وایان لێدەکات ببن بە کچ و کوڕ، دواتر ببن بە ژن و پیاو، لێرەدا فێری بنەماکانی هەڵس وکەوت و ڕەفتار دەبن، ڕۆڵ و چالاکیەکانیان بۆ دیار دەکرێت، سەرەڕای هۆکارەکانی گونجان و پەیوەندیکردن لەگەڵ دەوروبەر وئەوانی تر، ئەم ڕەفتارە وەرگیراوانە لە ڕێگای فێربونەوە، دەبنە هۆی پێکهێنانی ناسنامەی جێندەری، ڕۆڵە جێندەریەکان بۆ هەر یەکێك لە ڕەگەزەکانی نێر و مێ دیار دەکات ). لە خێزانی کۆمەڵگە نەریتخوازەکاندا، تاکەکان بە ڕەچاوکردنی ڕەگەزیان ( نێربوون و مێبون ) دەخرێنە پرۆسەکانی فێرکاری و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، کچان بە جیاواز لە کوڕان بە پرۆسەی فێرکاریدا تێدەپەڕن، ئەو بنەمایانەی هەڵسوکەوتیان فێر دەکرێت، کە تایبەتن بە ڕەگەزی مێ و کچانەن.. لێرەدا منداڵە کور و کچەکان، بە پێی قۆناغەکانی تەمەنیان دووچاری جۆرێك لە جیاوازی دەبنەوە، کە دواتر ئەم جیاکاریە دەبێتە هۆی دیارکردنی ناسنامەی جێندەری و ناهاوسەنگی پەیوەندی و جیاوازی ئەرك و ماف و ڕۆڵ و پایەیان. ئەگەر سەیری خێزانی کۆمەڵگەی خۆمان بکەین، دەبینین کچان و کوڕان هەر لە تەمەنی منداڵیدا، زانیاری جیاوازیان پێدەدرێت، بە شێوەیەك ئەو زانیاریانەی کە بە کچان دەدرێت، زیاتر پەیوەستە بە ڕۆڵی دیاری خۆی وەکو دایك، و ڕاهێنان و ئامادەکردنی بۆ ئەنجامدانی ئەرك و ڕۆڵی دایکایەتی، بەڕێوەبەری کاری ناوماڵ، بەخێوکردنی منداڵ و پەیوەست بوون بە پیاوەوە. کەچی بە پێچەوانەوە، کوڕەکان سەرەڕای ئەوە کە زانیاری دەربارەی ڕۆڵی باوکایەتی و ئەرکی سەرپەرشتیار و لێپرسینەوەیان لە بەرامبەر خێزاندا پێدەدرێت، زەمینەیەکی کراوەتر و ئازادتریان بۆ دەرەخسێنرێت، بۆ گەیشتن بەسەرچاوە جۆراوجۆرەکان.

ئەم جیاوازیانە هەر لە منداڵیەوە، لەجۆری یاریکردن، قسە وگفتوگۆ و دانیشتن، پۆشین و خواردن، خوێندن و کارکردنی هەریەکە لەم دوو ڕەگەزە ڕەنگدەداتەوە و سەر دەکێشێت، بۆ دروستبونی تێڕوانینێکی کۆمەڵایەتی نادروست.



لە بەرامبەر رەگەزی مێ، پێی وایە ئەم ڕەگەزە بە شێوەیەکی گشتی لاوازترە لە ڕەگەزی نێر، سەرەنجام دەرکەوتنی کۆمەڵێك جیاوازی و ناهاوتایی گەورە لە نێوانیاندا. ئەمەش وایکردووە ئەم دوو مرۆڤە ڕەگەز جیاوازانە، بەهەمان شێوەو وەکو یەك دەستیان نەگات بە هەلەکانی خۆ تەواوکردن و پێگەیاندن، لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و فکری، کە دواجار ئەم ناهاوسەنگیە، ڕەوشێکی وای هێناوەتە کایەوە، کە تیایدا بەزۆری ڕەگەزی نێر ( پیاوان ) سەنتەری قورسایی هێز بگرنە دەست و لە پێگەی بەرزتر و گرنگتر دابن، بە بەراورد لەگەڵ ژنان. لەم ڕێگایەشەوە توانیویانە، یەك لایەنە مافەکانی بڕیاردان و خاوەنداریەتی و دەسەڵات، لە خێزان و دام ودەزگاو کۆمەڵگادا کۆنترۆڵ بکەن و بگرنە دەست. بە پێچەوانەی ژنان

( ڕەگەزی مێ ) بێبەشن، لەم پلە وپایە و ڕۆڵانە، بە شێوەیەك لە شێوەكان بێبەشن لەهەمان مافەكانی پیاوان. لەمەشیان سەیرتر بریتی‌یە لە درێژ بونەوەی هەمان شێواز و ڕیتم، لە زەقكردنەوەی جیاوازیە جێندەریەكان، لە ناوەندەكانی تری بە كۆمەڵایەتیبوون وەكو قوتابخانە و دامەزراوەكانی پەروەردەیی، میدیا و دامەزراوەكانی تری كاریگەر لەم بوارەدا، بەجۆرێك كە بەهەمان شێوەی خێزان، بەڵكو بە ڕێگایەكی ڕێكخراو و ئۆرگانی، كار لەسەر دوپاتكردنەوە و چەسپاندنی هەمان جیاوازی دەكەنەوە. تاكو ئێستاش بەهەمان ڕێباز و پەیڕەوی كۆن، بەشدار دەبن لە گواستنەوەی نەریتە كۆمەڵایەتیە جیاواز خوازەكان.

ناوەند و دامەزراوەكانی پەروەردەیی و فێركاری، كە لەلایەن حكومەتەوە بەڕیوە دەبرێن، درێژە پێدەری هەمان فۆرمی جیاواز خوازن لەنێوان هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ، چونكە ئەم ناوەندانە هەر لە باخچەی ساوایانەوە تاكو دەگاتە قوتابخانە بە قۆناغە جیاجیاكانیەوە ( سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی) و دواتر ( پەیمانگا و زانكۆ) تا كو ئێستا بە شێوەیەكی پلان بۆ داڕێژراو، بەرنامەیەكی ستراتیژی گونجاویان بە دەستەوە نیە، بۆ هەوڵدان لە كەمكردنەوەی جیاوازیەكان و كاڵكردنەوەی ئەو نەریتە كۆمەڵایەتیانەی هۆكاری دروستبونی جیاوازیەكانن. ئەو هەوڵانە ئەگەر لە ئاراشدابن هەوڵی ئەم دامەزراوانە نین، بەڵكو هەوڵی تاكەكسین و كاریگەریەكی ڕیژە كەمیان، لەسەر گرۆیەك یاخود چەند گرۆیێەكی كەمی تاكەكانی كۆمەڵگە دەبێت. ئەم دامەزراوانە لە ڕێگای ئەو نەریتو پێكهاتە كولتوریە باوانەی كۆمەڵگەوە، هۆكاری بەرهەمهێنانەوەی هەمان جۆری جیاوازیە كۆمەڵایەتیەكانی نێوان هەردوو ڕەگەزن، ونەتوانراوە زەمینەسازی بۆ گۆڕانێكی بنچینەیی ئەنجام بدرێت. چونكە بەردەوامبون و مانەوەی ئەم بارودۆخە كۆمەڵایەتیە لە بەرژەوەندی مانەوە و بەردەوامبونی كاراكتەرە دەسەڵاتدار وبەڕێوەبەرانی ئەم ناوەندانە دایە. بەڕێوەبردنی باخچەی ساوایان، وەكو یەكێك لە دەزگا پەروەردەیی و فێركاریەكان، دیارترین نمونەن لەم بارەوە، لەم دەزگا گرنگەی پەروەردەیی، ئەركی پەروەردە و فێركردن تەنها لە ئەستۆی ( ڕەگەزی مێ ) ژنان دایە، بە بیانوی ئەوەی ژنان بەهۆی ڕۆڵی دیاری خۆیان كە دایكایەتی و منداڵ بەخێوكردنە، گونجاوتر و لەبارترن بۆ پەروەردە و فێركردنی منداڵان بەبێ ڕەچاوكردنی پاشهاتی ئەم جۆرەی بەڕێوەبردن و سەرەنجام گواستنەوە و جەختكردنەوە لەسەر چەسپاندنی هەمان جۆری جیاوازیەكان و نەهێشتنەوەی دەرفەتی گۆڕان و دەرچونی تاكەكان هەر لە تەمەنی منداڵیدا، لە گرفتی جیاوازیە جێندەریەكان.



مزگەوت و قوتابخانە ئاینیەكانیش وەكو یەكێك لە كەناڵەكانی فێركردن و پەروەردەكردن، كە ڕۆڵی بەرچاو و كاریگەریان هەیە لە كۆمەڵگاكەماندا..بەهەمان ئاراستە بەشداردەبن لە پێگەیاندنی تاكەكان و گواستنەوە و هێنانە ناوەوەی نەریتە كۆمەڵایەتیەكان، لە پرۆسەكانی فێركردن و پەروەدەكردنی ئاینیانەی تاكەكان و هەوڵدان بۆ پاراستنی هەمان پەیوەندی كۆمەڵایەتی و جیاوازی و جیاكاری نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لەژێر كاریگەری نەریتە كۆمەڵایەتیەكان، بەدەر لە خوێندنەوەیەكی زانستی تێكست و بنەما ئاینیەكان. ناوەندەكانی تر بەتایبەتیش میدیا و دەزگاكانی ڕاگەیاندن، كە ڕۆڵ و گرنگیان لە پەروەردە و فێركردندا لە چوارچێوەی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی تاكەكان، كەمتر نیە لە ڕۆڵی دامەزراوە پەروەردەیەكان، تاكو ئێستا لە كۆمەڵگەكەماندا خاوەنی هوشیاریەكی جێندەری و كۆمەڵایەتی ئەوتۆ نین، بتوانن بەهۆیەوە لەبەرنامە و پەیامی خۆیاندا، بەشێوەیەكی ڕەنگرێژكراو ومیكانیزمی گونجاو، نەك كار لەپێناو هەوڵدان بۆ نەهێشتنی جیاوازیە جێندەریەكان و هێنانەدی یەكسانی و دادپەروەری كۆمەڵایەتی بكەن، بەڵكو نەیانتوانیوە كار لەسەر پیشاندان و خستنەڕوی خودی جیاوازیە جێندەریەكانیش بكەن. چونكە بوونی ئەم دەزگایانە لەپاڵ حكومەت و پارتە سیاسیە دەسەڵاتدارەكان، ئەوەندەی پرژاونەتە سەر بڵاوكردنەوەی پەیامی حزبی و ئامانجەكانی خۆیان، ئەوەندە نەپرژاونەتە سەر بیركردنەوە لە ڕەوشێكی كۆمەڵایەتی وای كۆمەڵگاكەیان، ڕەنگە یەكێك لە هۆكارە گرنگەكانی ئەم كەمتەرخمییەشیان، لەدوای كەمی هوشیاری سەبارەت بەم جیاوازیانە، بگەڕێتەوە بۆ بەرژەوەندی خودی خۆیان و سودمەندبوونیان لە بارودۆخێكی كۆمەڵایەتی وادا، كە دواجار هەموو ئەمانە بەشداریەكی سەرپشكیان هەیە، لەو بارودۆخە كۆمەڵایەتی و پەیوەندیە ناهاوسەنگەی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر ومێ و هێنانەكایەی كۆمەڵێك گرفتی جۆراوجۆر و بوونی كۆمەڵگایەك، كە تیایدا هەموو تاكەكان، بەتایبەتیش ڕەگەزی مێ ( ژنان ) وەكو پێویست و هاوشێوەی پیاو، نەتوانن پەرە بە توانا و بەهرەكانی خۆیان بدەن، هەمان ڕۆڵ و پێگەی پیاوان لە كۆمەڵگادا بەدەست بهێنن. لە هەمووشی گرنگتر بەشدار نەبوونی كارای ڕەگەزی مێیە لە پرۆسەكانی گەشەپێدانی كۆمەڵگا، بەتایبەتی كە ئەم پرۆسەیە ( گەشەپێدانی كۆمەڵگا ) پێویستی بە بەهرە و توانا كردەیی و زهنیەكانی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ ( ژنو پیاو) وەكو یەك و بەیەك ئاراستە و گرنگی هەیە.

بۆ دەرچوون لەم دۆخە و ناهاوسەنگیە كۆمەڵایەتیەكانی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ و هەنگاونان بەرە و یەكسانی جێندەری و پاراستنی مافەكانی مرۆڤ و هێنانەكایەی دادپەروەری كۆمەڵایەتی، پێویستە لەسەر ناوەند و دامەزراوەكانی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی بەشێوەیەكی دراسەكراو و پلان بۆ داڕێژراو كار لەپێناو كەمكردنەوە و نەهێشتنی جیاوازیە جێندەریەكان بكەن. ئەم ئەركەش بەپلەی یەكەم، دەكەوێتە ئەستۆی حكومەت و دامو دەزگا و دامەزراوەكانی و ڕێكخراوە ناوخۆیی و دامەزراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی، لە ڕێگای هوشیار كردنەوەی كۆمەڵگا بەشێوەیەكی گشتی بە ماف و پێداویستیەكانی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، بەتایبەتیش ماف و پێداویستیە ستراتیژەكانی ڕەگەزی مێ و گرنگیدانی زیاتر بە پرۆژەكانی هوشیاری كۆمەڵایەتی و یاسایی و هەوڵدان بۆ بەرزكردنەوەی تواناكانی ژنان و ڕێكخستنی هەل و دەرفەتی گونجاو، بۆ خۆتەواوكردن و بەشداریكردنی ژیانی كۆمەڵایەتی.


**سەرچاوەكان :**

1-دەروازەكانی كۆمەڵناسی ( مەنوچێهر موحسنی – وەرگێرانی - كۆمەڵێك نووسەر ) دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی موكریانی.

2-دلیل اوكسفام للتدریب علی الجندر ، اعداد اسوزان ولیامز ) الجزء الاول .

# دیاردەی توندوتیژی لەناو خێزاندا

## بەشی یەکەم



کوردستان زرار

**ئەگەر** بڕوانینە مێژووی گەلەکەمان، بەداخەوە دەبینین مێژوویکی خوێناوی و پڕ لە توندوتیژیە، ئینجا ئەم توندوتیژیە چ لەلایەن گەلانی ترەوە ئاراستەمان کرابێت، یاخود خۆمان لە نێوان خۆماندا ئاراستەی یەکترمان کردبێت لە شێوەی شەڕەکانی براکوژی و یەکتربڕیندا. ئەم مێژووە خوێناویە پڕ لە توند و تیژیەش ڕەنگیداوەتەوە، لەسەر هەموو دام و دەزگا و سیستەمەکانی کۆمەڵگا و کاریگەری خراپی داناوە، لەسەر کولتوور و داب و نەریتەکان و کۆی سیستەمە سیاسی و یاسایی و ڕۆشنبیری و پەروەردەییەکان، تەنانەت دەزگای خێزانیشی گرتۆتەوە، کە دەزگایەکی هەرە بنچینەیی و گرنگە لە کۆمەڵگەدا، چونکە یەکەم شوێنە کە تاکەکەس تێیدا وانەکانی پەروەردە و پێگەیاندن وەردەگرێت و لەوێوە وەکو بونەوەرێکی کۆمەلایەتی ئامادە دەکرێت بۆ نێو ژیانی کۆمەڵگە و پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان و تێکەڵبون بەدام و دەزگا و دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگە. ئینجا ئەگەر تاکەکەس هەر لە یەکەمین وێستگەی ژیانیدا چاوی بە کۆمەڵێک ڕەفتاری توند و نامرۆڤانە و ئازار بەخشدا هەڵێنا، چۆن مرۆڤێکی لێوە بەرهەم دێت و بەچ سروشت و



کەسیەتیەکەوە تێکەڵ بە کۆمەڵگە و پێکهاتەکانی دەبێت، ئایا ئەگەر تاکێک لەسەر بنچینەی ئەم جۆرە ڕەفتارە نامرۆڤانە پەروەردە بکرێ، کاتێک کە تێکەڵ بەدام و دەزگاکانی نێو کۆمەڵگاکەی دەبێت، ئەم ڕەفتارە توند و شەڕانگێزانە لەگەڵ خۆیدا ناگوازێتەوە؟ سەرەنجامی ئەمە کۆمەڵگایەکی توندوتیژ و شەڕانگێز و پڕ لە ململانێ و یەکتر قەبوڵ نەکردن ناهێنێتە بەرهەم؟ بەر لە وەلامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستە پێناسەیەکی ڕەفتاری توندوتیژ بخەینە ڕوو، دەکرێ بڵێین توندوتیژی بریتی‌یە لە هەر کردەوەیەک یان ڕەفتارێک لەلایەن کەسێک ئەنجام بدرێت و ببێتە هۆی ئازار گەیاندن بە جەستەی کەسی بەرامبەر، یاخود هەر خۆ تێهەڵقورتاندنێک بۆ ئازادی کەسی بەرامبەر و بێ بەشکردنی لەمافی بەئازادی بیرکردنەوە و ڕاوبۆچوون دەبڕین و بڕیاردان و ڕەفتارکردن، یا هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی کەسی بەرامبەر وەکو ئامرازێک بۆ هێنانەدی ئامانجە تایبەتەکانی خۆی، واتا لێرەدا ئەو کەسەی ئەنجامدەری کردەی



توندوتیژە وەکو ( ئەندامێکی چالاك و خاوەن توانا و ویست و ئارەزوی تایبەت بەخۆ) لەکەسی بەرامبەر ناڕوانێت.

لەو پێناسەیەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە توندوتیژی، تەنها ئازارە جەستەیەکان ناگرێتەوە، بەڵکو ئازارە دەرونیەکانیش دەگرێتەوە، هەر ئەوە نیە کە کەسێك جەستەی بریندار بکرێت، یاخود قاچی بشکێت، یا لووتی ببردرێت یا بکوژرێت .. کاتێك کە ڕەفتارێکی توند و نامرۆڤانەی لەم چەشنەی سەرەوە بەرامبەر بە یەکێك ئەنجام دەدرێت، ئازارێکی جەستەیی کەم یا زۆری پێدەگات، بەلاّم ئەم ئازارە دوای ماوەیەك، ماوەکە کورت بێت یان درێژ، ئەرەوەێتەوە و نامێنێت، بە پێچەوانەی ئەو ئازارە دەرونیەی لەهەمان ڕەفتار سەرچاوە دەگرێت. چونکە ئازارە دەرونیەکە کاریگەرییێکی قولّ و بەردەوام لەسەر ڕەوتی ژیانی دەرونی و کۆمەلاّیەتی، وپەیوەندیە کۆمەلاّیەتیەکانی و بیر و بۆچون و تێڕوانین و مامەڵەی ڕۆژانەی ئەو کەسەی دەبێتە قوربانی ڕەفتاری توندوتیژ دادەنێت، بۆیە توندوتیژیە دەرونیەکان ( مەعنەویەکان ) لە جۆری ( جنێودان، ڕەخنەگرتنی بەردەوامو شکاندنەوە ، تانەو تەشەر لێگرتن، ڕێگرتن لە دەربڕینی ئازادانەی بیروبۆچونەکان، ئازادی بڕیاردان، هاتنو چوون .. ) کاریگەریەکانیان ئەگەر خراپترو قولّتر نەبن لە توندوتیژی جەستەیی ئەوا کەمتر نین .

بۆ نموونە لەناو زۆربەی زۆری خێزانەکانی کۆمەڵگەی ئێمە کە بەشێوەیەکی یەکسان ڕێز لە بیروبۆچونی تاکەکانی ناگیرێت، ئەگەر ئەندامێکی بە تەمەن بچوك یاخود منداڵێك بیەوێت بۆچونی تایبەتی خۆی لەسەر بابەتێك یا کێشەیەکی ناو خێزانەکەی دەرببڕێت، زۆر جار گاڵتەشی پێدەکرێت و سەرزەنشت دەکرێت، بە بیانوی ئەوەی، ئەو منداڵە و نەزانە و ناشێ بۆچونی تایبەت بە خۆی هەبێت. بێگومان ئەم کردەیە کار لە دەرونی ئەو مرۆڤە دەکات و لەوانەیە تووشی داڕوخانی دەرونی بێت، توشی حالەتی ترس و شەرم و نەبونی متمانە بێت لە دەربڕینی ڕا و قسەکردن و بڕیاردان. ئەم ترس و شەرم و بێ متمانەیەش لەگەڵیدا گەورە دەبێت و بەم دەرونە داروخاوەوە تێکەڵ بە دام و دەزگا و سیستەمەکانی ناو کۆمەڵگاکەی دەبێت و لەوێدا ناتوانێت وەکو کەسێکی سەربەخۆ و چالاك ڕۆڵ ببینێت و بەشێوەیەکی کار بەشداری چالاکیەکان و ژیانی کۆمەلاّیەتی بکات. مرۆڤێك بەرهەم دێت کە لاواز و بێ هەڵوێست و ناکاریگەرە، بەسەر ڕەوش و بارودۆخە کۆمەلاّیەتی و رۆشنبیری و سیاسیەکانی کۆمەڵگاکەی. بەداخەوە تاکەکەس لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە حالەتێك، کە دووچاری تێکشکان و داڕمانی دەرونی دەبێتەوە، لە ئەنجامی ئەم کردە توندانەی لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانی ئاراستەی کراوە و کاریگەری بەسەر کەسیەتی و ژیانیدا بەجێهێشتووە، دەزگایەکی تایبەت شك نابات، تاکو لەوێوە یارمەتی بدرێت، بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی دەرونی داڕوخاوی و ساڕێژکردنی برینە دەرونیەکانی. بەڵکو تاکەکەس بەم حاڵەوە، لە ژیانی کۆمەلاّیەتی بەردەوام دەبێت، ئەنجامی ئەمەش ڕووبەڕوبونەوەیەتی لەگەڵ چەندین گرفت و تەنگەژەی دەرونی و کۆمەلاّیەتی، لەهەمان کاتدا وەکو تاکێکی تەندروست ناتوانێت مامەڵە لەگەڵ دەوروبەریدا بکات.

# خوێندنەوەیەکی کۆمەڵایەتیانە بۆ چەمکی جێندەر



هونەر فەتاح

مرۆڤ لەگەڵ دروست بونی شار و ئاڵۆزبونی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و جەنجاڵی ژیان، کەوتە سەودای بیرکردنەوە لە دامەزراندنی دەوڵەت، سەرەنجامیش زیادبونی ئارەزو بۆ بەدەست هێنانی پێداویستی و خۆش گوزەرانی هاتە کایەوە، بۆ بەدەست هێنانی ئاستێکی بەرزیش لە خۆش گوزەرانی مرۆڤ هەمیشە ویستویەتی پێداویستیە مەعنەوی و کۆمەڵایەتیەکانی و ڕەفتاری مروڤ دۆستی و ژیان دۆستی شان بە شانی گەشەکردنی پێداویستیە مادییەکان هاوتا بکات. بۆ ئەم مەبەستەش تیۆریست و بیرمەندی زۆر لە کۆمەڵگاکانی جیهاندا هەوڵی داهێنانی چەمك و تیۆریزەی نوێیان داوە، لە پێناو خزمەت کردن بە کۆمەڵگای مرۆیی و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران، ئەگەر چی لەو لاوە بەردەوام کۆمەڵێکی تر لە هەوڵی توندوتیژی و زەبر و زەنگ و لە ناو بردنی داهێنانەکانی مرۆڤ دابونە، بەڵام هەرگیز ئەمە بەری بەو هەوڵانەی ئەوانە نەگرتوە کە لە پێناو مەبەستە مرۆییەکان تێکۆشاون. زۆری ئەو داهێنانانەش لە هەموو بوارەکانی ئابوری، کۆمەڵایەتی، تەکنەلۆژی، ڕاستی ئەوەی سەرەوە دەسەلمێنن... تەوەرە سەرەکیەکانی ئەم بابەتە لەسەر چەمکێك پێدادەگرێت و هەوڵی شیکردنەوەی دەدات کە ئەمڕۆ لە زۆربەی کولتور و کۆمەڵگاکانی جیهان بەشێوازی جیاجیا و بەپێی گونجاوی لەگەڵ کایە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو کۆمەڵگانەدا سوودی لێ وەرگیراوە، ئەویش چەمکی (جێندەر)ە کە لە تیۆر و تێڕوانینی کۆمەلێك زانا و بیرمەندی کۆمەڵایەتی داتاشراوە، لە ڕێگەی ئەم بابەتەوە دەکرێت هەندێك لەسەر ئەو پرسیارانەی خوارەوە بدوییێن. مرۆڤ کێیە؟ ئەرك و ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکان چۆن دابەش دەکرێن بەسەر مرۆڤەکاندا؟

ئایا دەکرێت ئەرك و ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکان ئاڵوگۆڕ بکرێن واتە ئەوانەی نێر، مێ پێی هەڵسێت و بە پێچەوانەوە؟ کامانەن جیاوازیەکان لە نێوان ئەو دوو مرۆڤەدا؟ بۆ کردنەوەی دەرگا بەڕوی گفتوگۆ کردن دەربارەی ئەم بابەتە سەرەتا هەوڵ دەدەین لەسەر ئەم تەوەرانە قسە بکەین .

## مرۆڤ کێیە ؟

ئەریك فرۆم دەڵێت پرسیاری مرۆڤ کێیە ئەمانباتە ئیشکالیەتی ئەوەوە ئەگەر مرۆڤ شت بوایە وەکو هەموو ئەو ئامێر و کەل و پە ل و شتانەی، کە لە سروشتدا هەن دەمانپرسی مرۆڤ چییە؟ بەڵام مرۆڤ



شت نییە و ناخرێتە ڕیزی پێناسەی بونەوەرە بێ گیانەکانەوە. ئەگەرچی هەندێ جار بە چاوی شت سەیری مرۆڤ دەکرێت بە ناوی کرێکار، فەرمانبەر، مامۆستا... هتد

مرۆڤ جەستەیەکی بێ گیان نییە بونەوەرێکی زیندووە کە لە بزاڤی بەردەوامی گەشەسەندن و کامڵبوندایە لە هەرساتێك و هەر قۆناغێکی ژیانیدا هەمان کەس نییە. دیارە مرۆڤ لە ڕێگەی پڕۆسەیەکەوە دروست دەبێت کە ناوی لە دایك بوونە، دوای ئەم کردارە بونەوەرێك دێتە دنیاوە کە جیا لە جەستەیەکی پێکهاتوو لە کۆمەڵێك ئەندام هیچی تر نییە (واتە جەستەیەکی خاڵی لە هەڵسوکەوت و بیرو بۆچونی نێرێتی یان مێیەتی) کە لەم حاڵەتەدا هیچ جۆرە جیاکاریەك نابینرێت لە نێوان هەموو ئەو بونەوەرانەی کە پێیان دەوترێت مرۆڤ .مەبەست لەو جیاوازیانە ئەوانەن، کە دواجار کولتور و داب و نەریتی گشتی کۆمەڵگا ئەیبەخشن بە تاکەکان ڕونتر بڵێین هەموو جۆرێك لە جیاکاری لە دەرەوەی جیاوازیە بایۆلۆژیەکان دواجار کەلتوری کۆمەڵگا و فەزای کۆمەڵایەتی لێی بەرپرسیارە، دەمانەوێ بپرسین ئایا نێر یاخود مێ لەو قۆناغەدا بە جیاواز لە دایك دەبن؟ بێگومان بە جیاواز لە دایك دەبن بەڵام چ جۆرە جیاوازیەك؟ ئەو جیاوازیەی کە پێکهاتەی جەستەیی ئەو دوو بونەوەرە پێك دەهێنێت، بە مانایەکی دیکە ژن کۆمەڵێك جیاوازی جەستەیی هەیە کەلە پیاوی جیا دەکاتەوە، بە هەمان شێوە پیاویش خاوەن کۆمەڵێك جیاوازی جەستەییە واتە کۆمەڵێك ئەرکی فسیۆلۆژی کە هەریەك لە نێرو مێ پێی هەڵدەستن بە نمونە لە ژندا

((توانای منداڵ بون، شیردان )) و لە پیاودا توانای نەوە نانەوە (قدره الاخصاب ) لەگەڵ هەندێك جیاوازی دیکە لە هۆڕمۆن و ئەنزیمەکانی ئەو دوو مرۆڤە کە شێوەو پێکهاتەی جەستەییان

لەڕوی ڕوخسارەوە پێ جیا دەکرێتەوە، ئەمانە ئەو جیاوازیە سروشتیانەن کە لە نێوان ئەو دوو بونەوەرەدا هەن جیا لەوە شتێکی تر نییە پێی بوترێت جیاوازی، ئەمە ئەو کردارەیە کە لەڕوی بایۆلۆژیەوە مرۆڤی پێ دروست دەبێت. بەلآم با بزانین مرۆڤ لە ڕوی کۆمەلآیەتیەوە چۆن دروستدەبێت؟

ئاشکرایە کە گواستنەوەی مرۆڤ لە بونەوەرێکی بایولۆژیەوە بۆ بونەوەرێکی کۆمەلآیەتی کردارێکە لە ڕێگەی پرۆسەیەکەوە دەبێت کە پێی دەڵێن پێگەیاندنی کۆمەلآیەتی (( Socialization)), لەو ڕێگەیەوە مرۆڤ فێری کۆمەڵێك هەڵس و کەوت و بەها و پێوەر و داب و نەریتی کۆمەلآیەتی نێوکۆمەڵگاکەی دەبێت. لەم پرۆسەیەدا کۆمەڵێك دەزگای کۆمەلآیەتی ڕەنگرێژی ئەو ڕێگایە دەکەن بۆ مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگا، ڕەنگە گرنگترینی ئەم دەزگایانەش بریتی بێت لە خێزان، زۆرێکی تر لەدەزگاکانی وەك ((قوتابخانە ، زانکۆ، مزگەوت و هەموو دەزگاکانی تری پێگەیشتنی کۆمەلآیەتی ... هتد )) ئەگەرچی ڕۆڵی هەریەك لەم دەزگایانە لەم پرۆسەیەدا لە کولتورێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، بە مانایەکی دیکە لە هەندێك

کۆمەڵگەدا بەشی هەرە زۆری ئەم پەروەردەیە دەکەوێتە ئەستۆی دەوڵەت بە پێچەوانەی هەندێك کۆمەڵگەی تر کە خێزان بە تەنها ئەم ئەرکە دەبات بە ڕێوە.لێرەدا پێویستە ئەوە ڕون بکەینەوە کە لە کولتوری کۆمەڵگای کوردیدا جۆرێك لە بۆشایی هەیە لەم پرۆسەیەدا ئەوەش بۆ لاوازی هەموو ئەو دەزگایانە دەگەڕێتەوە بە تایبەتیش دامەزراوە پەروەردەییەکان بە شێوەیەکی گشتی و ئیفلیجی خێزان لە پێشکەش کردنی نەوەیەکی تەندروست و ڕزگار نەبونی ئەو دەزگایەش لە کۆت و بەربەستە



کولتوریە دواکەوتوەکان. بەم پێیەش دەگەین بە دوو ڕاستی سەرەکی، ئەوانیش کۆمەڵگای ئێمە بۆشاییەکی گەورەی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروستی پێشکەوتوی تێدایە، ڕاستی ئەم بۆچونەش لە دواکەوتویی تەواوی سیستەمەکان دەردەکەوێت لە کۆمەڵگا. ڕاستی دووەم دروست کردنی مرۆڤ لە ڕووی کۆمەلآیەتیەوە لە دەست کۆمەڵگا و مرۆڤەکاندایە،

**لە تێڕوانینی جێندەرەوە ئەو ئەرکە کۆمەلآیەتیانەی، کە پیاوێك ڕایدەپەڕێنێت، بە هەمان شێوە مێ توانای ئەنجام دان و ڕاپەڕاندنی هەیە، تەنها ئەوانە نەبێت، کە پەیوەندی بە لایەنی جەستەییەوە هەیە.**

هەر بۆیەشە دەکرێت لەڕێگەی پێگەیاندنەوە بە پێی ویستی کولتور و ئامادەیی سیستەمی ئەو کۆمەڵگایە مرۆڤ بەرهەم بهێنین, هەروەها دەکرێت ئەرك و ڕۆڵە کۆمەلآیەتیەکان بە شێوەیەکی یەکسان لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا دابەش بکرێن بە بێ ئەوەی پەنا بۆ جۆر و ڕەگەز بەرین و هەموو ئەو شتانەی کە لە ڕێگەی کرداری پەروەردە و فێرکردنەوە فێری مرۆڤ دەکرێن دەتوانین بیان گۆڕین و دەسکاریان بکەین ...

لێرەوە پێویستە بێینە سەر قسەکردن لەسەر چەمکێك کە دەکرێت لە ڕێگەیەوە زۆربەی ئەو ئیشکالیەتانە چارەسەر بکەین کە لە دابەشکردنی ئەرك و ڕۆڵەکاندا هەن لە نێوان هەردوو ڕەگەز, بۆیە پێویست دەکات بزانین کە ئایا ئەو چەمکە چیە؟؟

## جێندەر چیە ؟

سەرەتا پێویستە بڵێین تێگەیشتن لە جێندەر بنەمایەکی سەرەکیە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی کاریگەری ئەو چەمکە لە سەر بوارەکانی گەشەپێدان و بەرەو پێش بردنی تواناکانی مرۆڤ بە بێ جیاوازی ڕەگەزی.

ئەم چەمکە یەکەم جار لە لایەن زانا (( Ann Okly)) بە کارهاتوە لە حەفتاکان بە دواوە. لەڕاستیدا ئەم چەمکە لێکدراوێکە لەو تیۆر و تێڕوانینە جۆرا و جۆرانەی کە هەندێك لە سۆسیۆلۆژەکان و زانای تری کۆمەلآیەتی دەربارەی جیاکاری ڕەگەزی دایان ڕشتوە وەك ( مارکس، دورکهایم، کانت...هتد.) کە مانای هەموو ئەو ئەرك و ڕۆڵ و بنەما کۆمەلآیەتیانەی پیاو و ژن دەگرێتەوە لە بەرامبەر سیفات و پێکهاتە بایۆلۆژیەکانەوە، بە مانایەکی دیکە باسکردنە لە هەموو ئەو خاسیەت و جیاکاریانەی کە لە ئەرك و ڕۆڵە کۆمەلآیەتیەکاندا هەن و لە جیاوازیە بایۆلۆژیەکانەوە داتاشراون، واتە هەموو ئەو ئەرکانەی کە ژنێك پێی هەڵدەستێت لە کۆمەڵگەدا و بە سەریدا سەپێنراوە لەگەڵ ئەو کارانەی کە پیاوێك ڕایدەپەڕێنێت لە بەرامبەردا، و لە تێڕوانینی جێندەرەوە ئەو ئەرکە کۆمەلآیەتیانەی کە پیاوێك ڕایدەپەڕێنێت لە کۆمەڵگە یان لە توێژێکی کۆمەلآیەتی بە هەمان شێوە مێ توانای ئەنجام دان و ڕاپەڕاندنی ئەو کارانەی هەیە، تەنها ئەوانە نەبێت کە پەیوەندی بە لایەنی جەستەییەوە هەیە کە لە پێشەوە لە سەری دواین، بەڵگە لەسەر توانای ئەنجام دانی ئەو کارانەش لە لایەن هەردوو ڕەگەزەکە بە بێ جیاوازی سەرکەوتنی ڕەگەزی مێیە بەرامبەر ڕەگەزی نێر لە وەرزش و سەرکەوتنیان لە هەموو بوارە سیاسی و ئابوری و کۆمەلآیەتیەکان بە جیاوازبونیان لە پیاوان......

دیارە ئەم ئەرك و ڕۆڵانەش کە باسیان دەکەین بەردەوام لە گۆڕاندان بە پێی تێپەڕبونی کات و فاکتەرە کۆمەلآیەتی و کولتورە جیاوازە جۆربە جۆرەکان، بۆ نمونە ئاستی هوشیاری بەرامبەر ڕەگەزی مێ و بەشداریکردنی لە هەموو چالاکیە کۆمەلآیەتی و ئابوری و سیاسیەکان ئاستێکی پێشکەوتوتری وەرگرتوە لە کۆمەڵگای ئێمە بەراورد بە دەسالْ بەر لە ئێستا، کەواتە هەروەك لە پێشەوە

ئامانژەمان پێدا مرۆڤ که لە دایك دەبێت نێرە یان مێیە، بەڵام لە ڕێگـەی فێرکردنـەوە بنـەما ڕەفتاریەکان و ڕۆڵ و چالاکیەکان و شێوازی هەڵس و کەوتیان لە کۆمەڵگە و لە گەڵ کەسانی تر بۆ دیاری دەکرێت، کە هەموو ئەو هەڵس و کەوتانەش وەرگیراون و پەروەردە و فێرکردن شوناسی جێندەری ئێمە دەست نیشان دەکات.

بەڵام بێگومان ئەرك و ڕۆڵە جێندەریەکان کە پیاو و ئافرەت ئەنجامی دەدەن لەکۆمەڵگە یان لەنێو چین و توێژێکی کۆمەڵایەتی لە هەمان کولتوردادەگۆڕێن، هەر بۆیەشە چینی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی ئابوری و سیاسی و تەمەن کاریگەری زۆریان هەیە لە سەر دابەشکردنی ئەو ئەرك و ڕۆڵانە، سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆڵە جێندەریەکان دەگۆڕێن لە ئەنجامی گۆڕان و بەرەو پێش چونی کولتورەکان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری، و بە پێی تێپەڕبونی کات هەروەها بە هۆی کارەساتە لە ناکاوەکانی وەك شەڕو برسیەتی کە کاریگەریان هەیە لە سەر ئەرك و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی پیاوو ژن و گۆڕانی ئەو ئەرکانە، بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دوای نەمانی ئەو بارودۆخە لە ناکاوانە دیسان بارودۆخەکە دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی خۆی ..

دیارە بۆ باسکردنی کولتوری خۆمان لە ڕوانگەی ئەم تێڕوانینەی سەرەوە کۆمەڵێك جیاوازی و نابەرابەری زۆر هەست پێ دەکەین بەجۆرێك کە بۆشاییەکی گەورە هەستی پێدەکرێت لە جیاوازی و چەوساندنەوە و توندوتیژی ڕەگەزی بە شێوەیێك کە هەموو جۆرێك لە ئازادی وباوەڕ بە خۆبون و خود سەلماندن بۆ ڕەگەزی مێ لەم کلتورەدا یاساغ کراوە، لە کولتوری ئێمەدا هەمیشە مێ وەك مرۆڤێکی پلە دوو سەیرکراوە و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ڕوبەڕوی ماف خواردن و توندوتیژی بۆتەوە، هەر بۆیەشە ئەگەر سەیرێکی ئەو دوو رەگەزە بکەین لە کۆمەڵگەدا مەودایەکی دوور و درێژ لە جیاوازی هەست پێدەکەین لە نێوان ئەم دوو رەگەزە، بەنمونە پیاو (( خاوەن مافی زۆرترە، پلەو پایەی بەرزترە، ئازادە، خاوەن بڕیارە هەروەها خاوەن دەسەڵات و هێزە و بە هۆی ئەمانەوە ڕۆڵ و پایەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزی هەیە بە پێچەوانەی ژن کە خاوەن ماف و مەکانەتی کەمترە، وەلە کۆمەڵگە پەراوێزخراوە، هەروەها دەرفەت لە بەردەمیدا نی یە بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن پایە و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی بەرز. و کاتێك دێینە سەر قسەکردن لە خێزان دەبینین لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لەسەر نێو چوارچێوەی خێزانیشدا جۆرێك لە هەیمەنەی پیاو و باڵادەستی ئەو ڕەگەزە بەدی دەکرێت ئەم جیاوازیەش لەوەوە هاتوە کەلە کولتوری ئێمەدا لە ڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە کەسایەتیەك بۆ ڕەگەزی مێ دروست کراوە، کە پڕیەتی لە هەستی بێ هێزی، ترس پاشکۆیەتی، دورە پەرێزی ... هتد بۆیە لە منداڵیەوە دروست کردنی دوو مرۆڤی لە یەك جیا نێرێك خاوەن دەسەڵاتێکی ڕەها لە گەڵ مێیەك کە چاوەڕێی ڕەحمەتی پیاو و بڕیارەکانی ئەو دەکات بۆ ئەوەی ڕێڕەوی ژیانی بۆ دەست نیشان بکات و ڕاستی و هەڵەکانی پیشان بدات. بێگومان کاتێکیش دەگەنە قۆناغی پێکەوەنان و دروست کردنی خێزان، مێ لە بەردەم چەندین ئەگەری ترسناك دایە کە سەرەڕای ئەوەی ناتوانێ بە ئارەزوی خۆی بیر لە هەڵبژاردنی مرۆڤێك بکاتەوە کە خۆی دەیەوێت، لە هەمان کاتدا لە دڵەڕاوکێدایە نەوەك ڕوبەڕوی کۆمەڵێك دیاردە ببێتەوە کە باون لە کۆمەڵگەی ئێمەدا. بۆیە لە ڕاستیدا بونی بارودۆخێکی لەو شێوەیە لە کۆمەڵگە بۆتە هۆی دروست کردنی جۆرێك لە ململانێ لە نێوان ئەم دوو ڕەگەزەدا کە هەموومان هەستی پێدەکەین بە جۆرێك لای هەندێ کەس ئەوەندە قوڵ بۆتەوە گەیشتۆتە ئەو حاڵەتەی کە هەندێك لە پیاوان بە تایبەت حساب بۆ ژن ناکەن وەك مرۆڤ، و هیچ کاتێك ئامادە نین دان بە ماف و ئارەزوەکانیان دابنێن و ئەم حاڵەتی ململانێیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ گواستراوەتەوە بۆ ناو خێزانەکانی کۆمەڵگەی ئێمە بە جۆرێك لە هەندێك خێزاندا هەموو دەسەڵات و بڕیارەکان لە دەست پیاودایە وەك (دەسەڵاتی ئابوری، خەرجی و موڵکداریەتی وزۆرجار بڕیاردان لە سەر بە شودان و ژن هێنان بۆ منداڵەکانی، کڕین و فرۆشتنی شتەکان.... هتد ). بێگومان سەرهەڵدانی ئەو جیاوازی و نابەرابەریانەش لەنێوان ئەو دوو ڕەگەزە دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابوری وسیاسی..... هتد، کە هەریەك لە مانە ڕۆڵی هەبووە لە قوڵکردنەوەی ئەو جیاوازیانە. لێرەدا چەند فاکتەرێك دەخەینە ڕوو کە بەڕاددەیەکی زۆر ڕۆڵیان هەبوە لە درێژەدان بەو جیاوازیانە و چارەسەرنەکردنیان ئەوانیش:

– دەسەڵاتی سیاسیو دەوڵەت .
– کولتورو داب و نەریت .
–خێزان .
–دامەزراوەو دەزگاکانی پەروەردەو پێگەیاندن .



–ڕێنەدانی پیاوان و کەمتەرخەمی بەشێك لە ژنان خۆیان سەرەڕای بونی دەرفەت لەبەردەمیاندا .

بۆیە کێشەی نێوان ئەم دوو مرۆڤە وەك خۆی ماوەتەوەو نەتوانراوە بە شێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەر بکرێ و هەوڵ بدرێت جۆرێك لە هەستی یارمەتی و هاوکاری لە نێوان ئەم دوو مرۆڤە بهێنرێتە کایەوە .هەوڵ دەدەین لێرەدا ئەو لایەنانە رون بکەینەوە کە جیاوازی جێندەریان تێدا بەدی دەکرێت .

### لەڕووی کارکردنەوە

دیارە هەریەك لە پیاوو ئافرەت لە کۆمەڵگەدا کۆمەڵێك ڕۆڵ دەگێڕن لە بواری بەرهەم هێنانی پێویستیە سەرەکیەکانی خێزان و خزمەت گوزاریەکان بە گشتی، و ئەگەر سەیر بکەین کار لە کۆمەڵگەدا دابەش دەبێت بەسەر سێ جۆردا کە بریتین لە :

– کاری بەرهەم هێن ( productive work):

ئەمە ئەو کارە دەگرێتەوە کە بەرامبەر و دەسهاتێکی هەیە و مرۆڤ بە هۆی ئەو توانایەی کە بەکاریدەهێنێت لە کارەکەدا داهاتێکی دەست دەکەوێت و لە هەموو جیهانیشدا پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزی هەیە و هەردوو ڕەگەزیش تیایدا بەشدارن. بەڵام لە زۆر شوێندا ئەو کرێیەی کە

ئافرەتان لە بەرامبەر كارێكدا وەری دەگرن كەمترە لەو كرێیەی كە پیاوان وەری‌دەگرن لە بەرامبەر هەمان كار، سەرەڕای ئەوەی لە هەندێك شوێندا ڕێگەی ممارەسەكردنی ئەو كارە لە ژنان گیراوە، هەروەها زۆرێك لە كۆمپینیا سەرمایەداریەكان ئەو لاوازی و جیاوازیە باوەی باس دەكرێت بۆ ئافرەت قۆرخیان كردوە بە مەبەستی بەخشینی كرێیەكی كەمتر بەو ڕەگەزە لە بەرامبەر هەمان ئەو كارەی ئەنجامی دەدات كە پیاوێك پێی هەڵدەستێت .

-كاری انجابی ( Reproductive Work ):

ئەم جۆرە كارە دابین كردنی پێویستیە سەرەكیەكانی ماڵ و پارێزگاری كردن لە جێگیری خێزان و چاودێری كردن و بەخێوكردنی منداڵ دەگرێتەوە، هەموو ئەو كارانەش بە شێوەیەكی گشتی خراوەتە ئەستۆی ژنەوە بەلام بە بێ‌ئەوەی هیچ حسابێكی بۆ بكرێت، تەنانەت لە زۆربەی حاڵەتەكاندا ئەركی ژن قورس تركراوە بە هۆی ئەوەی كە لە دەرەوەش كاردەكات بە بێ ئەوەی ئەركەكانی ماڵەوەی لەسەر كەمتر بكرێتەوە.......

-كاری كۆمەڵایەتی (Social Work):

ئەمەیان كاركردنی مرۆڤ دەگرێتەوە لە دام و دەزگا و ڕێكخراوە كۆمەڵایەتیەكان و كۆتایی هێنان بە گرفتە كۆمەڵایەتیەكانی تاك لە كۆمەڵگەدا كە لەم كارەشیاندا هەردوو ڕەگەز بەشداری دەكەن.

كەواتە لێرەدا دەردەكەوێت كە ژنان لە هەرسێ كارەكە بەشداران و ڕۆڵی سەرەكی دەگێڕن لە پرۆسەكانی بەرهەم هێنان و بواری كۆمەڵایەتی، ئەمە سەرەڕای كاری انجابی بەلام پیاوان تەنها لە هەردوو كاری كۆمەڵایەتی و بەرهەم هێنان بەشدارن، كەچی پلە و پایەی كۆمەڵایەتی و ئابوری پیاوان بەرزترە لە ژنان، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنی كە ژنان لە بواری كاركردنیشەوە مافەكانیان خوراوە .......

## لەڕووی دابەشكردنی داهات و دەرامەتەوە

نایەكسانی جێندەری زۆر بە ئاشكرایی دەردەكەوێت لەم لایەنەشدا بە تایبەت لە ڕوانگەی ئەو ئامارانەی كە نەتەوە یەكگرتوەكان ئەنجامیان داوە لە سەرانسەری جیهان دەربارەی بارودۆخی ژنان بە تایبەت لەم ڕوانەوە:

1- ژنان دوو لە سێی هەموو كارەكانی جیهان ئەنجام دەدەن بەلام یەك لە دەی هەموو داهاتی جیهانیان دەست دەكەوێت، كە ئەمەش بۆ دوو هۆكار دەگەڕێتەوە ئەوانیش لەبەر ئەوەی بە كرێیەكی كەمتر لە پیاوان كار دەكەن، هەروەها لە بەرامبەر كاری انجابی واتە كاری ناو ماڵ هیچ دەسهاتێك وەرناگرن .

2-ژنان دوو لە سێی هەموو نەخوێندەوارانی جیهان پێك دەهێنن .

3-ژنان خاوەن لە سەدا یەكی هەموو سەرمایەی جیهانن .

-لەڕووی مافەكانی مرۆڤەوە.

لەم ڕووەشەوە تاكو ئێستا ژنان بێبەشن لە مافەكانیان لە هەموو جیهاندا كە ئەو بێ‌مافیەیان بۆ نەبونی یەكسانی و دان نەنان بە مرۆڤیەتیان و نەبونی ڕێزو هاوكاری دەگەڕێتەوە لە نێوان ژن و پیاودا، تاكو ئێستاش نیوەی دانیشتوانی جیهان دەچەوسێنەوە بە دەست نیوەكەی تر بە چەندین شێوازی جیاجیا، سەرەڕای ئەوەی جاڕی جیهانی مافەكانی مرۆڤ بۆ هەموو مرۆڤەكان مافی یەكسانی دابین كردوە بە بێ ڕەچاوكردنی جیاوازی ڕەگەز و چینی كۆمەڵایەتی, بەلام تاكو ئێستاش ژنان



بێبەشن لە بەشێكی زۆر لە مافەكانیان وەك ( موڵكایەتی، سەرمایە، سەفەركردن، فێربون، دەرفەت بۆ كاركردن و شوێنی ژیان و خواردن) ......

## لەرووی كولتورو ئاینەوە

لەم لایەنەشدا ژنان ڕوبەڕوی چەوساندنەوە و دان نەنان بە مافەكانیان بونەتەوە سەرەڕای ئەوەی كە هەموو ئاینەكان بانگەشە بۆ یەكسانی و دادپەروەری دەكەن، بەلام تاكو ئێستاش بە هۆی ئاینەوە مرۆڤ دەچەوسێنرێتەوە كە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەفسیرو شیكردنەوە زۆر و جۆربەجۆرانەی كە بۆ دەقە ئاینیەكان كراوە، ئەگەرچی ئاین لە جەوهەریدا بۆ خزمەتی مرۆڤ و یەكسانی و دادپەروەری هاتووە.

## ئه‌نجام

بە درێژایی مێژوی مرۆڤایەتی ئەم كێشەیە لە ئارادا بووە، هەرچەندە بزوتنەوەكانی ژنان لە لایەك و هەندێ جاریش بەشێك، لەبزوتنەوە و ڕێكخراوەكانی پیاوان داكۆكیان لەمرۆڤ بونی ڕەگەزی مێ و بەدەست هێنانی مافەكانیان كردۆتەوە. بەلام قورسایی ئەو ئەو جیاكاریانە و نزمی ئاستی هوشیاری نێر بەرامبەر ئەم ویستە مرۆییانە شكستی بە هەموو ئەو هەوڵانە هێناوە، گەرچی جۆرێك لە گەشبینی هەستی پێدەكرێت، دەربارەی هوشیار بونەوەی كۆمەڵگا و دان نان بەم جیاكاریانە و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان، بەلام لەڕاستیدا تاكو ئێستا وەكو پێویست نیە، هەوڵ دان بۆ بچوكردنەوەی بۆشایی نێوان ئەم دوو ڕەگەزە و چەسپاندنی نەریتە مرۆڤ دۆستیەكان و تێگەیشتن و دان نان بە یەكتری پێویستیمان بەم چارەسەریانە هەیە:

– دەسەلاتی سیاسی لە كۆمەڵگا، هەوڵی دانانی جۆرێك لە سیستەم بدات، كە خالی بێت لە هەموو جۆرەكانی چەوسانەوە. هەوڵ بدرێت هەموو دەزگاكانی بینراو و بیستراو ڕەنگ ڕێژ بكرێت بە بلاوكردنەوە و پەخش كردنی تێز و بۆچونە جێندەریەكان.

– شكاندنی سنورە تەقلیدیەكانی خێزان و ڕۆڵ بینینی خێزان وەك دامەزراوەیەكی گرنگ و ڕزگاربونی لە بەها و پێوەرە تەقلیدیەكان و كلتوری دواكەوتو بۆ بەرهەم هێنانی نەوەیەكی تەندروست.

– ئەكتیڤ كردنی ڕۆڵی دامەزراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی بۆ كاركردن لەسەر كاڵ كردنەوەی ئەو جیاوازیانە.

– دەستكاری كردنی سیستەمی خوێندن و لابردنی هەموو ئەو بابەت و بەرنامانەی هانی جیاكاری و بالادەستی ڕەگەزی نێر دەدەن بەسەر ڕەگەزی مێ.

-بۆ ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:..

مرۆڤ كێیە. ئەریك فرۆم وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی.

دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی سەردەم .

دليل اوكسفام للتدريب على الجندر .

دەروازەكانی كۆمەڵناسی . مەنوچێهر موحسنی وەرگێڕانی . كۆمەڵێك وەرگێڕ .

دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی موكریانی .

# پرۆفیسۆر ( ئەسعەد خەیلانی )

# دەفتەرێك لە بیرەوەری..تەمەنێك لە یاخی بوون..



پرۆفیسۆر ئەسعەد خەیلانی، تەمەنێك لە یاخیبوون، دەفتەرێك لە بیرەوەری ...
گەنجینەیەك لە ئەزموون.. منالێكی یاخی و زیتەڵە، وەك خۆی گوتەنی " شەیتان ! "، ماندووی شەڕە بەردی گەڕەكەكان.. شەكەتی پیاسەكانی خەرەند.. هیلاكی مەلەوانیەكانی پێپر..گەنجێكی سەركێش، تورە لەجەوری ڕۆژگار.. یاخی لە سێبەری دوژمن.. ئاوێتە لە كوردبوون و خەبات.. سور لەسەر گەیشتن بە بەهەشتی خەونەكان.. ئەمێستاش پیر و بە تەمەن، بەلاّم بە بیرتیژی منالّی و جولە و گیانی گەنجانە، دێت و نەرم نەرم ئاونگی یادەوەری شیرینی ئەو ڕۆژانە دەڕژێنێتە سەر ڕوومەتی شارو بەتامەزرۆ و حەسرەتەوە، پیاسە بەو كوچە و كۆلاّن و گەڕەكە بێنازانەدا دەكات، كە ڕۆژگارێك بەسادەیی و خاكەرایی بەشێك لە تەمەنی پڕ بەرائەت و جوانی پەپوولەیی و ساتێك لە ژوان و چاوبڕكێی هەرزەیی تێدا گوزەراندن، هێمن و لەسەرخۆ، بە دلێكی گەرم و بەدەم زەردەخەنەوە، تالّ تالّ قژی ئەو چركە ساتانە دەهۆنێتەوە و لەگەلّ خۆیدا دمانباتەوە بۆ ئەو ڕۆژگارە سەخت و ئالّۆزانەی رواندز،بەسەركەشی و خۆڕاگری خۆیەوە گرەوی ژیان و مانەوە و پێشەنگی تێدا بردەوە.. فەرموون با بەیەكەوە گویّ بۆ ترپەی دلّ و هەناسەی خۆزگەكانی ئەو پیاوە هەلّخەین و سەر بە مالّی یادەوەریەكانیدا بكەین..

**هەڤپەیڤین/ زریان ئیبراهیم**

**لەقۆناغی خوێندنی سەرەتایی لەچوونی بەیانیان بۆ قوتابخانە زۆر تەمبەلّ بووم..**

**ڕۆژێكیان بومەلەرزەیەك هات و رواندزی گرتەوە، من و چەند برادەرێكم لە خۆشحالّی و شادمانیان هەلّدەپەڕین و لە خوا دەپاڕاینەوە،بەلّكو لەگەلّ ئەو بومەلەرزەیە قوتابخانەكەمان روخابێت.**

*** ئێستاشی لەگەلّ دابێت، مەگەر دوای هەشتاكان، ئەگینا كەسمان نازانین مێژووی لە دایكبوونمان چ ڕۆژو مانگێكە، بۆیەش كە هەندێكیان بورجەكان دەخوێننەوە، پێشبینیەكان رێك پێچەوانەی چاوەڕوانی و خۆزگەكانمانن، بۆیە سەیر نیە كە هەندێك جار وا رێككەوتووە، مێژووی لە دایكبوونی منالێك پێش مێژووی دایكی یان باوكی كەوتبێت، یاخود رۆژی لە دایكبوونی چەند ئەندامێكی ناو خێزانەكانمان وەك یەك بێت، ئەوەتا (( ئەسعەد )) بە پێكەنینەوە، وەك ئەوەی نوكتەیەكمان بۆ بگێڕێتەوە دەلّیّ:**

_من لە سالّی 1937 لە رواندز لە دایكبوومە، بەلاّم تا ئەم چركە ساتەش نازانم چ رۆژو مانگێكە، ڕاستە لە ناسنامەكەم نووسراوە 7 /1/1937 بەلاّم سەیر لەوەدایە چەند ئەندامێكی خێزانەكەشم هەر هەمان مانگو رۆژیان بۆ نووسراوە، جا نازانم ئەوە رێككەوتە، یان شتێكی ترە، بۆیە كە چوومە ئەمریكا گوتم لە 21 / 3 / 1937 لە دایكبوومە.

**دەگێڕنەوە ئەو پرۆفیسۆرەی ئەمڕۆ، ئەویّ دەمیّ كە ناردوویانەتە بەر خوێندن تەمبەلّ بووە و خۆزگەی ئەوەی خواستووە كە بەیانیەك لەخەو هەلّسیّ، لەبڕی ئەوەی گوێی لەهەر شتێك بێت، هەوالّی ڕوخانی قوتابخانەكەی پیّ رابگەیەنن.. ئەو هەمدیس بە پێكەنینەوە، وەك ئەوەی گەڕابێتەوە ئەو رۆژگارە گوتی :**

_ڕاست دەكەن، بەلاّم بەو مانایە نا كە لە فێربوون و خوێندن تەمبەلّ بووم، بەلّكو تەمبەلّ بووم لەوەی بەیانیان زوو بچمە قوتابخانە، من سەرەتای چلەكان چوومە بەر خوێندن ئەو كاتە(ئەنوەر عەلی و برایم ئاغاو بۆیا ئەفەندی ) ماموّستای ئێمە بوون، ئەو كاتە نەداری بوو بە پیّ پەتی و جل و بەرگێكی شڕ دەچووینە قوتابخانە.

بومەلەرزەیەك هات و رواندزی گرتەوە، من و چەند برادەرێكم لە خۆشحالّی و شادمانیان هەلّدەپەڕین، خەلّك سەیری پیّ دەهات لە كاتێكدا ترسی ئەوە هەبوو بەهۆی ئەو كارەساتە خەلّكێكی زۆر بكوژریّ، كەچی ئێمە كەیف خۆش بووین، بەلاّم راستیەكەی

**بەمناڵی زۆر بزێو بووم، بەدارو دیوار هەڵدەگەڕام، شەڕم بە سێبەری خۆم دەفرۆشت، رۆژ نەبوو لەگەڵ کوڕانی گەڕەکەکەم شەڕە بەرد لە بەرامبەر منالآنی گەڕەکێکی تر نەکەین..**



**زۆرجار بەیانیان زوو بە دزی دایکمەوە بە هاوڕێیەتی چەند منالێکی تر دەچووینە ناو خەرەند بۆ ماسیگرتن، تابێزار دەبووین ڕاومان دەکرد.. شەوانەش بۆ یاری دەچووینە دەریٚ، بۆیە کەم جار هەبوو لەلایەن دایکمەوە جوێن باران و تێر شەق نەکرێم.**

ئەوەبوو دڵمان بەوە خۆش بوو، هەروا دەپاڕاینەوە لەخوا بەڵکو لەگەڵ ئەو بومەلەرزەیە قوتابخانەکەمان روخابێت، بۆیە بەپەلە رامانکردە ئەو شوێنە، کاتی چووین وقوتابخانەمان بینی هەر بە پێوە وەستاوە هەزار کوفرمان کرد، زۆرجاریش هەر لەسەر ئەو لەش گرانیو بیٚتاقەتی و تەمبەڵیە، برادەرو هاوپۆلەکانم شەڕیان پیٚ دەفرۆشتم، بۆ نموونە برادەرێکم هەبوو بەناوی ( سەدیق ) هانیان دەداو ئەویش دەکەوتە گیانم و ناچاری دەکردم لە شوێنی خۆم ڕاپەڕم.

*** بەلآم دەڵێن لەگەڵ ئەمەشدا لە دەرەوە منالێکی چەتوون و بزۆز بوویت، گوایە هەر لەسەر ئەمەش زۆرجار دایکت لێیداویت، دەکریٚ چەند دیمەنێکمان لەو رۆژانە بۆ بگێڕیتەوە ؟**

_بەڵیٚ بۆ نا؟ بەخوا بە منالی زۆر شەیتان بووم، بەدارو دیوار هەڵدەگەڕام، شەڕم بە سێبەری خۆم دەفرۆشت، رۆژ نەبوو لەگەڵ کوڕانی گەڕەکەکەم شەڕە بەرد لە بەرامبەر منالآنی گەڕەکێکی تر نەکەین، زۆرجار بەیانیان زوو بە دزی دایکمەوە چایدانم



هەڵدەگرت و بە هاوڕێیەتی چەند منالێکی تر دەچووینە ناو خەرەند بۆ ماسیگرتن، ئەو کات خەرەند وەك ئێستا نەبوو، ڕووبارێکی گەورەی پێدا ڕەت دەبوو کە پڕ بوو لە ماسی، تابێزار دەبووین ڕاومان دەکرد، دوایش چایەکەمان دەکولآندو پاش حەسانەوە دەگەڕاینەوە ماڵەوە.. یان کە نیوەڕۆ دەهات، بە تایبەتی هاوینان، دیسان بەقونە خشکیٚو ترسەوە خۆم دەشاردەوە و دەچووینە روباری کاولۆکانو پێپڕ، هەتا شەکەت دەبووین مەلەوانیمان دەکرد، شەو هەروا بۆ یاری دەچووینە دەریٚ، بۆیە کەم جار هەبوو دایکم لیٚ توڕە نەبێتو جوێن بارانم نەکات، یان تێر شەقم نەکات.

*** باشە با بێینەوە سەر خوێندنو قوتابخانە، بەڕاست چیتکرد، هەر بەردەوام جاڕسو بێزار بوویت، یان توانیت درێژە پیٚ بدەیتو قۆناغی سەرەتایی تەواو بکەیت، چاکتر وایە بڵێم کە سەرەتایت تەواو کرد، ئەو کاتە قوتابخانەی ناوەندی لە رواندز نەبوو، چۆن و لە کویٚ ئەو قۆناغەی خوێندنت تەواو کرد؟**

– نەخێر، ئەو تەوەزەلیە ماوەیەکی کەم بوو، کۆتایی هات، ئیدی بەردەوام بووم لەسەر خوێندن، جا لێرەدا گرفتەکە دروست بوو، کە نەك تەنها ئێمە، بەڵکو خێزانەکانیشمان نیگەران بوون، چونکە تا ساڵێکیش بەر لە تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی، قوتابخانەی ناوەندی لە رواندز نەبوو، ئەو کاتە تەنها لە هەولێر قۆناغەکانی تر هەبوون، ئەو مێژووەی من باسی دەکەم سالآنی ( 1949 – 1950 ) بوو، بۆیە بەرلەوەی جاریٚ سەربوردەی دروستکردنی قوتابخانەی ناوەندیت بۆ باس بکەم، دەمەویٚ زۆر بە ڕاشکاوی بڵێم، ئەگەر بڕیارە لە دوای ( حوزنی موکریانی ) پەیکەر بۆ کەسێکی تر لەم شارە دروست بکەن، ئەوا ( شەفیع ئەفەندی، باوکی مامۆستا سەلآح ) شیاوترین کەسە، چونکە ئەگەر ئەو پیاوە نەبوایە، چەندین ساڵی تریش قوتابخانەی ناوەندی لە رواندز دروست نەدەکرا.

وەك گوتم ئەو کاتە کەس توانای دارایی ئەوەی نەبوو منالەکانی بنێرێتە هەولێر، ئیدی ئەوەی قۆناغی سەرەتایی تەواو دەکرد، دەچووە بەشی ( لاسلکی ) دادەمەزرا، یان لە ماڵەوە بیٚ ئیش دەمایەوە، یاخود دواتر بواری ئەوە هەبوو وەك خۆبەخش بچێتە بواری ( فرۆکەوانی – گیران )و ئیدی بەم چەشنە ژمارەیەکی زۆر قوتابی بیٚکار مابوونەوە، براکانی من لەوانە بوون، بۆیە باسی گەورەیی ( شەفیع ئەفەندی )، دەکەم ئەو کابرایە کەسێکی تێگەیشتوو دڵسۆزو خەمخۆری شارەکەبوو..جارێکیان بە ڕێکەوت ( مەحەمەد عەلی مستەفا ) کە ئەو سەردەمە بەڕێوەبەری گشتی فێرکردنی دواناوەندی بوو، بە میوانداری هاتبووە ماڵی ( مەلا تاهیر ئەفەندی لە رواندز، ( شەفیع ئەفەندی ) ئەو دەرفەتەی قۆستەوە و چوە لای و پێی ڕاگەیاند، کە حکومەت لەزۆر شوێن قوتابخانەی ناوەندی کردۆتەوە، بەڵکو لە رواندزیش کارێکی وا بکات و ئەو هەموو قوتابیە دوارۆژیان نەفەوتیٚ، لە وەلآمدا پێی گوتبوو: ئێمە ناتوانین ئەو کارە بکەین، حکومەت توانای نیە، ئەگەریش هەر دەتانەویٚ، ئەوا چەند مەرجێکم هەیە دەبیٚ جیٚبەجێی بکەن، ئەویش دەڵیٚ بەسەر چاو.

بەرێوەبەری گشتی پێی دەڵیٚ : دەبیٚ خانوێکی بە خۆڕایمان بۆ دابین بکەن، هەروەها بەردەستێکیش کە

بۆ ماوەی ساڵێك بێ بەرامبەر کار بکات.. ( شەفیع ئەفەندی ) دەڵێ هەر ئەوەندە، ئەوە ئاسانە، خۆی ناگرێ و وەك پیاوێکی بە هیمەت، کە خەڵك ڕێزیان دەگرت و قسە و ئامۆژگاریان لێوەر دەگرت کەوتە خۆو هاتە ناو بازاڕو دوکان بە دوکان گەڕا ( 250 فلس ) لێرە، نیو دینار لەوێ، دینارێك لەولا، کە ئەوکات دینار بوو، ( عەبدولحەکیم مەلا تاهیر ) کە ئەفسەری سوپای عێراق بوو بە پلەی موقەدەم ( پەنجا دینار )ی بەخشی، هەرکە پارەی کۆکردەوە، چوو لە گەڕەکی سەرەوە خانوێکی بە ( 350 دینار ) کڕی، کابرایەکیش بەناوی ( قادری وەستا ئەحمەدی ) کە بێکارو کاسبی لەناو بازاڕ دەسوڕایەوە، بە پێکەنینەوە بانگ دەکات و پێی دەڵێ ( قادر ) دەتەوێ لە شوێنێك داتبمەزرێنم ؟



ئەویش دەڵێ زۆر مەمنونت دەبم، ( شەفیع ئەفەندی ) پێی دەبێژی ئاخر دەبێ ساڵێك بەبێ مووچە دەوام بکەیت، ئەویش دەڵێ کێشە نیە هەر سوپاست دەکەم، ئەوەبوو بە دەستوبردی ئەو جوامێرەو بەکاری هەرەوەزی خەڵکی شار کەموکوڕی قوتابخانەکەیان تەواوکرد، مایەوە گرفتی مامۆستا، چونکە مامۆستای ناوەندیمان نەبوو. ئیتر هەر ئەو زاتە سەردانی ( مەحەمەد عەلی ) کردو داوای هێنانی مامۆستای لێکرد، ئەویش گوتبووی ئێستا لەم کاتەدا مامۆستامان نیە، بەڵام بیرم بۆ مامۆستایەك دەچێ کە خەڵکی کۆیەیە و ناوی ( حەمید حەمە ) یەو تازە دامەزراوە، بڕۆ تەکلیف لەو بکە، ئەگەر ڕازی بوو بۆتانی دەنێرم، بە بڕوابوون و لەخۆبوردەیی( شەفیع ئەفەندی ) بەدوای ( مامۆستا حەمید )دا دەچێت و داوای لێدەکات و ئەویش ڕازی دەبێت، بەم جۆرە مامۆستایەکی هێنا کە پسپۆری لە بیرکاری هەبوو، دەوامیش خەریکبوو لە نیوەی ساڵ نزیك دەبووەوە، بۆ ساڵی دواتریش سێ مامۆستامان بۆ هاتن بەناوی ( جەرجیس فەتحوڵلاو سەدیق) کە خەڵکی موسڵ بوون، لەگەڵ خوالێخۆشبوو ( ئەنوەر سلێمان ). ساڵی سێیەمیش مامۆستا ( ئەنوەر تاهر ) هاتە قوتابخانەکەمان.

قوتابخانەی دواناوەندی ڕواندز کە بەشەونخوونی و خەمخۆری ئەو مێرخاسە و دەستکراوەیی خەڵکی شارو بەم دەردەسەرییە دروست بوو، زۆر شانازی پێوە دەکەم، ئێستاش زۆرجار لەگەڵ برادەرو قوتابیەکانم باسی ئەو سەربوردەیە دەکەم و دەڵێم، لەو قوتابخانە سادەیە، کە بەو زەحمەتیە بونیادنرا من و د. کەمال حاجی نەبی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و د. مەزهەر ڕواندزی باشترین پزیشکی پسپۆری نەشتەرگەری جوانکاری لە عێراق و چەندین پارێزەرو دادوەرو ئەندازیارو مامۆستا دەرچووین، بۆیە دووپاتی دەکەمەوە کە ئەگەر پەیکەرێکی تر لەم شارە دابنرێ، هەقە بۆ ( شەفیع ئەفەندی ) بکرێت، کە بەداخەوە ڕەنگە تا ئێستا زۆربەی خەڵکی شاری ڕواندز ئەو حیکایەتەی نەبیستبێ و نەزانێ.

***گوایە تۆ زۆر لە بیرکاری زیرەك بوویت، کێبەرکێیەکی زۆر لە نێوان قوتابیان هەبوو لەسەر ئەوەی کێ بە یەکەم دەربچێت، ئەمە چۆنە ؟**

– دەبێ ئەوە بۆ مێژوو بڵێم کە مامۆستاکانمان زۆر دڵسۆزو خەمخۆری دواڕۆژی ئێمە بوون و لەگەڵمان میهرەبان بوون، هەمیشە هانیان دەدایین بۆ خوێندن، ئەمەش وایکرد کە زۆر خۆمان ماندوو بکەین و باوەڕمان بەخۆمان بێت.. نەك هەر من، زۆربەی قوتابیەکان لە وانەی بیرکاری زیرەك بوون، ئێ دوو مامۆستا بیرکارییان پێ دەگوتینەوە، لەبەر کەمی ڕێژەی مامۆستاش، زۆرجار لەبری وانەی وەرزش و ئایین، بیرکاریمان دەخوێند، بۆخۆم ئەگەر لە تاقیکردنەوەی بیرکاری ( 100٪ )م نەهێنابا خەفەتبار دەبووم، وای لێهاتبوو خەڵکیش چاوەڕێی دەرچوون و دەرنەچوونی ئێمەیان نەدەکرد، ئەوەندەی بیریان لەوە دەکردەوە کە کێ یەکەم دەبێت، کێبەرکێیەکی بەهێز لەناوماندا هەبوو، ( من و د. مەزهەر ) بەردەوام پێشبرکێمان بوو.

*** باشە تۆ ئێستا پسپۆری بواری بیرکاری و کۆمپیوتەریت، لە کاتێکدا بیستوومانە تۆ سەرەتا قوتابی کۆلیژی ددانسازی زانکۆی بەغدا بوویت و ماوەیەکیش مامۆستای سەرەتایی، ئەم بەسەرهاتە چییە ؟**

– ساڵی 1956 لە کۆلیژی ددانسازی زانکۆی بەغدا وەرگیرام، ئەو کاتە کادیرو هەڵسوڕاوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووم و( د. مەحمود عوسمان ) لێپرسراوی من بوو لە ڕێکخستنی پارتایەتی.. ئەو ساڵە بوو کە ( جەمال عەبدولناسر ) کەناڵی سوێسی خۆماڵیکرد، ئەوەبوو( د. مەحمود ) هاتە لام و ڕایسپاردم و پێی گوتم ئەوە فەرمانی حزبە کە دەبێ لافیتەیەك بەم بۆنەیەو بەو دروشمەوە بنووسم و هەڵبواسم، ( اتحاد طلبة كوردستان في طب الاسنان، يؤيد جمال عبدالناصر لتأميم قناه السويس )، ئەوەی ڕاستی بێت حەپەسام و پێم گوت : کاك مەحمود تۆ باش دەزانی لەم کۆلیژە تەنها یەك کورد هەیە، ئەویش منم، پێت وایە حکومەتی نوری سەعید هێندە گێل و گەمژەو نەزان بێت نەزانێ ئەو کەسە کێیە ؟ ئەو بە

قوتابخانەی دواناوەندی ڕواندز کە بەشەونخوونی و خەمخۆری ( شەفیع ئەفەندی ) و دەستکراوەیی خەڵکی ئەم شارەو بەم دەردەسەرییە دروست بوو، زۆر شانازی پێوە دەکەم.

لەم قوتابخانە سادەیە باشترین پزیشکی پسپۆری نەشتەرگەری جوانکاری لە عێراق و چەندین مامۆستای زانکۆ و پارێزەرو دادوەر و ئەندازیارو مامۆستا دەرچوون.

ئەگەر پەیکەرێکی تر لەم شارە دابنرێ، هەقە بۆ ( شەفیع ئەفەندی ) بێت، بەداخەوە ڕەنگە تا ئێستا زۆربەی خەڵکی شاری ڕواندز ئەو حیکایەتەی نەبیستبێ.

**بۆ مێژوو دەڵێم لە ساڵانی کردنەوەی قوتابخانەی سەرەتایی لەرواندز مامۆستاکانمان زۆر دڵسۆزو خەمخۆری دوارۆژی ئێمە بوون، تابڵێیت لەگەڵ قوتابیان میهرەبان بوون.**

**زۆرجار لەبەر کەمی رێژەی مامۆستایان لەبڕی وانەی وەرزش و ئایین، بیرکاریمان دەخوێند.. ئەوسا خەڵکی چاوەڕێی دەرچوون و دەرنەچوونی ئێمەیان نەدەکرد، ئەوەندەی بیریان لەوە دەکردەوە کە کێ یەکەم دەبێت.**

کورتی لێی بڕیەوە و گوتی ئەوە فەرمانی حزبەو تۆش کەیفی خۆتە. بەهەر حاڵ من فەرمانەکەم جێبەجێکردو لافیتەیەکم نووسیو هەڵمواسی، زۆری نەبرد فەرمانی گرتنم دراو ناچار ڕامکردو هاتمە هەولێر، ئەو کاتە کەم کەس دەیزانی من لە حکومەت قاچاغم، تا رۆژێک بەم بێکاریو خۆ حەشاردانە برادەرێک هاتو پێی گوتم بۆ نابیتە مامۆستای سەرەتایی، ئەوەبوو دوای ماوەیەک لە قوتابخانەی کاولۆکان، بە مووچەی ( 7 ) حەوت دینار بوومە مامۆستا تا کودەتای قاسم، پاش ئەوە ساڵی ( 1961 ) داواکاریم پێشکەشکرد و لە بەشی بیرکاری کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی بەغدا وەرگیرام.

*** با ئەو جیهانە جێ بهێڵینو کەمێك باسی سیاسەت بکەین، کەیو چۆن هاتیتە نێو ئەم دونیایە؟**

– سەرەتا چەند کەسێك لە رواندز پارتی بوون، ئەوانیش ( جەلالی برامو سەبری ئەفەندیو نەجاتو سەیداو فەتاحو نەشئەت ئەفەندیو چەندی تریش)، ئەوانە هەموویان ئیشیان بۆ پارتی دەکرد، بەڵام کەس نەدەوێرا بەئاشکرا بجولێتەوە، لەگەڵ ئەو ترسەش، کەچی بەردەوام لەناو ماڵەکانمان باسی کوردایەتی دەکرا، ئەو دەمە لە رواندز شیوعی زۆربوون، ئێمە گەنجەکان ( منو لەتیف نادرو حاجی ساڵح هەولێریو نوری برامو سەدیقو چەند گەنجێکی تر ) پەیوەندیمان بە رێکخستنەکان کردو بەردەوام کارمان دەکرد بۆ زیاترو پتەوترو بەهێزکردنی رێکخستنەکانمان، دەبێ ئەوەش بڵێم لە دەڤەری باڵەکایەتی پارتی زۆر بەهێزبوو، بۆیە زۆرجار ( منو لەتیف ) بەدزیو بۆ کاری حزبایەتی دەچووینە ئەو ناوە، ئێمە چ بەقسەکردن لەگەڵ ئەو خەڵکانەی جێی باوەڕبوون، یان بە هەڵواسینو بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکانی حزب سەرگەرمی کاری پارتایەتی بووین، نموونەیەکت بۆ دەگێڕمەوە، کە کوودەتاکەی ساڵی ( 1958 ) کرا، یەکەم کەس لەناو شاری رواندز وتاری داو بەشایەتی زۆربەی ئەوانەی ماون من بووم، ئەو ڕۆژە نەماندەزانی ( قاسم ) سەرۆکایەتی ئەو کودەتایە دەکات، زۆرباش لەبیرمە، رۆژی دووشەممە بوو، لەوسەردەمدا ( فەوزی سائیب _ فەوزی بەگ ) قائیمقامی رواندز بوو ( سەعید قەتتان ) لێپرسراوی فەوجی حامیە بوو، دوای وتار خوێندنەوەکە بڵاوەمان لێکرد، من لەناو بازاڕو لە چایخانەی ( سەعید ) دانیشتبووم کە ( حەمەدەمین غەفور ) لەگەڵ دوو پۆلیس هاتە لامو گوتی : کاك ئەسعەد، ( سەعید قەتتان )، داوای کردووە کە بەگیراویو کەلەبچەکراوی بتبەینە حامیە، بەڵام پێم خۆش نیە خەڵك بەم شێوەیە بتبینێ، بۆیە وا ئێمە دەڕۆینو تۆش لەگەڵ ( کەمال )ی برات بە ئۆتۆمبێلێکی تر بەدوای ئێمە وەرن.. ئەوەبوو چوینە لای ( سەعید قەتتان )، دوای پرسیارو وەڵام، پێی گوتم : ( اسمع الحكومه الشرعيه، هى حكومه صاحب الجلالە )، منیش وەك بڵێیت کە دڵنیابم لەوەی کودەتاکە سەر دەگرێ، خۆم بۆ نەگیراو گوتم : ( ان الحكومه الشرعيه، هی حكومه الثورة ) کە هەموو شت بوو، بەس شۆڕش نەبوو، بەنسبەت ئێمەی کورد، لەسەر ئەم قسەیە زیاتر لە( 5 ) کاتژمێر رایانگرتین، دیاربوو ( فەوزی بەگ )ی قائیماقام گوایە من دەناسێ، ( کەمن نەمناسیوە )، داوای کردبوو



ئازاد بکرێم، ئەوەبوو ( سەعید ) فەرمانی قائیمقامی بەجێ گەیاندو چوومە ماڵەوە، چونکە ئەوکات لێپرسراوی حامیە کە دەگەیشتە قائیمقام سڵاوی بۆ وەردەگرت. بەهەر حاڵ دوای ئەوە کودەتاکە سەری گرت، ئیدی ( سەعید قەتتان ) خواخوای بوو ئێمە کێشەی بۆ دروست نەکەین. جارێکی تر هەندێك بڵاوکراوەو بەیاننامەمان بۆ هاتبوون، دەبوایە هەڵمانبواسیبان و دابەشمان کردبان، لەگەڵ ( لەتیف )و هەڤاڵانی دیکە، کارەکەمان تەواوکردو تاكو تەرا بەیاننامەمان مابوو، لەناو بازاڕ بووین کە پۆلیسێکی نەخوێندەوارمان لێپەیدابوو، لێی پرسین هادیسان ئەوە چییە پێتانە؟ ئێمەش گوتمان بەیاننامەی حکومەتە، ئەوەبوو دانەیەکی لێوەرگرتینو بەنەزانی خۆی چوبوو بە دەرگای سەرای رواندزی هەڵواسیبوو، بۆ رۆژی دواتر ببووە هەڵلاو گوتبویان، پارتی دەستی گەیشتە ناو سەرا.. ئیدی پۆلیسەکە

ناوی منی دابوو، هەر ئەو ڕۆژەش کە بەیاننامەکانمان دابەشکردن، لە قوتابخانەی کاولۆکان لە کاتی وانەدا لەسەر تەختەڕەش بە خەتێکی گەورە دوو دێڕی شیعری ( ئیبراهیم ئەحمەد )م نووسیبوو کە دەڵێ :

مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان

چۆن قازانج ئەکەی تا نەکەی زیان

لە زیرەی زنجیر دڵت نەلەرزێ

پێوەند بۆ لەشە نەوەك بۆ ژیان

بۆ بەدبەختیەکەی من ئەو ڕۆژە قائیمقام دێتە قوتابخانەکەمان، لەوەش خراپتر هاتە پۆلەکەی من، کە ئەمەی بینی، گوتی مامۆستا کێ ئەو شیعرەی نووسیوە، زۆر دەترسام، ئێ کەس نەبوو ئەو سەردەمە، نەك بەرامبەر قائیمقام، بەڵکو لە ڕووی پۆلیسێکیشدا فزە بکات، بۆیە نکوڵیم لێنەکردو گوتم من نووسیومە ( فەوزی بەگ ) شیعرەکەی تەواوکرد، ڕووی لەمن کردو گوتی مامۆستا دەزانی ئەم شیعرە هی کێیە ؟ گوتم: بەڵێ، گوتی دە مامۆستا خاوەنی ئەم شیعرە ( بلەی ئەحە ڕەش ) مامۆستای من بووە و زۆرم خۆش دەوێ، منیش بێ دەنگ وەك پەیکەر هەر( بەڵێ )م بۆ قسەکانی دەلەقاند. ئەوەبوو بۆ ڕۆژی دواتر بە دوامدا هاتن بۆ قائیمقامیەت، منیش بە ترس و قونە خشکێ چوومە ئەوێ، کە بردمیانە ژوور وتی : کوڕی باش پرسیارێکت لێدەکەم بەس ڕاست وەڵامم بدەوە، پێم گوت بەڵێ قوربان، لێمی پرسی : تۆ پارتی؟ گوتم: نەخێر.. سەرێکی باداو پێکەنی و کەمێك ئامۆژگاری کردم و سەری لەقاندو گوتی بڕۆ ماڵەوە.. سەیرم پێهات چۆن وا بەئاسانی و بێ سزا ڕێگەی دام، توومەز قائیمقام برای ( نەوزاد ) بووە کە هەڤاڵێکی ئێمە بوو، بەیاننامەو بڵاوکراوەی بۆ دەهێناین، لە زمانی ( نەوزاد ) زانیویەتی کە منیش کار بۆ پارتی دەکەم، هەر ئەو هۆیەش بوو کە لە حامیە گیرام هاتە ناو کێشەکە.. من هەر لەبیرم نەمابوو، ڕۆژێك ( نەوزاد ) هات و گوتی هەندێك بەیاننامەم هێناوە و لە ماڵی براکەم داناون، بڕۆن با بیهێنین، منیش گوتم : ماڵی برات کێیە و لە کوێیە؟ گوتی ماڵی قائیمقام.. منیش گومانێکم کردو پێم گوت نایێم، کەسیش نا، ماڵی قائیمقام؟! پێکەنی و گوتی بڕۆ باکت نەبێ، دیارە ئەو ڕۆژە ئێمەی دیوە و ئەوەبووە ناسینی من و قائیمقام.

ئەگەر ڕێگەم بدەیت، بەسەرهاتێکی ترت بۆ باس دەکەم، ئەو کاتە لە بەغدا قوتابی بووم، ( مام جەلال ) سکرتێری قوتابیانی کوردستان بوو، بڕیاری تەجمید کردنی ( هەمزە )ی دابوو، ئێمە لیژنەیەك ( من و عەدنان نەقشبەندی و جەمیل دزەیی و خورشید دزەیی و کاکەڕەش نەقشبەندی و چەند هەڤاڵێکی تر ) بڕیارەکەمان پەسەند کردبوو تێیدا سەرکەوتووبوین، لەم شەوانە لە هەولێر بووین لەگەڵ ئەو برادەرانە و یادی ئەو ڕۆژانەمان دەکردەوە. دیارە لادانی ( هەمزە ) بڕیارێکی قورس بوو، دەبوایە قەناعەت بە ( بارزانی نەمر ) بێنین و بەڵگەی بدەینە دەست، بۆیە ئەم لیژنەیە لەگەڵ ( مام جەلال ) بڕیارماندا سەردانی سەرکردایەتی بکەین و لەرێگای خۆشمان مەسەلەکە لەگەڵ لیژنەکانی تر باس بکەین، لەبەرئەوە بە بەرنامە هاتین، سەرەتا لە کەرکوك ( عەلی عەسکەری )و لیژنەی ئەوێ پێشوازی گەرمیان لێکردین و لەگەڵمان هاو ڕابوون، سەردانی سلێمانیمان کرد، بەڵام ئەوان هەر خۆیان نیشان نەداین و، کەچی لیژنەی ئافرەتان و خاتوو ( روناك زوهدی ) پیشتیوانی زۆریان لێکردین، لە هەولێریش ( مەلا عەبدوللا )و لیژنەی ئەوێ تا ئەوپەڕی هاوکارمان بوون، کە گەیشتینە شەقلاوەش ( حەمیدو مەحمود کاوانی ) لەگەڵ جەماوەرێکی زۆر پێشوازیان لێکردین، لە ڕواندز و باڵەکایەتیش هەمان شت، هەڵوێستیان لەگەڵ ئێمەدابوو، ئەوەبوو چووینە سەرکردایەتی و کێشەکە کۆتایی هات و بڕیارەکەمان سەری گرت.



*** لە دەرەوەی سیاسەت و لەم ڕۆژانە ڕێزلێنانێکی شایستەو لەمیانی ڤیستیڤاڵ و دانانی پەیکەرێك، حکومەتی هەرێم " حوزنی " و بەرهەم و داهێنانەکانی بەرز ڕاگرت، تۆش ئەو ڕۆژە ئامادەبوویت، ئەم هەنگاوە چۆن هەڵدەسەنگێنی ؟**

ئەو کاتەی ((حوسێن حوزنی موکریانی )) لە ڕواندز بوو لە یادمە، بە تایبەتی (( گیو ))ی برای زۆر دۆستم بوو، حوزنی نەك لە بواری ڕۆژنامەنووسی و ڕۆشنبیری، بەڵکو لە بواری کوردایەتی و بیری نەتەوەیش خزمەتێکی مەزن و بەرچاوی گەلەکەی کرد. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ کەس دژایەتیان

لە کۆشکی سپی پڕۆژەیەکم لەسەر کێشەی کورد و ئایندەی عێراق پێشکەشکردو بە سەرۆك بۆشم ڕاگەیاند، کە هەموو کورد هیوای سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی دەخوازێ.

ساڵی ( 1991 ) یەکەم کەسی کورد بووم لەسەر داوەتنامەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بە ئامادەبوونی( 450) شارەزاو پسپۆری سیاسی و لەناو بینایەی وەزارت موحازەرەیەکم لەسەر کێشەی کورد پێشکەش کردو لەگەڵ ( ئالگۆر ) و زۆر لە سیناتۆر و کاربەدەستەکانیان دانیشتووم.

**بڕوای تەواوم بەوە هەیە کە سەربەخۆیی کوردستان لە ئەمریکا دەست پێدەکات .**

**کەی توانیمان قەناعەت بە حکومەتی ئەمریکا بێنین، کە بەبێ چارەسەری بنەڕەتی کێشەی نەتەوەیی‌و نیشتیمانی کورد، دیموکراسیەت و ئاشتی لە ناوچەکەدا بەرقەرار نابێت، ئەوسا گرەوەکەمان بردۆتەوە.**



دەکرد.. بەبیرم دێت ( فایەق کاکەمین ) زۆر ئاستەنگ‌و کێشەی بۆ دروست دەکرد، ئەوەم لە ( مەلا عەبدولکەریمی خەیلانی ) بیستووە و دیارە ( کاکەمین ) ویستویەتی هەر چۆنێك بێت ئەو پیاوە دەرپەڕێنێ.

جارێکیان ( کاکەمین ) بەسواری ئەسپ هاتە رواندز، ( مەلا عەبدولکەریم ) چووە جڵەوی ئەسپەکەی گرتووەو پێی گووتوە: حوزنی پەنای بۆ ئێرەو ئێمە هێناوە وازی لێبێنە، شتێکی راست‌و کارێکی ڕەوا نیە وای لێدەکەیت، دیارە ئەوکات وازی هێناوە، بەلاّم دواجار هەر ناچاریان کرد ئەم شارە جێ بهێلێ. ئەو پیاوە جێگەی شانازییە، خزمەتێکی گەورەی کردووە، هەقە زیاتریش رێزی لێ بگیرێ،ئەو کاتەی (( گیو )) هات چاپخانەکە لە رواندز بباتەوە، هاتە ماڵی ( مەلا عەبدولکەریم )، چونکە دەترسا گرفتی بۆ دروست بکەن، بۆیە باشم لەیادە ( مەلا عومەر ) ی برای منیان لەگەڵ ناردو بەبێ کێشە چاپخانەکەی برد، ئەو دەم ماڵی (( مستەفا ئاغا.. ئەگەرچی پیاوی باشیش بوو ) لە رواندز بوو، پێ دەچوو کێشەیان لەگەڵ ( حوزنی) دا هەبێت، دەستخۆشی لە حکومەت دەکەم بۆ ئەم هەنگاوە، بەو هیوایەی لە ئاییندە بیر لەوە بکرێتەوە کە چاپخانەیەك بەناوی کوردستان لێرەو لە شوێنی حوزنی دابنێن، تا وەکو جاران درێژە بە کاروانی ئەو بدرێت‌و ئەو ( زاری کرمانجی )یەی ئێستاش لەو چاپخانەیە بکرێتەوە.

***چۆن بوو لەگەڵ (( سەرۆك بۆش )) دانیشتن ؟**

- من جگە لەو دانیشتنە، چەندین جاری تر لەگەڵ زۆر لە بەرپرسە پایە بەرزەکانی ئەمریکا دانیشتووم، ساڵی ( 1991 ) یەکەم کەسی کورد بووم‌و لەسەر داوەتنامەی وەزارەتی دەرەوە، بە ئامادەبوونی( 450) شارەزاو پسپۆری سیاسی وەزارەت‌و لەناو بینایەی وەزارت موحازەرەیەکم



لەسەر کێشەی کورد پێشکەش کردو لەگەڵ ( ئالگۆر )و زۆر لە سیناتۆرو کاربەدەستەکانیان دانیشتووم، ساڵی ( 2003 ) بەر لە روخانی سەدام، لە کۆشکی سپی چاوم بە " سەرۆك بۆش " کەوت‌و پڕۆژەیەکم لەسەر کێشەی کوردو ئایندەی عێراق پێشکەشکردو پێم راگەیاند کە هەموو کورد هیوای سەربەخۆیی‌و دەوڵەتی کوردی دەخوازێ، ئێمە لە ( knc )یش لەمیانی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ حکومەتی ئەمریکی جەختمان لەسەر پرسی سەربەخۆیی کردۆتەوە، ئەو رۆژە بە ( سەرۆك )م گوت: کێشە ئەوەیە، ئێوە تا ئێستا لە کوردتان نەپرسیوە چیتان دەوێ، بەڵکو پرسیار لە دوژمنەکانی دەکەن، ئەوەی راستی بێت " بۆش " پیاوێکی دیموکراسیخوازەو لە پەیامەکەشیدا راستگۆیە، کە پێم گوت : جەنابی سەرۆك ئەگەر تاکە دۆستێکی دڵسۆزو ڕاستگۆت لە رۆژهەلاّتی ناوەڕاستدا هەبێت، کوردە، پێی گوتم ( fknow،yes – بەڵێ دەزانم ).

***بەڕاست ئێوە زۆر جەخت لەسەر سەربەخۆیی دەکەنەوە، پێتان وایە ئەمە کارێکی ئاسانە ؟ ئایا هەلومەرجەکان لەبارن ؟**

- ڤۆلتێر قسەیەکی هەیە دەڵێ : (( ئەو مرۆڤە ئازادە، کە ویستی ئازاد بێت ))، منیش دەزانم مەسەلەی سەربەخۆیی‌و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی هەروا ئاسان نیە و بەقسە ناکرێ، رەنگە هێشتا وەك پێویست هەلومەرجەکان تەڕە خسابن، بەلاّم ئیشکردنی دەوێ، من لەو قەناعەتە دام‌و بڕوای تەواوم بەوە هەیە کە سەربەخۆیی کوردستان لە ئەمریکا دەست پێدەکات، کەی توانیمان قەناعەت بە حکومەتی ئەمریکا بێنین کە بەبێ چارەسەری بنەڕەتی کێشەی نەتەوەیی‌و نیشتیمانی کورد، دیموکراسیەت‌و ئاشتی لە ناوچەکەدا بەرقەرار نابێت، ئەو کاتە گرەوەکەمان بردۆتەوە. ئەمریکاش ڕۆڵ‌و کاریگەری کورد وەك هێزێکی سیاسی لە ناوچەکەدا دەبینێ، داوەتنامەی فەرمی کۆشکی سپی بۆ کاك (( مەسعود بارزانی.. سەرۆکی هەرێم )) نیشانەی ئەو درککرنەی ئەمریکایە بە گەورەیی‌و هەستیاری و کاریگەری کێشەی کوردن دەمێنێتەوە سەرکردایەتی کورد چەند دەتوانێ هەل و دەرفەتەکان بقۆزێتەوە، بەتایبەتی کە پڕۆژەی گۆڕینی نەخشەی سیاسی ناوچەکەو رژێمە دیکتاتۆرەکانی دەستی پێکردووە.. پاشان وەك هەندێك کەس دەڵێن کوردستانی سەربەخۆ خەونە، راست نیە، ئەگەر خەونیش بێت، هەر دێتە دی، چونکە پێویستە کورد ئەو قسەیەی ( تیۆدۆر هرتزل )ی دامەزرێنەری ئیسرائیل بێنیتەوە یاد کە دەڵێ : خەونێك باوەڕت پێی هەبێت، دەبێتە راستی )) من بەش بەحاڵی خۆم زۆر دڵخۆش‌و شادومان بووم کە سەرۆکی کوردستان لەو

سەردانەیداو لەمیانی وتارو دیدارو چاوپێکەوتنەکاندا وتی : سەربەخۆیی کوردستان، تاوان نیە، ئەمە ئەوپەڕی بڕوابوونە بەخۆ، کە شانازی پێوە دەکەم.. ئێستا ئەرکی سەرکردایەتی سیاسی کورد زۆر قورسە، ئەوە نیە هەر کەسێکی



ناشارەزاو کورتبین دێتو دەڵێ سەرکردایەتیەکی خەمساردو بێ توانایە، بڕوا بکەن ئەوانەی وا دەڵێن (( بەخۆشمەوە ))، هەر کاممان لە شوێنی ئەوان بین، نیو ئەوەندەی ئەوانمان بۆناکرێو زیاتریش لەوان هەڵە دەکەین. کەواتە سەربەخۆیی کوردستان نەك خەون نیە، بگرە ئاسۆیەکەشی زۆر ڕوونە، دەمێنیتەوەچەند ئێمە، بە هەموو لایەکمان بڕوامان پێی هەیەو کاری پێدەکەینو سەرکردایەتی کورد تا چەند دەتوانی دەرفەتەکان لە دەست نەدات.

***با بگەڕێینەوە بۆ رواندز ساڵی ( 2000 ) هاتیتەوەو پرۆژەو بەرنامەی ئەوەت هەبوو، زانکۆی ئەمریکی لەو شارە بکەنەوە، بەڕاست پرۆژەکە بەچی گەیشت، هەر ماوە، یان وازتان هێنا ؟**

نەخێر پرۆژەکەمان هەر ماوە، زۆر مامۆستاو نێوەندی ئەکادیمی ئەمریکیش هاوکار دەبن، ئێستاش هەر سەرقاڵی دۆزینەوەی میکانیزمی بەئاکام گەیاندنی ئەو بەرنامەیەم، ڕەنگە لەو سەردانەمدا، بەرلەوەی بگەڕێمەوە، لەگەڵ ( سەرۆکی حکومەت کاك نێچیرڤان بارزانی ) و لایەنە پەیوەندیدارەکان قسەیەك بکەین، بەڵکو وەکو حکومەت لەلایەنی دابینکردنی زەویو شوێنێکی شیاوی هاوکاری و ئاسانکاریمان بۆ بکەن، تەنانەت ئەو ڕۆژە کاك ( سوبحی شاکر شەواف )م بینی کە ئەندازیارێکی کارامەیەو خەڵکی رواندزە قسەمان لەسەر نەخشەی زانکۆیەکەش کردووە، من هیواو ئاواتی هەرە گەورەم ئەوەیە زانکۆیەك لەو شارە هەبێت و کاریش بۆ ئەم مەبەستە دەکەم.

**ئەگەرچی دانیشتین لەگەڵتاندا زۆر خۆشو بەسوودە، بەلاّم دوا پرسیارمان ئەوەیە، لەنێوان دوێنی و ئەمڕۆداو لە بواری رۆشنبیری رواندز چۆن دەبینی ؟**

بەڕاستی مرۆڤ زۆر سەربەرزەو شانازی بەوە دەکات کە رواندز لە بواری رۆشنبیریو هونەری لە مێژوودا وەك پێشەنگ ناسراوە، ماوەیەکیش پێش ئێستا لە ( med.tv ) دیمانەیەکیان لەگەڵدا کردم، زۆر بەختەوەر بووم، ژمارەیەك گەنج کە لەوێ کاری هونەری دەکەن، یان کادیری تەکنیکین هاتنو خۆیان پێ ناساندم کە خەڵکی رواندزن، ئێستاش لەسەر ئاستی کوردستان دەزگاو نێوەندێکی هونەری رۆشنبیری و راگەیاندن نادۆزیتەوە، جێ پەنجەو کاریگەری گەنجانی رواندزی تێدا دیار نەبێت، زۆربەوە سەرفرازم، بڕوای تەواویشم بەوەیە کە هەر گەلێك ڕێز لە هونەرو خوێندنو رۆشنبیری بگرێ سەردەکەوێ، هیوادارم لەو شارە لەتەك خزمەتگوزارییەکانی تر ( کە هێشتا زۆری پێویستە ) کۆلیژی هونەر بکرێتەوە.

ئەوەی ئێستا تۆو هاوکارەکانیشت دەیکەن، کارێکی زۆر پیرۆزە، خزمەتێکی گەورە، من هەفتەنامەی ( زاری کرمانجی )م بینی، شتێکی زۆر جوانو پڕ زانیاریو سوودە، بەتایبەتی کە کراوەتەوە سەکۆی خەڵك، دڵنیام دەتوانن ( ئەگەر بتانەوێ ) بەرەو پێشتری بەرنو کاریگەریو ڕۆڵی کۆمەلاّیەتیو فەرهەنگی خۆی هەیەو دەبێت، هیوادارم برەو بە بیری نەتەوەیی بدەن،.. باوەڕ بکەن کورد هەر بەو شێوەکارنە سەرکەوتوو دەبێتە، کە هاتمە ناو هۆڵی پاشای گەورە گەلێك دڵشادبووم کە ئەو دێرە شیعرەی ( قانع )م لەسەر دیوارەکەدا نووسراوە :

گیان فیدای دەستو قەڵەم بێ،
ئەسپو زینم بۆچیيە
تا قەڵەم هیمەت بکا،
برنەو کڕینم بۆچیيە

ئومێدەوارم هەر سەرکەوتووبن لە کارەکانتان، ئاواتە خوازم، بتوانن تەلەفزیۆنێکی ناوخۆیش لەو ناوچەیە دامەزرێنن...

سەرقاڵی دۆزینەوەی میکانیزمێکم بۆ بەئاکام گەیاندنی پرۆژەیەکی ئەکادیمی لە کوردستان، کە خۆی لەکردنەوەی زانکۆیەکی ئەمریکی لە شاری رواندز دەنوێنێ.

لەسەر ئاستی کوردستان دەزگاو دامەزراوێکی هونەری رۆشنبیرییو راگەیاندن نادۆزیتەوە، جێ پەنجە و کاریگەری گەنجانی ئەم دەڤەرەی تێدا دیار نەبێت.

# ڕۆمای دووەمی کوردستان

ڕۆژنامەنوسێکی بیانی سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد
یەکڕاست لە فڕگەی نێودەوڵەتی هەولێر بێ ئەوەی بەکۆنترۆڵدا
تێپەر ببێ بە مۆنیکایەکی 2005 گواسترایەوە هۆتێل شیراتۆن.
بەهەمان مۆنیکا چووە پارك و دیمەنی سەمای ئەو ئاوەی بینی کە بۆ بڵندایییەکی بەرز هەڵدەدرا.
لە شانسی ئەو، کارەبا بە درێژایی ئەو دوو سێ ڕۆژە نەپچرا،
لەپشت جامی مۆنیکا چراخانی شەوانی ئیسکانی بینی.



بە ڕێگای دوو سایدی سەلاحەددین چووە شەقلاوە، بەدەم گوێگرتن لە ئاوازی سەمای گەڵاکانی پایزی مۆزارت بۆنی خەزانی کرد.
لە سەردانی هەر دامەزراوێك سکرتێرەکان لە وادەی دیاریکراو بە خولقێکی گەرمەوە لە ئامادە باشی دابوون، لە ژووری گەورە بەرپرسانی حکومەت بە کەرەم و ئەتەکێتی میوانداری کورد ئاشنا بوو.
لەبەرامبەر گروپی جیهان بۆ هاوردنی ئۆتۆمۆبێلی مۆدێل تازە وەستا.
تاوێکیش لە بەرزە پردەکان ڕاما.
دڵی بە قەرەباڵغی بەردەم ڕۆژنامەفرۆشانی لای مەچکۆ خۆشبوو، پێی وابوو بازاڕی خوێندنەوە گەرمە.
بۆ نیو سەعاتیش بەشداری لە ئاهەنگی یەکترناسینی قوتابیانی کۆلێژی ئاداب کرد، بە ئارایشتی کچانی کورد سەرسام بوو.
لە بازگەکان بە بەرێز گیان وەڕێ دەکرا.
لە سلێمانی ڕێکەوتی کۆنفرانسێکی کرد، کە تایبەت بوو بە پرۆگرامێکی چاکسازی بۆ کەرتێکی کۆمەڵایەتی، باسەکانیش زۆر بە بایەخ و جددییەوە لەلایەن بەشداربووان تاوتوێ دەکرا.
لە مادۆناڵد نانێکی سەرپێیی خوارد.
بانکە ئەهلییەکانی بەسەر کردەوە.
دڵی بە قەرەباڵغی سەنتەرەکانی ئەنتەرنێت خۆشبوو.
لێکدانەوەی بۆ خێرایی کاروانی ئوتومبێلی بەرپرسان بۆ سەرقاڵبوون و وەکارڕاگەیشتن دەگەڕاندەوە.
لە بازاڕی مازی هەندێ دیاری بە نرخێکی هەرزان دەسکەوت.
بەر لە گەڕانەوەی هەستی خۆی بەرامبەر ئەو هەموو دیمەنانە دەربڕی، کە سروشتی گەشتەکەی لە کارێکی ڕەسمییەوە بۆ گەشتێکی تۆریستی گۆڕیوە و بەڵێنی دا لە ئایندەیەکی نزیك جارێکی تر سەربداتەوە و لە لێدوانێکیشدا بە حزوری چەند بەرپرسێك گوتی:" هەرێمی کوردستان لە رووی بووژانەوە و ئاوەدانکردنەوە لە دۆخی ئەڵمانیای دوای جەنگی دووەمی جیهان دەچێ".
لەو لەحزەیەدا نامەی ئەو کوڕە ئیتاڵییەم بیرهاتەوە کە (نازم حیکمەت)* لە کتێبی (نامەیەك بۆ تارانتابابۆ) یاداشتی دەکات و دەڵێت: بەڵام ڕۆمایەکی دیکە هەیە، لە ڕۆمای نێو کارتەکانی پۆستە ناچێ، ئەوان نە وێنەی دەگرن و نە کارتیشی دەفرۆشن، ئەو ڕۆمایەی دووەم پێی دەگوترێ: کارتیری پۆپۆلاری (گەڕەکە میللییەکان)، لێرەماڵەکان وێنەی نائومێدی کرێکارێکی بێ ئیشی ئیتاڵیایین، کە نەیتوانیوە بەرەو ئەمریکا کۆچ بکات....

**بۆتان تەحسین**

- *لە کتێبی (چەند نامەیەك بۆ تارانتابابۆ) وەرگرتووە کە لەلایەن (نەژاد عەزیز سورمێ)وە کراوەتە کوردی.*



# زانكۆی ترخێنه!..

نورەدین وەیسی

تازەكێ لێره چووبوومه كلاسی خوێندنی ئینگلیزی، كه ماموّستا لێی پرسیم لەوڵاتی خوّت ئینگلیزیت چەند خوێندووه؟ كه گوتم هەشت ساڵانم خوێندووه، لەسەرسوڕماندا چاوی ئەبلەق بوون خەریك بوو پێم بڵێ كەوایە توّ وەره ئینگلیزیم پێ بڵێ، بوّیه گوتم هەشت ساڵی ئێمه هەشت روّژی خوێندنی ئێرەیه!

سێزده ساڵ لەمەوبەر، كه نێوم بوّزانینگه دەرچوو كوّلێك دڵخوّشبووم، ئاخر وامدەزانی دەچمه دنیایەكی پڕ لەزانست وخوێندەواری، وەڵێ بریا ئەوچوارساڵه بوّخوّم خەریكی فیتەری بام، هیچ نەبێ هەنووكه بەئاسانی كارم وەگیر دەكەوت، هەتا نێیه دەرەوه نازانی چ تەمەنێكی جوانت بەناوی خوێندنەوه له بەناو زانینگەكانی كوردستان بەفیڕوّ چووه .

له یەكەم ساڵی خوێندنم له كوّلێجی بەڕێوەبردن وئابووری زانینگەی سەلاحەددین لەساڵی 1993، قەیره ژنێكی بەساڵداچووی سلێمانی ماموّستامان بوو، وەك زوّر ماموّستای دیكه هەرخەریكی كات كوشتن بوو، جارێكیان ئەز لەگەرمەی باسكردنی بیردوّزه ئابوورییەكاندا بووم، كه ماموّستا وەستاندمی، وامزانی پرسیارێكی گرنگی هەیه كەچی پرسی: ئەرێ لای ئێوه بەترخێنه دەڵێن چی؟!

ڕەنگه زوّر خاتری زانینگەكانی كوردستانم گرتبێ كاتێ دەڵێم: خوێندكارێكی ئامادەیی ئێره له زوّربەی بەناو پروّفیسوّرەكانی كوردستان خوێندەوارتره، باسی خوێندكارانی زانینگەكانی ئێرەش هەر ناكەم، كەبەڕاستی شایانی ئەوەن پێیان بڵێن روّشنبیر، چونكه هەفتانه دەبێ دوو سێ كتێب بخوێننەوه و راپوّرتێكی زارەكی و نووسراویشی لەسەر ئاماده بكەن.

باشه خوّ رزگار كردنی خوێندنگه و زانینگەكانی كوردستان لەو وێرانییەی تێیدانه دەوڵەتی كوردی نییه؟ تا پارتی و یەكێتی بڵێن مەحاڵه و هەلومەرجی هەرێمی و نێودەوڵەتی بوّ ساز نییه، چواردەساڵه كێ دەستی گرتوون بیرێك له حاڵی پەرێشانی سیستەمی ئێكسپایەری خوێندن و دامودەستگاكانی بكەنەوه، كه ئەمڕوّ له وێرانییەكی وادان بەبێ هیچ دوودڵیەك دەڵێم ئەگەر له سبەینێوه و هەتا بیست ساڵی دیكه دەرگای بەناو زانینگەكانی كوردستان كلوّم بدرێن وقەپات بكرێن ، ئەوه نەك هیچ بوّشاییەك دروست ناكاو هیچ زیانێك بەنەوەكانی داهاتووی كوردستان ناگەیەنێت، بەڵكو خزمەتێكی زوّریشیان دەكات، چونكه چیدی جحێڵ ولاوی خەسیوو وگەمژه و بێ ئیرادەمان بوّ ناخرێتەبازاڕەوه.

سەڕەرای ئەو هەموو وێرانییەی سیستەمی خوێندنیش، كەچی دەسەڵاتدارانی كوردستان روّژ به روّژ هێندەی تر خەریكی داتەپاندنینی، روّژ نییه له دەسگا راگەیاندنەكانیانەوه هەواڵی گاڵتەجاڕییانەی بەخشینی بڕوانامەی ماستەر و دكتوّرا بەم وئەو نەبیستین، كه زوّربەیان دوو ڕستەی به سوودی ئینگلیزی نازانن و نەك هەربەناوتوێژینەوەكانیان نەنووسیووه، بگره نەشیان خوێندوونەتەوه، زوّریشیان به سینیه پاقلاوەیەك پلەی باڵاو زوّر باشەشی لەسەر وەردەگرن !

ئەمڕوّ لەكوردستاندا زوّر باسی گەندەڵی دەكرێ ، بەڵام باوەڕبكەن هیچ گەندەڵییەك هێندەی ئەو گەندەڵییه مەترسیدارتر و كارەساتبارتر نییه، كەسیستەمی خوێندنی ئێمه لەنووكی پێوه تا تەوقی سەر تێیدا نغروّبووه!.

*باكووری ئەمریكا/ توّروّنتوّ*

*زانكوّ: وشەیەكی دەستكردی بێ مانایەو دوورونزیك پەیوەندی بەزمانی كوردییەوه نییه، بوّیه ((زانینگه))م دەكار بردووه.

مەلەفی ڕاوێژ

# بەشداربووانی مەلەف

د.کوردستان موکریانی

د. فەرهاد پیربالْ

ڕەشید فندی

د. مەغدید سەپان

عەبدوڵڵا زەنگەنە

عوسمان هەورامی

بەختیار سەعید





حوسێن حوزنی موکریانی

کـــانـــوونی دووەمی
2006



# حوسێن حوزنی موکریانی، گوتنبێرگی کورد.!

دەرکەوتنی حوسێن حوزنی موکریانی لەکاتی خۆیدا دەکرێ وەك دیاردەیەکی نوێ لە دونیای رۆشنبیری کوردی لێکبدەینەوە و بەڕووداوێك بچوێنین. رووداوێکی پەیوەندار بە کاغەز و پرۆسەی نووسین، کە ئەشێ بە جۆرێکی تر پێی بڵێین: رووداوی هاتنەکایەی پرۆژەیەکی رۆشنبیریی، کە خۆی لە زاری کرمانجی دەبینێتەوە.

هێنانی چاپخانە بۆ کوردستان و دواتریش نووسین و چاپکردنی بابەت و کاری نەخشەسازی بلاٌو کردنەوەی گۆڤار و کتێب و نامیلکەی کوردی، لە قۆناغی بێ تەکنیك و پێداویستی رۆژنامەگەری کارێك نین بەسادەی و بێ بایەخ لێك بدرێنەوە.

لەو قۆناغەدا عەقلی کۆنەخوازی تاسەر ئێسقان قوڵببووەوە.. کرانەوە و دونیا بینی کەمترین ئامادەیان نەبوو.

حوسێن حوزنی موکریانی، کە ئەم رێگایەی هەڵبژارد، هەرچەند ملی دایە بەر کارێکی گران و پر گرفت و سەریەشە، بەلام مێژوویەکی جوانی بۆ کورد نووسیەوە، مێژووی سەرەتای تەکنیکی رۆژنامەنووسی و رووبەرووبونەوە لەگەڵ هێزێك،کە هەڵگری پەیامی کۆنەخوازیە.

ئاسان نیە تۆ لە ژیانێکی لێوان لێو لەهەژاری و کەمدەرامەتی و گرفت و لەمپەرگەلی بێژوماری بەردەم کاروانی روناکی و هوشیاری، ببیتە قەڵغان و کۆڵنەدەیت.

ئەو ئاشقانە ئەم کارەی هەڵبژاردو ئەوەی پێشکەشیشی کرد شتێك نیە بچووك، رووداوێك نیە بێ ڕەهەند، پرۆژەیەك نیە بێ بنەماو گیانی پڕ عەشق و بوێری.

لەم روانگەیەوە حوسێن حوزنی رۆژنامەنووس و مێژوونووس دەبێتە دیاردەیەکی تازەی قۆناغی خۆی، دەبێتە مێژوو، دەبێتە بەشێك لە هێزی ڕەتکردنەوەی ترادسیۆنی چەقیوو لە هەناوی کۆمەڵگای کوردیدا.

ئەوەیە پێمان دەڵێ ئەوەی ئەو پیاوە پێشکەش بە کوردی کرد کەم وێنەیە.

ئەمەش وامان لێدەکات بەشێکی دیاری گۆڤاری ( کۆوار ) تایبەت بکەین بەم زاتە..

ئەوەی لەم مەلەفەشدا ئەیخوێنیتەوە، هێندێك لەو بابەت و لێکۆڵینەوانەن، کە لە فیستیڤاڵی رواندزو دیداری سلێمانی تایبەت بە حوسێن حوزنی پێشکەشکران.

# وێستگەیەك لە ژیانی حوسێن حوزنی موکریانی



د. کوردستان موکریانی

حوسێن حوزنی موکریانی لە ساڵی 1890 دا لە مەهاباد هاتۆتە دنیاو هەر لە منداڵیەوە خراوەتە بەر خوێندن و باوکیشی لە ماڵەوە زەمبیل فرۆشی بە زمانی کوردی و سمایل نامەشی بە زمانی فارسی پێگوتووە.

_ بۆ بەردەوامبوونی لە خوێندن ڕوو لە مەراغەو تەورێز دەکات.

_ دواتر ماوەیەك لە یەریڤان دەمێنێتەوەو وانەی زمانی کوردی بە منداڵانی شەمەدینۆف و حاجی یوسف بەگ دەڵێتەوە، چەند کتێبێکیش بۆ ئەم مەبەستە لە زمانی فارسیەوە وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی.

_ دەچێتە رووسیا.

_ دەچێتە ئیستانبۆل و پاشانیش ڕوو دەکاتە سوریا و لوبنان، فەلەستین، حیجاز، میسر، فەرەنسا و ئەڵمانیا.

_ لە ساڵی 1914 دا چاپخانەی ( dievmend ) لە ئەڵمانیا دەکڕێت.

_ لە ساڵی 1915 دا لە حەلەب دایدەمەزرێنێت و چەند نامیلکەیەك و بڵاوکراوەیەکی بە زمانی کوردی پێ چاپ دەکات.

_ چاپخانەی زاری کرمانجی لە رواندز دادەمەزرێنێت.

_ کۆڤاری زاری کرمانجی ( 24 ) ژمارە لە 25 – 5 – 1926 تا 23–7 1932 دەردەکات و هۆی ناونانی بە زاری کرمانجی بۆ ڕاژەکردنی زمان، مێژوو، وێژەو هونەری کوردانە، بەڵام هاملتۆن 1973 . the ( Hamilton.road through Kurdistan cry of kurdish ) لە رواڵەتدا واتای زمانی کوردی دەبەخشێت، بەڵام لە نێوەڕۆکدا مەبەستی شین و گرین و زاری کورد دەگەینێت.

_ لە پاڵ کۆڤاردا کۆمەڵە کتێبێکی خۆشی پێ چاپ دەکات.

_ لە 23 – 6 – 1934 دا چووەتە سلێمانی بۆ دامەزراندنی چاپخانەی شارەوانی و سەرلەنوێ دەرهێنانەوەی ڕۆژنامەی ژیان.

– لە 11 – 1934 سلێمانی بەجێ دەهێلێت.

_ زستانی 1934 بەرپرسی پۆلیسی رواندز دەنێرێتە دوای حوزنی و ئەمەی پێ ڕادەگەیەنێت : بینا لەسەر تەحریری رەسمی ئەحمەد بەگی توفیق بەگ، موتەسەریفی سلێمانی، حوسێن حوزنی، کە لە سلێمانی خەریکی نەشری رۆژنامەی ژیان بوو، شیعرو غەزەلیاتی ئەحمەد بەگ کوڕی فەتاح بەگی ساحێبقرانی کۆکردۆتەوە و لەگەڵ خۆی بردونەتەوە رواندز، کە نەشری بکات، لەوێ لێی وەردەگرن و بۆ وەزارەتی داخلیەی دەنێرن، چونکە ئەم دیوانە موخالیفی قانوونی عێراقییە. ساڵی 1935 ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ دەبێتە موتەسەریفی هەولێر، حوزەیرانی 1935 پرۆژەی دەرهێنانی کۆڤاری، کە حوزنی سەرنووسەرو شیت مستەفا پارێزەری بێت لەلایەن ئەحمەد بەگ تۆفیق بەگەوە پەسندکرد.

_ لە 19 – 9 – 1935 چاپخانەیەك لە موسڵ لە عیسا مەحنووز دەکڕێت. _ لە 8 – 10 – 1935 دەگاتە هەولێر. لە 24 – 10 – 1935 تا 16 – 5 – 1936 کۆڤاری ڕووناکی لە شاری هەولێر دەردەهێنێت، کە یەکەمین کۆڤاری کوردی شاری هەولێرە کە بەم شێوەیەیە:

ژمارە ( 1 و 2 ) لە موصل الحدیثة.

ژمارە ( 3– 6 ) لە زاری کرمانجی رواندز.

ژمارە ( 7 – 11 ) لە زاری کرمانجی هەولێر.

_1935 کە چاپخانەکەی لەو کۆشکە دادەمەزرێنێت، کە لە رۆستەم چەلەبی بەکرێ گرتوویەتی بەیانێك بە زمانی کوردی بڵاودەکرێتەوە دژ بە حکومەتی بەغدا... بۆ ئەوەی بڵێن ئەو چاپخانەیەی ئەو چاپی کردووە.



_ لە 1940 عەقید فایق کاکەمین فەرمانی زیندانی کردنی حوزنی دەردێنێت بەپێی بڕگەی ژمارە 56ی ساڵی 1940 بۆ پاراستنی ئەمن و ئاسایش و سەلامەتی دەوڵەت بۆ ماوەی سێ ساڵ حوزنی لە ژێر چاودێری پۆلیس دادەنێت و قەدەغەی نیشتەجێبوونی لە شارانی کەرکوک، هەولێرو سلێمانی لێدەکات.

_ لە 1941 قاسم مەقسوود لە مەعەسکەری موصل زیندانی دەکات.

_ لە 1942 لە پردێ کۆنتراکتێك دەگرێت، کۆنتراکتی ڕێگەوبان کردنەوەی نێوان رواندزو رەزان، چۆم بالۆك، باپشتیان، سیدەکان، خەلیفان، ڕەزانۆك و چۆمەرخین.

_ لە1943 دەچێتە بەغداو خەریکی دەرخستنی کۆڤاری دەنگی گێتی تازە دەبێت، کە لە ژێر چاودێری تۆفیق وەهبی دەردەچوو، شێخ حوسێن شێخ مارف بەرزنجیش هاوکاری بووە.

_ لە 20 – 9– 1947 حوسێن حوزنی لە بەغدا دەچێتە بەر دلۆڤانی خودێ، لە دوای سێ مانگ گیو موکریانی برای تەرمەکەی دێنێتە هەولێرو لە گۆرستانی ئیمام محەمەد بە خاکی دەسپێرێت.

# حوسێن حوزنی موکریانی
## داهێنی گرافیکێ و یەکەم نەخشەسازی چاپەمەنی



د. فەرهاد پیربالْ

حوسێن حوزنی موکریانی، یەکێکە لە یەکەمین چیرۆکنووسەکان، وەك چۆن یەکەمین وەرگێڕی کوردە لە فەرەنسییەوە ( کرمی ئاوریشم )، هەورەها وەك چۆن یەکەم چیرۆکنووسی کوردە کە کۆمەڵە چیرۆکی خۆی لە 1926 چاپ کردبێت (چیرۆك بە شێوەی شیمال(کەڵەکۆك)ئنجا خۆشی وترشی، کورتە چیرۆکێکە بۆ منداڵان، گفتوگۆیەکە لەنێوان گورگ و مەڕ و بزنێك کە دەبێتە یەکەم چیرۆك بۆ منداڵان )، ئاوهاش یەکەم نووسەری کوردی نیگارکێشە،خاوەن یەکەمین وتار و یەکەمین کتێبیشە بە زمانی کوردی لەبارەی فۆتۆگراف و هونەری شێوەکاری، هەروەها بنیاتنەری هونەری چاپ و نەخشەسازی و گرافیك بووە لە کوردستاندا.ناوبراو یەکێکە لە یەکەمین ئەو نووسەرە کوردانەی کە لە سەردمی هاوچەرخدا بایەخی داوەتە هونەری رەسم، رەسم بە هەموولقەکانییەوە:تابڵو،نیگار، وێنەگەری(فۆتۆ)، کۆڵێن (گراڤوور)، زەنگۆگراف، کۆڵان بە تیشکی رووناکی...هتد. لە هەمان کاتدا، موکریانی یەکەمین نووسەری کوردە کە خۆیشی نیگارکێش بووە، رەسمی کردووە، یەکەمین نووسەریشە کە کتێبەکانی خۆی بەنیگار و تابلۆی رووناکاری رازاندۆتەوە. بەردی بناغەی لە بواری بە کار هێنانی تەختیت و نگار و هونەری هێڵکاریی لەناو کتێب و گۆڤار و رۆژنامانـدا دامەزراندووە. هونەرمەندێکی پۆلۆنی بە ناوی رۆمان ئەرتمۆفسکی، لە 1956 لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا دەرسی هونەری گرافیکی داوەتەوە، بەلاْم حوسێن حوزنی موکریانی. پێشی ئەو بە نزیکەی بیست ساڵ ئەم هونەرەی لە کوردستاندا بەکارهانیوە و کتێبی لەبارەوە چاپکردووە. موکریانی،وەك لە لاپەڕە 7دا، شاکر فەتاح لە پەرتووکی (داماوی موکریانی. چاپی بەغدا: (1972)، دەڵێ(حوزنی موکریانی گەلێك پیشەی دەزانی، لەوانەی: چاپگەری، مۆرهەڵکەندن، خۆشنووسی، نووسین لەسەر مس و زەرد و شووشە و بەردی نرخدار و دار، مۆری لاستیك، زەنگۆگراف، وێنەگەری و کلێشە هەڵەندن.

یەکەمین نووسەری کوردی نیگارکێش.

ناوبراو کتێبەکانی خۆی بە نیگار و تابلۆی رووناکاری رازاندۆتەوە و بەردی بناغەی لە بواری بەکارهێنانی تەختیت و نیگار و هونەری هێڵکاریی لەناو کتێب و گۆڤار و رۆژنامانـدا دامەزراندوە. کتێبی کوردیی چاپکراو، پێش موکریانی، خاڵین لە رەسم و تابلۆی رووناکاری. یەکەم کتێبی کوردی لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیی هاوچەرخدا وێنە و نیگاری تێدا بڵاوکرابێتەوە بریتیە لە کتێبێکی ح.ح.موکریانی بەناونیشانی خونچەی بەهارستان کە لە ساڵی 1925 لە چاپخانەی زاری کرمانجی لە رواندز بڵاوکراوەتەوە. ئەم کتێبە زیاتر لە بیست نیگار و تەختیتی لەبارەی کورد و ولاْتی کورد و سەرکردە مێژووییەکانی گەل، لەگەڵ چەند نەخشەیەکی جوگرافی، تێدا بڵاوکراوەتەوە (کە لەدووای ژەنەڕاڵ شەریف پاشا لە 1919دەبێتە دووەمین کورد کە نەخشەی کوردستانی دروست کردبێت)هەروەها کتێبەکانی (وێنەگەری و کۆڵین)، (خۆشی و ترشی )، (مەڕۆکە وبزنۆکە) لە ساڵانی بیست و سییەکاندا، پڕن لە وێنە و تابلۆ و هێڵکاری و وێنەی رووناکاری. ئەم کتێبە ناوبراوانە گەواهیدەر و بەڵگەیەکی دیاریئەوەن کە موکریانی چ نیگارکێشێکی بەهرەمەند و خاوەن توانا بووە.ح.حوزنی موکریانی، کە یەکێك لە یەکەم چاپخانانەکانی، ئەڵمانیا و حەلەبەوە هێناوەتە کوردستان، خۆی مۆرهەڵکەنێکی چاك بووە، لە هەمان کاتدا شارەزاییەکی تەواویشی لە بواری چاپخانە و چاپکردنی کتێبدا هەبووە، چێژێکی تایبەتی هەبووە بۆ وێنە و تابلۆ و نەخش و نیگار. هەستی بەوە کردووە کە وێنە و نیگار و تابلۆی رووناکاری باشتر بیر و باوەڕی نووسەر دەردەبڕن و گەیاندنی بیر و تێگەیشتن ئاسانتر دەکەن، بۆیە لە بەرهەمەکانیدا بەردەوام بەکاری هێناون.



یەکەم وتاری تەرخانکراو بە زمانی کوردی لەبارەی رەسم 1928

دوای شێخ نووری شێخ ساڵح، حوزنی موکریانی یەکێکە لە یەکەم ئەو نووسەرە کوردانەی وتاریان لەبارەی رەسم و هونەری نیگارکێشان لە گۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتەوە و ویستوویانە رۆشنبیرییەکی شێوەکاری و ئێستاتیکای رەسم لەناو کورداندابڵاوبکەنەوە.لە لاپەڕە 16ی ژمارە (12)ی گۆڤاری زاری کرمانجی دا لە رۆژی 25کانوونی دووەمی ساڵی 1928دا، موکریانی پرۆپاگاندەی بۆ پەڕتووکی(ترازان)کردووە.کە لە بڵاوکراوەکانی زاری کرمانجی یە:دەڵێ: ترازان سەد و یازدە

سەربوردەی واقیعییە نەك خەیاڵی لەسەر لەهجەی شیمال. بە مناسەبەتی سەربووردی رەسمێکی تێدایە، بۆ لاوانی مەکتەب زۆر بەکەڵك و باشە. هەروەها لە هەمان شوێندا پروپاگەندەی بۆ پەرتووکی(خیوەی رازان) کردووە، کە لە بڵاوکراوەکانی زاری کرمانجی یە، دەڵێ: خیوەی رازان کتێبێکی سەد وچل حیکایەتی خەیاڵییە نەك واقعیی لەسەر لەهجەی جنووبییە. بە مناسەبەتی هەر حیکایەتی رەسمێکی تێدایە، لە تە رەف میرزا حەسەن کوردستانی تەرجەمە و رێکخراوە. ئەسەرێکی گەلەك چاك و بە قازانجە. بۆ لاوانی رێزی 4و 5م.ێ هەموو ئەم وێنانە، واپێدەچێت موکریانی خۆی دروستی کردبن. یان هەر هیچ نەبێ، موکریانی بیری دانانی ئەم رەسمانەی بۆ ناو کتێب بە خەیاڵدا هاتووە و ئەو -خۆی داینـاون لە لاپەرە 10-12ی ژمارە(20)ی گۆڤاری زاری کرمانجی دا لە رۆژی 17ی ئۆگەستی 1929دا، لە وتاری (مێژووی عەکاسی و فرووعاتی)دا بایەخدانی کوردان بە هونەری رەسم و نیگارکێشان لە سەردەمی پێش ئیسلامدا رووندەکاتەوە و دەڵێ:لە عەسری پێش ئیسلامدا کوردەکان خانوویەکی تاریکیان دروست دەکرد، کونێکی چکۆڵەیان تێدا دەهێشتەوە. پیاوێکی عەکسیان وەرگرتبایە، لەبەر ئەو کونەیان دوور رادەگرت. رەسسام لە رۆژی ئەو خانووەدا رەسمی دەخستە سەر چێتکی مەگلوبو بە قەڵەم خەریکی دەبوو... هەروەها لە ژمارە(3)ی زاری کرمانجی دا، لە ساڵی 1928، وتارێکی لەبارەی هونەری گراڤوور ورەسمکردن بەشێوەی کۆڵین بە ناونیشانی(عەکاسی کۆڵان) نووسیوە و ئەم زاراوە تازانەی بۆ یەکەم جار لە زمانی کوردیدا بەکارهێناوە: رەسمی نەچەری، مصەوەری مەشهوور، عەکس، صنعەتی چاپ و کلێشە، چینکۆگرافی، لیپۆگرافی، فۆتۆگراف.

کوردلە کەیەوە هونەری فۆتۆگراف و کامێرای وێنەگرتنی ناسیوە؟




یەکەمین رۆژنامە، یان گۆڤارێکی کوردی کە بۆ یەکەم جار وێنەی فۆتۆگرافیی بڵاوکردبێتەوە لە گوڤاری (رۆژی کورد) لە ئەستەمبوڵ لە ساڵی (1913)دا. پاشانیش یەکەمین وێنەگری کورد کە لە کوردستاندا ستۆدیۆی وێنەگرتنی دامەزراندبێت و هونەری فۆتۆ و وێنەگرتنی لەناو کوردانـدا بڵاو کردبێتەوە وێنەگرتنی کردبێتە پیشەیەك بۆخۆی، بریتیە لە (محەممەد یووسف سدیق غەزنەوی 1894-1964) کە خەڵکی شاری ئاکرێ بووە وستۆدیۆیەکی وێنەگرتنی لەوێ کردۆتەوە. زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و هیندیی زانیوە. دوای ئەمیش مێژوونووسی پایەدار، حوسێن حوزنی موکریانی، پێشڕەوی راستەقینەی هەرە چالاکی ئەم مەیدانەیە. ناوبراو، کاتێ لە (1915)دا لە ئەڵمانیاوە دەگەڕێتەوە حەلەب، کامێرایەکی وێنەگرتن لەگەڵ خۆی دەهێنێت و لەناو چاپخانەکەی خۆیدا لە رواندوز دایدەمەزرێنێت و بۆ کاری وێنەگرتنی رۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوەی وێنە لەناو کتێبان سوودی لێوەردەگرێت، بەتایبەتیش لە سەرەتادا لە کتێبێکی خۆیدا(خونچەی بهارستان ) لە ساڵی (1925)دا کە لە شاری حەلەب بڵاوکراوەتەوە. ناوبراو وێنەیەکی خۆی لە لاپەرەی یەکەمی کتێبەکەدا بڵاوکردۆتەوە. دوای ئەوەش، لە ساڵی ( 1928 )دا لە دوو کتێبی ( ترازان ) و ( خیوەی رازان )دا کە بریتین لە کۆمەڵێك چیرۆك و سەربوردەی منداڵان و لاوانی قوتابخانەکان.

ئەکرەمی ساڵحە رەشە، دەڵێ: (( یەکەم ئامێری وێنەگرتن لەلایەن حوسێن حوزنی موکریانی و کابرایەکی لوبنانییەوە هێنرایە سلێمانی، شێخ لەتیفی دانساز لێی کڕین، لە زەمانی شێخ مەحموود دا بۆ ئیش و کاری خۆیان بەکاری دەهێنا وەك گرتنەوەی نووسین ( استنساخ )، دوایی ئەو ئامێرەی فرۆشت بە یەحیا ئەفەندی رەسام، ئیتر هەر ئەو بۆ وێنەگرتن بەکاری دەهێنا )). بەڵام حوسێن حوزنی لە سلێمانی کامێرایەکی تری فرۆشتبێتە شێخ لەتیفی دانساز، لە هەمان کاتدا کامێرایەکی دیکەشی لە رواندز ( لە چاپخانەکەی خۆیدا ) هەبووە بۆ کاری چاپەمەنی و رۆژنامەگەری و وێنەگەری ئیشەکانی خۆی. چونکە دەبینین حوسێن حوزنی موکریانی لە ساڵانی ( 1926 – 1942 )دا دەیان رەسم و وێنەی فۆتۆگرافی لە رۆژنامە و کتێبەکانی خۆیدا بڵاوکردۆتەوە. بەم شێوەیە، حوسێن حوزنی موکریانی بە یەکێك لە یەکەمین ئەو کەسانە دەژمێردرێت کە هونەری فۆتۆگرافی و پیشەی وێنەگرتنی لە کوردستاندا بلاوکردۆتەوە.

**یەکەم کتێب بە زمانی کوردی لەبارەی هونەری فۆتۆگرافی و نیگارکێشان 1943**

حوسێن حوزنی موکریانی لە 15ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1943دا، لە چاپخانەی زاری کرمانجی ( زنجیرەی ژمارە 20 ) لە رواندز یەکەم کتێبی سەربەخۆی بە زمانی کوردی لەبارەی هونەری گراڤوور و رەسمکردن و وێنەگری بەناونیشانی ( وێنەگەری و کۆڵین ) بلاوکردەوە. ئەم کتێبە، تەرخانکراوە بۆ باس و لێکۆڵینەوە لە هونەری رەسم و گراڤوور: لە ( 95 ) لاپەرەی قەوارە 14*22سم، کتێبەکە ( 25 ) تابلۆی تەختیتی تێدایە کە ئامێرەکانی نیگارکێشان و لیتۆگرافی و گراڤوور و زەنگۆگرافی پیشان دەدات، لەگەڵ قۆناغ بەقۆناغ چۆنیەتی بەکارهێنانیان. لەم کتێبەدا بۆ یەکەمین جار نووسەرێکی کورد ناوەڕۆکی هونەری رەسمکردن و لقەکانی ئەم هونەرەمان بۆ شیدەکاتەوە، بایەخی هونەری گرافیك و نیگارکێشانمان بۆ لێکدەداتەوە، بۆ ئەوەی پەیڕەوی بکەین و لاسایی بکەینەوە، لە کتێب و نوسراوەکانماندا و لەکاتی پێداویستیەکانی ژیانی چاپ و نووسین و رۆشنبیریماندا بەکاری بهێنین. ئەم کتێبە، بەرگەکەی بریتیە لە تابلۆی ژن و پیاوێکی کورد کە بە جلوبەرگی کوردییەوە

> **ئەکرەمی ساڵحە رەشە دەڵێ:( یەکەم ئامێری وێنەگرتن لەلایەن حوسێن حوزنی موکریانیو کابرایەکی لوبنانییەوە لە زەمانی شێخ مەحموود هێنرایە سلێمانی).**

دانیشـــتوون مـــەڕۆولی ڕەسمکـــردن و هەڵکۆڵینی نیگارن، تابلۆکە بە مووقەڵەم، بە مەرەکـەبی چینی کـراوە، حوسـێن حـوزنی

**ئەم کتێبەی موکریانی ، بۆ وێنەگرو هونەرمەندانی بواری ڕەسمکردن و گرافیك و خاوەن چاپخانەکان سوودێکی لەبن نەهاتووی هەیە.**

خۆی ڕەنگاندوویـەتی، کتێبەکـە وێنەیـەکی فۆتـــۆگرافی نووســـەر و ( 25 ) تـــابلۆی تـــەختیتی تێدایـــە کـــە ئامێرەکـــانی نیگارکێشـــان و لیتـــۆگرافی و گراڤـــوور و زەنگـۆگرافی و فۆتـۆگرافی پیشـان دەدات، ئـــەم تابلۆیانـــە دەســـکردی حوسێن حوزنی خۆیەتی.

موکریـانی کۆمـەڵێك زانیـاریی بەسـوودمان لـەبارەی قۆنـاغ بـە قۆنـاغ، چـۆنیەتی ڕەسمکـردن، وێنەگـــەری، لیتـــۆگرافی، زەنگـــۆگراف، هـــەڵکۆڵین بـــە تیشـکی ڕووناکی، پێشـکەش دەکـات، بـەم لێکۆڵینەوەیـەش، ســـەدان زاراوەی زمانـــەکانی ئـەورووپای بـۆ یەکـەمین جـار خستۆتە ناو زمانی کوردییەوەو زمانەکـــەمانی لـــە بـــواری زاراوەســـازیدا و لـــە بـــواری بـەکارهێنانی زاراوەی هونەریدا دەوڵەمەند کردووە، هـەموو ئەم زاراوانەی خوارەوە، بۆ نموونە، یەکـەمین جـارە دەکەونـە نـاو زمـانی نووسـینی کوردییـەوە : وێنەگـــەری، زەنگـــۆگراف، فوتـــــوگراف، ئالـــــەتی نیگارکێشـان، وێنـە هەلقەنـدن، کـۆڵانی بـە تیشك، فۆتۆگراڤـور، کۆلۆدیـــۆن، چوارچـــێوە، ئەسـپرتۆ، تـواوە، تـیرۆك، قەلـەمی ڕتـووش، شووشـەی بـە هەسـت، ئـاوەنگ، دەرمـانی گیراوە، دووربین، فونـەر، نەخشـە، ڕەحـەتی، سانتیمەتر، غـرام، فلچـە، کلێشـەدان، ڕەنـدە، قاڵـــب وەرگـــرتن، بەتاریـــەی ئەلـــەکتریك، مەرەکەبی تەڕ، لیتۆگرافی، ئاوێنە...

موکریانی لە پێشەکی کتێبەکەیدا، لە لاپەڕە ( 2 )دا دەڵێ :

لـە وەختـی گـەڕان و سووڕانەوەم بـە دیـاری بیانیاندا ورد دەبوومەوە، خۆمان و بیانیانم دەکەوتـە بەرچـاو، بەدبەختانـە خۆمـانم لـە صـــنعەت و فەنـــدا پاشـــکەوتوو دەدیـــت، پیشەی منیش چونکە مۆرکۆڵان بوو، لەسەر خۆم بە پێویست زانی فەننی کلێشەکۆڵی بـە ڕووناکی فێـر بم، بۆ ئـەوە گـەلێکم تەقـەلاداو کۆششم کرد، کـە دیـارییێکی بـۆ دیـارێم دیـار بیو دەستی خـەم، یەکـەمین جـار لـە ئەسـتەمبۆڵ لـەلای ئەڵمانـــەکان بـــەهۆی کوردەکانـەوە ڕێگـەی قیـل و فۆتۆلیتـۆگراف فێربـووم، لـە حجاز و شام و حەلـەب بـەو جـۆرە کـارم دەکـرد، بـەلاّم ناتـەواو بـوو، لـە چـاپخانە مارۆنییەکـەی حەلـەب، لـەلای مودیرەکـەی، کە( سەلیم مطر ئەفەنی ) بوو کۆششم کرد و نزیـك سـی لـیرە دراوم خـەرج کـر دو ڕێگـای قـیلم سەرسـەخت بـەهۆی چـەند کـوردێکی مصـرەوە ( ئوسـتاد شـەریف ) ئوسـتادی بـەیرووت، نزیـك سـەد لـیرە ئیسـتیفادەی لێ کـــردم، ڕێگـــای دووەمینـــی کۆلۆدیـــۆن و هەستی فێرکردم، بەوەش کار نەکەتـە پـێش لـە بـەیرووت لـەلای ( طـاهر تـنیر ) لـە شـام لـــەلای حنـــاوی لـــە مصـــر لـــەلای ورشـــنە المصریەو لە پاریس لەلای خاوەندی ( دی پاریزیـان ) لـەم فەننـەدا پێیـان گەیانـدم و منـیش بـە زانـین و تاقیکردنـەوە کردمـە کتێب، بـەبێ ئەزیـەت شاگرد فێر ئـەکا و بۆ میللەتەکەم بەکاردێ.

وەك لەم پێشەکییەدا دەردەکەوێ، موکریانی زیـاتر لـە سـەد و سـی لـیرەی لـە باخـەڵی خۆیەوە خەرج کردووە و دەیان وڵات گەڕاوە تـا فێـری ئـەم هونـەر و پیشـە شارسـتانییە بووە و توانیویەتی ئـەم کتێبـە بنووسـێ، لـە ئەستەمبۆڵ لـەلای ئەڵمانـەکان. ئـەم کتێبـەی موکریـانی، بـۆ وێنـەگر و خـاوەن ستۆدیۆی وێنـــە شوشـــتنەوە، بـــۆ نیگـــارکێش و هونەرمەندانی بواری ڕەسمکردن و گرافیك، تەنانـــەت بـــۆ خـــاوەن چـــاپخانەکانیش سوودێکی لەبن نەهاتووی هەیە، وا تێدەگـەم هـەموو خـاوەن چاپخانەکانی دوای ئـەو بـە گیوی موکریانیشەوە، سوودیان لەم کتێبـەی حـوزنی موکریـانی دیبێـت بۆ بەگەڕخستنی چـــاپخانەکانیان و هـــەڵکۆلینی ڕەســـم و نیگارەکانیـان، بێگومـان بـۆ دامەزرانـدنی یەکـــەم ســـتۆدیۆکانی وێنـــەگرتنیش لـــە کوردسـتاندا دەبـێ سـوود هـەر لـەم کتێبـە وەرگیرابێ. جگـە لەمانـەش، وەك لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیـدا لەگەڵ عەزیز سەلیم کە لە مانگی ئۆکتۆبـــەری ســـاڵی 1997دا سازمانداوە، عەزیز سـەلیم باسـی ئەوە دەکات کـە حوسێن حوزنی موکریـانی هـانی عـەزیز سەلیمی داوە یەکـــەم پیشـــانگای خـــۆی بکاتـەوە، هـەر ئـەویش بـووە کـە عـەزیز سـەلیمو دانیـال قەصـابی لـە سـاڵی 1936 لـە هـەولێر بـە یـەکتری ناسـاندووە و لـە هـەمان ســـاڵدا لـــە بالکۆنەکـــەی قوتابخانـەی ئـیبن خەلـەکان لـە هـەولێر پیشـانگایەکی هاوبەشـی بۆیـان کردۆتـەوە و هـەر خۆشـی کـــــارتی پروپاگەنـــــدی پیشـــانگاکەیانی بـــۆ چـــاپ کردووەو پیشانگاکە ( 4 ) ڕۆژی خایاندووە، ئەمە ئەوە دەگەیـەنێ کـە نـاوبراو لـە هەمانکاتـدا کـە نیگـــارکێش بـــووە، پشـــتیوانی نیگارکێشەکانی دیکەش بووە و ویســـتوویەتی جموجـــۆڵی شـــێوەکاری بـــەرەو پێشـــەوە بروات.



بـەم شـێوەیە، بەرهەمـەکانی موکریـانی لـە بواری ڕەسم و نیگار و تابلۆ و زەنگۆگراف و گراڤـــووردا، لـــە هـــەردوو ئاســـتی لەسەرنووسـین و بەرهەمهێنانـدا، بـەردی بناغەی بایەخدان بوو، بە هونـەری ڕەسم و نیگار لە کوردستاندا و تەکانێکی گـەورەی دایـە بڵاوکردنـەوەی هونـەری ڕەسـم و وێنەکێشـان لـەناو هونەرمەنـد و نووسـەر و ڕووناکبیرانی کورد دا.

# رۆلێ گۆڤارا ( زاری کرمانجی ) د رەوشەنبیرکرنا کۆمەلا کوردیدا



رەشید فندی

**زاری کرمانجی، ل دەڤەرەکا دوور و ئاسیێ ،مینا باژێرێ چیایی و شاخاوی یێ رەواندزێ دەرچوویەو ئەو ئێکەمین گۆڤارە وی دەمی لوێ دەڤەرێ دەربچیت.**

**پێشەکی :**

بێ گومان، هەر رۆژنامە وگۆڤارەکێ رۆلەکێ دیار وبەرچاڤ یێ هەی د وارێ رۆشنکرن وپێشڤەبرنا هەر مللەتەکی دا،ب تایبەتی ئەگەر ئەو مللەت وەکی مللەتێ کورد بیت ل کوردستانا ئێراقێ ول وی سەردەمی یێ گۆڤارا (زاری کرمانجی ) لێ دەرکەفتی، ل سالا 1926 ز،کو مللەتێ کورد،ئەو چەند سالەك بوو ژناڤ دۆزەخا جەنگا جیهانیا ئێکێ دەرکەفتی،ئەوا ل سالا 1918ز بدوماهی هاتی، وئەو چەند سالەك بوو دەولەتا ئیراقێ دامەزرای، کو بەری هنگی ب پێنج سالا، ل سالا 1921ز دامەزرابوو، لەوما هەر ئێکی بڤێت رەوشا کلۆل و پڕ دەردەسەریا مللەتێ کورد بدرێژیا چارسەد سالا ل ژێر دەستێ دەسەلاتا ئۆسمانیا بزانیت، ودەردەسەرییێت مللەتێ کورد دناڤ سالێت جەنگا جیهانیا ئێکێ دا، بلا ل پەرتووکێت مێژوویا وی سەر دەمی بزڤڕیت، دا بدروستی بزانیت رەوشا کوردان چەوا بوویە.

گرنگیا گۆڤارا ( زاری کرمانجی ) ل وێ چەندێ دیار دبیت،کو ل سالا 1926 ز، ئێکەمین ژمارە ژێ دەرچوویە، ول دەڤەرەکا دوور وئاسیێ، مینا باژێرێ چیایی و شاخاوی یێ رەواندزێ، وئەو ئێکەمین گۆڤارە وی دەمی ل وێ دەڤەرێ دەربچیت، وئەگەر چەند رۆژنامە و گۆڤارێت سلێمانیێ ژی، کو ل سەر دەمێ حکومەتا شێخ مەحمودێ حەفید دەردچوون، گۆڤارا زاری کرمانجی دبیتە یەکەمین گۆڤار ل دەڤەرێ، ول پێشیا هەر گۆڤارەکێ یە ل پارێزگەها هەولێرێ دەرچووبیت..

**ناڤەرۆك:**

1ـ وی کەلە پیاوێ کورد ( حسێن حوزنی موکریانی ) شیا چاپخانەیەکێ ژ شامێ، ب رێکێت سەرەتایی وسەر پێ یی وپڕی زەحمەت بگەهینتە دەڤەرا شاخاویا رەواندزێ وناڤێ زاری کرمانجی لسەر دانیت،کو مەعنەیەکا پڕ دبەخشیت، ئانەکو وی دڤیا لبن وی ناڤی خزمەتا زارێ کرمانجی یان زمانێ کوردی بکەت، ول بابەتێت گۆڤارێ دیارە کو وی براستی خزمەتا زمانێ کوردی کری یە، پەیڤ و ووشە وزاراوە ژ هەمی زار ودیالێکتا وەرگرتینە، هەر وەسا چیرۆك وشعر وگوتار ژی ب گەلەك دیالێکتا بەلاڤ کرینە. هەر چەندە چاپخانا وی یێ کەڤن بوو و بدەستی تیپ لێکددان، لێ وی بخو وەکو کەس کەمتەرخەمی نەکریە ژ بۆ رێڤەبرنا کارێ خۆ..

2. سەربەرزی وسەر بلندیا وی دهندێ دایە، کو پشتی وی ل سالا 1926 ز دەستوری ژ حکومەتا ئیراقێ وەرگرتی، چ لایەن وکەسایەتیا هاریکاری ویارمەتیەکا باش وبەر چاڤ بۆ وی پێشکێش نەکریە، هەر وەکی وی ل چەندین هژمارێت گۆڤارێ دیار کری، نە بەس یارمەتی بۆ وی نە هاتینە پێشکێش کرن، بەلکو (ئابۆنە ) بێت گۆڤارێ بۆ نە هنارتینە ومافێ وی یێ رەوا هاتیە خوارن. وی و برا یێ خۆ گیوی موکریانی بتنێ ئەڤ کارە بڕێڤە بریە.

3. دەمێ ئەم تەماشەی بەرگێ ژمارە ئێك دکەین، ئەڤ نڤیسینە لسەر دیار دبن:

*/ژمارە یەکی لە 25مایسی 1926ز دەرچووە.

*لەرەواندز لە چاپخانەی زاری کرمانجی چاپ کرایە.

*خاوەن ومدیر سید حسین موکریانی.

*مودیری ئیدارە ( عبدالرحمن )

*گۆڤارێکی اجتماعی تاریخی فنی ادبی مانگی یە.

وژبەر هندێ کو گۆڤارەکا اجتماعی تاریخی فنی ادبی یە،هەر وەکی ددەستوری وەرگرتنێدا هاتی،حکوومەتا ئێراقێ یا وی سەردەمی، ئاگەهداری دابوو خودانێ گۆڤارێ کو خۆ نێزیکی سیاسەتێ نەکەت، لێ مێژوونڤیس ورۆشنبیرەکێ مەزن وەکی حوزنی موکریانی نەشێت خۆژ سیاسەتێ دووربکەت، وهندە بابەتێت سیاسی ونەتەوەیی بەلاڤ دکەت، لەوما حکوومەتا ئێراقێ ئاگەهداریا وی دکەت، کو دێ جارەکا دی گوڤارا وی قەپات کەت..

وەك شیکرن وشرۆڤەکرنا ڤی بابەتی، بۆ مە دیار دبیت، کو بارێ دارایی ونەهاریکاریا کوردان بوڤێ گۆڤارێ ژلایەکی ڤە وچاڤدێریا توندا حکوومەتا ئێراقێ لسەر گۆڤارێ، ئەڤە هەردووئەگەرێت سەرەکی بوون بۆراوەستیانا گۆڤارێ لسالا 1932ز، وگۆڤارێ هەر ژسالا 1926 یێ هەتا سالا 1932 یێ، ئانەکو شەش سالا، بتنێ ( 24 ) ژمارە دەرکرن، ئەگەر ئەو گۆڤارا مانگانە، شەش سالا یا مانگانە با، دڤیا ( 72 ) ژمارە ژێ دەرکەڤن، لێ ژبەر وی سەروبەرێ مە گوتی، بتنێ ( 24 ) ژمارە ژێ دەرچوون کو دبیتە 1. 3 ژبەرهەمێ وێ..

**ناڤەرۆکا گۆڤارێ:**

بێ گومانە گۆڤارا زاری کرمانجی وەك گۆڤار هەمی بابەت بەلاڤکرینە وەکی، هەوالا یان دەنگوباسا، گوتارا، شعرا، چیرۆکا، بابەتێت زمانڤانی، دۆزا نەتەوەیی یا کوردی و..هتد. لێ ل دەلیڤەیەکا کورت وەکی ڤێ، ئەم نەشێین ب تێر وتەسەلی لسەر ڤان هەمی بابەتان راوەستین..

گەر سەرنجێ ژی بدەینە گۆڤارێ، دێ بینین بارا پتر ژ بابەتێت گۆڤارێ ژ لایێ سەرنڤیسەری ڤە هاتینە نڤیسین، ئانەکو ( حوسێن حوزنی ) بخۆ، دەربارەی ڤێ ئاخفتنێ ژی باشترین شاهد، ئێکێ وەکی ( هاملتون ) ە، کو ئەندازیارەکێ ئنگلیز بوو و لوی سەردەمی، ئەو رێك ڤەکر یا ل ناڤبەرا هەولێرێ و هەتا سنووری ئیرانێ وپشتی هنگی ئەو رێ بناڤێ وی هاتە ناڤکرن، هاملتون دبێژیت: ( موکریانی خۆی بە تەنها وتارەکانی گۆڤارەکەی دەنووسی، خۆی بە تەنها وێنەکانی دەکێشان، خۆی بە تەنها لە چاپی دەدان وئینجا دەشی پێچانەوە، ئەمە بۆخۆ ی نموونەیەکی بێ هاوتایە لەسەر رووی هەموو زەمین..)1

دەبا بە کورتی ئامادەیەك بە هەندێ لە بابەتەکانی گۆڤارەکە بدەین، لە بابەتی هەواڵەکان،ئەم هەواڵانە دەخوێنین :

1. سەردانی شێخ سدیق برای شێخ ئەحمەدی بارزانی، بۆ سەیید تەها شەمزینی، کە ئەو کاتە قەیمقامی قەزای رواندز بوو، بەم شێوەیە بلاو

کرایە،( جەنابی فازل و مورشدی کامل حەزرەتی شێخ سدیق برای حەزرەتی شێخ ئەحمەدی بارزانی خودا راگیراویان کا وهیممەت وبەرەکەتیان لە سەر موریدانی حازر بێت بۆ دیدەنی و زیارەتی حەزرەتی سەید تەها تەشریفیان هاتە رواندز، نزیک پێنج سەعاتێک لە دەولەت خانەی حەزرەتی سەید تەهادا سوحبەتیان کرد وئەدای مەحەبەت و دۆستایەتیان بە جێ هێنا و تەشریفیان روو بە بارزان چوونەوە، خودا هەمراهیان بێ. ئەو جۆرە مەوەددەتە دایمی بێ لە نێو سەرۆکان و گەورە گەورانی کوردستاندا.)2

2. کردنەوەی خوێندنگەیەکی شەوانە لە رواندز، کە ژمارەی شاگردەکانی ( 70 ) کەس بوون

1ـ شمس الدین سامی، لە جلدی پێنجەمی قاموسیدا ( قاموس الاعلام) دەڵێ: کەرکووک، بە ژمارە نفووسی 30 هەزارە، ئەهالی سێ چارەکی شارکوردن، چارەکەکی جوولەکە وکلدانی و تورکمانی تێدایە 7.

2. باسی تەلەگراف و بێتەل و ودروستکردنی لە لایەن ( مارکونی )ئیتالی یەوە، هەروەها کەشف کردنی توخمی کیمیاوی ( رادیوم ) لە لایەن ( مەدام کوری ) یەوە، کە بۆ چارەسەری هەندێ نەخۆشی باشە. هەروەها کارەبا وچۆنیەتی پەیدا کردنی..8.

شعر:

بڵاوکردنی شیعرەکانی شاعیرە کۆنەکان وەکو: پەرتو بەگ هەکاری، بابا تاهیر هەمەدانی، وەفایی، مصباح الدیوان، شێخ ئەحمەدی جزیری، شێخرەزای تالەبانی..

هەر وەها شیعری شاعیرە هاو چەرخەکانی خۆی وەکو : ئەسیری، زێوەر، عەلی کەمال باپیر، مەلا محەممەدی کۆیە.

زمانی کوردی:

گۆڤار داوا لە حکوومەتی ئیراق دەکات، کە لە کەرکووک ودهۆک وئاکرێ وئامێدی و زاخو، بە زمانی کوردی بخوێنن 9.

دۆزی نەتەوەیی کوردی:

لەووتارێکدا گۆڤار رەخنە لە نوێنەرانی میللەتی کورد لە پەرلەمانی ئیراقدا دەگرێت، کە هیچ رۆڵێکی باشیان نیە، بۆپاراستنی ماف میللەتی کورد و بەرگریکردن لەو مافانە **10**.

ئەنجام:

لە ئەنجامدا بە ئاشکرایی دیار دەبێت، کو گۆڤارا زاری کرمانجی رۆلەکێ مەزن گێرایە دناڤ کۆمەڵێ کوردیدا، ل سەردەم ێ پشتی جەنگا جیهانیا ئێکێ و دامەزراندنا دەولەتا ئیراقێ، ئەو رەوشەنبیری ژی دوان بابەتاندا دیار دبیت، ئەوێت گۆڤارێ بەلاڤ کرین، ژلایێ هشیارکرنا نەتەوەیی ڤە وخزمەتکرنا زمان وئەدەبێ کوردی وبەلاڤکرنا گوتار و شعر و چیرۆکا وراگەهاندنا دەنگوباسێت وی سەردەمی، وسەرنڤیسەر وخودانێ گۆڤارێ ( حوسێن حوزنی موکریانی ) وەک پەلەوانەک دوێ مەیدانێدا تێتە هژمارتن..



**حوسێن حوزنی لەگەڵ ژمارەیەک رۆشنبیرانی شاری رواندز**

3ـ دامەزراندنی جەمعیەتی زانستی ی کوردان لە سلێمانی، کە لە 22 کەسایەتی شاری سلێمانی پێکهاتبوو 4.

4ـ قوتابی شاکر فەتتاح، کۆمەڵێک شعری بۆ گۆڤار ناردووە 5.

5ـ عەلی حەیدەر بەگ کوڕی سلێمان بەگ سلاحشۆر زادە، لە کولیەی ئەمریکانی بەیروت ئەمسالە کە ژمارەی یەکەمینی وەرگرت، هەلبژێرا کە بچێتە ئەوروپا موزاکەرە بکا 6.

ووتار:

دەربارا ووتارا ژی بتنێ ئەم دێ چەند نموونەیەکان نڤیسین، وەکی ڤان ووتاران :


دەهمەن:

1: د. کەمال مەزهەر، تێگەییشتنی راستی، ل 86.

2: زاری کرمانجی، ژمارە 2 سالی 1926.

3: ژمارە 21، 1930.

4 : ژ 1 س 1926.

5: ژ 11 س 1928.

6: ژ 20 س 1929.

7: ژ2 س1926.

8: ژ21 و23 س1930.

9: ژ21 س 1930.

10 : ژ1 س1926.

# حوسێن حوزنی موکریانی‌و هونەری چاپ



د. مەغدید سەپان

بەم دوایە چەند کەسێك، شانازی بەوە دەکەن، گوایە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیان بۆیان ئاشکرا بووە، کە چاپخانەی کوردستان یەکەم چاپخانەی کوردی نی‌یە لە کوردستان داندرابێت! لەگەڵ ئەو بۆچوونەش، کە باس لە دامەزراندنی یەکەمین چاپخانەی کوردی و کوردستان دەکەین، هەموومان دەزانین مەبەستمان مامۆستا حوزنی موکریانی و چاپخانەی زاری کرمانجی‌یە! ئەگەر لە کاتێکدا چاپخانەی ئەو، یەکەم چاپخانەش نەبووبێ لە کوردستانی گەورە، خۆ یەکەم چاپخانە بووە لە هەولێر، جگە لەوەش هیچ چاپخانەیەك نە لە کوردستان و نە لە جیهان نەبووە بێ بەرامبەر ئەوەندە خزمەتی گەلەکەی کردبێت!!

ئەگەر راستیتان دەوێت ئێمە لە دامەزراندنی چاپخانە، لە دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار بەلای کەم دووسەد ساڵ لە دواوەین، دڵنیام ئەگەر حوزنی لەو کات ژیابا چاپخانەمان دەبوو، رۆژنامەشمان دەبوو چونکە لە دەوروبەری 1480 نزیکەی سی ساڵ پاش دۆزینەوەی هونەری چاپ لەلایەن گوتنبێرگەوە، ئەم کۆمەڵە دۆزینەوە گەیشتە زۆربەی شارەکانی ئەوروپا! هونەری چاپ لە ڕاستیدا کۆمەڵە دۆزینەوەیەك بوو، نەك تەنیا یەك.

هونەرەکان پێکهاتبوون لە: پیت دروستکردن و ریزکردن لە دوای یەکتری، بەستن‌و خستنە ناو قالب، خستنە ناو مەکینەی چاپ، مەرەکەب لێدانی پیتەکان، دانانی کاغەز لەسەری، پاڵەپەستۆ خستنە سەر نووسین‌و پیتە قورقوشمەکان، پاش چاپکردنی هەموو لاپەڕەکان کۆکردنەوەیان، کەتیرە لێدانیان، بەرگ تێگرتنیان، ئەوانەی سەرەوە هەموویان بەیەکەوە پێیان دەگوترێت هونەری چاپ. مامۆستا حوزنی ئەوانەی سەرەوەی وەك گوتنبێرك هەمووی تەنیا بەخۆی دەکرد، بۆیە نابێت چاپخانە و یەك پارچە ئاسن و یەك هونەر، ناو ببرێت و سەیر بکرێت و لە قەلەم بدرێت! کاری ئەو لە چاپخانە پێکهاتبوو لە ئەنجامدانی کۆمەڵە هونەرێك! ئەو لە چاپخانەکەی خەریکی هونەری چاپ بوو، نەك بەکارهێنانی پارچەیەك ئاسن.

ئەوەی مامۆستا حوزنی بەو پارچە ئاسنە کردی، تەنیا گیوی برای توانی بیکاو لەسەر هونەری ئەو بەردەوام بێت، ئەو بەو ئامێرە کۆنەی نووسین و کلێشەی خۆی پێ چاپ دەکرد. هونەری کلێشە دروستکردن لە هەموو کوردستاندا، ئەوەی من بزانم تەنیا ئەو پێی هەڵساوە " کە دەڵێین کلێشە، مەبەستمان لە کۆڵینی نووسینە لەسەر دار، ئەو شەپکە دارە بە بەرزیەکی دیاریکراو بە پێچەوانە دەکۆڵدرێت‌و ئەو نووسینە یان ئەو نەخشەی لەسەر دەکرێ کە مەبەستە، دواتر دەخرێتە ناو مەکینەی چاپ و دانەی لێ چاپ دەکرێ، لێرەدا دەبێت ئەو دارانە زۆر چۆنایەتیان باش بێت، ئەگینا پاڵەپەستۆی مەکینەی چاپ دەشکێنێ".

ئەو پارچە دارانەی ئەو نەخشاندوونی‌و نووسینی لەسەر کردوون، زیاد لە هەشتا ساڵیان بەسەر چووە و وادەزانی دوێنێ دروست کراون، تا ئێستاش زۆر بە ئاسانی بۆ چاپ سوودیان لێوەردەگیرێ. مامۆستا حوزنی هەموو کارەکانی چاپخانەی بەخۆی کردووە وەك : نووسینی گوتارەکان، پیت ریزکردن، چاپکردنی نووسینەکە، بۆ نووسینی سەردێر لەگەڵ وێنە، دروستکردنی کلێشە بۆی، بڵاوکردنەوەی پیتەکان، کۆکردنەوەی لاپەڕەکان، دەرزی لێدان، بڵاوکردنەوەی نووسین و گۆڤارەکان بەسەر هەموو کوردستان، هەریەك لەوانە کارو پیشەی جیان و پێویستی بە کادیری خۆی هەیە، بەڵام ئەو هەمووی بە دەستی خۆی کردووە.

ئەگەر باس لە هونەری رۆژنامەنووسی بکەین، ئەگەر باس لە هونەری نووسین و خاڵبەندی لە رۆژنامەوانی بکەین، ئەگەر باس لە ئازایەتی دەربڕینی وشە و ئەخلاقی رۆژنامەنووسی بکەین، بێ دوودڵی باوەڕناکەم کەسی وەك ئەومان هەبووبێ. ئەو بێشك گوتنبێرگی کوردە، لە داهێنانەکانی لێناردۆ داڤینجی کوردە، من لێکۆڵینەوەم لەسەر هونەری چاپ سەردەمی گوتبێرگ و چل ساڵ دوای گوتنبێرگیش لە ئەوروپا کردووە، ئەوەی حوزنی موکریانی بەو ئامێرە کۆنەی لە پایتەختی میری سۆران کردوویەتی، لەوەی ئەوان گرنگتر نەبووبێت، هیچی لەوان کەمتر نەبووە، حوزنی تەنیا بۆ چاپی تێکستی خەڵك، بۆ پەیداکردنی پارە ئەم ئامێرەی نەهێناو بەکاری نەبرد، ئەو بۆ خزمەتکردنی وشەی کورد و نەتەوەکەی هێنابووی، نەك بۆ ئەوەی رۆژێك لە رۆژان لە شوێنێکی وەك ئێرە یادی بکەینەوە و باس لە کارەکانی بکەین!

کە مامۆستا حوزنی لە شارۆچکەی رواندز پایتەختی میرانی سۆران،

**هیچ چاپخانەیەك نە لە کوردستان و نە لە جیهان نەبووە بە قەد چاپخانەی(زاری کرمانجی)ی حوسێن حوزنی موکریانی، بێ بەرامبەر ئەوەندە خزمەتی گەلەکەی کردبێت.**

پێش نزیکەی هەشتا ساڵ کوردایەتی دەچاند، بەهەژاری دەژیا، برا بچوکی خۆی ماموستا گیوی رەوانەی ئەودیو دەکرد، بۆ فرۆشتنی موڵك و ماڵ و هێنانی هەندێك پوڵ، خەڵکی تر لە دەوڵەتانی تازەی ئێراقی عەرەب، پۆستی وەزارەتیان قەبوڵ کرد، کارکردن و بەهێزکردنی ئەو دەوڵەتە بۆگەنەیان قەبوڵکرد، ئەو دەوڵەتە بۆگەنەی ئەو کات، تازە شۆرشێکی گەورەی کوردی لەناو بردبوو، مەلیکێکی کوردیان لە کوردستان دوورخستبوەوە.

من نامەوێت، لۆمەی کەس بکەم، بەلاّم ئەوە فاکتێکی تاڵەو لە سەردەمی حوزنی لە کوردستان روویداوە. ئەگەر حوزنی بیویستبایە وەك شێخێك، وەك سەیدێك بژی، نەك وەك سەربازێکی ون، خەباتێکی دوورو درێژ کە بەرەکەی نیو سەدە پاش مردنی ئێمە دووریمانەوە، باوەڕ بکەن زۆر لەو کەسانە بە توانا تربوو، پۆستو کاری زۆر چاکتری دەست دەکەوت...

ئەگەر مەبەستی ژیانی خۆش و رابواردن بووایە، زۆر بە ئاسانی بە هەمان بەهرە دەیتوانی بۆ ئەستەنبۆل، رۆما، بەرلین، پاریس یان لەندەن بچیّ، بە پیشەی دەستی بە چاپخانە بچوکەکەی بەمۆر هەڵکەندن، بە نووسین بۆ منداڵان بە کارکردن وەك رۆژنامەنووس، بە فرۆشتنی تابلۆکانی، وەك شاعیرێکی دڵناسك هەر شەوەو لە باخەڵی کچێکی جوان رۆژی بکردایەتەوە. ئەو هەموو ئەوانەی فرەدا، هەموو ئەوانەی واز هێنا، لە پایتەختی میری سۆران بارگەی داناو خەریکی دروستکردنی تۆوی کوردایەتی بوو، بەرهەمەکەشی هەموو ئێمەین، کە ئێستا لەو هۆڵە دانیشتوین و بە ئازادی قسە دەکەین و لە کوردستانی ئازاد دەبینین و دەژین. ئەگەر ئێمە باس لە کتێب نووسین و چاپکردن بکەین، بزانین لەو کاتە لە کوردستانی گەورە چەند کەس خەریکی کتێب نووسین بوون؟ خەڵکمان هەبوو شیعریان دەنووسی، خەڵکمان هەبوو گوتاریان دەنووسی، بەلاّم چیرۆك نووسین، نووسین لەسەر بەخێوکردنی کرمی ئاوریشم، مێژووی ئەردەلان، مێژووی میرانی سۆران، دێرێکی پێشکەوتن، وێنەگەری و کوڵین، دەیان کاری تر، سەدان گوتاری تر، هەتا ئەمرۆش کە نەیوێراوە خۆی لێبدا، لەبەرچی؟ ئێمە نووسەری چاکمان هەیە، چاپچی چاکمان هەیە، رەسامی چاکمان هەیە، خۆشنووسی چاکمان هەیە، رۆژنامەنووسی چاکمان هەیە، مێژوونووسی چاکمان هەیە، چیرۆکنووسی منداڵانی چاکمان هەیە.

ئەوانەی سەرەوەمان هەر هەمووی هەیە، بەلاّم هەر بوارو یەکێك خەریکیەتی، قەت نەمان بووە، یەکێك لەو هەموو بوارانە بەیەکەوە نووسینی هەبێت، کتێبی هەبێت، جگە لە حوزنی موکریانی! ئەوانەی سەرەوە هەمووی لای ماموستا حوزنی موکریانی هەبوو، تەنیا لای ئەویش...

دەبیّ مرۆ چەند گەروە بێت، چەند زیرەك و وریا بێت، بۆ ئەوەی ئەو هەموو پیشە جیا جیایانەی لا کۆبێتەوە! دەبیّ کوردستان و دانیشتوانەکەی بزانن، کە چەند بەختەوەرن کە پیاوێکی وا مەزنیان هەبووە؟ ئایا کەس ئەو پرسیارەی لەخۆی کردووە، کە ئەو بەڕاستی خەڵکی ئەستێرەی ئێمە بووە؟ دوورنیە، وەك دیارییەك لە ئەستێرەیەکی تر، بۆ منداڵانی کوردستان، بۆ ئەوەی ئەم گەلە دواکەوتووە، لەو نەگبەتییە و تاریکییە رزگار بکات،رەوانە کرابێت.

کە باس لە لیۆنادۆ داڤینچی دەکرێت، زۆر کەس لەو بڕوایەدان، ئەو لە ئەستێرەی ترەوە بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی هاتۆتە خوار، کیّ دەڵێت حوزنیەکەی ئێمەش لەولا نەهاتووە؟ چونکە مرۆڤ تێناگات، تەنیا یەك کەس لەم هەموو بوارە، ئەو پسپۆرە بە توانایە بێت. ئەگەر بڵێم ماموستا حوزنی موکریانی مرۆڤێکی گەورەیە، وشە گەورەکەی من کە بۆ ماموستا حوزنی بەکاری دەهێنم، لە وشەی گەورەی ئێوە لەوانەیە کەمێك گەورەتر بێت، چونکە منیش لە چاپخانەی ئەو چەندین کتێب، پیت دوای پیت، وشە دوای وشە، دێر دوای دێر، لاپەڕە دوای لاپەڕە، کۆم کردۆتەوە و چاپم کردووە و دواتر لە خانەکان بلاّوم کردونەتەوە، بەلاّم بەرێزان، لێتان تێکەلاّو نەبێت، من بۆم نیە لەگەڵ ئەو زانایە مەزنە، خۆم بەراورد بکەم، من ئەو کارەم کردووە، چونکە ڕۆژانەی خۆم هەبووە و بە پارەکەی ژیاوم، لەو کاتە من وەك کارێك کە پارەی تێدایە سەیرم کردووە، نەك وەك هونەری چاپ... من ئەو پیتانەی ڕێزم دەکردن، بۆیان نووسی بووم! ماموستا هەموو ئەو کارانەی دەکرد جگە لەوەی کە نووسینەکانیش هەر خۆی دەینووسی، ئەو بە هەمان پیت، کوردایەتی دەکرد، ئەو خاوەنی پیتەکان بوو، ماموستاش بوو لە ڕێزکردن لە دوای یەك و بەکارهێنانیان، ئەو ئەو کارەی بۆ هەموو مەبەستێك دەکرد، جگە لەپارە پەیدا کردن... بۆیە جیاوازی لە نێوان من و ئەو هەر بەراورد ناکریّ، من کە باسی ئەوەم کرد، بۆ ئەوەی بەڕێزتان ئاگادار بکەمەوە کارێکی چەند گرانەو چەند لەسەر خۆ دەڕوا. بەلاّم وەرن بزانین ئەو زانا گەورەیە کەمن هیچ گومانم نیە، کە دەوڵەتانی



دراوسێمان نیانە، چی بۆ کراوە ؟ چ بڕیارە بۆی بکریّ ؟ ئایا هەر باسکردنی سەرپێی لەسەر کارە گەورەکانی ئەو بەسە؟ ئایا تا ئێستا کەسی پسپۆرمان لەسەر ئەو ماموستایە هەیە، کە هەموو شتێك دەربارەی بزانێت؟ ئەوروپییەکان پسپۆری تایبەت بە مەزنانی خۆیان پەروەردە دەکەن. حوسێن حوزنی موکریانی کە مرۆیەکی گەورە بووە، بەلاّم بەو هەموو گەورەییەی خۆی، تا ئێستا بە گوێرەی پێویست ئیشی بۆ نەکراوە؟ تا ئێستا لاپەڕەیەکی ئینتەرنێتی ڕێك وپێك بەناوی ئەو نییە ؟ تا ئێستا خەلاّتێك بەناوی ئەو نیە؟ شارێك، گەڕەکێك، گوندێك، باخچەیەك بەناوی ئەو نیە!! تا ئێستا هەموو کارەکانی لەیەك کتێب و چەند بەرگێك چاپ نەکراوە؟ ئەو کارو لێکۆڵینەوەی تا ئێستاش کراون، زۆرتر د. کوردستان موکریانی کردوویەتی، ئەگەر دکتۆرە کوردستان ئەو کارانەی ئەنجام نەدابایە، کورد چی لە دەست دەچوو... بیرکردنەوەی ترسناکە... بە دوور مەزانە هەموو کارەکانی ئەو جووتە برایەمان لە دەست چووبا، لەو کاتە کورد وەك گەل، لە هەموو ئەو بوارانەی باسمان کرد شانازی بەکیّ کردبا؟

لە کۆتاییدا جارێکی تریش پیرۆزبایی لە ئێوەو لەخۆم و کورد دەکەم، کە لە مێژووە تاڵەکەی لەگەڵ ئەو هەموو تراگێدیایانەی بەسەرمان هاتووە، خاوەنی کەسێکی وا گەورەین، هیوادارم بە هەمووومان بتوانین، کارێك بۆ بەرێز ماموستا حوزنی بکەین کە شایەنی ئەو بێت.

# تاوەکو ئێستاکەش ( حوزنی ) هەقی خۆی نەدراوەتێ..!

**عەبدوڵڵا زەنگەنە**

بە درێژایی ئەو ساڵانەی دوای فامکردنم، هەندێ ناو، چ وەك بڵاوکراوە و چ وەك کەسان، بەلامدا تێپەڕیون بەرامبەریان هەستم بە جۆرە گوناهێك کردووە، چونکە پێم وابووە چ خۆم چ خەلقانی دیکە مافی خۆیانمان نەداونەتێ. ئەوەتا ئەو هەستەم بەرامبەر جووتە برا (**حوزنی و گیو**) ساڵانە لەلا نووژەن بۆتەوە. باش بەبیرمە لەسەرەتای شەستەکان بوو کەباوکم لەو ریزە دوکانەی بن قەڵاتی هەولێرێ، کە هی ئەحمەد ئەفەندی هەولێری بوون و ئێستا شوێنەوارییان نەماوە، دوکانێکی گرتبوو، 200–300 مەترە لەولاتریەوە، بەدیوی لای خۆیدا، (**کتێبخانەی عەسکەری**) و (**چاپخانەی کوردستان**) هەبوو، لەدیوەکەی بەرامبەریش، تۆزێك لەولاتریەوە، (**کتێبخانەی سەربەستی**) هەبوو، من ئەوسا تازە چووبوومە قوتابخانە، پێشتریش لەسەر راسپاردەی باپیرم قورئانی پیرۆزم لەلای (**مەلا ئەبووبەکری قەڵاسنجی**) خەتم کردبوو، بۆیە ئەو هەستەم لەلا گەورەتر دەبوو کە لەجیاتی نوقڵ و شیرینی زیاتر هەوەسم بە نەخشونیگارانی نێو ئەو گۆڤار و رۆژنامانە بێت رۆژانە لەپێش کتێبخانەکەی عەسکەری ریز دەکران و پێم نەدەکڕدران، چونکە ئەوسا وەکو زۆربەی منداڵانی گەڕەکەکەمان رۆژانەکەم (5) فلس بوو، بۆیە بۆ کوێرکردنەوەی ئەو مەراقەم هەموو جار شۆڕ دەبوومەوە ئەولاترو تا بەردەم (**چاپخانەی کوردستان**) هەڵوەستەم نەدەکرد، ئینجا دەستم بۆ چاوەکانم دەکردنە پەناو لووتم بەپیشانگای چاپخانەکەوە دەنا کە جامخانەیەکی شووشە بوو و کۆمەڵێك کتێبی تیا نمایش کرابوو، لەوانەیە زۆربەی ئەوانەی لەتەمەنی من و بەرەوژوورترن ئەو وێنەیەیان بەبیر بێتەوە کە بەدیوێکی سەیرت بکردبایە دەتدی پێدەکەنی هەڵت دەگێڕایەوە دەگریا، ئەوەبوو رۆژێکیان جگە لە رۆژانەکەی خۆم لەدوکان (5) فلسییەکم لەباوکم دزی و ئەو وێنە سەیرەم پێی کڕی، دواتر کە لەبازاڕ پتر چاوم کرایەوە پارەم کۆکردەوەو کۆمەڵێك کتێبی وەکو : (**فڕی فڕی قەل فڕی**) و (**ئەمیر ئەرسەلان**)و (**حەیدەرنامە**) و (**بەخت نامە**)ی ناپلیۆنم کڕین، بەبیرمە هەرجار کە باوکم لای چۆل بووایەو کڕیار نەبووایە دەچووم (**حەیدەرنامە**)کەم بۆی دەخوێندەوە، نەشمدەزانی بۆچی هەمووجار لەگەڵ خوێندنەوەکەم دەستی بەگریان دەکرد؟ ئایا بۆعەلی کوڕی ئەبی تالب بوو کە هەر جارەی گورزی دەوەشاند کۆمەڵێك لە کافرانی بەردەدایەوە، یان گریانەکەی لەخۆشی کوڕە نۆبەرەکەی بوو کە تازە فێرە خوێندنەوە ببوو و شیعرەکانی بەڕەوانی دەخوێندەوە..؟!

هەر لەنێو جامخانەی پیشانگاکە کۆمەڵێك ناونیشانی دیکەی وەکو: (**غونچەی بەهارستان**) و (**خۆشی و ترشی**) و (**ئاوڕێکی پاشەوە**) و (**کوردو نادرشا**) و (**کوردی زەند**) و (**وێنەگەری و کۆلین**) و (**تەئریخی حوکمدارانی بابان**) و هی دیکەم دەدیتن و دواتر بوومە خاوەنی ئەمانیش، بەلاّم هیچیان لێ تێنەدەگەیشتم، بەبیرم نایەتەوە لەچ رۆژو هەفتەو مانگی دوای کودەتاکەی 63 بوو مام گیو تابلۆ ئەفسووناوییەکەی ناوی چاپخانەکەی لەسەر دوکانەکەی خۆی هێنایە خوارەوەو تابلۆیەکی دیکەی بەناونیشانی (**چاپخانەی هەولێر**) لەشوێن دانا، من لەو بڕوایەدام هەولێرییەکان هەرچەندە شارەکەی خۆیان خۆش دەویست و حەزیان دەکرد چاپخانەیەکی بەم ناوەوە هەبێ، بەلاّم پێیان ناخۆش بوو ناوی شارەکەیان لەشوێنی ولاّتەکەیان کە (**کوردستان**)ە دابنرێت، خۆ باش بەبیرمە خەڵك لەدوای بەیانی 11ی ئادار ماوەی پتر لەمانگێك لەکەیف و شادی و شایلۆغاندا بوون، ئەوسا هەر مەسیرەیەکی خۆشی بکرابا دەبا بەبەردەمی چاپخانەکەدا تێپەڕیبوایە، بۆیە مام گیو لەخۆشی وەرگرتنی مافی کوردان بەخۆی و کۆت و شەلواری بەری و مشکیەکەی سەری لەگەڵ شاگردەکانی دەهاتنە تەماشای و لەولاوەش تابلۆ کۆنەکەی بەناوی (**چاپخانەی کوردستان**)ی لەبەردەم جامخانەکەی دادەنا چونکە وادیاربوو هێشتا مۆڵەتی بەم ناوەوە وەرنەگرتبوەوە و ئەویش دەیزانی کە نابی بەبێ بڕیار هەڵیبواسێتەوە، ئەوسا هەمووی دوو ساڵێکی پێنەچووبوو، لەگەڵ (**کاردۆ گەلاّلی**) و (**جەلال بەرزنجی**) و (**دلشاد عەبدوڵلاّ**) و (**تاهیر حوسێن**) و هی دیکە لەدواناوەندی کوردستان لێژنەی زمان و ئەدەبی کوردیمان بەسەرپەرشتی مامۆستای زمانی کوردی (**عەبدولڕەحمان سەعدی**) دامەزراند، ساڵی 1972 لێژنەکە بڕیاریدا ژمارەیەکی نوێی گۆڤاری (**بیری نوێ**) دەربکات کە پێشتر بەناوی (**رەهێڵە**) دەرچووبوو، دەستەی نووسەرانیش بڕیاریاندا لەچاپخانەی کوردستان چاپ بکرێ، سەپەرشتی چاپ و دابەش کردنیش بەرمن کەوت، لەوانەیە ئەوسا من دووەم جارم بووبێت پام چووبێتە ناو چاپخانەکە. دیارە جاری یەکەم لەساڵی 1969دا چووبوومە ژوورەوە، ئەویش ئەو کاتە بوو کەباوکم دەیەویست لەسەر داوی قوتابخانەکەم رەگەزنامەی عیراقیم بۆ دەربهێنێ.

ئەوەبوو بەکامیرا سەیرو سەمەرەکەی مامۆستا گیو وێنەیەکی سەیریان بۆ گرتم، ئێستاش کەجارجار لەم وێنەیە وورد دەبمەوە دڵم بۆ هەزارانی وەکو خۆم دەسووتێ کە ئاوەها بەشەرمنی گەورەکراوین و هەمووجاریش بەبرادەرەکانم دەڵێم ئەو وێنەیە بۆ منداڵ ترساندن گیراوە..!.

دڵنیام ئێستاش بەدەست خۆم نییە کاریگەری ئەو رۆژانەی هاتووچۆکردنی ئەو چاپخانەیەم بەسەر بێ

> **پاش کودەتاکەی 63 مام گیو تابلۆی ناوی چاپخانەکەی لەسەر دوکانەکەی خۆی هێنایە خوارەوەو تابلۆیەکی دیکەی بەناونیشانی ( چاپخانەی هەولێر) لەشوێن دانا.**

ئاگاییم دا ماوە، بۆیە هەر رۆژنامەنووسێك سەردانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کردبێ و هاتبێتە لای من وام ئاگادار کردۆتەوە رۆژنامەوانی کورد، ئەگەر بیەوێ جێ پەنجەی بەسەر رۆژنامەنووسیی کوردیدا دیار بێ، دەبێ حوزنی و پیرەمێرد ئاسا هەوڵ بدات و کاربکات، بەلاّم دەبێ ئەوەش لەبیرنەکەم و پێتان بڵێم ئەو ماوەیەی ئێمە گۆڤارەکەی (**بیری نوێ**)مان تیا دەرکرد دوای یەك دوو ساڵی ماوەی دوای 14ی تەمموزی 1958، رۆشنبیریی و رۆژنامەنووسیی کوردی لەم دەوڵەتەی کە ناوی عێراقە جارێکی دیکە بوو کەمێك دەبووژایەوە، کۆمەڵێك مامۆستاشمان تازە لەدەرەوەی ولاّت گەڕابوونەوە بڕوانامەی بەرزیان هێنابۆوە، بەدرێژایی ئەو ماوەیەش کەبەشی کوردی لەکۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا دامەزرابوو، کۆمەڵێك مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی پێگەیاندبوو، بۆیە رۆژ بەرۆژ تۆژینەوە لەزمان و ئەدەبی کوردی دەبووژایەوەو گەشەی دەکرد، بەلاّم لەم نێوەندەشدا چرپە چرپ و قسەو قسەڵۆك لەسەر یەکدی رۆژ بەڕۆژ زیاتر چەکەرەی دەکردو هەرجارەی ناوی هی وەکو ئەمین زەکی و مەعروف

جیاووك و عەلی کەمال و حوزنی و پیرەمێردو تۆفیق وەهبی و هی دیکە دەهات، دەیان جار گوێم لێ بووە، گوایە ئەوانە پیاوی ئینگلیزو (ماسۆنی) بوون، تەنانەت هەندێ جار زیندووەکانیش لەم بۆچوونانە بێبەش نەدەبوون، دەیان جار گوێم لێ بووە تۆمەتی وا دەخرایە پاڵ مامۆستا گیو لەم سالأنەی دواییدا کە هاتمەوە نێو بواری رۆشنبیریی کوردی و هەڵوێستی ئەو کەسانەم بەبیردا دەهاتەوە لەشوێنی خۆمدا هەستێکی شەرمەزاری دایدەگرتم، بەبیرمە ئەو رۆژانەی هاتووچۆی چاپخانەکەم دەکرد. مامۆستا گیو زۆر هانی دەدام، ئەو دیمەنەیم قەت لەبیر ناچێتەوە هەرجارەی یەکێك نامە یان نووسینێکی بۆ بهێنابا ئەو قەڵەم پاندانە (21)ەکەی دەردەهێناو هەرچۆنێك با دەستکارییێکی دەکرد و چەند خەتێکی بەسەر کاغەزەکەدا دەهێناو چەند وشەیەکی بۆ دەگۆڕی و دەنووسیی، هەر ئەوسابوو چەند کتێب یان وەك (**حوزنی**) خۆی وا ناوی لێناون (**سیپارە**)ییێکی ئەو زاتەم لەمامۆستا گیو وەرگرت. بەلأم دیسان ئەوەندە سەرەدەریم لەناوەڕۆکەکەیان دەرنەدەکردو ئەوەندەی (**حەیدەرنامە**) و (**ئەمیر ئەرسەلان**)و (**حیکایەتی مەلای مەشهور**) لەلام خۆش نەبوون و کاریگەرییان بەسەرمەوە نەبوو، وەکو گوتم بەتایبەتی ئەوسا جیهانی نووسین و رۆژنامەنووسیی کوردی کەمێك بووژابووەوە، بۆ مێژووش دەڵێم ئەوسا رۆژنامەی (**هاوکاری**) و (**بەیان**) و (**برایەتی**) و دواتر لەهەندێ لایەنەوە رۆژنامەی (**بیری نوێ**) بۆ خزمەتی رۆشنبیریی هی وەکو جیلی ئێمە شوێنەواریان دیارە.

پێم وایە ئەوسابوو من باش هەستم کردبوو ئەوانەی لە سالأنی چل و سەرەتای پەنجاکان دانیان بە کورد دا نەدەنا کە (**امە**) واتە (**نەتەوە**) بێت، خۆشحاڵم وا ئەمڕۆکەش داوای سەربەخۆیی بۆ کوردو کوردستان دەکەن، هەر ئەوانیش بوون ئەوسا کاریگەری خراپیان لەسەر پاراستنی شوێنەواری رۆشنبیری کوردی هەبوو، لەوانەیە هەندێکتان بپرسن بۆ؟ لەوەلأما دەڵێم زیاتر ئەوانە بوون پڕوپاگەندی خراپیان لەسەر ئەو زاتانە دەکردو تا ئەمڕۆکەش شاهید ماون کە بوونەتە هۆکاری فەوتاندنی هەموو ئەو گۆڤارو رۆژنامانەی وەکو (**دەنگی گێتی تازە**) و (**ئاگاو رووداوی هەفتەیی**) و (**پەیام**) و هی دیکە، بۆیە ئەمڕۆ زۆر بەدەگمەن ژمارەکانیان دەست دەکەوێتەوە، ئەوەتا گۆڤارێکی وەکو (**دەنگی گێتی تازە**) کەسەرەتا بەسەرپەرشی

هەریەك لە (**تۆفیق وەهبی**) و (**حوزنی موکریانی**) و لەلایەن (**سەفارەتی بەریتانیا**) دەردەچوو تا ماوەیەك لەمەوبەر زۆربەی ژمارەکانی چنگ نەدەکەوتن، لەهەر یەکێکمان دەپرسی وایان وەلأم دەدایەوە کە ئەم گۆڤارە کاتی خۆی زۆر بەفراوانی دابەش کراوە تەنانەت دەنێردرایە کوردستانی ئێران و سوریا، بەلأم دوای دەرچوونی هەر ژمارەیەکی نوێ یەکسەر دەفەوتێنران، خۆ ئەو ژمارانەش کەدوای دوو ساڵ پەیوەندییان بەسەفارەتەوە نەمابوو بەرپرسیارێتی درابووە هەریەك لە (**فایق تۆفیق**) و (**محامی محەمەد**

بابان) و (**حوزنی موکریانی**) بەهەمان دەردبرابوون، ئەوەتا دوای ئەوەندە ساڵە، دوو ساڵێك لەمەوبەر ماوەی پتر لە (6) مانگان هاتووچۆی لای ئازادی گیوی موکریانیم کرد، ئینجا توانیم چەند دانەیەك لەو ژمارانە ببینم کە بەشێوەو قەبارەی رۆژنامە دەرچوونە، خوا کاری کاك (**سەباحی غالب**) راست بێنی

لەلەندەنەوە هەندێ لەو ژمارانەی بۆ فۆتۆ کردووم و بۆی ناردوومەتەوە کوردستان، ئینجا توانیومە ئەو بابەتانەی تێدا بخوێنمەوە کە (**حوزنی**) نووسیونی. لەوانەیە لێرەدا ئێستا ئێوە هەر هەمووتان بڵێن ئەو قسانەی دەیکەی هیچیان پەیوەندییان بەناوەڕۆکی ناونیشانەکەوە نییە کە دەڵێی (**تاوەکو ئێستاکەش حوزنی موکریانی هەقی خۆی نەدراوەتەوە**)، هەندێکیشتان بڵێن ئەی ئەوەنییە هەر بۆ رێزلێنان لە (**حوزنی**) دەزگایەك بەناوی (**موکریانی**) لەهەولێر و یەکێکی دیکەش بەناوی (**زاری کرمانجی**) لەرەواندز دامەزراوە، خۆ ئەگەر برادەرانی دەزگای (**سەردەم**)ی سلێمانی لێرەبن ئەوانیش بڵێن ئەوا ئێمەش ژمارەییێکی (**رۆڤار**)ەکەمان بۆی تەرخان کردووە، خانمە دوکتۆر (**رەمزیە سابیر**)، ئەگەر لێرەبێ بڵێ منیش نامەی ماستەرەکەم لەسەر (**حوزنی**) و خانمە دوکتۆر (**کوردستان موکریانی**) بڵێ من هەردوو گۆڤاری (**زاری کرمانجی**) و (**روناکی**)م بۆ مامم چاپ کردۆتەوەو (**شاکر فەتاح**)یش نامیلکەیەکی لەسەر دەرکردووە، خۆ دڵنیام کاك (**مومتاز حەیدەری**) ئێستا دەڵێ من لەسەر (**حوزنی**) مامۆستای هەر هەمووانم، ئەوە جگە لەوەی سالأنە هەر یەکە لەمامۆستایان (**د.مارف خەزنەدار**)و (**د.کەمال مەزهەر**) و (**کەریم شارەزا**)و (**د.فەرهاد پیربال**) و هی دیکە چەند جار قسەو باس لەسەر حوزنی دەنووسن و بلأودەکەنەوە، هەرچەندە خۆیشم ژمارە (9)ی (**رۆژنامەڤانی**)م بۆ (**زاری کرمانجی**) تەرخان کردو مەلەفێکی تایبەتیم لەسەر (**حوزنی**) و ئەو گۆڤارە بلأوکردەوە، بەلأم هێشتا دەڵێم ئەو زاتە هەقی خۆی نەدراوەتێ، باش بەبیرمە دوای بلأوبوونەوەی ئەو ژمارەیەی (**رۆژنامەڤانی**) کە چوومە **سلێمانی** و سەردانی بارەگای گۆڤاری (**پەیڤین**)م کرد، لەوێ رووبەروو کاك (**محەمەدی موکری**) دەستخۆشی لەسەر بلأوکردنەوەی ئەو مەلەفەی لێ کردم و گوتی تۆ بووی (**حوزنی**)ت پێ ناساندین خۆ بەراستی ژیانی ئەو زاتە رۆمانێکە بۆخۆی، منیش یەکسەر پرسیارم لێی کرد داخۆ ئەو ئەنجامەی لەکام وتار بۆ دەرکەوتووە، وای وەلأم دامەوە لەبابەتی (**بەسەرهات و کەسێتی حوزنی لەیادەوەری گیوی موکریانی دا**)



## سەرەڕای هەموو کارەکانی تایبەت بە حوزنی و زاری کرمانجی، هێشتا ئەم زاتە بە تەواوی هەقی خۆی نەدراوەتێ.

کە بەئیمزای (**هیوا محەمەد**)ە کە پێیم گوت ئەی بۆ ئەو بابەتەی منت نەخوێندۆتەوە کە لەلاپەڕەکانی بەرایی گۆڤارەکەدایەو بەناونیشانی (**ماڵی کوردی تالاَن بردی**)یەو بەئیمزای ئاشکرای منە، دیاربوو ئەو چەند پاساوێکی هێنایەوە یەکسەر پێیم گوت ئەیٚ کاکی خۆم دڵنیام تۆ بەناونیشانی بابەتەکەو ناوی نووسەرەکەی خەڵەتاوی..! بڕوا بکە ئەو بابەتەی خوێندوتەوە ئەوەش هی منە گەر ئەو بابەتەی دیکەت بخوێندبایەوە کە کلیلی ئەو مەلەفەیە لەوێدا دەتزانی ئەوەندەی ڕۆماننووسی باکووری کوردستان (**محەمەد ئۆزۆن**) بۆ (**مەمدوح سەلیم**) و (**جەلادەت بەدرخان**)ی کردووە بۆ ئەویان ڕۆمانی (**سیا ئەڤینیٚ**)و بۆ ئەویشیان (**بیرا قەدەریٚ**)ی نووسیوە، دەتزانی ئێوە ڕۆماننوسانی لای خۆمان هیچتان بۆ حوزنی و ئەوانی دیکە نەکردووە کە هەریەکەیان ژینیان ڕۆمانێکە بۆخۆی.

خۆشەویستانم ئالێرەدایە دەستخۆشی لەوەزارەتی ڕۆشنبیری لەهەولێر دەکەم کە پەردە لەسەر پەیکەری حوزنی لادەداو چەند کەسێکیش قسەی لەسەر دەکەن، بیستوومە لەولاش وەزارەتی ڕۆشنبیری،

## ڕۆماننووسانی باکووری کوردستان سەبارەت بە حوزنی نووسیوویانە، بەڵام ڕۆماننوسانی لای خۆمان هیچیان بۆ حوزنی و ئەوانی دیکە نەکردووە، کە هەریەکەیان ژینیان ڕۆمانێکە بۆخۆی.

دوای چەند ڕۆژێکی دیکە، یادی ئەو زاتە دەکاتەوە، خۆشحاڵم کە ئاوەها یادی ئەو زاتانە دەکرێتەوە کە لەپێناوی نەتەوەکەیان زۆربەی ڕۆژانی ژیانیان بەبرسیەتی و نەبوونی گوزەراندووە، بەڵام دڵنیام ئەو هەڵسوکەوت و کارانەمان خەون و ئامانجی ئەوان نەبوون، بەڵکو ئەوان حەزدەکەن هەموومان بەیەکەوە دانیشین و قسە لەسەر خەون و ئامانجەکانیان بکەین، خۆ ئەگەر ئەوەشمان پیٚ نەکرێت جارێکی دیکەش ڕاشکاوانە دەیڵێمەوە هێشتا هەقی خۆیانمان نەداونەتەوە، ئالێرەدا لەوانەیە داوای نموونەی دیکەم لیٚ بکەن و منیش قافی قسەم دیٚ و دەڵێم تەنیا (5) نموونەتان بۆ دێنمەوە.

1- لەسەرەتای ساڵی 2002دابوو ڕۆژێکیان (**کاك مەحمود زامدار**)ی دراوسێم کە لەماڵ دەرچوو وەکو هەر جارێك پێشم پێی گرت، ئەویش دیاربوو کەوتە پیا هەڵدانی ماندووبوونم و باسکردنی گۆڤاری (**ڕۆژنامەڤانی**)، پێی گوت بەتەماین مەلەفێکیش لەسەر (**زاری کرمانجی**) و (**حوزنی**) بلاَوبکەینەوە، ئەگەر بکریٚ باسێکمان بۆ بنووسی، دیاربوو ئاماژەی بۆ پڕکاری خۆی کردو کۆمەڵێك پاساوی هێنایەوە، دواتر گوتی لەتۆی ناشارمەوەو بەکەس مەڵیٚ..!

پرۆژەییێکی گەورەم لەبەردەستەو دەزگای ئاراس داوای لیٚ کردووم هەموو بەرهەمە چاپکراوەکانی (**حوزنی**) بنووسمەوە تا دووبارە چاپی بکەینەوە، پێم وایە هەر ئەوسابوو باسی هەرسیٚ زاراوەی (**گۆڤار**) و (**پێشمەرگە**) و (**خەبات**) و ئەوانەم بۆ کاك (**زامدار**) کرد کە لەداهێنان و جێگیرکردنی (**حوزنی**)ین، ئەو یەکسەر ڕاکەی قۆستمەوەو گوتی بڕوا بکە منیش کۆمەڵێك دەستەواژەو زاراوەم دەستنیشان کردووە کە هەر ئەو زاتە لەنێو نووسینەکانی بەکاری بردوون.

زۆر بەداخەوەم کەلێرەدا بڵێم تۆژەری ئێمە تا ئەمڕۆی سەردەمی (**عەولەمە**)و ئاسانکاری تەکنەلۆژیا هێشتا بابەتەکانیان نیواو نیوە، ئەگینا چۆن دەبی هەر تۆژەرێك، با حەز لەنووسین وبابەتی یەکێك نەکات، بابەتی هەر کەسێك کە پەیوەندی بە تۆژینەوەکەی خۆیەوە هەبیٚ شەن و کەوی نەکاو ئەنجامی کارەکەی خۆی لیٚ هەڵنەهێنجیٚ، ئەوەتا تا ئەم دواییانەو کاتی بلاَوبوونەوەی ئەو ژمارەیەی (**ڕۆژنامەڤانی**)تەنزیر بۆ ئەوە دەکرا گوایە زاراوەی (**خەبات**) لەسەرەتای پەنجاکان کەوتۆتە نێو شێوەزاری کرمانجی خوارووو دواتریش بۆتە ناو بۆ ئۆرگانی پارتی و ئینجا ناو بۆ کوڕو کچانی ولاَتەکەمان. یان تا ئەم چەند ساڵەی دوایی وا تەنزیر بۆ ناوی (**پێشمەرگە**) دەکرا، گوایە لەسەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان لەمهاباد


فهرست

| لا پەرە | | |
|---|---|---|
| ٢ | اجتماعیات | ح.ح |
| ٤ | ادبیات و آثاری ادبای کورد | ح.ح |
| ٦ | - پاشماوەی لا پەرەی ٢ - | ح.ح |
| « | قسەی بەکەلك | ح.ح |
| ٧ | بوخاری زمانی کوردی | علەیك م.ع کوردی |
| ١٠ | شەری مستقبل | شقلاوە ع.ع |
| ١٢ | دەستوری اخلاق بو نەوجوانەکان | جمال احمد قوتابي متوسطة هەولیر |
| ١٤ | آگر پەرست | ب.ج |
| ١٥ | زبانانی گیتی (عالم) | ب.ج |
| « | اعلان (٢) | اربیل اجراء مأموری |
| ١٦ | اعلان (٢) مدیرطاپو لواء اربیل ، اعلان (٣) | مدیرطاپو لواء اربیل |
| « | اعلان (٣) | اربیل اجراء مأموری |

١٢ شباط ١٩٣٦ لە رواندز: لە چاپخانەی زاری کرمانجی دا چاپ کرا

لەسەر زاری چاپچییەکی پیر خراوەتە نێو زاراوەی سوپای کوردستان. خۆ زاراوەی (**گۆڤار**) کە ڕۆژانە چەندین جار بەسەر زاری هەر یەکێکمان دادێت تا ئەم دواییە وا دەزانرا لەلایەن بەدرخانییەکانەوە، بەتایبەتی جەلادەت بەدرخانەوە داهێنراوەو ئەوەتا ئەو نامەیەی بەناونیشانی (**لەجەلادەت بەدرخانەوە بۆ حوزنی موکریانی**) لەلاپەڕە 108ی (**ڕۆژنامەڤانی**) بەئیمزای (**عوسمان موفتی**) بلاَوکراوەتەوە، کاتی خۆشی کە ئەو نامەیەم لە د.کوردستان موکریانی وەرگرت کە تورکی عوسمانییە بەم زاتەم کرد بەعەرەبی و خۆیشم کردمە کوردی، دیارە

دەیسەلمێنێ کە هەموو ئەو زاراوانە لەداهێنانی (**حوزنی**)یەو من پێم وایە ئەو لایەنەی ژیانی ئەو زاتە نەك هەر نامەی ماجستێر بەڵکو دکتۆرایەك هەڵدەگرێ.

2- ئێوە هەر کامێکتان، لە ئەوپەڕی چەپەوە بۆ ئەوپەڕی راست، یا لەتوندڕۆیە ئایینەیەکانتانەوە تا ئەوپەڕی نەتەوەیی رۆژانە چەند جارێك لەسەر رووی گۆڤارو رۆژنامەکانی کوردی ئاماژەیەکتان بۆ



ساڵنامەیەکی کوردی ئەکەوێتە بەرچاوان، یا لەسەر رووی گۆڤار و رۆژنامەکانتان خۆتان بەکاریان دێنن، من دڵنیام، هەر هەمووان پرسیارتان لێ بکرێ کە ئەم ساڵە کوردییە لەسەر پێشنیازی کێ داهێنراوەو خاوەنەکەی لەکوێ ئاماژەی بۆی کردووە نایزانن و ناتوانن ئاماژە بۆ سەرچاوەکەی بکەن کە حوزنی موکریانی بووە.

3- کوێرە گرێیەکی دیکەی مێژوومان کەچەند ساڵێکە تۆژەر و مێژوونووسانمانی بەخۆیەوە خەریك کردووەو بەرامبەری دۆش داماون و ناتوانن وەڵامی پرسیارو بۆچوونەکانی هەریەك لەمامۆستا عەبدولرەقیب یوسف و کاك عەبدولخالق سەرسام لەمەڕ شوێنی باب و باپیرنی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیووبی بدەنەوە بەتەواوی شوێنەکەی دەستنیشان بکەن کەشاری (**دووین**)ە، من دڵنیام ئەو برادەرانە هەر هەموویان بەتەواوەتی بەرهەمەکانی (**حوزنی**)یان نەخوێندۆتەوە، ئەگینا وەڵامی پرسیاری هەریەکەیان لای ئەو زاتە هەبووەو ئەوسا ئەویان نەیدەتوانی نکۆڵی لە (**دووین**)ی ئەرمەنستان بکاو ئەویشیان (**دووین**)ی بن هەولێر فەرامۆش بکا.

4- ماوەیەك لەمەوبەر لەگەڵ برادەرێك لەسلێمانی سەردانی رۆشنبیرێکی گەروەی گەلەکەمانم کرد، لەوێ باس هاتە سەر (**حوزنی**) کەبەرهەمەکانی چاپ بکرێتەوە، بەڵام ئەو وای نیشانداو کەبەرهەمە مێژووییەکانی متمانەیان پێ ناکرێ و پاساویشی بۆ بۆچوونەکەی ئەوەبوو گوایە (**حوزنی**) خۆی هەڵیبەستوون، ئەوسا من بەبیرم نەبوو پێی بڵێم چەند ساڵێك بوو مامۆستا (**حەمەی مەلا کەریم**) و چەند کەسێکی دیکە هەمان بۆچوونیان هەبووە و هەر وایان دەگوت ئەوەتا بەم دواییە ئەو زاتەمان لەسەر لاپەڕەکانی یەك لەژمارەکانی گۆڤاری (**رەنگین**) داوای لێبوردن لە گیانی مامۆستا (**گیو**) دەکا کەچەند ساڵێك پێی وابووە گوایە کتێبی (**شوق المستهام فی معرفە رموز الکلام**) و نووسەرەکەی کە(**ئەحمەدی کوڕی وەحشیەی النبطی الکلدانی**)یە باسی هیچ رێنووسێکی کوردیان نەکردووە کەپێش (2800) ساڵ بەکاربراوە، ئەوەتا بەم دواییانە کاکەحەمە لەئەڵمانیاوە فۆتۆیەکی ئەم کتێبەی بۆ هێنراوەو دەبینێ نموونەی ئەم رێنووسە لە دووتوێی کتێبەکەدا هەیە بۆیە داوای لێبوردن لە مام گیو دەکا بەڵام لەراستیدا دەبا داوای لێبوردنی لە (**حوزنی**) بکردبا، چونکە ئەو پێشتر لەسەر لاپەڕەکانی (**زاری کرمانجی**) ئاماژەی بۆ ئەم کتێبە کردووە.

یان جارێکیان رۆشنبیرێکمان باسی ئەوەی بۆ کردم کاتی ئەو لەسەر شەقامەکانی سلێمانی دەسووڕایەوە گوایە وەکو من پێی وابووە نووسینەکانی (**حوزنی**) هەموو هی خۆی بووە، بەڵام دواتر کە چۆتە ئێران زانیویە کە هەموو بەرهەمەکانی لەفارسییەوە کراونەتە کوردی، دوای نەسەلماندنی بۆچوونەکانی لەلای منەوە ئینجا بایدایەوەو فەرمووی بەڵام زیرەکی (**حوزنی**) لەوەدایە کە بۆ زۆربەی بەرهەمەکانی زانیویە چ سەرچاوەیەك هەڵدەبژێرێ، یەك لەوانە مێژوونووسێکی گەورەی ئێرانی وەکو (**ئەحمەد کیسرەوی**) هەڵبژاردووەو کتێبی (**شهریاران گمنام**) لەسەرچاوە هەرە بڕوا پێکراوەکانە. بەکوردی و بەکورتی ئالێرەدایە دەمەوێ بڵێم هەر تۆژەرێکی بابەتی مێژوویی کەدەست دەداتە قەڵەم دەبێت بەجەستەو نەستی بگەڕێتەوە ئەو سەردەمەی بابەتەکەی لەبارەوە دەنووسێتەوە، ئەو برادەرەمان راستی کردووە کو (**حوزنی**) زۆربەی سەرچاوەکانی بابەتی ئەم جۆرە

**لەبەر گرنگتری و شارەزایی زۆری لەکاری رۆژنامەنووسی (پیرەمێرد) بەبەردەوامی (حوزنی) بەئوستادی خۆی داناوە.**

نووسەرو کتێبانەن، بەڵام بڕگە بەبڕگە ئاماژەی بۆ بەش و بەرگ و لاپەڕەی کتێبەکانیان کردووە، ئا لێرەدایە دەپرسم کام لەنووسەرو مێژوونووسانی پێش و پاش (**حوزنی**) وەکو ئەو ئاماژەیان بۆ سەرچاوەکان کردووە وەرن بەبەڵگەوە بۆم بسەلمێنن و قسە بەهەوادا مەدەن.

5- لەهەموو ئەم خاڵانەش گرنگتر لایەنە رۆژنامەنووسییەکەی ژیانی (**حوزنی**)یە کە تاوەکو ئێستا بەتەواوەتی لای لێ نەکراوەتەوەو هەقی خۆی نەدراوەتێ، لەسەر ئەو لایەنەش بووە (**پیرەمێرد**) بەبەردەوامی (**حوزنی**) بەئوستادی خۆی داناوە.

لەم هۆڵەدا نامەوێ ئەو خاڵەش فەرامۆش بکەم، لەسەر ئەو پۆستەرەی بەرامبەرتان کە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیرییەوە چاپکراوە، چەند ناوێك بەبەرهەمەکانی حوزنی دانراون لەوانە (**مێرگەی دڵان**) و (**بەخێوکردنی کرمی ئاوریشم**) و (**دەستووری خوو بۆ کوڕو کچ**)، ئەمانە دوانییان هیچ پەیوەندییەکیان بەبەرهەمەکانی (**حوزنی**) خۆی نییە، یەکەمیان بەخۆڕایی بەبەرهەمەکانی ئەو زاتە دانراوە، دیارە ناونیشانی وا ئەوساو ئێستاش هەر نەبووە، دووەمیان لەفەرنسیەوە کردوویە بەکوردی و وەکو نامیلکە بڵاویکردۆتەوە، هەرچی سێیەمیانە ئەوە تاوەکو ئەمڕۆکەش هەر نەدۆزراوەتەوە تا بیخەینە تەك بەرهەمەکانی دیکەی (**حوزنی**) کە دەزگای ئاراس بەتەمایە چاپیان بکاتەوە.

# گۆڤاری زاری کرمانجی

# گەنجینەیەکی بە نرخی زمانی کوردییە

عوسمان محەمەد هەورامی

ئـای کە چەندە خۆش و دڵگیر وکاریگەرە هەموو نە تەوەیەك، میللە تێك وگەلێك لە وڵاتی ئازادی خۆیاندا،بە زمانی ڕەسەنی شیرین و پاراوی خۆیان بئاخێون، بچریکێنن،هەموو وێنە وبانگەوازە لە بەر چاوەکان وپەنهانەکان، بۆچوون و وێنا بەرفراوانەکان ژین بە وشە ورشە دارەکانیان دەربڕن. بە دوور و درێژی دیرۆکی هەمەلایەنەی ژینیان تۆمار بکەن مخابن، مێژینەمان پڕە لە ئاواتخواستن و خۆزگەی پیرۆز و زۆرو زەبەندی لەم چە شنەو بەرفراوانتریش... کاتێك لاپەرەکانی مێژوەی لە مێژی دێرین ونزیکی نە تەوەکەمان هەڵدە دەینەوە، بە داخ و کەسەری زۆرەوە، لەناخەوە هەست بە هاوار و ناڵەی سینگە تاوێنی باو و باپیرانی هەموو سەردەمە دژوارەکان دەکەین –کە چۆن بە درێژایی قۆناغە. یەك لەدوایەکانی ڕۆژگاری پڕلەزۆرو ستەم ناهەمواری، قەرمانڕەوا نارەوا دەرەکییە خۆسەپێنەکان لە ئاست و حەنناى نەتەوەی کورددا سواری سەری خۆیان بوون وزۆر ملهورانە ڕوانیویانەتە پێگەی ڕەواو پیرۆزی ئەم نەتەوە کارامەیە، نەك هەرگیزاو هەرگیز پیتەها توون کە هیچ مافێکی هەیە، بگرە چاوی پڕلەرق وکینەو ئازو ئازکاری و خۆپەرستییان بەراییندداوە نەخشەو ناوو مۆرکی ببینن. هەر ئیمپراتۆرییەتێك پێلەقەی پۆستاڵە چڵکن و قوڕاوییەکەی لەسەر داروبەردو دەشت و دۆڵ وخاکی کورد چەسپکردبێ، بەوپەڕی تواناوە تێکۆشاوە هەموو بوارەکارەکانی ژیاری خۆی بسەپێنێ و ناسنامەی کورد بسڕێتەوە،بەر لە هەموو شتێکیش هەڵمەتی لاوازکردنی زمانە شیرینەکە دواییش سڕینەوەی، ئینجا بەرزکردنەوەی بانگەشە، گوایا زمانێك لە ئاراد نییە کە ناوی زمانی کوردی بێ، بگرە کوردو زمانی کوردی ئاوێتەی بۆتەی ئیمپراتۆرییەتی پیرۆزن و هەر لە بنەچەو نەژادیشا زادەی ئەون و بە هیچ جۆرێك جیابوونەوەیان بۆ نییە، واتە بوار نەدراوە کورد بە زمانی خۆی بخوێنێ، بنووسێ و بەرهەمی هەبێ، تەنانەت ویستراوە هیچ کوردێك بە زمانی ڕەوانی خۆی نەدوێت، بەم چەشنە هەوڵدراوە یەکێك لە سادەترین لە هەمانکاتدا سەرەکیترین ماف و مەرجەکانی بوونی لێ زەوت بکرێت.

هەر لە سەرەتای سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلامدا لە کوردستانی پیرۆزدا تاکو ئەم سەردەمەی دواییش، تەنیاو بە تەنیا برەو بە زمانی عەرەبی دراوە، گوتراویشە لەبەر ئەوەی زمانی ( قورئان و حەدیس )، پیرۆزترین زمانەو دەبێ هەر ئەو زمانی خوێندن و نووسین بێ.. تەنانەت لەم بڵندگۆ بەرتەسکەوە بەرە بەرە ناوە کوردییە نەژادەکان بەرەو سڕینەوەو بیرچوونەوە براون، بەو پاساوەی ناوە عەرەبییەکان پیرۆزن و ناوە کوردییەکان هی سەردەمی ئاگر پەرستی و یەزدانن نەناسین، بۆیە پشتاوپشت و تا حەوت پشتیش زۆر بە دەگمەن ناوی ڕەسەنی کوردی بەر گوێ دەکەوێ.. هەڵمەتەکە هەر بە گۆڕینی ناوی منداڵی کوردەوە نەوەستاوە، ناوی زۆربەی شارو شارۆچکەو گوندو ناوچەو شاخ و شوێنەواری کوردەواریشی گرتۆتەوە.. بەداخەوە لە ئەمڕۆی کوردەواریشدا، بە شێوەیەکی سەر لێشێواوانە گەلێك ناوی سەیر سەیری سەردەمی نەزانین و ( جاهیلیی ) بیابانی عەرەبستان دەبیسترێن کە لە کچ و کوڕی منداڵی کورد نراون و دەنرێن، بەئاشکرا وێنای پڕ لە تەمومژی جۆرە ڕەوت و هەوادارییەکی چەواشەکاری دەردەخەن !.. بەداخی زۆر قووڵەوە، کاربەدەستانی باڵاو بەرپرسان و کاربەدەستانی دام و دەزگای باری شارستانی کوردستانیش هیچ هەڵوێستێکی کاریگەرو لەبار نانوێنن بە مەبەستی ووشیارکردنەوەو دوورکەوتنەوە لەم دیاردە نامۆ دزێوە بە پێچەوانەوە، بەو پەڕی خەمساردییەوە هەموو کارێکی پێویست بۆ ناو نووسین و تۆمارکردن و کارئاسانی لە هەموو بوارەکاندا رایی دەکرێت.. دیارە ئەمەش کۆششێکی نەزۆکە بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمی تاریکستان و لاوازکردنی هەستکردن بە کوردبوون، بۆیە ئەرکی پێویست و پیرۆزی سەرشانی هەموو دلسۆزانە لەم بارەیەوە هیچ سستی و کەمتەرخەمییەك نەنوێنن و هەنگاوی بەجێ و کاریگەر بنێن.

دیاردەیەکی ئاشکراو بەڵگە نەویستە، هەر کەسێك هەر گەلێك و هەر نەتەوەیەك چالاك و کارامەو بلیمەت و لێهاتوو ن زیرەك و هۆشمەند و دانابین، بەدەگمەن دەوروبەریان ئاسودەو خۆشحاڵدەبین کە بەو جۆرە ئەوان لە بوارە پڕشنگدارەکاندا پێشکەوتووبن و بۆ خۆیان دواکەوتووبن.. خۆ ئەگەر دەسەڵاتێکی لە خۆبایی و ڕەگەز پەرست خەڵکان و گەلانی دی بخاتە ژێر ڕکێفی ناهەموارو ناڵەباری خۆیەوە، هەر مەپرسە چەندە بەچاوی سووکایەتی پێکردن و ژێر دەستەیی تێیان دەڕوانی، بە ئەندێشەی باڵادەستی و بە فیزێکی پڕ لە قێزەونی دەڕوانێتە ئەو هەموو مەردەمەو زۆر بە بچووکی دێنە بەرچاوی، هەر وەك بێئاگابێ، کاتێ ئەمانیش دەڕواننە ئەو، گەلێك لەزیزانە وردترو بچوکتر دێتە بەرچاویان.

هەر لەم بیتۆگەیەوە، هێزی دەسەڵاتی هەر چوار لای کورد، چ وەك سەرکوتکەرو داگیرکەر چ وەك دراوسێیەکی دەماخ بەرزو خۆ بەزلزان و ڕوانیویانەتە هەموو بنەماو بوونی کورد، تەنانەت کار گەیشتووتە ڕادەیەك بەقسەو قسەلۆك و خود پەرستی کوێرانەیان، تا توانیویانە بە باڵای زمانی عەرەبی و تورکی و فارسیدا هەڵیانگرتووەو پلارو توانجی ناشیرینیان گرتووە کە زمانە حەیاتەکەی کوردی، ئەوەی نەشێ لە زاری لاروگێڕیان دەرچووە.. گوتوویانە زمان هەر زمانی عەرەبە، تورکی هونەرە، فارسی



الحكومة العراقية

وزارة الداخلية

بغداد

العدد – ٤٢٦١

التاريخ – ٣٠ مارت/١٩٢٦

الى :–

سيد حزني افندي الحسيني

الموضوع :– مجلة زاركرمانجي

بعد التحية :

اجابة الى طلبكم المقدم الى هذه المديرية تأذن لكم باصدار ( مجلة شهرية اجتماعية تاريخية فنية ادبية ) باللغة الكردية في رواندوز باسم زاركرمانجي على ان لا تتطرق في ابحاثها الى ~~المواضيع التالية~~

١ – السياسة و الأمور السياسية .

٢ – المباحث التي توجد التفرقة الدينية و القومية .

٣ – الشخصيات و ما يمس الآداب العامة .

ويجب ان تراعوا في اصدارها احكام قانون المطبوعات و تمنحوا بنسختين من كل عدد يصدر منها الى هذه المديرية حسب الاصول . و لكم الاحترام

التوقيع

مدير المطبوعات

مۆڵەتی فەرمی دەرچوون و چاپکردنی زاری کرمانجی

شەکرە.. دەربارەی کوردی، شەکرێکیان شکاندووە، هەر مەگەر خۆیان بۆ خۆیان شاکاندبێتیان. !

( خانای قوبادی ) کە گەورە زاناو هۆزانڤانێکی مەزنی کوردە، بەر لە نزیکەی ( 270 ) دووسەدو حەفتا ساڵ، بە تەواوی لە ساڵی ( 1153 ) هەزراو سەدو پەنجاو سێی کۆچیدا، لە پێشەکیی شاکارێکی نیزامی گەنجەویدا، بەناوی ( شیرین‌و خوسرەوە )، کە خۆی هەر بە هۆنراوە کردوویەتی بە کوردی، بە شێوازێکی زۆر جوان‌و ناسك بەرپەرچی ئەو قسەلۆکانەی داوەتەوەو فەرموویەتی :

راسەن مواچان فارسی شەکەرەن
کوردی جە فارسی بەڵ شیرنتەرەن




واتە، راستە گوتراوە فارسی شەکرە، بەڵام کوردی لە فارسی شیرینترە !

پەی چێش، تەدەوران ئەی دنیای بەدکێش
مەخطووطن هەر کەس بە زوبانی وێش

بێگومان لەم جیهانە نالەبارو ناهەموارەدا، هەموو کەسێ پێی خۆشە زمانی خۆی بەکاربێنێ... ( 1 ) بەهەشتی.. مامۆستای نەمرو پێشەنگ ( حوسێن حوزنی موکریانی )، هەر لەو ڕۆژەوە راست‌و چەپی خۆی ناسیوە، ناخی قوڵیداوەو دەنگی زولاڵی خۆی خستووەتە پاڵ تاڤگەی پڕ هاڕەی خانای قوبادی.. بەو پەڕی گیانی کوردایەتی پاکژەو ڕەوان ڕێی خۆبەختکردنی بێ پاداشتی گرتووەتەبەر، لە پێناوی پاراستنی مەزنی‌و بڵندیی پیت‌و وشەو رستەی سازگاری زمانەکەیدا، بەردەوام بێداربووەو شەونخوونی پڕ لە شەوق ئەشقی بەرینی کردووەتە هاوڕازی گیانی نەسرەوت‌و پڕ هەژانی.. ڕەنجی فەرهاد ئاسای کێشاوە، رێی هات‌و نەهاتی وەبەرگرتووە، سەرەنجام دەست لەملانی چاپخانەی زاری کرمانجی بووەو ناڵەو زاریان یەککەوتووە و لە شارە دێرین‌و ڕەنگینەکەی رواندزی ئازیزدا، بۆ ماوەی چەند ساڵێك ستاری گرتووەو کەمێك ئارەقەی دەربەدەری‌و کوێرەوەریی پڕ لە ناسۆری سڕیوە.

بێگومان ئەو پیاوە مەزنە، هەر زوو پەی بەوە بردووە کە زمان یەکێکە لە مەرجە سەرەکییە بەهێزو گرنگەکانی هەر نەتەوەیەکی زیندووی ئەم سەر زەمینە.. پیاوێکی مەزنی کوردی، وەك مامۆستا حوزنی موکریانی بەر لە سەد ساڵێك کەوڵی لەکۆڵ گرتبێت‌و کەشکۆڵ بەشانداو بەردەوام شەیدای وشەی ڕەسەنی کوردی بووبێت، بەڕاستی ئەمە لەخۆیدا مایەی شانازییە بۆ خۆی‌و میللەتەکەی.. ئەو مامۆستا پێشەنگە هەر زوو ئامانجی پیرۆزی خۆی رەچاوکردووەو ژیرانە نەخشەی بەدیهێنانی دیاری کردووە.. لەگەڵ جێگیربوونی لە رەواندزی گەردەنکەشداو دەست لەملانی چاپخانەکەی.. کە کووڵەکەی رەواتی.. بووە، کەوتۆتە خۆ بۆ دەرکردنی گۆڤارێك بەزمانی کوردی، پاش بیرکردنەوەو بۆچوون‌و گێنگڵ خواردن‌و گەڕان بەدوای ناوێکی شیاودا کە پڕ بە پێستی بێ، ناوی ( زاری کرمانجی ) لە ڕواڵەتدا واتا ڕوون‌و ئاشکراکەی ( زمانی کوردی ) دەگەیەنێت، بەڵام واتای قووڵ‌و مەبەست‌و ناوەڕۆکی ( شین‌و زاری کوردان ) دەبەخشێت.. هەر وەکو ( هاملتن ) لەساڵی ( 1937 )دا، لە بەرهەمە بەنرخەکەیدا لێکیداوەتەوە[2] .

بۆ پتر روونکردنەوەی وشەی ( زار ) بەم واتاو مەبەستە، ئەم تاکە هۆنراوەیەی ( مەولەوی ) کوردان بەردەوام لەسەر زاری شەیدایانی لالەزاری خامە پڕ بڕشت‌و ڕازاوەکەیەتی :

خامە شەقوەردەن، دەم مکەردەوە
( زار زار ) مناڵو وە دەم دەردەوە

واتە :

کە خامە، قەڵەمی نەیجەو قامیش، دەخەمە سەر کاغەز، لەبەر ئەندێشەی کاریگەرو ئەشکەنجەو ئازاری ناخ‌و دەروونم، شەقدەباو درز دەبات‌و لە دەست دەردو ئازاری ناهەموارم دەکەوێتە شین‌و شەپۆڕ. هونەرمەندی نەمرو گەورە مامۆستای بەستەو گۆرانی کوردیش، ( حەسەن زیرەك ) دەڵێ :

**کۆرپەی دڵەکەی من گریەو ( زار ) دەکا**
**بۆ خۆت دەزانی بۆ هاوار دەکا**

ئەم گۆڤارە بەنرخە.. هەر لە یەکەمین ژمارەیەوە، تاکو دوایەمین ژمارەی سەر ئەڵقەی کۆڕو دیوەخانی نووسەرو شاعێرانی سەراپا کوردستان بووە، بەرهەمی کاریگەرو بەپێزیان تیادا بڵاو کردووەتەوە، هەموویان لەو کۆڕە مەزن و پیرۆزەدا بە دیدارو زمانی ڕەوان شادو ئارام‌و ئاسوودە بوون.. ئەگەر بە وردی سەرنجی دیوەخانی هۆنراوەی ناو ئەم گۆڤارە نایابە بدەین، بەهەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی ڕەوان‌و پاراو هۆنراوەی جوان جوان‌و هەمە بابەت دەبینین، لەگەڵ سەرنجی ئەوەدا هۆنراوە نیشتیمانییەکان زۆرترین پانتاییان بۆ تەرخانکراوە، بێگومان خاوەن‌و سەرنووسەری گۆڤار کە خودی حوزنی بووە، بۆخۆی سەرڕەوێڵی ئەو بوارە فراوان‌و بەربڵاوەبووە، شانبەشانی هۆنراوە، بەیناو بەین، هەندێ بایەت‌و چیرۆکیش بە شیوەزاری کرمانجی ژوورو بڵاوکراونەتەوە.. ئەوەندەی بەوەندەش ئاگادارم بۆ یەکەمین جار هۆنراوە بە شێوەزاری هەورامی، لە گۆڤاری زاری کرمانجیدا بڵاوکراوەتەوە، ئەویش هۆنراوەیەکی ( دکتۆر

**( حوسێن حوزنی موکریانی )، هەر لەو ڕۆژەوە راست‌و چەپی خۆی ناسیوە، بەو پەڕی گیانی کوردایەتی ڕێی خۆبەختکردنی بێ پاداشتی گرتۆتەبەر و لە پێناو وشەو رستەی سازگاری زمانەکەیدارەنجی فەرهاد ئاسای کێشاوە.**

سەعیدی کوردستانی سنەیی) یە لەناو بۆتەی هەندێ نیشتیمانپەروەرییەکی زۆر بەسۆزدا سەودای خۆی بەرامبەر بە گۆڤاری زاری کرمانجی دەربڕیوە و، ئەم هۆنراوەیە لە ژمارە ( 19 )دا لە 26 ئایاری 1929 بڵاوکراوەتەوەو لە پەراوێزیشدا ( 46 ) وشە لێکدراونەتەوە. هەروەها لە ژمارە ( 24 ) یشدا کە دوایین ژمارەی زاری کرمانجییەولە 23 ی تەمووزی 1932 دا دەرچووە، هۆنراوەیەکی دیکە بە شێوەزاری هەورامی بەرچاو دەکەوێت، کە هی ( میرزا شەفیع )ە.

لە بابەتە جۆراو جۆرەکانی ئەم گۆڤارەدا ئاشکراو ڕوونو دیارە ماموستا حوزنی ویستوویەتی کارێکی وا بکات تێکڕای کورد لە یەکتری بگەن، لەم پێناوەشدا گەلێك کۆشاوە بەگشت شێوەزارەکان بەرهەم بڵاوبکاتەوە.. بۆ خۆشی بە مەبەستی یەکخستنی زمانی نووسین.. واتە زمانی ئەدەبی یەکگرتوو.. لەژمارە ( 4 ) گۆڤارەکەیدا، سالّی ( 1926 ) دا، لە بابەتێکدا هەندێ جێناوی لە شێوەزاری کرمانجی ژوورووو خوارووودا بەسەر کردوونەتەوە.. لەم هەنگاوە پیرۆزەیدا دەقاو دەق لەگەڵ ئەم گوزارشتو دەربڕینەی پیرەمێردی نەمردابووە، کە پشتاوپشت گەورە ئاواتێکی سەرانسەر کوردو کوردستان دەنوێنێ:

" ئێستا بابێنەوە سەر عالەمی شیعرو ئەدەبیات.. لەسالّی 1329 )ی ڕۆمیدا 1913 ی میلادی لە ئەستەنبوول غەزەتەی کوردی دەردەچوو.. من لە ( چۆل مێرگ )ەوە مەقالەیەکم بۆ ناردبوونو تەکلیفم لە ( جەمعیەتی کورد ) کردبوو، کە لەهەر دیارێکی کوردستانەوە زبانزانێك بانگبکەنە پایتەختو زبانێك بۆ عموومی کورد هەڵبژێرنو بیکەن بە فەرهەنگو دەستوور.. هەتا مەصاریفاتی لە چاپدانیشم گرتبووە ئەستۆی خۆم، کەس گوێی نەدایە.. ئێستا هەر کەسە بەهەوەسی خۆی شێوەیەك دێنێتە کارەوە.. وایان شێواندووە! ) پیرەمێردی نەمر بەم چەشنە لەسەر هەڵڕشتنی ئاخو داخ دەڕوات:

(( بەم بەستە زبانیو بێ ژیانییە، چ لافێك لێبدەین؟ بۆچی کوردستان تەنها ئی ( هۆمەرە کوێرە) یە؟! بۆچی کوردستانی گەورە لە زبانمان نەگا؟! زبانی کوردی بە ڕەنگی شێواوە، من کوردم، کەچی لە رۆخی ( وان )و هەکاری تەرجەمانم بۆ کوردی ئەوێ ڕادەگرت.. لەم بندەستەوە جاف لە هەورامی ناگا!.. ئەو هەموو موحیطی کوردستانە، من باوەڕم وایە، تا زبانیان یەکنەکەوێ، یەکناکەون ! ))[3] داخی داخانمان، هەمان داخی پیرەمێرد هەناوی حوزنیشی داخکرد.. ڕۆژگاری چەپگەردو ناهەموار هەر بەوەوە نەوەستا ڕێ لە هاتنە دیی ئاواتە مەزنەکە بگرێ، بەڵکو هەموو بەدکارانی دەوروبەرو دوژمنانی وشەی پوختو زمانی ووشە داری کوردی تووشی گلاراو بوونو بەگەلە کۆمەکی هەموویانو دەست لەناو دەستی چەتوونی نالەبار، گۆڤاری زاری کرمانجییان داخست، بەڵام خێوی گۆڤارو گۆڤارەکە پتر بە نەمری مانەوە.. دەستەوتاقمی کاسەلێسو داخدارو بەدکاران سەرنگوونبوونو بە تووتی بابا چوون.

هەر لەو سەردەمەدا، کە حوزنی نەمر زۆربەی توانای وەگەڕخستبوو بۆ ئەوەی قوتابخانە بۆ منداڵی کورد بکرێتەوە و بە کوردی بخوێنێو لەگەڵ کردنەوەی هەر قوتابخانەیەکیشدا گەزگەز باڵای دەکرد، لە هەمانکاتیشدا بە توندی بەرەنگاری ئەو کەم فامانە دەبووەوە، کە گەرەکیانبوو بە کوردی نەخوێندرێ.. زۆربەی مامۆستایانی پێشەنگ ڕووبەڕووی هەمان تەگەرەو تەنگژە بوونەتەوە، بەڵام لە ئەنجامدا پەیامە پیرۆزەکەی حوزنیو هاودەردو هاوپەیامانی بوونەتەوە ڕۆژی نوێی کوردەواری، لە ئاستی ووشەی ڕەسەنی کوردیدا شەمشەمەکوێرەکانیش ئەوەندەی تر کوێراییان داهاتووەو بۆی دەرچوون.. لە جێی خۆیدایە بڵێین لەگەڵ ئەوەشدا کە ( داماو )ی موکریانی بەباشی زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی زانیوە، شارەزای زمانی رووسیو هیندی بووە و زۆر چاك زمانی کوردی ڕەوان و پەتی بنووسێتو هەمیشە سەوداسەری وشەی نەژادی کوردی بووە، بەوپەڕی کۆششو توانایەوە لەو وشانە دوور پەرێز بووە، کە سەبارەت بە زمانی کوردی نامۆبوون، ویستوویەتی کورت و کرمانج.. کورد لە ناوەڕۆكو مەبەست بگات، بە ڕوونی پەیامی ڕەوانی بگەیەنێو کەس سەری لێ تێکنەچێ، لە بواری ڕێنووسی نوێی کوردیدا، کە بەشێکی گرنگی زمانە، مامۆستا حوزنی دەستێکی باڵای هەبووە ئەنجامی ڕەنجو کۆششی لەبەرچاوەو ژمارە بەدوای ژمارەدا ڕێنووسی گۆڤارەکەی بەرەو پێشتر بردووە.

لەژمارە ( 7 )ی سالّی ( 1927 )دا، لەبارەی ڕێنووسەوە بابەتێکی کورتی بەپێزو بایەخداری نووسیوە، کە ڕێوانێکی زۆرباشە بۆ فێربوونی ڕێنووسی نوێ.. لەجیاتی ( فتحە، ضمە، کسرە )ی عەرەبی، بە ریز ناوی ( سەر، بۆر، ژێر )ی نووسیوە بۆ ڕێنماییو ڕوونکردنەوەی پتریش چەند نموونەیەکی راستو دروستی تۆمار کردوون.. لە ژمارە ( 20 )دا.. 7ی ئاگستۆس 1929 بە شێوەیەکی زۆر راستو دوو وشە نوسراون تاکو ئەمڕۆش کەمتەرخەمانی ڕێنووسی کوردی کێشمەکێشمیان لەسەر دەکەن، ئەوان وشەی ( فەرمانگە)و وشەی ( تێبینی )ن، کە پیتەکان پێکەوە لکێنراون.. دیارە نموونەی بەجێ بێگومان ئێجگار زۆرن، بەڵام کورد واتەنی : مشتێك نموونەی خەروارێکە بۆ سەوداو سەرانی وشەی کوردی پەتی، گۆڤاری ( زاری کرمانجی ) سەرچاوەیەکی زۆر بەکەڵك و باشە.. لەهەر ژمارەیەکدا دەیان وشەی تەڕو پاراوو ڕەسەن بەرچاو دەکەن، کە هەموویان زادەی کوردەواری پاکژن، لە داتاشینو گۆڕینو دەستکارییەوە بە دوورن، زۆربەی زۆری ئەم وشانە ئەگەرچی پێشتر نەنووسرابن، بەڵام ڕۆژانە لەسەر زاری خەڵکی بوونو راستو ڕەوان بەکاربراون،


صورت مضبطه كه اهالى رواندز بو حسينيان كردوه

الى معالي وزير الداخلية الافخم

بعد التحية

لقد سمعنا بان بعض الاشخاص الذين هم من ذوي الاغراض والباغضين للسيد حسين حزني المقيم في رواندز [illegible]

كۆنووسی پشتیوانی ڕۆشنبیرانی ڕواندز لە حوسێن حوزنی موکریانی



سی.ئای.هاملتۆن

مامۆستا ( حوزنی )ی بلیمەت و بەهرەمەند مرواری ئاسا هەموویانی ریز کردوون و جوان جوان لە جێی پێشیاوی خۆیاندا داینــاون، ئەوەندەی تر گولزاری زاری کرمانجییان رازاندۆتەوە و خەندەیان شاباشکردووە بەسەر گشت شەیدایانی وشە جوان و ناسکەکاندا.

تێکڕا هەموو ژمارەکانی زاری کرمانجی بەدەیان وشەی ڕەوان و سەرنج ڕاکێشیان تێدان، هەر کەسێك بە شەوقی ئارەزووی گیانییەوە گەشتیان تێدا بکات، دیارە گەوهەرو مرواریی پتر دەبینێ و خەرمانی وشەی رەنگینی بالاتر دەبێ.

ئێستاش بەپێی ریزبەندی و زنجیرە، لەچەند ژمارەیەکی ئەم گۆڤارە نازدارەدا چەند چەپکێك لە وشە گەشەکان بەسەر دەکەینەوە :

ژمارە ( 1 ) : بەرگ : کۆڤار ( لەگەل رەوتی رۆژگاردا کراوە بە گۆڤار ) مز: ئابوونە، پێشین، ئەم وشانە لەسەر هەموو بەرگەکانی دەرەوەو ناوەوە دووبارە کراونەتەوە.

ژمارە ( 2 ) : ل ( 3 ) : سەرفرازی، گازندە، ل ( 4 ) سەرکەش، ل ( 7 ) قۆچەقانی، گۆپال ( دوو وشەی کەلەپوورین )، لێکدانەوەی وشەی ( سۆران ): لە جەنگدا زۆربەی بەردی قۆچەقانییان سوور بوون، بەبەردی سوور شەڕیان کردووە، بۆیە ناوچەکە ناونراوە ( سۆران ).. یان دلیان وەکو بەردی سوورە، یان میللەتێك کە بە بەردی سوور قەلایان گرت. ل ( 8 ) : ئومێدەوار، فرین ( گیران ) سەرۆك، ئاودێری.. ل ( 18 ) : لە گفتوگۆیەکی ناسکی نێوان باب و کوردا، بە شێوازێکی جوان مشووری خۆی بۆ گەشەکردنی زمانی کوردی دەربڕیوە. ل ( 20 ) : پیرۆز، ل ( 23 ) چیرۆك، بکر، جلك.

ژمارە ( 3 ) : ل ( 3 ) ئاژووتن، کۆشان، نەکۆشان، بێداری. ل(6 ) : مێژین، ل(16 ) : هەمسایە، رەژی، ل(20 ) ماخولیا، توخم، ل( 21 ) گۆشەگیری، خودا ( داگیە ) پێی، ل(22) : چێشتانێ ( چێشتەنگاو ).

ژمارە ( 4 ) : ل(2): رەنجوور، ل(4): قولینچك، ( قولانج )، ل(9): شۆرش، لەجیاتی نازناوی ( حوزنی )، ڕەوان و پاراو نوسیویەتی ( داماو )، ل(10) هێند ( قسەکەی منت بە هێند نەگرت )، بەلەز، چەرخەگەری ( میکانیکی )، گەمێ.

ژمارە ( 5 ) : ل ( 1 ) : خێو ( خاوەن )، ل ( 6 ) : پەستاوتن ( دەستی لێهەلنەگرت تا لە مووڵی پەستاوت )، بەکاوەخۆ، ل ( 12 ) : هەوری ( ئەسفەنج )، ل ( 16 ) : فرۆك ( تەیارە )، ل ( 18 ) : مامۆستا، ل ( 21 ) : خودان ( خاوەن )، قەنجی ( فەظیلە )، رامیسان ( راموسان ) لەنك ( لەکن )، چارمە دووری ( هەرچوارلا )، بەری، پێشەکی، هەوال ( هاورێ )، نەیارەتی ( ئۆپۆزسیۆن )، ل( 23 ) : قوتابخانە، دیدەوان،.

ژمارە ( 8 ) : ل ( 2 ) : پێداویستی، ئافرەت، ل ( 8 ) ئاز ( تەماع )، ل ( 10 ) : پەسەند.

ژمارە ( 9 ) : ل ( 2 ) : نێونجی ( متوسط )، ل ( 4 ) : پەروەردە، ل ( 5 ) : بەدەستبکەوێ ( مومکینبێ )، ل ( 10 ) : رواندز ( رووین دژ ) ل ( 21 ) هوورە ( پواز ).

ژمارە ( 10 ) : ل ( 3 ) : کورد نەژاد، ئاسوودە، ل ( 7 ) : دراو، پێشکەوتن، ل ( 15 ) گەرەکە ( بژارو بەخێوکردنی گەرەکە ).

ژمارە ( 11 ) : ل ( 18 ) : لەچەر، کەلادەکات ( لایدەدات ).

ژمارە ( 16 ) : ل ( 5 ) : رەیەن، گەلمە ( دۆز، کێشە )، ل ( 9 ) : لە کۆتایی گۆڤارەکەیدا روونیکردووەتەوە خەمبارو داماوی دەستی چییەو نووسیویەتی ( داماو )ی دەستی جەهلی.

ژمارە ( 18 ) : ل ( 2 ) : نەیاران، پارچەو لەتك... لەگەل هەلدانەوەی لاپەڕە زێڕینەکانی ئەم گۆڤارە

**ژمارەکانی زاری کرمانجی بەدەیان وشەی ڕەوان و سەرنج ڕاکێشیان تێدان، هەر کەسێك گەشتیان تێدا بکات گەوهەرو مرواریی پتر دەبینێ.**

زۆر بەنرخەدا، کۆمەلێك پەندو قسەی نەستەق بەرچاو دەکەن، کە زادەی هەست و ئاوەزولێکدانەوە و شەو بێداریی مامۆستا ( داماو )ی مامە خەمەی سەراپا کوردەوارین.. لە ئەنجامی دەردو ئازارو گێنگلخواردنی بەردەوام و پەنگخواردنەوەی هەناسانی گەرم و ساردا سەریانهەلداوەو بوونەتە دروشم و بانگەوازو بانگەشەی ئەم دانا مەردە کۆلنەدەرە.. بێگومان تا توانیویەتی هەر هەموویانی بە کوردییەکی ڕەوان و بێگەرد و قورت دارشتوون، ئەگەر وشەیەکی ناکوردیش سەریهەلدابێ، پێویست وایکردووە، بۆ ئەوەی هەمووان دەمودەست و زۆر باش وەریگرن..

لەم دەرفەتەداو بە گوێرەی زنجیرەی ژمارەکانی گۆڤارەکە، هەندێك لەو گەوهەرو مرواریییانەی ناخی هزر و دل و گیانی بالای داماوی موکریانی، کە زۆرتر بە ( حوسێن حوزنی موکریانی ) ناسراوە، بەسەر دەکەینەوە :

ژمارە ( 1 ) : ل ( 22 ) :

*ژیان بە زیللەتی مردنە، مردن بۆ ئازادی ژیانە.

*ئازاو سەخی ئەو کەسەیە بە مال و رۆح بۆ بلندیی وەتەن و پێشکەوتنی میللەتی بکۆشێ.

*لە کەسێکی خەیانەت کەوتە بەرچاو، ئیعتیماد پێکردنی حەماقەتە.

ل ( 25 ) : زاری کرمانجی جێژنە پیرۆزە لە تۆومی برادەران دەکاو هەموو سالێ بە دلی خۆش ببیینەوەو خودا بە جێژنی ( میللییان ) شادکا.

ژمارە ( 4 ) : ل ( 8 ) :

*زانین گەنجینەیەو کلیلی ویش خوو و ڕەوشتە، بۆ ئێمەش ئەو گەنجینەیە گەرەك و پێویستە.

ل ( 14 ) :

* دۆست بە دوژمن و دوژمن بە دۆست زانین عەلامەتی نەزانین و تێنەگەیشتنە.

ژمارە ( 7 ) : ل ( 3 ) :

*نەزانین ئازادیی میللەتی کردە ئالەتی زولم بۆ یەکتر کوشتن.

ژمارە ( 8 ) : ل ( 2 ) :

*ئەی ولات، بەڕاستی تۆ لە باوك و دایك زۆر چاترو خۆشەویستری.

ل ( 4 ) :

*پەروەردە و پێگەیاندنی ئافرەت پێویستە.

*ئافرەت مامۆستای ولاتە.

* بەڕاستی گیانی میللەت ئافرەتە.

ژمارە ( 9 ) : ل ( 16 ) :

*کاری بێتەدبیر، مالی بێگەورە، سەرۆکی بێئەقل، مەری بێشوان، پەرێشانی و پەشیمانی لە دوایە.

ژمارە ( 20 ) : ل ( 2 ) :

*سەربەخۆیی و بەختیاری بە عیلم و عیرفانە.

ژمارە ( 23 ) : ل ( 3 ) :

*ئەو سەردەمەی ئێمە تێیدا دەژیین، سەردەمی سەرکەوتن و بەرزبوونی عیلم و فەننە.

لە کۆتایی ئەم چەند لاپەڕەیەدا، بۆن و بەرامەی پڕ لە عەترو گولاوی گولزارو لالەزاری هەرگیز نەبڕاوەو لە بن نەهاتووی ( زاری کرمانجی ) پێشکەش دەکەم بە گیان و ڕەوانشاد، مامۆستای نەمر حوسێن حوزنی موکریانی و گشت هاوکارو یاریدەدەرو دلسۆزو هاورێیانی گیانی بە گیانی.

سەرچاوەکان:

1–خانای قوبادی، شیرین و خوسرەو، ساخکردنەوەی محەمەدی مەلا کەریم، لاپەڕە دوانزەو چواردەی پێشەکی – بەغداد – 1975.
2–د. کوردستان موکریانی، پێشەکی یەکەمین چاپی فۆتۆکۆپی زاری کرمانجی، هەولێر – 2002.
3–ئومێد ئاشنا، پیرەمێرد، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ( 19، 20 ) هەولێر – 2001
کانوونی دووەمی
4– گۆڤاری زاری کرمانجی، هەر 2006

# حوسێن حوزنی موكریانی وەك هونەرمەندێك

بەختیار سەعید



لەدوای گەشتێكی فراوانم بۆ ناوچەكانی رواندزو قەزای سۆران ودواتر شەقلاوە و شاری هەولێرو چوومە دیداری (د. كوردستان موكریانی) بەمەبەستی كۆكردنەوەی زانیاری پێویست لەسەر ئەو كەسایەتییەی كەمن وەك هونەرمەندێك دەمەوێت بیناسێنم وناوی (حسێن حوزنی موكریانی)ە، ئەم كەسایەتییە جگە لەوەی (رۆژنامەنووس و شۆڕشگێڕو مێژوونووس و چیرۆك نووس و وەرگێڕ) كاری خۆی بەئەمەكانە جێبەجێكردووە، لەهەمانكاتدا دەكرێت وەك هونەرمەندێكی بەسەلیقەش ناوی بهێنین.

من لەو گەشتەمدا هیچ جۆرە سەرچاوەیەكم بەدەست نەكەوت كەسوودمەندم بكات بۆ بابەتەكەم، جگە لەبرای نوسەر (مومتاز حەیدەری) بەهەندێك لەئەرشیفەكەی خۆی هاوكاری كردم، مەبەستی من بەتەنها تیشك خستنە سەر ژیان و بەرهەمەكانی ئەو كەسایەتییە نییە بەشێوەیەكی گشتی، بەڵكو دەمەوێت بەشێوەیەكی تایبەت گرنگی بەو لایەنە بدەم كە كەمجار بۆتە وێردی سەر زمانی ئەوانەی گرنگیان بەلایەنی ژیانی (حوسێن حوزنی موكریانی) داوە، كەئەویش لایەنی هونەرییە.

## حوسێن حوزني موكرياني كێیة؟

ناوی (حوسێن كوڕی سەید عەبدولەتیف كوڕی شێخ ئیسماعیل كوڕی شێخ لەتیف)ی خەزاییە، گەلێك نازناوی بۆ خۆی داناووە لەوانە (حوزنی، داماو، خدۆك، بێژن)ی بەكارهێناووە. حوسێن لە ساڵی 1890 لەگەڕەكی (حاجی حەسەن)ی شاری (سابلاخ) لەدایك بووە. ئاشنایەتی لەگەڵ زمانەكانی كوردیو فارسیو عەرەبی هەبووە، لەتەمەنی (13) ساڵییەوە لە ماڵی باوكی دووركەوتۆتەوەو زۆربەی شارو شارۆچكەكانی كوردستانی گەورە گەڕاوەو بۆ هەریەك لەو شوێنانە بۆ ماوەیەك تیایدا ژیاوە و فێری كۆمەڵێك شتی نوێ بووە، كە پێشتر بێئاگا بووە لێی لەوانە زانستەكانی ئاین و مێژوو وێژەی كوردی و عەرەبی و فارسیو توركی شارەزا بووە، هەروەها شارەزایی لە زمانەكانی (روسیو فەرەنسی) هەبووە. حسێن حوزنی موكریانی گەلێك پیشەی جیاوازی ئەنجامداووە، لەوانە (چاپگەری، مۆر هەڵكەندن، خۆشنوسی، نوسین لەسەر مسو زەردوشوشەو بەردی نرخدار، مۆری لاستیك، زەنگۆگراف، وێنەگری، كلێشە هەڵكەندن)، هەروەها جگە لەكوردستان(روسیا، توركیا، سوریە، ئەفغانستان، لوبنان، میسر، حیجاز، فەرەنسا ) گەڕاوەو بۆ هەریەك لەو وڵاتانە فێری شتێك بووەو ئەو زانیارییانەی خستۆتە خزمەتی خەڵكی كوردستانەوە.

حوزنی لەدوای ئەوەی لەو تەمەنە كەمەوە ماڵی باوكی بەجێ دێڵێتو (خات سەلما)ی دایكی بۆ جاری دووەم مێرد دەكاتو (گیوی موكریانی) دەبێتە دایك برای حوزنی، هەربۆیە لە منداڵییەوە حوزنی پەرەوازەی وڵاتان بووە، لە ئەستەمبوڵ فێری مۆرهەڵكەندن بووە،هەروەها لە بەیروتو شامو حەلەبو میسرو پاریسو حیجاز فێری بیری شارستانییەتی ئەو دەمە بووە و كە گەڕاوەتەوە كوردستان ئاواتە خواز بووە، كە ئەو زانیارییانە بكاتە خواردنی عەقڵی كوردی بەڵام بەشێكی ئەو خەڵكە بە جاسوسی ئنگلیز ناویان هێناوەو زۆر جاریش بەرەو رووی زیندانو چەرمەسەری بۆتەوە تا ئەو ڕادەیەی مێشك نەخۆشەكانی ئەو دەمە كە بەناو پێشڕەوایەتی خەڵكیان كردووە لە رووی كۆمەڵایەتیو ئاینییەوە بوونەتە هۆی زۆر كێشە بۆ حوزنی نیشتمان پەروەر. حوزنی چۆتە هەر شوێنێك بیرو هۆشەكەی هەر لە كوردستان بووە، بۆ نموونە ئەو دەمەی كە دەچێتە حیجاز بۆ كاری مۆر هەڵكەندن هێندەی پێناچێت ئەو تەقسەی ئەو وڵاتە هەراسانی دەكات، چونكە ئەو تەقسە نییە كە ئەمی پێگۆشكراووە، هەربۆیە دەگەڕێتەوە كوردستان.

وەك لەسەرەتادا باسمكرد ئەوەی خەمخۆری دنیای ئەدەب بێت كەسایەتی حسێن حوزنی موكریانی وەك نوسەرو رۆژنامەوانێكی بەسەلیقە دەناسێت، بەڵام كەممان هەیە كە بەگرنگییەوە روانبێتمانە ئەو دنیایەی كە تایبەتە بەهونەری كلێشەو فۆتۆگرافو زەنگۆگراف كە هەرگیز كارێكی ئاسایی نییە كەسێتییەكی كوردی لەو دەمەدا هێندە داهێنەربێت بە ئاستی رۆژنامە ناودارەكانی ئەو دەمە كاری كردووە، گەر هەریەكێك بە گرنگییەوە بڕوانێتە رۆژنامەی (زاری كرمانجی) بۆی ئاشكرا دەبێت كە هونەرمەندێكی بەسەلیقە سەرپەرشتی كردووەو ئەو كلێشەو وێنە جیاوازانەی تێدا نەخشاندووە، بلیمەتییەكەی حوسێن حوزنی موكریانی تا ئەو ئاستە بووە توانیوێتی كتێبێكی تایبەت بە هونەری هەڵكۆڵینو فۆتۆگراف لە ساڵی 1934دا چاپو بڵاوبكاتەوە لەژێر ناوی (وێنەگریو كۆڵین بە كردنو كۆشینو دیتن) تا كەسێتی كوردیش وەك هەریەك لەو نەتەوانەی تر ئاشنایەتی ئەو هونەرەیان هەبێت، كە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بڵاوبۆتەوە. گەر بەچاوێكی گەڕیدەییەوە بڕوانینە ئەو شێوازی كاركردنەی كە حسێن حوزنی موكریانی لە ژیانی كارە هونەرییەكانیدا پەیڕەوی كردووە هەستێكی زۆر سەرسامكارانەمان لەلا دروست دەبێت، چونكە كەسێتییەكی وەكو حوزنی توانای هۆشمەندییەكەی ئەوەندە بێت، كە چۆن بتوانێت رێژەیەكی زیاتر لە خوێنەوەران بەرەو دنیای ئەدەبو هونەرو دواتر نیشتمانپەروەرانە بەرێت، ئەویش لەڕێگای ئەو كارە رۆژنامەگەرییانەی كە ئەنجامی دەدا، ئەو خاڵەی كە تائەمڕۆ بەشێوەیەكی شیاوو گونجاو باسی لێوەنەكراوە ئەوەیە كە حوزنی لەچ ئاستێكدا ئەو كارە هونەرییانەی ئەنجامداوە، ئێمە گەر بەووردی بڕوانینە ئەو (24) ژمارەیەی گۆڤاری زاری كرمانجی دەبینین هەر لەبەرگەوە تاكو ئەو

کارانەی کە وەك لۆگۆ بۆ بەشە جیاوازەکانی گۆڤارەکەی نەخشاندووە، هەروەها وێنەی کەسێتییەکانی ناو گەلی کورد بە دەست و پەنجە داهێنەرەکانی حوزنی کێشراوون.

کارەکانی حوزنی بەتەنها لەوەشدا خۆی نەگرتۆتەوە، بەڵکو لەو سەردەمەی کە تەنانەت خوێندەواری زۆر کەم بووە ئەو لەو دەمەدا توانیویێتی کتێبێك بەناوی (وێنەگری و کۆڵین) چاپ و بڵاوبکاتەوە، تاکو لە نێو گەلەکەی حوزنیشدا ئەو هونەرەی کە ناوی هونەری فۆتۆگراف و هەڵکۆڵینە بڵاوببێتەوەو پسپۆڕی تیادا وەربگیردرێت، حوزنی لە پێشەکی کتێبی (وێنەگری و کۆڵین)دا دەڵێت (مەبەستم لە نوسین و دانانی ئەم پەڕاوە لە وەختی گەڕان و سوڕانەوەم بە دیاری بیانیاندا وورد دەبوومەوە خۆمان و بیانیانم دەکەوتە بەرچاو، بەدبەختانەی خۆمانم لە صنعەت و فن پاش کەووتوو دەدی، پیشەی منیش چونکە مۆر هەڵکەندن بوو، لەسەر خۆمم بە پێویست زانی فنی کلێشە کۆڵین بە رووناکی فێربم، بۆ ئەوە گەلێکم تەقەلاداو کۆششم کرد، یەکەمین جار لە ئەستەمبوڵ لەلای ئەڵمانەکان بەهۆی کوردەکانەوە رێگای قیل و فۆتۆلیتوگراف فێربووم، لە حیجازو شام و حەلەب بەو جۆرە کارم دەکرد، بەڵام ناتەواو بوو، لەچاپخانەی مارونیەی حەلەب لەلای مدیرەکەی کە سەلیم مەتەر ئەفەندی بوو کۆششم کرد، لە بەیروت لەلای تاهیر تنیرو لە شام لەلای حناوی و لە میسر لەلای ورشە المصریەو لە پاریس خاوەندی دی پاریزیان لەم فەنەدا پیان گەیاندم منیش بەزانین و تاقیکردنەوە کردمە کتێب).

گرنگییە بۆتە هۆکار بۆ ئەوەی کە حوسێن حوزنی موکریانی هەوڵی ئاشنابوون بەهونەری مۆرهەڵکەندن لەلای ئەڵمانەکان بدات و پاشان کارکردنی لەسەر ئەو ئاشنابوونە لەچەند وڵاتێکی جیاوازی وەکو (سوریا، لوبنان، حیجاز) درێژەی پێداووە بەتایبەت لەحیجازدا بۆ ماوەیەك ئەو کارەی ئەنجام داوە، بەڵام نەگونجانی لەگەڵ ئەو کەشە پەیڕەو کراوەی ئەو وڵاتە هۆکاربووە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان.

ئێمە گەر بەشێوەیەکی هونەرییانە بڕوانینە ئەو کارە هونەرییانەی کە حوسێن حوزنی بۆ بەرگی کتێبەکانی (تاریخ کردستان، خونچەی بەهارستان)و بەرگی گۆڤاری زاری کرمانجی نەخشاندووە بەئاسانی هەست بەنزیکییەك دەکەین لەنێوان ئەو کارانەو ئەو هێڵانەی کە لەکاری مۆرهەڵکەندندا دەبینرێت کەئەوەش نموونەیەکە بۆ ئاشنابوون و بەسەلیقەیی حوزنی لەهەردوو بوارەکەدا .

2– چاپگەری، وێنەگری، کلێشەی هەڵکەندن:

لەگەڵ ئەوەی چاپگەری چەندین شێوازو قۆناغی جاوازی تێپەڕاندووە، بەڵام هیچ یەکێك لەو قۆناغ و شێوازانە وێنەی کەسێکی وەك حوسێن حوزنی تێدانەبووە کەفەرهادانە کاری بۆ چاپ و چاپخانە کردبێت و لەیەك کاتدا بۆخۆی نوسەرو وەرگێڕو چاپگەرو کۆکەرەوە و دابەشکەری گۆڤارەکە بووەو هەرخۆشی ئەو کارە هونەرییانەی ئەنجام داوە کەئەمڕۆ باسی لێوە دەکەم،



حسێن حوزنی موکریانی وەك هونەرمەندێك من لەو بڕوایەدام جۆرەکانی کاری هونەری لەلای حوسێن حوزنی موکریانی دەکرێت بەچەند بەشێك یاخود قۆناغێکەوە کەبەم شێوەیەی خوارەوەیە:

1_مۆرهەڵکەندن: زۆر لەمێژە کرداری گواستنەوەی وێنەو هێماو پیتەکان لەڕوویەکەوە بۆ

**حوزنی وەك هونەرمەندێکی بەتوانا، زۆر هونەرییانە و بەو پەڕی سەلیقەوە، مامەڵەی لەگەڵ هونەری زەنگۆگرافی دا کردووە .**

ڕوویەکی تر بەکاردێت و لەو نێوەندەدا مۆرە لولەییەکان بەیەکەم جێبەجێ کردنێکی پراکتیکی بووبێت،لەبواری گواستنەوەی هێڵ ووێنەو لەڕوویەکەوە بۆ سەر ڕوویەکی تر، دیارە ئەو خولیایە بووە هۆی ئەوەی کە ئەزموونێك بێتە پێشەوەو ئەو وێنەو نوسراوانەی کەجێگەی مەبەستە بەبێ هیچ گۆڕانێك بگوازرێتەوەو تەختەش یەکێك بووە لەو کەرەسە خاوانانەی کەمرۆڤ کاری پێکردووە، دیارە ئەو مێژوو

حسێن حوزنی موکریانی زۆر بەسەلیقانەوە سەرنجە وردەکانی کاری چاپگەری فێربووە لەچاپخانەکانی (مارونیە)ی شاری حەلەب و شاری بەیروت، لەلای تاهیر تنیر، و لەشام لەلای حناوی لەمیسرو لەلای (ورشە المصریە)و لەشاری پاریس لەلای (دی پاریز یان)، وەك فۆتۆگرافیش زۆر بەدڵنیاییەوە کتێبی (وێنەگەری و کۆڵین بەکردن و کۆشین و دیتن) باشترین نموونە بێت بۆ ئەوە ئاشنابوون و بەسەلیقەییەی کە حوسین حوزنی لەبواری هونەری فۆتۆگرافیدا هەیبووە، تەنانەت بۆ هەر هەنگاوێك جگە لە زانیاری لەسەر هەنگاوەکانی فێربوون بەوێنە بیری وێنەری هێندەی ڕۆشنکردۆتەوە.

3– زەنگۆگرافی:

هونەری زەنگۆگرافی یەکێکە لەو کارە هونەرییانەی کە هونەرمەندە گرافیکەکان ئەنجامی دەدەن، واتا هەڵکەندن لەسەر مس و زینگ بەتایبەتی لەسەر زینگ و باشرین ترش بۆ کارکردن بۆ ئەو کارە ترشی (نیتریك)ە و ئەو ئەزموونە لەلای حوزنی زۆر هونەرییانە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، ئەوەتا لەلاپەڕە (61)ی کتێبی (وێنەگری و کۆڵین بەکردن و کۆشین و دیتن) دا بەم شێوەیە باس لەچۆنێتی ئەو کارە دەکات :

ئەسید نتریك 2 سانتیمەتر، ئاوی دوبارە 100 سانتیمەتر لەدوای ئەوە کە بەهەور تواوەی لێدە درێت بەتیرۆك کراسێکی تەنکی مرکب لەڕوەکەی دەدرێت، بڕوانینە وێنەی ژمارە 18 ی لاپەڕەی 62ی کتێبی (وێنەگری و کۆڵین بەکردن و کۆشین و دیتن) ئەوە لەیەك کاتدا دوو لایەنی داهێنەرانەو بەسەلیقەیی ئەم کەسایەتییە هونەرمەندەمان بۆ

بەدەردەكەوێت كەچەندە شارەزابووە لەو بوارەدا بەنەزەری و پراكتیكی لەهەمانكاتدا .

لایەنێكی تری بوونی هەستی هونەرییانە لەلای حوزنی ئەوە بووە لەگەڵ هەر كارێكدا نیشانەیەك یاخود ناوێكی بەكارهێناوە كەئەوەش سیمایەكی هونەرییانەی جیهانییە كەهونەرمەندە ناودارەكانی جیهان پەیڕەیان كردووە، بۆ ئەو مەبەستە گەر بڕوانینە وێنەكانی (عومەر ئاغای خەزێنەداری ئەورەحمان پاشا) و وێنەی (سەركردەیەكی ئەورەحمان پاشا سەركۆماری جاف) هەست بەبوونی ناوێك دەكەین كەئەویش ناوی (زاری كرمانجی) یاخود (زاری كرمانجی– رواندز) دەكەین كەئەوەش نیشانەی بەئاگایی ئەو نیشان دەدا لەو روەوە.

ئاشنابوونی حوسێن حوزنی موكریانی بەهونەری زەنگۆگرافی بۆ ئەو سەردەمانە دەگەڕێتەوە كەوەك گەڕیدەیەك شاروشار، وڵات و وڵات گەڕاوەو فێری ئەو هونەرە بووە، كاتێكیش گەڕاوەتەوە كوردستان و چاپخانەی زاری كرمانجی هێناوەتەوە رەواندز هەموو ئەو زانیارییانەی كردۆتە پراكتیك و لەچاپكردنی كتێب و گۆڤاری (زاری كرمانجی) دا رەنگی داوەتەوە،

4- خۆشنووسی و لۆگۆ:

گەر بڕوانینە سەرجەم لاپەڕەكانی گۆڤاری زاری كرمانجی هەست بەوە دەكەین، كەهونەرمەندێك سەرپەرشتیاری كاری هونەری گۆڤارەكەی لەئەستۆگرتووەو لەناسنامەی گۆڤارەكەدا نوسراوە گۆڤارێكی ئیجتماعی تاریخی فنی ئەدەبی كوردییەو مانگی جارێك دەردەچێت لەوانە: بوونی لۆگۆ بۆ هەموو ئەو ستون و بابەتە جیاوازانەی كە حسێن حوزنی موكریانی مەبەستی بووە وەك بەشێكی سەربەخۆ بناسرێت و خوێنەران هەست بەگۆڕانێك بكەن لەو دنیایەی كەناوی دنیای رۆژنامەوانییە لەوانە (چیرۆك، خۆشنووسی، هەموو لایەك، دەردی دەروون، مزگێنی، وەڵامی زاری كرمانجی، رزگاری لەنەزانین) كەدەكرێت لێرەدا چەند نموونەیەكی ببینین، لەهەمانكاتدا لایەنی خۆشنووسی بەهەند وەرگرتووەو لەزۆربەی مانشێتی ناو گۆڤارو ئەو كتێبانەی كەچاپی كردوون هەست بەگەشانەوەیی ئەو لایەنە دەكەیت.


له كاره گرافيكه‌كانی حوسێن حوزنی

5- كتێبی وێنەگری و كۆڵین بەكردن و كۆشین و دیتن:

لایەنێكی تری بەسەلیقەیی هونەرییانەی حوزنی چاپكردنی ئەو كتێبەیە كەتیایدا زەنگۆگرافی بەزانین و تاقیكردنەوە وێنەكولان بەتیشكی رووناكی لەساڵی 1934دا بەچاپگەیاندووە كەتیایدا حوزنی بەشێوەیەكی پراكتیكی كەسێتی كورد فێری ئەو هونەرە دەكات كە بۆ ئەو سەردەمە كارێكی بێوێنەبووە كە چیتر كەسێتی كوردیش هێندەی ترلەو پێشكەوتنەی دنیا بەدوور نەبێت.

حوزنی لەپێشەكی كتێبی (وێنەگری و كۆڵین بەكردن و كۆشین و دیتن)دا دەڵێت (هەركەسێك دەست بەوێنەكۆڵین بكا دەبێ زۆر چاك فۆتۆگراف بزانێت، چونكە كولانی بەتیشك و وێنەگەری- فۆتۆگرافی



زادەیەكن) گەر بەووردییەوە بڕوانینە ئەم پێناسەیە ئەوەمان بۆدەسەلمێنێت، كە حوسێن حوزنی لەبواری (فۆتۆگراف)یشدا شارەزا بووە بۆیە توانیوویێتی ئەو كارەپێكەوە ئەنجام بدات و لەكارە رۆژنامەوانییەكەیدا رەنگ بداتەوەو كاری بۆ بكات، ئێمە گەر بەتەنها كتێبی ( وێنەگری و كۆڵین بەكردن و كۆشین و دیتن) و ژمارەكانی گۆڤاری (زاری كرمانجی) بەهەند وەربگرین بە دڵنیاییی بەسەلیقەیی هونەرییانەی (حسێن حوزنی موكریانی) مان بۆ ئاشكرا دەبێت كەچەندە هونەرمەندانە كاری كردووە.نوسەرو گەڕیدەو لێپرسراوی ئنگلیز (هاملتۆن) لە سەردەمی گۆڤاری (زاری كرمانجی) دا بۆماوەیەك رێی دەكەوێتە رەواندزو بەدیداری حوزنی موكریانی شاد دەبێت بە هێمنییەوە دەڕوانێتە رەنجی فەرهادانەی حوزنیو رەوتی رۆژنامەنوسی كوردی، لە چەند شوێنێكی كتێبە مێژوویەكەیدا كە بە زمانی ئنگلیزی بلاوكراوەتەوە بە ناونیشانی (roda through kurdstan) لە چاپە ئنگلیزییەكەیدا لەساڵی 1958 دا سەبارەت بە حوزنی نوسیویێتی (سەید حوسێن حوزنی لە رواندز دەژیو خاوەنی رۆژنامەیەكی كوردییە، بە تەنیا هەموو بابەتەكانی دەنوسیٚ، بە دەستی خۆی وێنەكانی دەكێشان، بە تەنیا چاپی دەكردن، لە دوایداخۆیشی دەیپێچایەوە كە ئەمەش نموونەیەكی تەواوی دەگمەنە لەسەر رووی زەوی، ئەم رۆژنامەنووسە ئارەزووی نیشاندا كە هاوڕێی گەشتەكەمان بیٚ، بەلاّم وەك هەموو رۆژنامەنووسێكی جیهانی نەیدەویست كە ئەو هەلە لەكیس بداتو دەفتەرێكی لەگەڵ خۆی هێنا تا ئەو شتانەی كە دەیان بینی تۆماریان بكات).

ئەمەش گەشەسەندوویێتی بواری رۆژنامەوانیی بووە، لەلای حوزنی موكریانی، بەلاّم بەداخەوە لەدوای ئەوەی كە مەلاكانی رواندز حوزنی موكریانی تەنگەتاو دەكەنو دەیدەنە دادگا ئەم كردەوەیە حوزنی زۆر دڵگران دەكات، هەرچەندە دواتر هەر ئەو مەلایانە دێنەوە لای حوزنیو داوای لێبوردن لێدەكەن، بەلاّم ئەوە نابێتە چارەسەرو بەو غەمەوە لە رۆژی 1943/11/18 روودەكاتە شاری بەغداو ئەمە كاری كردە سەر تەندروستی لەشو هۆشیو لە 1947/9/20 بۆ دواجار چاوەكانی لێكدەنێت. من دەمەوێت لەكۆتایی ئەم بابەتەمدا سەرنجتان بۆ خاڵێك رابكێشم كەئەویش لایەنی گرافیكە، لەساڵی 1963دا هونەری گرافیك لەعێراقدا خوێندراوەو لەسەردەستی هونەرمەندێكی پۆڵندی بەناوی (ئارتۆ)و یەكەمین هونەرمەندی كوردیش كەپیشانگەی گرافیكی كردبێتەوە هونەرمەند (عەلی جۆلا) لەساڵی 1964دا بووە، گەربڕوانینە ئەو ساڵانە بۆ مان ئاشكرا دەبێت حسێن حوزنی موكریانی چەندە لەپێش سەردەمەكەی خۆیەوە بووە،چونكە حوزنی لەساڵی 1934 دا كتێبی (وێنەگەری و كۆڵین) ی چاپ و بلاّوكردۆتەوە.

ئەمە تەنها بەسەركرنەوەیەكی سەرپێیانەی كارو بەرهەمەكانی ئەو هونەرمەندەیە كەناوی (حوسێن حوزنی موكریانی)ە.

هیوادارم توانیبێتم بەشێكی بچووكی ئەو بوارە هونەریەی حوسێن حوزنی موكریانیم بەدەرخستبێت، كەجێگەی شیاوی خۆیەتی كاری گەورەتری بۆ ئەنجام بدرێت.

**سەرچاوەكان:**


1-گۆڤاری زاری كرمانجی.
2-كتێبی وێنەگریو كۆڵین چاپی 1934.
3-بلاّوكراوەی رۆڤار ژمارە (19) كە تایبەتە بەحسێن حوزنی موكریانی.
4-گۆڤاری هەولێر ژمارەكانی (1-2)ی ساڵی 1998.
5-پاشكۆی رۆژنامەی(العراق) ژمارە (32)ی ساڵی 1979.
6-رۆژنامەی كوردستانی نویٚ ژمارە(1303)ی ساڵی 1996 بەڵگەی زیندوو عومەر بەرزنجی.
7- گرافیك هونەری شارەزایی وەرگێڕانی كاروان ئەنوەر ساڵی 2000.

# پشووی كۆوار

پشووی كۆوار




_ سەیرکردنی فیلمی سێکسی و سـودو دەرهاوێشتەکانی..



_ چــــوار پرسیار، چــــوار وەڵام..

_ **هونەرمەند و نووسەران** لەنێوان دوێنێ و ئێستێ و سبەینێ



# سەیر کردنی فیلمی سێکسی زیان و دەرهاوێشتەکانی



***لاوێك***: كه سەیری فیلمی سێكسی دەكەم، تا نەگەمە ئۆرگازم هەڵناستم.

**ئافرەتێك**: پێش ئەوەی لە گەڵ هاوسەرم جووتبم، سەیری فیلمی سێكسی دەكەم.

**دەروون ناسێك**: سەیر كردنی فیلمی سێكسی هۆكارێكە بۆ تێكچوونی باری دەروونی.

**راوێژكارێكی كۆمەڵایەتی**: سەیركردنی ئەم فیلمانە دەبێتە هۆی لاوازی سێكسی.

**ریپۆرتاژی/ئیسماعیل ئیبراهیم**

سەیر كردنی فیلمی ڕووت یا (سێكسی) لە نێو لاوان دیاردەیەكی بەر فراوانە و هەر دوو رەگەزی نێر ومێ بە شێواز و ڕێگەی جیاوازەوە سەیری فیلم یا وێنەی ڕووت دەكەن، چونكە ئەم كارە لە نێو كۆمەڵگای ئێمەو زۆرێك لە كۆمەڵگاكان بە عەیب دادەنرێت، بۆیە بە شاراوەیی دەمێنێتەوەو كەم كەس بە ئاشكرا یا بە بەرچاوی كەسانی دیكەوە ئەم كارە دەكەن، بەلاّم لای زۆرێك سەیر كردنی فیلمی ڕووت تاموچێژی هەیە بەتایبەت لە نێو لاوان بە هەر دوو رەگەزەوە ، بۆیەش ئێمە لە گەڵ كۆمەڵێك لاو دووایـن، كە سەیری فیلم یا وێنەی ڕووت دەكەن وهۆكارو دەرهاویشتەكانیمان لێ پرسین وئەم ڕاپۆرتەی لێكەوتەوە.

دەكرێت سەیر كردنی فیلم یان وێنەی سێكسی لە دوولایەنەوە خوێندنەوەی بۆبكرێت سوودو زیانەكانی بخرێنە روو، لە دیدی (د.س)

**من هەست دەكەم لە سەرەتای ژیانم لە شتێكی زۆر گرنگ بێ بەش كراو بووم، كەجنسە.. بۆیەش سەیری ئەم فیلمانە دەكەم و چێژیان لێوەردەگرم. لە ماڵەوش وێڕای ئەوەی دەیان سیدی سێكسم هەیە، كەچی سوود لە كەناڵەكانی سەتەلایتیش وەردەگرم.**

كە ئافرەتێكی (30) ساڵەیەو لە یەكێك لە قوتابخانەكان مامۆستایە، سەیر كردنی فیلمی سێكسی بۆ هەندێك ئافرەت سوودی هەیە هەر وەك بە خۆی وتی "من تا ئێستا دەیان جار لە ڕێگەی سەتەلاییتەوە سەیری ئەم فیلمانەم كردووە وبەتایبەت دوای پێكهێنانی ژیانی هاوسەرایەتی و چەند جاریش لەگەڵ هاوسەرەكەم سەیرم كردووە وپێموایە بۆ ئەو ئافرەتانەی هیچ لە سێكس نازانن كارێكی بەسوودە، بەتایبەت ئەو ئافرەتانەی كە (خەتەنە) كراون و لە كرداری سێكسی كێشەیان هەیە، لێرەشەوە سەیر كردنی سوودی دەبێت و دەبێتە هۆی جولاّنی هەستی سێكسیان و فێری مومارسەكردن دەبن.. پێشم وایە مومارەسەی پێش كرداری سێكسی دەبێتە هۆی زیاتر لە یەك نزیك بوونەوەی ژن ومێرد لە یەكتر و كەمتر توشی كێشە دەبن". ئەم دیاردەیە ئەگەر جاران تەنیا لە رێگەی كاسێتی ڤیدیۆوە بووبێت، ئەوا ئێستا هەم لە رێگەی ئەنتەرنێت و هەم لە رێگای سەتەلاییتیش بە ئاسانی ئەنجامدەدرێت، لە هەمانكاتیش كەسانێك هەن، كە كات بۆ سەیر كردنی ئەو جۆرە فیلمانە دیاری دەكەن، هەر وەك (ر.تاهیر)ی تەمەن 26 سالاّن وتی "لە راستیدا جاران كاتم بۆ سەیر كردنی ئەم فیلمانە تەرخان دەكرد، بەلاّم ئێستا بە هۆی زۆری ئەو سەر چاوانەی كە لە رێگەیەوە دەتوانم سەیری سێكس بكەم تەنیا بە رێكەوت نەبێت سەیری ناكەم".. ئەم كوڕە لاوە لە درێژەی قسەكانیدا وتی "سەیر كردنی ئەم جۆرە فیلمانە سوودو قازانجی هەیە، بەلاّم پێموایە شارەزا نەبوون لە كرداری سێكسی كاردانەوەی خراپی دەبێت هەر وەك پێش ئەوەی سەیری ئەم فیلمانە بكەم نەمدەزانی سێكس چۆن ئەنجامدەدرێت، بەلاّم ئێستا بەهۆی سەیر كردنی ئەم فیلمانە شێوازی كرداری سێكس فێر بووم و دەزانم كە وێڕای ئەوەی كە خۆم چێژی لێوەردەگرم، پێویستە وابكەم كە بەرامبەرەكەشم چێژی لێوەرگرێت ونەبێتە هۆی ئازار دانی". ئەم كوڕە لاوە سەبارەت بە زیانەكانیش وتی "هەست ناكەم زیانی هەبێت تەنیا لە نێو كۆمەڵگای ئێمە ئەم كارە بە بڤە وعەیبە لە قەڵەم دراوە، بۆیەش زیان وسوودەكانی هەمووی لە ژێر پەردەدا ماون". (بارزان.س) كوڕە لاوێكی تەمەن (23) سالاّنەیە بە وتەی خۆی ئێستاش دەیان سیدی سێكسی لە ماڵەوە هەیە و هەموو

شەو سەیریان دەکات. ئەم کوڕە لاوە بەم جۆرە بۆمان دووا "من هەست دەکەم لە سەرەتای ژیانم لە شتێکی زۆر گرنگ بێ بەش بووم ئەویش سێکسە، بۆیەش سەیری ئەم فیلمانە دەکەم وچێژی لێوەردەگرم و تا ئێستا وێرای ئەوەی، کە لەماڵەوە دەیان سیدی سێکسیم هەیە کە چی سوود لە سەتەلایتیش وەردەگرم".. هیچ گومان لەوەدانیە، کە هەر کەس سەیری ئەم فیلمانە بکات ئارەزووی سێکس کردن دەکات بۆیە جێگای خۆیەتی بپرسین ئەو گەنجانەی کە لە کاتی سەیر کردنی ئەم فیلمانە ئارەزووی کرداری سێکس دەکەن و هیچ شوێن وجێگایەك نییە کە خۆی لێ بەتاڵ بکەن چیدەکەن؟ لەم بارەیەوە بارزان وتی "هیچ ڕێگایەکی دیکە نییە جگە لە یاری کردن بە لەشی خۆم نەبێت بۆیە زۆر جار بە خەیاڵ خۆم لە جێگای ئەو کەسە داناوە کە لە فیلمەکە خەریکی سێکس کردنە و لەو کاتەدا (دەستپەڕ) دەکەم". لاوێکی دیکە لەم بارەیەوە بۆمان دووا وسەرەتا زۆر بەشەرمەوە قسەی بۆدەکردین و هەر لە بەر شەرم کردن ڕەنگی گۆڕا وتی "جارجار بە شەرمەوە سەیری دەکەم، بەڵام زۆر جار بە هۆی گوشاری حەزی سێکس ئارەزووی سەیرکردنم کردووە".. ئەم کوڕەلاوە لە کۆتایی قسەکانیدا وتی "هەر جارەو سەیری ئەم فیلمانە بکەم تاکو نەگەیشتبمەتە ئۆرجازم، نەمتوانیوە لە بەردەم شاشەی تی ڤی هەڵسم".. بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی کە لەگەڵیان دووایین سەیر کردنی فیلمی سێکسیان لەلا ئاسایی بووەو تەنیا چەند کەسێك نەبێت کە ڕای جیاوازیان هەبووە هەروەك (محەمەد باڵەکی) وتی "بەڕای من تا بکرێت پێویستە لاوان خۆیان لە سەیر کردنی ئەم فیلمانە دوور بگرن چونکە لە کاتی سەیر کردنی ئەم فیلمانە ئارەزووی کرداری سێکسیان دەجوڵێت و زۆر جار توشی هەڵە دەبن، وەك نێربازی یان سێکس کردن لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆیان، یاخوود زۆر جار هەم تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی دەبنەوەو زۆر جاریش ڕوبەڕووی کوشتن دەبنەوە، چونکە کۆمەڵگای ئێمە هەرگیز قەبووڵی ئەم جۆرە ڕەفتارانەی سەرەوە ناکات وئەگەر نەشکوژرێی و لە شار دەرت نەکەن، ئەوە بە چاوێکی سووك سەیرت دەکەن".. پیاوێکی تەمەن (45)ساڵ کە(15) ساڵە ژیانی هاوسەریەتی پێکهێناوەو نەیویست ناوی بنوسرێت لە بارەی سەیر کردنی فلیمی سێکس وتی " لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە هۆی ئەو کپکردن ولێك جیاکردنەوەی هەر دوو ڕەگەزەکە وادەکات کە تا مردن پیاوان وەك هەرزەکارێك لە ئاست سێکس و فیلمی سێکس هەڵسوکەوت بکەن، بەتایبەت کە ئەو ئازادیەی لە کۆمەڵگاکانی دیکە هەیە لە رووی دیتن و مومارسەکردن و تێکەڵ بوون لە کۆمەڵگای ئێمە نییە" ئەم پیاوە لە کۆتایی قسەکانیدا وتی" هەر چەندە لە سەتەلاییتەوە بە تایبەتی بە دووای ئەم جۆرە کاناڵانە ناگەڕێم بەڵام ئەگەر کەوتە بەر چاوم تاکۆتایی چاوی لێنابڕم"..

ئیمڕۆ ئامێری سەیرکردنی ئەو جۆرە فیلمانە زۆر ئاسان بووە هەر لە سیدی وسەتەلاییت و ئەنترنێت، تاکو وێنە وگۆڤاری سێکسی کە لە بازاڕ بە شێوەی نایاسایی دەفرۆشرێت، بۆیەش زۆر جار کچان یا ئافرەتان لە ماڵەوە بۆ سەیر کردنی ئەم فیلمانە سوود لە سەتەلاییت وەردەگرن، کچێکی تەمەن 24 ساڵان بەناوی (ش.ع) کە کارمەندی دەزگایەکی حکومیە وتی "کە باسی سێکس کردن لە نێو ئافرەتان دەکرێت بەتایبەت ئەو کچانەی کە تازە مێردیان کردووە، تووشی ترسێکی زۆر دەبم، چونکە بە شێوەیەکی زۆر خراپ باسی سێکس کردنیان دەگێڕایەوە، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەندێك لە پیاوان بە شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە کرداری سێکس لەگەڵ هاوسەرەکانیان دەکەن و شارەزای سێکس کردن نین، بەڵام دوای ئەوەی کە من چەندجار لە ماڵەوە سەیری کەناڵەکانم کرد، ڕاستەوخۆ ڕام گۆڕاوە، بۆیە بەڕای من زۆر ئاساییە، کە هەر کەسێك لە تەمەنێکی دیاری کراودا شارەزای سێکس بێت بە هەر دوو ڕەگەزەکەوە".. ئەم کچە لە کۆتایی قسەکانیدا وەك ئامۆژگاریەك وتی "داوا کارم کە هەم پیاوان هەمیش ئافرەتان چەند مانگێك بەر لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەرایەتی هەوڵ بدەن شارەزاییەك پەیدا بکەن لە سەر سێکس کردن، چونکە لەشی ئافرەت بەرگەی کپکردنی چەندین ساڵەی پیاوان ناگرێت و ڕەنگە لەو کاتەدا تووشی نەخۆشی یا لێکترازان ودروست بوونی ڕك لە ئاست یەکتر بێت".

ئینتەرنێت هەر چەندە ئامێرێکە بۆ زانیاری وەرگرتن لەسەر بوارە جیاجیاکاندا، لە هەمانکاتیشدا سەدان سایت و ماڵپەڕی جۆراوجۆری سێکسی هەن.. بەشێکی زۆری لاوان بۆ سەیر کردنی ئەم سایتانە ڕوو لە نوسینگەکانی ئینتەرنێت دەکەن و یەکێك لەو لاوانە (م.مستەفا)یە وتی " هەر چەندە بەتایبەت بۆ سەیر کردنی سایتی سێکسی نایەمە نوسینگەی ئینتەرنێت بەڵام جار جار لە کاتی بێ تاقەتی وماندوو بوون سەیری سایتی سێکسی دەکەم وچێژیشی لێ وەردەگرم". یەکێك لە



خاوەن نوسینگەکانی ئینتەرنێت ئاماژەی بەوە کرد، ئەگەر ڕێگە لەو لاوانەی کە بە مەبەستی سەیر کردنی سایتی سێکس دێنە نووسینگەکان بگرین، ئەوە بازاڕی ئینتەرنێت زۆر دابەزین بەخۆوە دەبینێت، هەر چەندە ئێستاش بە هۆی ئەوەی کە کەناڵی باشی سێکسی لە سەتەلایت هەیە وهەم بە کارت هەمیش بێ کارت کەم کەس دێنە ئێرە وجاران زۆر قەرەباڵغ دەبوو، بەڵام ئێستاش بەشێکی زۆر لەوانەی دێنە ئینتەرنێت سەیری سایتی سێکسی دەکەن".

بۆچوونەکان لە بارەی سەیر کردنی فیلمی سێکس لە یەك نزیك بوون تەنیا هەندێك کەس نەبێت، کە پێیان وابوو لە ڕووی ئایین وعورف کۆمەڵایەتی کارێکی نابەجێیە، هەروەك کوڕە لاوێکی تەمەن 29 ساڵان بەناوی (عەلی ڕەسول) وتی "سەیر کردنی ئەم فیلمانە وێرای دروست

کردنی کێشە و بەرەو هەڵدێر بردنی لاوان هیچی دیکەی لێناکەوێتەوەو دەرهاویشتەکانی ئەگەر چێژێکی کاتییان هەبێت، بەڵام بە گشتی دەرهاوێشتەیەکی سلبی لە سەر کۆمەڵگاوە دەبێت بە گشت چین و توێژێکەوە". بێ گومان سەیر کردنی فیلم یا وێنەی سێکس لە رووی دەرونیەوە بێکاریگەری نابێ، لەم بارەیەوە (نەبیل عبدوالرەزاق) مامۆستای دەروناس دەڵێت "سەیر کردنی فیلمی سێکسی کاریگەری زۆری هەیە چ پیاو چ ژن بێت یاخۆد کوڕ و کچ، بەڵام جیاوازیان هەیە، کاریگەری زیاتری لەسەر کوڕ و کچ هەیە، چونکە لە توێژی پیاوان و ژنان هۆکارێك هەیە، کەوا ئارەزووی خۆیان پێ دابمرکێنن، بەڵام زگورتی نییەتی، بۆیە وروژاندنی ئارەزووی سێکسی لای کوڕ و کچان دەبێتە هۆی خراپ کردنی باری دەروونیان، ئەمەش کار دەکاتە سەر خواردن و نووستن و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەورووبەر، هەندێك فیلم



خۆی لە خۆیدا بە شێوەیەك بەرهەم دەهێنرێت بۆ ئەوەی کاریگەری دەروونی زۆر بە هێزی هەبێت لە سەر مرۆڤ، بۆ نمونە لە کاتی نمایشکردنی فیلمێك، کورێك و کچێك لە یەك نزیك دەبنەوە بەڵام نمایشەکە ئەم کردارە لائەدات و دەچێتە سەر بابەتێکی تر، ئەم کردارە تەواوکەرەکەی لە ناو مێشکدا تەواو دەبێت، بۆیە کاریگەری زیاتر دەبێت لەوەی کە نمایشەکە تەواو بێت. لە لایەکی دیکەشەوە کۆمەڵگای ئێمە، زۆرینەی پابەندە بە ئاینی ئیسلام، ئاینی ئیسلامیش سەیر کردنی فیلمی سێکسی بە (حەرام) و گوناه دادەنێت، خەڵکی کۆمەڵگای ئێمە خاوەن جۆرە عورفێکن، لە رێگەیانەوە زۆر بە ئاسانی دەتوانن سەیری ئەم جۆرە فیلمانە بکەن وەك (هێڵی ئەنتەرنێت و سەتەلایت).

سەیر کردنی ئەم جۆرە فیلمانە کاریگەری زۆرە لە سەر کۆمەڵگای ئێمە لەبەر ئەوەی داب و نەریتی ئێمە ناگونجێت لەگەڵ ئەم جۆرە رەفتارانە، لە وولاتانی رۆژئاوا لە قوتابخانەکان زۆر بە شێوەیەکی فراوان وانەی تایبەتی دەربارەی سێکس هەیە، خەڵکیش لایان زۆر ئاساییە خوێندنی ئەم جۆرە بابەتانە، بۆیە سەیر کردنیشی دەبێتە شتێکی ئاسایی.

بەڵام لای ئێمە نەك سەیر کردن بەڵکو وەرگرتنی رۆشنبیری سێکسیش بە کارێکی ناڕەوا دادەنرێت، ئەگەر گەنجێك کتێبێکی رۆشنبیری لە دەست ببینرێت بە چاوێکی‌تر سەیر دەکرێت، کەواتە لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم سەیر کردنی ئەم جۆرە فیلمانە شتێکی خراپە بۆ هەموو کەسێك، لەگەڵ کۆمەڵگای کوردەواریش ناگونجێت، بەڵام من پێم وایە رۆشنبیر کردنی گەنجان شتێکی باشە بە مەرجێك ئەگەر ژیانی هاوسەرییان بۆ ئاسان بکرێت چ لە لایەن حکومەت و چ لە لایەن خەڵکی کوردستان". هەر لەم بارەیە مامۆستا (نزار) کە راوێژکارێکی کۆمەلایەتییە دەڵێت "وەزیفەی سێکسی بە شێوەیەکی سروشتی و شێوازی مومارسە کردنی بۆ مرۆڤ بەشێکی گرنگ و بە سوودە بۆ پێگەیاندن و یەکسانی و جێگری عاتیفی و عەقلی و رەوشتی دەروون و جەستەیی مرۆڤ، تاکی ئاسایی و تەندروستیش ئەو کەسەیە کە بتوانێ کۆنترۆڵی غەریزەو مومارەسەی سێکسییەکان بکات و بە شێوەیەکی گونجاو و ئاسایی و دژی دابونەریتی کۆمەڵایەتی نەبێت، کە لەو ژینگەیەی تێدا دەژی. بەڵام هەندێ مومارەسەی سێکسی هەن کە نائاسایین و هەندێ کەس بە شێوەی جیاجیا و سەیر و نائاسایی بۆ تێرکردنی غەریزەی سێکسی دەیکات، ئەمەیان بە لادان دادەنرێ چونکە لە ڕووی کۆمەڵایەتی ئەم جۆرە کارانە ناشایستە و لادراون و گرفت دروست دەکەن کە یەکێك لە ئەنجامەکانی تێك چوونی خێزانەکە بچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتیە، هەروەها لە ڕووی دەرونیشەوە بە لادان دادەنرێ و پێویستی بە چارەسەر هەیە چونکە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین نەخۆشی ترسناك بۆ مرۆڤ و بۆ کۆمەڵگاکەش، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نیە کە نەهێڵرێ ئەم غەریزەیە ئەنجام بدرێ، بەڵکو ئەم کردارە هەڵقوڵاوی غەریزەی دەروونی و بایۆلۆجییە و هەر دوو ڕەگەزەکە بە یەك دەگەیەنێ و ژیانی مرۆڤ پێی بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەگەر تاك ئەم کردارەی بە شێوەیەکی نابەجێ ئەنجامدا وەك سەیر کردنی فیلمە سێکسیەکان لەوانەیە لەم کاتەدا پەنا بباتە بەر هەندێ کرداری نامۆ وەك تێرکردنی کردارەکە لە رێگای بەکار هێنانی جلوبەرگ و پێڵاو یان لە رێگای ئاژەڵ یان کەسێکی هەمان ڕەگەز، کە ئەمەش چەند نەخۆشیەکی لێ سەر هەڵدەدات وەك ساردی سێکسی، کەوا لە کەسەکە دەکات ئارەزووی ئەم غەریزەیەی زۆر بێ هێز بکات تا وای لێدێ هاوسەرسێتیش ڕەت بکاتەوە، یان حەز دەکات ئەم کردارە لەگەڵ هەمان ڕەگەز ئەنجام بدات یان لەگەڵ منداڵ.

ئەوەی شایانی باسە بەکار هێنانی ئینتەرنێت و سەتەلایت بۆ ئەم مەبەستە دەبێتە هۆی لە دەستدانی لایەنە زانستی و رۆشنبیریەکان و تاك لەبەر ئەم ئارەزووە بە هێزە ئامادەیە واز لە هەموو شتێ بێنێ، لە کۆتاییدا وای لێدێ تاکێکی نارۆشنبیر و دابڕاو لە پێشکەوتنی سەردەمی لێپێك بێ.

# چوار پرسیار، چوار وەڵام

**بە مەبەستی ئاشنابوونی خوێنەران بە چەند بابەتێکی پەیوەندار بە سێکس و هەندێك پرسیاری شاراوەی پەیوەست بە ژیانی نێوان ژن و پیاو، (پشووی کۆوار) هەرجارەو وەڵامی پێویستی چەند پرسیارێکی تایبەت بە کێشە سێکسیەکان دەداتەوەو زێدەریش بۆ ئەو وەڵامانە کۆمەڵێك راوێژکارو پسپۆڕن بەو مەسەلەیە لەگەڵ سود وەرگرتن لە ئینتەرنێت.**

**پ/ من تەمەنم 55 ساڵانەو خێزانەکەم 50 ساڵیەتی، ئێمە لەگەڵ یەکدیدا زیاتر لە 30 ساڵمان لە نێو ژیانی هاوسەریەتی تێپەڕاند، لەو ماوەیەشدا هیچ کێشەیەکی سێکسیمان لەنێو دروست نەبوو، بەڵام لەسەرەتای ئەو ساڵەوە، ئەدگاری ساردبوونێکی سێکسی (البرود الجنسی) بەدی دەکەم، پاش ئەوەی گفتوگۆمان لەسەر ئەو ساردبوونە کرد، پێی گوتم کە ئافرەت لە 50 ساڵیەوە دەچێتە قۆناغی گۆشەگیری سێکسی (سن الياس)، هەرچەندە خێزانەکەم ئەیەوێت لەکاتی سێکس دا، بە هەر رێگایەك بێت رازیم بکات و چێژم پێ ببەخشێ، وەلێ ئەو هەرگیز چێژ وەرناگرێ، بۆیەش لەکاتی سێکس کردنمدا هەست بە شەرمەزاری ئەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئارەزووی سێکسکردنم زۆرەو ناشمەوێ خیانەت لە خێزانەکەم بکەم.. ئایا بەراستی ئافرەت لەو تەمەنەدا لە سێکسکردن سارد دەبێتەوە؟ ئایا هیچ چارەسەرێکی وەك (دەرمان) هەیە خێزانەکەم بەکاری بهێنێ بۆ ئەوەی لەو کێشەیەدا رزگارمان بێت؟ تکایە چارەسەرێکم بۆ بدۆزنەوە..**

و/ بەداخەوە تاکو ئێستا ڤیاگرا نییە بۆ ئافرەتان، هەرچەندە من (تەمەنی گۆشەگیری لە سێکس) رەت دەکەمەوەو جێگای رقدارێمە، بەڵام لەو تەمەنە وێڕای دروست بوونی ژانێکی کەم لەدەوروبەری دەزگای سێکسی ئافرەتان، چێژەکە کەم دەکاتەوە، بەڵام ئافرەتەکە دەتوانێ بەمەرهەمی تایبەت چەوری بکاو هێندێك هۆرمۆنات بەکار بهێنێ، دەبێت ئێوەش لەو تەمەنە لەوە تێبگەن کە سێکسکردن بەتەنها چوونە ژوورو هاتنە دەرەوەیەکی میکانیکی نییە، بەڵکو دەبێت خێزانەکەت کەم چێژ وەرگرێت لەو میکانیزمە و لەبەرامبەریشیدا زۆر چێژ لەو ئاخافتنە جوانانە وەرگرێت کە لەکاتی سێکس کردندا لەگەڵی بە ئەنجام دەگەیەنیت، جگە لەمەش بۆ ئەوەی مومارەسەکەت پتر چێژبەخش بێت دەبێت بەردەوام لەکاتی مومارەسەدا دڵنیای بکەیتەوە کە خۆشت دەوێ.




**پ/ من پیاوێکم پێش 5 ساڵ لەمەوبەر ژیانی هاوسەرێتیم پێك هێناوە.. کێشەکەشم ئەوەیە، کاتێك منداڵ بووم توشی نەخۆشیەك بووم، بۆیەش باوکم نەیویست خەتەنەم بکات نەوەك نەخۆشیەکەم زیتر بێت،ئێستاش تەمەنم گەیشتە 25 ساڵ و تا ئێستا خەتەنە نەکراوم، ئایا ئەوە بۆ من و خێزانەکەم زەرەرمەندە؟**

و/ تۆ باسی ئەو نەخۆشییەت نەکرد کە لە منالی بۆتە هۆی ئەوەی خەتەنە نەکرێیت.. بە هەر حاڵ تا ئێستا (خەتەنە کردنی نێر) جێگای گفتوگۆو کێشەی جەدەلی ناوەتەوە، بەڕای زۆرێك لە پسپۆران، خەتەنە نەکردن هیچ زیانێکی نییەو هیچ زەرەرێکی لێناکەوێتەوە، بەڵام هەندێ لە دکتۆرە موسڵمانەکان پێیان وایە پەیوەندی لە نێوان (نەکردنی خەتەنەو شێرپەنجەی دەزگای سێکسی پیاوان) هەیە، بەڵام ئەوەیان تا ئێستا نەبۆتە گفتوگۆیەکی جەدەلی.

**پ/ ئایا ئەو رۆژانە کامانەن کە مومارەسە کردنی سێکسی تێیدا نابێتە هۆی سکپڕبوون لە پێش و پاشی (سوڕی خوێن)، ئەو رۆژانەش کامانەنە کە دوای (سوڕی خوێن) جووت بوون دەبێتە هۆی سکپڕی؟ ئەی ئایا ئەو مانگانە کامانەن کە جووت بوون قەدەغە دەکرێ لەکاتی سکپڕبووندا؟**

و/ لە یەکەم رۆژی تەواو بوونی (سوڕی خوێن)ی مانگی پێشوو تا 9یەم رۆژ لە سوڕی نوێ پێی دەگوترێ کاتی بێمەترسی و تیایدا جووت بوون نابێتە هۆی دروست بوونی سکپڕی، بەڵام ئەوەشیان رەها نییەو سەد

دەرسەد راست نییە، چونکە حاڵەت هەیە دەبێتە هۆی سکپڕی و لە ئافرەتێکەوە بۆ ئافرەتێکی تر دەگۆڕدرێت، بەلام بە شێوەیەکی گشتی ئەگەری سکپڕی لە 9تا16 ی سوڕ دەست پێدەکاو ئەو کاتە بە کاتی جێگیر بۆ سکپڕی دادەنرێت.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان قەدەغەیی جووت بوون لەکاتی سك پڕی، بە کورتی بۆ سێ قۆناغ دابەشیان دەکەین:

لە قۆناغی یەکەمدا کە سێ مانگی یەکەمی سکپڕی دەگرێتەوە، ئافرەت ئارەزووی سێکس ناکات، ئەمەشیان بەهۆی گرژی و جێگیر نەبوونی حاڵەتی دەروونیو تەندروستی ئافرەتەکە و بەهۆی ئەو فشارەی کە بەسەریەوەیە، جگە لەمەش نا وشیاری لە جووت بووندا ئەگەری بەربوونەوەی مناڵەکەی هەیە لە نێو سکی ئافرەتدا.

لە قۆناغی دووەمدا کە شەش مانگی سکپڕی دەگرێتەوە، ئافرەتی سکپڕ ئارەزووی سێکس کردنی پێچەوانە دەبێتەوەو 80٪ی ئافرەتانی سکپڕ لەو قۆناغەدا ئارەزووی سێکس دەکەن.

لە قۆناغی سێیەمدا، کە سێ مانگی کۆتایی سکپڕیە، ئافرەت هەمدیس ئارەزووی سێکس ناکات، جگە لەمەش پسپۆڕانی ئافرەتانی سکپڕ ئامۆژگاریمان دەکەن، کە لەو کاتەدا وشیاربین لە سێکسدا، ئەمەش بەهۆی ترسان لە دروست بوونی هەڵاوسان و نەخۆشیە میکرۆبدارەکان لە رەحمی ئافرەتەکە، جگە لەمەش مەترسی ئەوە هەیە ببێتە هۆی بەربوونی خوێن و دەرچوونی مناڵەکە، ئەمەشیان بەهۆی ئەو فشارەی کە پیاو دەیخاتە سەر ماسولکەکانی رەحمی ئافرەتەکە و هەروها بەهۆی دەرکردنی ماددەیەك لە دەزگای سێکسی پیاو کە پێی دەگوترێت (بروس جلاندین_prostaglandin ).



**پ/من کچێکی تەمەن 25 ساڵانم و 3 مانگ بەر لە ئێستا مارە برینم لەگەڵ کوڕێکی تەمەن 26 ساڵان ئەنجامدا، پاش رۆژێك لە مارە برین هاتە لام و داوای ماچێکی لێکردم، بەلام من رەفزم کرد، دواتر بەردەوام بوو لە داوایەکەی و ناچار بووم قبوڵی بکەم، شەرم دایگرتم و زۆر ترسام، هەرچەند ئەمزانی ماچەکە حەلاڵ بوو، بەلام نازانم بۆ ترسام.**

**پاش چەند رۆژێك دەستگیرانەکەم سەفەرێکی بۆ شوێنێکی دوورتر لە من کرد و شەوان پەیوەندی تەلەفۆنیمان هەبوو، ئەو باسی ماچ و مومارەسەی سێکسیم بۆ دەکات و دەڵێت ئەو قسانە دەبێت بتباتە حاڵەتی ئۆرجازم (ئەوپەری چێژ وەرگرتن لە سێکس)، بەلام ئەو قسانە هیچ کاریگەریم تێناکات، ئەویش پێم دەڵێ تۆ نەخۆشی ساردی سێکسیت هەیە، ئایا ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە من ساردی سێکسیم هەبێت؟**

و/ ماچی خێراو قسەکردن لەسەر تەلەفۆن، پێوەر نین بۆ ئەوەی بزانین کە لە سێکسکردندا ساردیت یان (برود الجنسیە)ت هەیە، چونکە ئافرەت پێویستی بەوە هەیە کە کەش و هەوایەکی لەباری بۆ دابین بکرێت کە تێیدا سۆزو خۆشەویستیەکی گەورە بگرێتەخۆ، بۆ ئەوەی بگاتە (ئۆرجازم) ، واتە دەبێت پیاوان لەوە تێبگەن کە ئافرەتان سێکس لەبەر خاتری خۆشەویستی دەکەن) نەوەك خۆشەویستی لەبەر خاتری سێکس)، بۆیەش ئەو گومانە لە نێو خۆت دەرکە، چونکە گومانکردن کار دەکاتە سەر دەرونت و ئەو کەشەت بۆ لەبار ناکات. جگە لەمەش هەوڵبدە دەستگیرانەکەت لەوە حاڵی بکەیت کە قسەکردن لە تەلەفۆن ساردی سێکسی دیار ناکات.

# هونەرمەند و نوسەران لەنێوان دوێنێ و ئێستێ و سبەینێ

## تایبەت بە کۆوار

### هونەر سەلیم
### لە چاوەڕوانی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی (کان)دا.



دوای ئەوەی دەرهێنەری ناسراوی کورد هونەر سەلیم توانی لە ڕێگەی فیلمی (کیلۆمەتر زیرۆ) سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست بهێنی، دەستی کردوە بە دەرهێنانی فیلمێکی تری سینەمایی کوردی، هەندێك لە چاودێرانی بواری سینەما پێیان وایە کە دەرهێنەر ئاستێکی دیاری لە کارەکانی بەرجەستەکردووە، بە تایبەتیش لە فیلمەکانی (ڤۆدگا لیمۆن و کیلۆمەتر زیرۆ) کە بە پاڵپشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان فیلمی (کیلۆمەتر زیرۆ) لە کوردستان بەرهەم هات و چووە فیستیڤاڵی (کان)ی نێو دەوڵەتی، دوای نمایشکردنی ئەو فیلمە چاودێرانی بوارەکە پتر بە ئاست بەرزی و لێهاتووی (هونەر سلیم) سەرسام بوون.
ماوەیەك بەر لە ئێستاش لە کوردستان بۆ بەرهەم هێنانی فیلمێکی تری سینەمایی هونەر سلیم و ستافی کاری ئەو بەرهەمە لە سۆران بوون، بەم دوایەش پرۆسەی وێنەگرتنی فیلمەکە بە کۆتا هات و هونەر سەلیم گەرایەوە بۆ فەرەنسا.
جێی گوتنە پاڵەوانانی ئەم فیلمەش زیاتر ئەو هونەرمەندانەن، کە لە فیلمی (کیلۆمەتر زیرۆ) بەشداربوون، جگە لەوانەش ژمارەیەك هاولاٚتیانی دەڤەری سۆران بۆ هەندێ کاری کۆمبارس لە فیلمەکەدا بەشداربوون.
سەبارەت بەم پرۆژەیەش هونەر سەلیمی دەرهێنەر وتی: ئەمە فیلمێکی تازەیە و دیمەنەکانی لە کوردستان تۆمارکراون، فیلمەکە بە هاوبەشی (حکومەتی کوردستان و فەرەنسا و ئیتالیا) وە بەرهەم دەهێنرێت و لە چەند شوێنێکی کوردستان و (بەتایبەت دەڤەری سۆران و رواندز) وێنە دەگیرێت، فیلمەکە باسی ئیمرۆی کوردستان دەکات، سەر لە نوێ ژیانەوەو ئاوەدانکردن، هیوا.. خۆشبەختانە، هیچ کێشە و گرفتێکمان نەهاتۆتە ڕێ و لە کوردستاندا پێشوازێکی گەرمیان لێ کردوین و ئیدی خەلکی کوردیش وا پرۆفیشناڵ دەبێت . هەروها وتیشی کە کۆتایی ئایاری ساڵی 2006 پرۆسەی مۆنتاژ کردن تەواو دەبێت و ئامادە دەبێت بۆ فیستیفاڵی کان، هەرچەندە ئێمە بڕیار نادەین



بەڵکو لیژنەی سەرپەرشتی ئەو فیستیفاڵە بڕیار ئەدات.
لای (بەلچیم بەلگیم) ی یاریدەدەری دەرهێنەریشەوە ئەم فیلمە تایبەتمەندی خۆی هەیە هەروەك خۆشی ئاماژەی بۆ کردو وتی:
(ئەو کارە تایبەتمەندی زۆری لای من هەیە چونکە ئەوانەی لەم کارەدا بەشدارن لە هەر چوار پارچەکەی کوردستانن کە ئەمە تایبەتمەندێکی زۆری بۆ کورد هەیە و سیناریۆکەی زۆر باشە و بە هەموو دڵمەوە باوەڕیم بەو کارە هەیەو هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم و خۆشحالیشم کە بۆ دووەمین جار لەگەڵ هونەر سەلیم کار دەکەم)
(عومەر چاوشین)ی ئەکتەریش باس لە بەرجەستەکردنی کارەکتەری خۆی دەکات و دەڵێ: گرنگی ئەو فیلمە لەوەدایە کە باس لە ئەنفال دەکات من لەو فیلمەدا دەوری باوکێك دەبینم کە کوڕێکم لە فەرەنساوە دێتەوە دوای ئەوە خەبەرمان ئەدەنێ گۆڕێکی بە کۆمەڵ لە کەرکوك دۆزراوەتەوە گوایە ئێسکی کچەکەی منیشی تیایە، ڕۆژی چوارشەمە دەچین بیهێنینەوە کە ئەمرۆیە، سیناریۆکەم زۆر بە دڵە و زۆریش دڵخۆش و ئاسودەم، یەکەم فیلمە من تیادا بەختەوەردەبم.
(سیپەل دۆگیو) و (نازمی کرك) دوو ئەکتەری سەرەکی ئەو فیلمەن و ڕۆڵی سەرەکی دەگێرن، سیپەل وەك کچێکی کورد ئاشقی کوڕێك دەبێت و لە بارەی فیلمەکە سیپەل دەلێت: زۆر خۆشحالم بەو فیلمە و لە ولاٚتی خۆم بە زمانی خۆم دە ئاخفم.. لە ئەڵمانیا ئیشم لەگەل هونەر سەلیم کردوەو یەکەم جاریشە لە کوردستان لەگەڵ ئەو کاردەکەم .
نازمی کرك کوڕێکی عاشقە و لە پێناوی خۆشەویستەکەی ئەشکەنجە دەبینێت و دێتە باشوری کوردستان و دواتر دەچێتە کوردستانی ڕۆژهەلات، خۆی کوردی باکورە زۆر جاری تر لە کوردستان کاری کردووە و بەختەوەرە و خۆشحاڵە بەوەی حکومەتی کوردستان پاڵپشتی هونەرمەندان دەکات و ئەو فیلمە بە سەرکەوتوو ناودەبات.

### فیلمی (دواین سەمفۆنیای کوردەکان)ی بەهمەن قوبادی بەرێوەیە

بڕیارە سەرەتایی ساڵی داهاتوو دەرهێنەری سینەماکاری ناسراوی کورد (بەهمەنی قوبادی) دەست بکات بە بەرهەمهێنانی فیلمێکی تازە بەناوی (دواین سەمفۆنیای کوردەکان). بەرێوەبەری ئەم بەرهەمە بە (کۆوار)ی ڕاگەیاند، سەرەتایی ساڵی (2006) دەست دەکرێت بە وێنەگرتنی ئەم فیلمە و دیمەنەکانیشی لە ڕۆژهەلات و باشووری کوردستان تۆماردەکرێن.



نێوەرۆکی فیلمەکەش کێشە و ئاستەنگەکانی سنوری نێوان باشور و ڕۆژهەلاٚتی کوردستان دەبێتە بابەتی سەرەکی و بە شێوەیەکی گشتی فیلمەکە پەیوەندی هەیە لەگەڵ واقیعی کوردی.
بەرێوەبەری بەرهەم ئاماژەشی بەوەکرد کە ئەم فیلمە بەرهەمی هاوبەشی حکومەتی کوردستان و هەردوو ولاٚتی فەرەنسا و نەمسایە.

## هەدیە تارانی بەشداری لە فیلمێکی کوردی دەکات



سەرچاوەیەکی نزیک لە ئەستێرەیی سینەمایی ئێران (هەدیە تارانی) بە (کۆوار)ی ڕاگەیاند، کە بڕیاری داوە وەك ئەکتەرێکی سەرەکی لە فیلمێکی سینەمایی کوردی بەشداری بکات.

ژنە ئەکتەری ناسراوی ئێرانی (هەدیە تارانی) دەبێتە پاڵەوانی فیلمی (دواین سەمفۆنیای کوردەکان)ی دەرهێنەری کورد (بەهمەن قوبادی) ژێدەرەکە ئەوەشی وت کەهەر لەم فیلمە دا کچە سینەماکاری ئێرانی (گوڵ شفقە خراسانی)یش لە فیلمەکەدا بەشدار دەبێت.

شایەنی باسە هەدیە تارانی وەك ژنە ئەکتەرێکی فارس لە ناوەندی سینەمایی ئێران ئامادەیەکی دیاری هەیە و ناوێکی ناسراوە.

## سینەمایی کوردی بە کتێب



بڕیارە سەرەتاکانی ساڵی 2006 دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاڤێستا لە ئەستەمبوڵ زنجیرە کتێبێك، کە بریتین لە سیناریۆی فیلمە سینەماییە کوردیەکان چاپ و بلأوبکاتەوە.

وەك( عەبدوڵڵا کەسکین)بەڕێوەبەری دەزگای ناوبراو لە لێدوانێکی تایبەتدا بە (کۆوار)ی ڕاگەیاند:کتێبەکان بریتین لە سیناریۆی فیلمەکانی (زەمانێ بۆ مەستی ئەسپەکان، گۆرانیەکانی ولاتی دایکم، کیسەڵەکانیش دەفڕن)ی بەهمەن قوبادی و (ڤۆدکا لیمۆنی)ی هونەر سەلیم و چەند فیلمێکی تر.

## کلیپێکی ماهری هونەرمەند بە کۆتا دێت



دوابەدوای ئەوەی کە دەنگۆی ئەوە بلأوەی کرد کە ماهیری ستران بێژو هونەرمەند بۆ بەرهەمی نوێی کە (ئەلبومێکی نوێ یە) چۆتە تورکیاو پاش تەواو بوونی کارەکان گەڕاوەتە کوردستان و بڕیار وابوو ئەلبومەکەی بکەوێتە بازار و دەاکەوت، لە پەیوەندییێکی دا لەگەڵ کۆوار، ڕایگەیاند کە یەکێك لە گۆرانیەکانی کە لە ئەلبومە تازەکەیدایە لە تەواو بوونەو بڕیار وایە لە چەند هەفتەی داهاتوو ببینن، هەروها سەبارەت بە ئەلبومەکەی پێی ڕاگەیاندین کە زیاتر لە مانگێکە ئامادەیی بلأو کردنەوەی ئەلبومەکەی دەکات کە لەبەر چەند کێشەیەك دوا کەوت، هەروها وتیشی کە ئەو کارەی لەگەڵ کارەکانی تر جیاوازن و لەوەش ئەچێت لە سەری ساڵەوە بکەوێتە بازاراوە.

## دیاری قەرەداغی خۆی بۆ ئەلبومێکی دیکە ئامادە دەکات



هونەرمەندی ستران بێژ (دیاری قەرەداغی) لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنی دا بە (کۆوار)ی ڕاگەیاند ئێستا سەرقاڵی خۆ ئامادەکردندە بۆ پرۆژەی دروست کردنی ئەلبومێکی نوێ، وتیشی تا ئێستا ناونیشانی ئەلبومەکەم دیاری نەکردووە، زیاتر لە 9 تراك گۆرانی دەگرێتە خۆو زۆربەی کارەکانم لە قۆناغی کۆتایی دایە و ئەوەی ماوە چەند شتێکی کەمە و بەو هیوایەم بتوانم لە کاتێکی گونجاودا لەگەڵ یەکێك لە کۆمپانیا بەرهەم هێنەرەکان بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بەرهەم بهێنم، تا ئێستا ناتوانم کاتی بلأوکردنەوەی ئەو ئەلبومە بە گوێگرانم ڕابگەیێنم چونکە هەندێك کارکردنم تیادا ماوە جێبەجێی بکەم.

ئەوەی شایەنی باسە مۆسیقای ئەم ئەلبومەم شێوازێکی تازە بە خۆوە دەبینێت و ژمارەیەکی بەرچاو لە شیعری شاعیرانی ناوداری میللەتەکەمان تیادا بەشداران لەوانەش (بەختیار عەلی) و (مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو) و برای بەڕێزم (کاك عیرفان ئەحمەد) و زۆرێکی تر لە شاعیران.

هەوڵم داوە ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندانی کوردستان بە گشتی لەو ئەلبومەم بەشداربن لەوانە دلێر حوسێن و گۆران کامل و جەمال عەبدوڵڵا و هێمن حسین و بلێند قەرەداغی و سید ئەحمەد و چەندانی تر.

من ئەو ئەلبومەی خۆم نەبەستۆتەوە بە ستایلێکی دیاری کراو و خۆشم نەبەستۆتەوە بە ستودیۆیەکی دیاری کراو، هەوڵم داوە کارەکانم لە کۆمەڵێك ستۆدیۆی کوردستان تۆمار بکەم.

## هەڵبەست سەلأح لە کلیپێکی نوێدا



هەڵبەست سەلأحی مۆسیقا ژەن بە (کۆوار)ی گوت: ئێستا سەرقاڵی کلیپکردنی مۆسیقای (هەناسە)م کە لە ئاواز و مۆسیقای خۆمە و ڕزگار کۆچەر وێنەیدەگرێت، بەم زووانە تەواو دەبێت لە سەرجەم کەناڵە ئاسمانی و ناوخۆیەکانی کوردستان بلأو دەبێتەوە ..

هەروەها گۆرانی (ماڵی عەشق) کە ئاواز و مۆسیقای منەو هۆنراوەی ڕێدار سابیرە و فەرهەنگ غەفور بە دەنگە خۆشەکەی خۆی دەیچڕێت، لەم زوانە تەواو دەبێت و بلأودەکرێتەوە کە ئەمەشیان یەکێکە لە بەرهەمە هونەریانەم کە بەم زوانە کۆتاییان دێت.

## چەند کارێکی تازەی سەید ئەحمەد رواندزی



هونەرمەنـد (سـەید ئەحمـەد روانـدزی) لـە لێدوانێکیـدا بـۆ (کـۆوار) رایگەیانـدو وتـی، سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنم بۆ ئەنجامدانی چەند کـارێکی هونـەری بـۆ هونەرمەنـد (نەجمـەدین غـولامی). سـەید ئەحمـەدی هونەرمەنـد کـاری ئاوازدانـان و دابەشـکردن بـۆ (8) گـۆرانی غولامی دەکات و گۆرانیەکانیش لە ستۆدیۆی چوارچرا تۆمار دەکرێن.

هەروەها رواندزی ئەوەشی وت، کە (7) گۆرانی بـۆ هونەرمەنـد (فەرەیـدون هـەولێری) و (2) گۆرانی بۆ (نەبەز رواندزی) ئامادە دەکات.

حاڵی حازریش کار لە سیدیەکی تازەی ژنە گۆرانی بێژ (نازدار والی) دەکات، کە پێشبینی دەکرێت لەو ماوە کورتەدا تەواو بێت.

سـەبارەت بـە کـاری (مۆسیقایشـی) پێـی راگەیانـدین کـە 4 بەرهـەمی مۆسـیقایی ئامـادەکردووەو نیازیشـی وایـە لـەو ماوەیـەدا یەکـەکیان بـۆ سـەتەلایتی کوردسـتان کلیـپ بکات.

## گرووپی میوزیکی نالی دیسان لە گوڵەکانی پرچی حەبیبەدا



گرووپی میوزیکی نالی وەکو یەکێک لە دیارترین و چالاکترین گرووپە میوزیکەکانی کوردستان کە پتر لە حەوت ساڵە بە شێوەیەکی بەردەوام و بە شێوازی تایبەت بە خۆی و لە رێگای پێشکەشکردنی گۆرانی و میوزیکی کوردی خزمەت بە هونەری کوردی دەکات لە ئامادەکردنی دواهەمین پرۆژەی خۆیدایە.

هونەرمەند (سەفین ساڵح) بەرێوەبەری ئەم گروپە بە (کۆوار)ی راگەیاند کە پرۆژەی ئەم جارەی گروپی میوزیکی نالی ئێستا لە قۆناغی کۆتاییدایە بە ناوی (گوڵەکانی پرچی حەبیبە) کە چاوەڕوان دەکرێت سەرەتای ساڵی نوێ تەواو بێت.

شایانی باسە گروپی میوزیکی نالی وەکو گروپێکی تایبەت بە گۆرانی و میوزیکی کوردی کە تیایدا چەند هونەرمەندێکی بە توانای لە خۆگرتوە بە شێوازێکی نوێ و کەموێنە لە بەرواری 1998/3/6 لە ئێوارە کۆنسێرتێکی تایبەت لە شاری هەولێر لە ژێر ناونیشانی ( بەڵێ بۆ ئاشتی ) خۆی ناساندو نۆبەرەی کارەکانی خۆی پێشکەشکردو تاکو ئێستاش بە شێوازی جیاجیا بەردەوامە لە پێشکەشکردنی گۆرانی و میوزیکی کوردی و خزمەت کردن بە هونەری کوردی.

## محەمەد ئوزۆن بیر لە نۆبل دەکاتەوە



سەرچـــاوەیەکی نزیـــک لـــە نووســـەر و رۆمانوسی ناسراوی کورد (محەمەد ئۆزۆن) بە کۆواری راگەیاند، کە ئۆزۆن بیرۆکەی رۆمـــانێکی گەڵاڵـــە کـــردوە و بریـــارە بەمەبەســـتی تۆمـــارکردن و نووســـینی دیمەنـەکانی سـەرەتای سـاڵی (2006) بگەرێتـەوە کوردسـتان و مـاوەی چـەند مانگێك بمێنێتەوە.

(ئـۆزۆن) بـۆ نووسـینی رۆمانەکـەی ژینگەی کوردستانی هەڵبژاردوە.

ناوەرۆکی رۆمانەکەش باس لە خەبات و مێژووی تێکۆشانی بارزانیەکان دەکات.

## ئامانج غازی لە پرۆژەی مەقامی سێوە



ئامانج غازی وەك یەکێك لە مۆسیقاژەن و دانەرەکانی کورد، پێی راگەیاندین، کە ئێســـتا ســـەرقاڵی بەرهـــەمهێنانی (دوو مەقامی‌سێوە)یە،کە بەستایلی رۆژهـەلاتی کـاری تێدا دەکات و سـوودی لـە دەنگی سێوە وەرگرتووەو لەگەڵ سوود وەرگرتن لە هارمۆنی مۆسیقای چەرخی بارۆك.

هەروها پێی راگەیاندین کە لـەو ماوەیـەدا بەرێوەبەرایـــەتی کەلـــەپوری کـــورد کۆنســـێرتێك بـــە ســـتایڵی نـــوێ لـــە ناوچـەکانی کوردسـتان ئامـادە دەکـات..

شایەنی باسە ئامانج غازی بەرێوەبەری کەلەپوری کوردە.

## ئیسماعیل خەیات پێشانگایەك دەباتە لەندەن



**هونەرمەنـــــدی** شــێوەکاری کــورد (ئیسماعیل خەیات) کوتایی مانگی کانونی یەکــەمی ئــەم ســاڵ دەچـــێتە لەنــدەن و پێشەنگایەك دەکاتەوە.

ئیسماعیل خـەیات شـێوەکار بـە (کۆوار)ی ڕاگەیانـد کـە مەڵبەنـدی کـوردی لـە لەنـدەن بانگهێشـتی کـردوە بـە مەبەسـتی کردنـەوەی پێشـانگایەکی شـێوەکاری لـە بـەریتانیا کـە بریـارە (40) تـابلۆ نمـایش بکـات، هاوکـات سمینارێـك سـەبارەت بـە کـارە هونەریـەکانی پێشــکەش دەکـات. هــەروەها بریــارە لــە پێشانگایەکی هاوبەشی شێوەکارانی عێراقی سەرەتای ئەم ساڵ لـە نیویۆرك بەشدار بێت کـە تەیایدا کۆمـەڵێك تـابلۆی خـۆی نمـایش دەکات.

## شەرەفنامە بە ڕێنووسی لاتینی



**بەڕێوەبەری** دەزگایی ئاڤێستا بە (کۆوار)ی ڕاگەیاند: بریارە سەرەتای شوباتی ساڵی 2006 دەزگای ئاڤێستا بۆ چاپ و بلاْوکردنەوە لە ئیستەنبۆڵ کتێبی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی چاپ و بڵاوبکاتەوە.

ئەم کتێبە مێژووییە، کە نرخ و بەهایەکی زۆری هەیە، لە ئەستەمبوڵ بە ڕێنوسی لاتینی چاپ دەکرێتەوە.

ئەمەو کتێبی شەرەفنامە بە تیراژی (2000) دانە چاپ دەکرێت و ئێستا ئامادەکاری پێویستی بۆ کراوە و بەم نزیکانە دەست بە پرۆسەی چاپ کردنی دەکرێت.

## (پەنجەرە) دواین ئەلبومی گۆرانی حوسێنی شەریفی



**هونەرمەند** حوسێنی شەریفی بە (کۆوار)ی ڕاگەیاند، لە سەرەتایی ساڵی (2006) ئەلبومێکی تازەی گۆرانی خۆی کە (8) گۆرانی دەگرێتەخۆ بڵاودەکاتەوە..

شەریفی وتی ئەم ئەلبومەم بە ستایلی نوێ و دابەشکردنێکی نوێ جێبەجێ کردووەو کاری موزیك و دابەش کردنی لەلایەن (بابەك شەریفی) ئەنجام دراوە..

شەریفی خۆشحاڵی خۆی بەو بزووتنەوە هونەریەی، کە ئەمڕۆ لە کوردستان هەیە دەربڕی و وتی: کاری هونەری جوان بەرێوەن..

لە وەڵامی پرسیارێکی (کۆوار)یشدا سەبارەت بە کاریگەری هونەرمەندانی کورد بە تایبەتیش (سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی) لەسەر هونەرمەند، شەریفی وتی: من بۆ خۆم خاوەن ستایلی تایبەت بە خۆمم.. بەڵام ئەوە ناشاردرێتەوە کە ستایل و دەنگ و شێوازی هونەرمەندانی دێرینی کورد لە رۆحی گۆرانی کوردییدا ئامادەیی هەردەبێت، ئێمە ناتوانین دابڕێین لە عەلی مەردان و تایەر تۆفیق و حەسەن زیرەك و سەید عەلی ئەسغەری و مەحەمەد عارف جەزراوی، کە کاتی خۆی بەرهەمی جوان و ڕەسەنیان پێشکەش بە میللەتی کورد کردوە و گەنجینەیەکی دەوڵەمەندیشیان بۆ نەوەکانی دوایی خۆیان و ئایندە جێ هێشتووە.

هەروەها حوسێنی شەریفی وتی:

بمانەوێت و نەمانەوێت هەر هونەرمەندێك تایبەتمەندی خۆی هەیە.. بەڵام لە هەمان کاتیشدا جۆرێك لە کاریگەری مۆسیقا و دەنگی هونەرمەندانی دێرینی بەسەرەوەیە، بە تایبەتی ئەوانەی فۆلکلۆرخوێنن..

من نایشارمەوە، دەبێ تۆش لە خەڵك بپرسی تا چەند کارەکەیان پرۆفیشناڵە و هونەرمەندان لە چ ئاستێکدان ئەمە حاڵی هونەرمەندانە و واقیعەکەشە، بۆ نمونە (خالقی) هەندێك ئینسانی بەدوای خۆیدا کێشاوە, ئەوەش نەنگی نیە.

## کتێبی (10) ژنە شاعیری کورد لە ئیستەمبوڵ



**بەڕێوەبـــەری** دەزگـای چـاپ و بلاْوکردنەوەی ئاڤێستا لـە ئەستەمبوڵ بە (کـۆوار)ی گـووت، کـە ئـەوان سـەرقاڵی ئامـادەکردن و چـاپکردنی کتێبـی (10) ژنـە شـاعیری کـوردی هـەر چـوار پارچەی کوردستانن.

کتێبـەکان بــە پیتـــی لاتینـــی و سەرجەمیشـیان بـە شـێوەزاری کرمـانجی سەروو چاپ دەکرێن.

بریارە (2006/3/8) ئەم کتێبانە بکەونە کتێبخانەی کوردی.

## وەرگرانی خەڵاتی کتێب لە دەزگای ئاراس 2005

# لە بیرئانینی شاعیر و مێژوونووس مەستورەی ئەردەڵانی




**تۆسنی رەشید**
**شاعیرو چیرۆکنووس**

– لە ساڵی (1941) لە گوندی(فێریك) لەئەرمینیا لە دایك بووە.
– خوێندنی زانكۆی لە بواری فیزیا وماتماتیك تەواو كردووە.
– ساڵی (1975) دكتۆرای هێناوە .
– (1963) لەگەڵ چەند كەسێكی تردا، لە سۆڤیەت یەكەمین كۆمەڵەی كوردییان لە ژێر كاریگەری شۆرشی مەزنی ئەیلولدا دامەزراندووە.
– ساڵی(1961) بۆ یەكەم جار وتاری كوردی نوسیووە بۆ رۆژنامەی (رێیا تازە)و پاشان لە رادیۆی (یەریڤان) بەشی كوردی زنجیرە وتارێكی بە 250 ئەڵقە لە بارەی (ئەنسكلوپیدیای كوردی)یەوە بلاْوكردۆتەوە .
– تا ئێستا سێ دیوانی شیعر و دوو كۆمەڵە چیرۆكی بلاْوكردۆتەوە. رۆمانێكیشی لەم رۆژانەدا لەدەزگای چاپ و بلاْوكردنەوەی ئاراس بەناوی(مەستورە: ئەو سەرەی كە هێژای تاج بوو) دەرچووە.
لەگەڵ خاتوو (نوریێ جەوەری)ی هاوسەریدا (10) هەزار ستران و ئاوازی كوردییان بەرهەڤ كردووە.
ماموستا تۆسنی ئێستا لە ئوسترالیا دەژیت.

**عەتا نەهایی**
**چیرۆكنووس و وەرگێر**

– ساڵی 1960 لە شاری بانە لە كوردستانی رۆژهەڵات لەدایك بووە.
– ساڵی 1987 پەیمانگای پێگەیاندنی ماموستایانی تەواو كردووە.
– تا ئێستا (3) كۆمەڵە چیرۆك و(2) رۆمان و(3) كاری وەرگێرانی بلاْو كردوتەوە.
– كۆمەڵە چیرۆكی (ماڵی رووناكان) ئەو بەرهەمەیەتی كە لە دەزگای چاپ و بلاْوكردنەوەی ئاراس بلاْوبۆتەوە و، بەشی یەكەمە لە زنجیرەی بەرهەمێك بە ناوی ئەنتۆلۆجیای چیرۆكی فارسی.

**دكتۆر جەمال رەشید**
**پسپۆر لەمێژووی رۆژهەلاتی كۆن و كوردۆلۆگی**

– ساڵی (1941)لە شاری كەركوك لە دایك بووە.
– خوێندنی بەكالۆریۆسی لە زانكۆی بەغداو، دكتۆرای لە شاری سۆفیای پایتەختی بولگاریا وەرگرتووە.
– ماموستای مێژووی كۆن بووە لە زانكۆكانی سەلاْحەدین و سلێمانی و بەغدا.
– بەرهەمەكانی بەزمانی كوردی، عەرەبی، توركی، بولگاری و هۆڵەندی و ئینگلیزی بلاْوبوونەتەوە.
– ئەندامی كاری كۆری زانیاری كوردستانە.
– تا ئێستا یازدە بەرهەمی لە بواری مێژووی كۆنی كورددا بە چاپ گەیاندووە، كە چواریان لەدەزگای ئاراس بلاْو بوونەتەوە. دیارترین بەرهەمی (سەرهەڵدانی كورد لە مێژوودا) كەسێ بەرگە و ئەمساڵ دەرچووە.

**خاتوو نەجیبە ئەحمەد**
**شاعیر و چیرۆكنووس و وەرگێر**

– لەدایك بووی شاری كەركوك، لە ساڵی1954 ە.
– بەشی زمان و ئەدەبی كوردیی لە زانكۆی سلێمانی، ساڵی 1976 تەواو كردووە.
– لە ساڵی1977 وە شیعر و چیرۆكی بلاْو كردۆتەوە، پاشان لەبواری وەرگێران كاری كردووە.
– لە ساڵی 1981 تا 1991 ئەندامی یەكێتی نووسەرانی شاخ بووە.
– پازدە بەرهەمی بە چاپ گەیاندووە، كە چواریان لەدەزگای ئاراس بلاْوبوونەتەوە.دیارترینیان : مامزێك لە ئاو – كۆمەڵە شیعر و، حەشری گوڵە هەرمێ – كۆمەڵە چیرۆك.

**د. قوتبەددین سدقی**
**شانۆكار و نووسەر**

– 1952 لە شاری سنە لەدایك بووە .
– ساڵی 1971 لە زانكۆی هونەرە جوانەكان لەتاران دەستی كردووە بە خوێندن.
– ساڵی 1975 رووی كردۆتە فەرانسا بۆ ئەوەی لە زانكۆی سۆربۆن لە بواری شانۆدا بخوێنێ و، ساڵی 1985 پلەی دكتۆرای تێدا وەرگرتووە.
– لە(8) زانكۆی هونەری لە ئێران دەرسی دەوەتەوە.
– گروپی شانۆی (هونەر)ی لە تاران دامەزراندووەو تا ئێستا (36)دەرهێنانی بۆ شانۆ و، (2) بۆ تەلفزیۆن و(6) زنجیری تەلفزیۆنی و(4) فیلمی سینەمایی و(10) كورتە فیلمی پێشكەش كردووە.
– لە بواری نوسیندا: 120 وتار و لێكۆڵینەوە و 20 شانۆنامە و 14 وەرگێرانی شانۆنامەی پێشكەش كردووە .
– ئەندامی فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبە لەتاران.
– یەك بەرهەمی شانۆیی بەناوی( سەردەمی بێ تاوانی) لەوەرگێرانی خاتوو (نەجیبە احمد) لە دەزگای چاپ و بلاْوكردنەوەی ئاراس دەرچووە.



# سەدەی ژمارەکان

د. ڕەوشت ڕەشید

-1-

کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەك گەورەترین کرانەوە بوو بە رووی ژمارەکانەوە. لەم دوو سەدەیە دا، ژمارە دەبێتە بەشێکی گرینگ و دانەبڕاوی زۆربەی لایەنەکانی ژیان، وەك ڕەگەزێکی ئەکتیڤ دەچێتە ناو سەرجەم هاوکێشە و پێوەندیەکانەوە. لە هەزارەی سێیەمدا، ژمارەکان سنوری هاوکێشە ماتماتیکیەکان دەبڕن و لە سنوری کتێب و دەفتەرەکانی بیرکاری و لاپەڕەی ڕۆژژمێرەکان تێ دەپەڕن، بۆ ئەوەی چەندین زاستی دی و چەندین لایەنی دی لە ژیانی مرۆڤ ئیحتوا بکەن.

-2-

لە سەدەی پێشوو مرۆڤ ژمارەکان بەکار دینێ ، زیاد و کەمیان دەکات و، دابەشان دەکات بەسەر یەکتری. سەدەکانی پێشوو، ژمارە لە ژێر دەسەڵاتی ئینسان دایە. بەڵام لە هەزارەی سێیەمدا، ژمارە لە دەسەڵاتی مرۆڤ دەردەچێ، ژمارە مرۆڤ بەکار دێنێ و دەیخاتە ژێر کاریگەریەکانی خۆی. لە هەزارەی سێیەمدا مرۆڤ تەسلیم بە ژمارەکان دەبێت و، (ژمارە ) ژیان داگیر دەکات.

-3-

لە دونیای گەماڕۆدراو بە (ژمارە)، ژیان دابەشە بە سەر چەندین هەزار و چەندین ملیۆن ژمارەدا، ئێمەش دابەش دەبین بە سەر هەزارەها ژمارەی جۆراوجۆر. بیرکردنەوەمان، بینینمان، ژیان و مردنیشمان پەرت بوونە بەسەر ژمارەکاندا. هەموو شتێك ژمارەی هەیە، هەموو ژمارەیەکیش لەگەڵ ژمارەی دی لە پەیوەندی دایە.
هەر ژمارەو هێمایە بۆ ماددەیەك، کیانێك، یانیش ڕۆحێك. لە هەزارەی سێیەمدا ژمارەکان جگە لە دەلالەتی حیسابی و ماتماتیکیەی خۆیان، دەلالەت و مانایەکی دیکە وەردەگرن. لە هەزارەی سێیەمدا، (ژمارە) ئیحتوای (مانا) دەکات و، شتێك نیە لە دەرەوەی سیحری ژمارەدا، مانای هەبێت. تەنانەت پەیوەندیە هەرە ڕۆحی و هەستیارەکانیش تەسلیم بە ژمارەکان دەبن، یانیش لە ڕێگای ژمارەوە خۆیان نمایش دەکەن.

-4-

بۆ ئەوەی نامەیەك بۆ خۆشەویستەکەت بنوسی، دەبێ بیر لە دەیەها ژمارە بکەیتەوە یان دەیەها ژمارە بە کار بهێنیت بۆ ئەوەی نامەکەت بگات. گەر بتەوێت سەردانی ئازیزێکت بکەیت، دەبێ بەناو سیستەمێکی پڕ لە ژمارەدا گوزەر کەیت و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ چەندین ژمارە بەکار بهێنیت. لە هەزارەی سێیەمدا ژمارە نەبێ یەکتری وون دەکەین، لە هەمان کاتێشدا، لەناو ئاڵۆزیەکانی ژمارەدا هەمیشە وونین.

-5-

"هاوڕێکانم بوون بە ژمارەی تەلەفۆن "... ئەمە ڕستەیەکی ڕامیار مەحمودی شاعیرە.

-6-

لە هەزارەی سێیەمدا.. هەموومان دەبین بە ژمارە، ژیانیشمان مامەڵەکردنە لەگەڵ (ژمارە)، لەنێو سیستەمێکی ئاڵۆزی گەماڕۆدراو بە ژمارە. لە خەستەخانە و تاقیگە و عیادەی پزیشکیدا ژمارەین. لە سڕەی بەنزین و دەفتەری موخالەفاتی مرور، پەڕاوی تەلەفۆناتی هاوڕێکانمان ژمارەین. لە ئیمەیڵی خۆشەویست و لە مۆبایلی ئازیزانماندا، ژمارەین. لە بەندینخانەکاندا بە ژمارە بانگ دەکرێین. لە ڤیستیڤاڵ و پێشبڕکێکانی بەختدا بە (ژمارە) خەڵات دەکرێین. سەری مانگان ژمارە وەردەگرین و لە بازاڕ (ژمارە) دەگۆڕینەوە.لە هەڵبژاردنەکاندا ژمارەمان هەیە و دەنگ دەدەین بە (ژمارە)، لە دائیرەکاندا دەبین بە ژمارەو لە ژووری پڕ لە ژمارەو فایلی پڕ لە ژمارەدا،دەبین بە کۆمەڵێك وەرقەی ژمارەدار. لە سەدەی ژمارەدا، ژمارە داگییرمان دەکات، گەمارۆمان دەدات و ئێمەش هەمیشە و تاهەتایە تەسلیمین بە ژمارە.